بەم شێوەیە دوای ئەوەی سەبژێکتی ڕاستیخواز، واتا خوازیاری زانین، هەڵگەی گومانی مەتەدیی لە دەرککردنی جیهان و شتەکانییەوە گرێتە بەر و گەیشت بە مەئریفەی جەخت، ئیدی ئەستا دەزانێت خۆی لە هەر بەیارمەتییەکی گومانلێکراو ببوورێت، چونکە ئەوە پێش-بەیارە (حوکمی موسبەقە) نەک بەیاری هوون و ئاشکرا. زانست، یان فەلسەفە وەک زانست، تەنیا بە بەیاری ئەقیدەنت بنیاتدەنرێت.

پەراوێز

1- Descartes, Réné. Abhandlung über die Methode des richtigen Vernunftgebrauchs. Stuttgart 1984. S. 6.

2- Ebenda, S. 9 f.

3- Specht, Reiner: Descartes. Reinbeck 1980. S. 14.

4- Descartes, Réné, a.a. O., S. 12.

5- مارتین سەرباز‌ێکی ڕۆمی بوو، ساڵی 316ی زایینی هاتۆتە جیهانەوە. لە هەژێکی ساردی زستاندا بەڵای سواکەرێکدا هات دەبێت کە لە برساندا هەدەلەرزێت. مارتین زەر بزەیی بەو سواکەرەدا دەتەوێ و لەژێر نیوەی پاتۆکەیدا جێی دەکاتەوە؛ کە شەو داهات، مارتین خەون بە سواکەرەکەوە دەبینێت و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو عیسایە. سان / زانکت مارتین بە ماوەی سی ساڵ بوو بە بیشەپی تووری ئەو 8ی نۆڤەمبەری 397 مرد.

6- لەبارەی خەونەکانی دەکارت بڕوانە:

a) Specht, Reiner, a.a.O., S. 17 f.

b) Ritter, Heinning. Die Nacht der Träume. FAZ 14.01.2010.

c) Sigmund, Freud. Über Träume und Traumdeutung. Frankfurt a. M. 1971 S. 302.

7- Descartes, Réné. Untersuchungen über die Grundlagen der Philosophie. Zeno.org. S. 19.

8- Hegel, Georg Wilhelm Friedrich. Geschichte der Philosophie. Bd. 3. F.a.M. 1986, S. 123.

9- Descartes, Réné. Untersuchungen, a.a.O. S. 5.
10- Specht, Reiner, a.a.O., S. 90.
11- هزرینی میکانیستی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەروەر بوو بەسەر مەئریفەی سروشتدا، وەلێ بە دەستپێکی ئۆتۆمفیزیک وەک زانستێکی مەدێرن ئاشکرا بوو کە تێگەیشتنی میکانیستییانەی سروشت لە گۆشنیگای فیزیکی کلاسیکییەوە ناگونجێت بە بینای ماتێری و کاریگەریی نێویکیانەی گەردیلە سوپ-ئۆتۆمییەکان. بڕوانە:
Falkenburg, Brigitte: Das Konzept der Materie im interdisziplinären Vergleich. Mechanistische Erklärung und ihre Grenzen. In: Was die Welt im Innersten zusammenhält. Hg. Frank Vogelsang, Almuth M.D. Hattenbach, Thomas Kirchhoff, Hubert Meisinger. Berlin 1974.
12- Ebenda, S. 15.
13- Ebenda, S. 16.
14- Descartes, Réné. Abhandlung über die Methode des richtigen Vernunftgebrauchs. A.a.O. S. 18 f.
15- کوردەکان تێگەی "لێکدانەوە"یان وەک وشە لە ئارەبەکان وەرگرتووە و بۆئاگا لە واتا مێتدییکی بکاری دەهێنن: بە نموونە کەسێک دەبێژێت: "لێکدانەوەکەی بۆزیانم بۆدە نییە". وەلێ بۆزیان هیچ پرسێک یان تێگەیەکی ئاڕاستەی شرۆڤە نەکردووە / دانەبشاندووە و پاشان توخمەکانی یان پرنسیپەکانی لێکدابێتەوە، واتا ڕێکیخستبێتن، بۆکو تەنیا بابەتەکەی لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕاڤە کردووە.
16- بە ئەو نموونانە بڕوانە:

- Röd, Wolfgang. Descartes. Die Genese des cartesianischen Rationalismus. 1978. S. 38.
- Metzler Lexikon Philosophie. www.spektrum.de

17- Descartes, Réné. Untersuchungen, a.a.O., S. 19.

18- کانت لە یەکەم ڕاخنەکێیدا بە ناونیشانی "ڕاخنەی ئاوەزی پاتی" ڕوو دەکاتە کارایی "من" لە ڕووی تیۆریی مەئریفە و پێگە ئۆنتۆلۆگیییکەیەوە (ئەو پێش ئەم نووسینە هەڵوێستێکی دیکەی سەبارەت بە "من" هەبوو). ئەو لە نووسینی ناوبراودا خۆی بە پسیکۆلۆگیی ڕاسیونالی کریستیان ڤۆڵف خەریک دەکات و دەبێژێت، نەشیاوە بتوانین بە سیلۆگیزم (زانستی پێوەر) گەوهەرێتی و یەکانە

و هۆشەکیتی (ناماتریالیتی)ی من و دەروون بناسین. ئەم جۆرە سیلەگیزمانە بە کانت پارالەگیزمن (چوونە دژئەنجامن). ئەو لە بارەی "من دەهزرێم / کەگیتە" دەبێژێت: "دەبێت من دەهزرێم بتوانێت یاوەریی سەرجەم پێشبینییەکانم بکات تاکو ئیدی ئەوان پێشبینیی من بن". کانت لێرەدا "من" وەک دوا سەبژێکتی مەئریفە وەردەگرێت. ئاخر کاتێک من خەم وەک سەبژێکتی هزرکردوو دەهزرێنم، لێرەدا خەم وەک شتێکی سەروتوو دەناسم، من لە هزریندا "من" دەناسم وەک سەبژێکتێک کە گوهەرێ، کە گوهەری ناکارەساییی کارتێزییە. سەرباری ئەوە کانت داوا دەکات کە دەبێت "من دەهزرێم" لەگیکییانە ڕاڤە بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە واتای فەلسەفییانەی "من دەهزرێم" لە گوهەرێتییەکەیدا نییە، بەڵکو لە کارایی (فونکسیۆنالیتیی) ئەوداییە بە مەئریفە. بەم شێوەیە کانت پێگەی "من" ڕزگار دەکات لەو هەرشانە کە بەتایبەتی دەیقید هیوم کردبوونیە سەر تێروانینی کارتێزیانەی ئاگایی، وەلێ هاوکات مەدلێلی گوهەرێتیی من وەرناگرێت. کانت دەیەوێت بەم هەوێستەی ببڕێت، کە ئەمە ناتوانین بڕوای فەلسەفیکی ئاگاییەوە دوایمین جێختی سەبارەت بە سروشتی گوهەریانەی خودمان بدیبهێنین. ئەمە لە هزریندا لە خەمان بئاگاین کە ئەمە لێرەبوونمان هەیە، کە بگومان جارێ لێرەبوونمان کاتگەریانە دیارینەکراوە، سەرباری ئەوەش لێرەبوونی ئەمە لەو مەغزایەدا نییە کە ئەمە وەک چی هەین، بە نموونە وەک هزرڤان هەبین وەک چێن دەکارت دەبێژێت.
بڕوانە:

- ئیمانوێل کانت. پێشگوتن بۆ هەر مەتافیزیکێک کە بشێت لە ئایندەدا ببێت بە زانست. کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە. کتێبخانەی کوردەاوم، کوردستانپێست، دەنگەکان. هەروەها بڕوانە:
- Klemme, Heiner F.: Kants Auseinandersetzung mit Descartes. S. 177- 186.

19- بە دیدی ئادەرنە دوای ئەوەی سەبژێکتی هزرڤان خەی مەتەدییانە لە جیهان دادەبڕێت، ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ جیهان. سەبژێکتی هزرڤان دوای سڵماندنی خودای چاک و دانا و کامیل ڕەگەی بەرەو جیهان بۆ لێکدانەوە دەگرێتەوە بەر، وەلێ ئەوەی پێبەدیناهێنرێت، چونکە ئێستا هەردوو شتی هزرڤان (ڕەس کەگیتانس) و شتی کشاو (ڕەس ئێکستێنزا) بەدەلاقەیەک لە یەکدی دابڕاون، لەبەر ئەم هەیە سەبژێکتی هزرڤان تەنیا فەرمی ئەو

شتی پەدیاری دەکرێت کە ئەو خەی سەرتا بە دەرکەوەرکانی دەرکی کردووە و بەو ڕێیەوە بە کایەی ئاگایی ئەو گەیشتووە. کەواتە سەبژەکت لە نەوەرکی بەردەوام بگەی شت دوور دەمێنتەوە. ئەمە بە ئادەرنە بریتییە لە پرسەی نامبوون (ئیغتیراب). بەوانە:

کاوە جەلال: هەوەک بە نزیککەوتنەوە لە دیالەکتیکی نگەتیڤی ئادەرنە. گەڤاری ئایندە. ژ 56. .2004

20- یاسای چوونیەکی: گەر "A" و "B" هیچ جیاوازییەکیان لە نەواندا نەبێت، ئەوسا چوونیەکن (ئیدێنتن)؛ یاسای دژبەژی: ناشێت گەتەیەک هاوکات ڕاست و هەڵە بێت، کەواتە ڕاستە یان هەڵەیە؛ یاسای سێیەم بەدەرکەر: لە دوو گەتەی دژیەکدا تەنیا یەکەکیان ڕاستە، سێیەمەک نییە؛ یاسای هەی کافی: هیچ هەیەکی بێئەنجام نییە. ئەم یاسایە دەیسەپێنێت کە نابێت هیچ فاکتەک وەک لەگەڵیبوو چواندنی پێبدرێت، یان هیچ گەتەیەک بە ڕاست دابنرێت، گەر هەیەکی کافی بە ئەوە لەگەڵدا نەبێت کە فاکتەکە یان گەتەکە ئەوهایە نەک بە جەرەکی دیکە.

21- بە ئاگایی یان شتی هزرڤان وەک خە-بگر بەوانە:

Heller, Edmund. Descartes' Selbstverhältnisse. Philosophisches Jahrbuch 111. Jahrgang / II. 2004. S. 366 ff.

سەرچاوەکان

بە کوردی:

- کاوە جەلال: هێنە دەکارت. دەزگای پەخشی سەردەم، سلەمانی 2008. (زەرینەی سەرچاوە لاوەکییەکانی ئەم تەوژمینەوەیە لە خوارەوە پەکەوە لەتەک سەرچاوە نوەکانی ئەم نووسینەی ئەردا دانراونەتەوە).
- کاوە جەلال: لە هێنیسانس-هومانیزمەوە هووەو نوسەردەمی ئەوروپی. دەنگەکان / کوردەاوم / کوردستانپەست.

بە ئەڵمانی:

سەرچاوەی سەرەکی:

:Descartes, Réné

- Abhandlung über die Methode des richtigen Vernunftgebrauchs. Stuttgart 1984.
- Untersuchungen über die Grundlagen der Philosophie.

.Zeno.org

- Meditationen über die Erste Philosophie. Reclam. Stuttgart, 1971

سرچاوەی لاوەکی:

- Beneke, Klaus: Biographien und wissenschaftliche Lebensläufe von Kolloidwissenschaftlern, deren Lebensdaten mit 1996 in Verbindung stehen. Nehmten 1999.
- Bloch, Ernst. Leipziger Vorlesungen zur Geschichte der Philosophie. Bd. 3, Frankfurt/Main 1985.
- Falkenburg, Brigitte: Das Konzept der Materie im interdisziplinären Vergleich. Mechanistische Erklärung und ihre Grenzen. In: Was die Welt im Innersten zusammenhält. Hg. Frank Vogelsang, Almuth M.D. Hattenbach, Thomas Kirchhoff, Hubert Meisinger. Berlin 1974.
- Heller, Edmund. Descartes' Selbstverhältnisse. In: Philosophisches Jahrbuch 111. Jahrgang / II. 2004.
- Herre, Paul. Deutsche Kultur des Mittelalters im Bilde. Leipzig 1935.
- Klemme, Heiner F.: Kants Auseinandersetzung mit Descartes. In: Descartes und Deutschland – Descartes et l'Allemagne, hrsg. von Jean Ferrari, Pierre Guenancia, Margit Ruffing, Robert Theis u. Matthias Vollet, Hildesheim, Zürich, New York 2009.
- Lloyd, Genevien. Das Patriarchat der Vernunft. Bielefeld 1985
- Lutz-Bachmann, Matthias: STAATS LEXIKON, www.staatslexikon online.de/Lexikon/Scholastik.
- Marshall Jr, David J. Prinzipien der Descartes-Exegese. München 1979
- Metzler: Lexikon Philosophie. Die Methode von Resolution (Analysis) und Komposition (Synthesis). Spektrum.de
- Röd, Wolfgang. Descartes. Die Genese des cartesianischen Rationalismus. München 1982.

- .Specht, Reiner: Descartes. Reinbeck 1980
- Derselbe. Descartes. In: Klassiker der Philosophie, Bd. .1, Hrsg. V. Ottfried Höffe. München 1981
- Williams, Bernard. Descartes. Das Vorhaben der reinen .philosophischen Untersuchung. Frankfurt/Main. 1988

یەک بەختیار ءالی کەم، لە خودی بەختیار ءالی زیاتر.. ئازاد حەمە

ئەم نوسینە کورتە پێشکێشە بە فەریدون حەسەن، کە چاوکانی تروسکای لەسەر داخرا

پتر لە دەروازە:
لە سەرەتای ساڵانی 1980 کاندا لە سەردانێکی بیریاری فەرەنسی دەریدا بۆ ئەمەریکا، ژورنالیستێکی ئەمەریکی لێیدەپرسێت: گەر ئەم دەریدایە نەبویتایە، کە ئەمڕۆ هەیت حەزتدەکرد چی بیت؟ دەریدا لە وەڵامدا دەڵێت: حەزمدەکرد ڕۆمانووس بم، وەک ڕۆمانووسەکەی هاوڕێم مەریس بلانشۆ Blanchot. ئەم وتنەی دەریدا دوو دانپێدانانی تێدایە. دانپێدانانێک بە مەزنی ڕۆمانووسی و ئەویتر دانپێدانانێ بە هاوڕێکەی، لە لە دۆڤەری ئەمەدا هەردوو دانپێدانانەکە لەسەرەمەرگدایە. کەواتە، بە دەریدا دەستهەڵگرتن لە فەلسەفە بە ڕۆمان بەڵەجیاتیدەکرێت. وەکیتریش ئەم حاڵەتە ڕووبەڕووی زۆرێک ڕۆمانووسی تری ڕۆژئاوایی دەبێتەوە. دەوروبەری ئەلبێر کامی Camus پێبووە لە هزرۆقان. کامی فەلسەفزانی لەڕگای ڕۆمانکانیەوە سازدەدا. لەسەردەستی کامی کردەی ڕۆمانووسی خۆی بریتیکرد لە کردەیەک لە هزرۆقانی، وەکیتر هزرۆقانی پیادەکرد و ئەدەبکەشی هێندەی فەلسەفە قووڵاییەکانی بیرکردنەوەی گێڕی. کەواتە ڕۆمان دەکارێت هزر بەرهەمبهێنێت. تا ڕۆمانووسیش لە دۆڤەری ئەمە نەبێتە پرسیارێک لە بیریاریی ناکرێت ڕۆمانی کوردی هەنگاوی گەوباڵ بنێت. بۆئەوەی خەمان لەگەڵ وتنەکانی لایسەرەوە هاوتاکەین گوزارێک بەناو

داڵانەکانی ئەزموونی بیرکردنەوەی ئەدەبی بەختیار عەلی دا دەکەین. لەوەندەرە چیرۆکانی بەختیار عەلی بە تێگەیشتنی چەمکیی conceptual خەمان گرێدەدەنەوە و هەوناکی و چریسکەی ئەدەبەکە لەناو گڕووی تاریکی ئەدەبی ئێستاماندا دەردەنین. ئەمەش سەرنج بۆ ئەو هاستیرە هادەکێشێت، کە لەم دەخە نالەبارەی ئەمە دەیژین چۆن مانای نوێ بە ئەدەب بدرێت؟ کەس ئەمەی پێ ناست نییە، کە لەناو دەخە سامناکەکاندا ئەدەبەکی تر و تەهزرینەکی ئەدەبی تر بوونی هەبێت.
هەرچەندە ئەم نوسینە کورتە تەقلایەکی هزریی نییە بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی ئەدەبیی بەختیار عەلی، لە کێشەکی شەرمناکەشە بۆ وتن لەسەر پرسی ئەدەب لەمیانەی ناوبراوەوە، دواتر ڕێگاش بۆ وتن لە پرسی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ تا رادەیەک دەکاتەوە.چونکە خوێنەری هزرەهژار لە چاوەڕوانی ئەدەبی بەهزرە. ئەدەبی بە هزریش بکوژی بیرکردنەوە و تەماناە. لەوەندەرە هەرگیز پرسیار لەدایکنابێت و وەستان بەدیار دەە و گوزارەوە بوونی نابێت.

ئەدەب واتە بیرکردنەوە

ئەدەب شوێنکە بۆ سازدانی بیرکردنەوە. سەرسامبوونیش بۆ مەدلەک لە ئەدەب لە بنەەتدا سەرسامبوونە بە مەدلی بیرکردنەوەی ئەو ئەدەبە، کە ئەدەبەکی لوغزاویە. کافکا بیرکردنەوەیە لە ناو بیرکردنەوەیەکی کارامادا. گشت ئەزموونی شیعریی مالارمەMallarmé بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی تر. ڕەنێ شار Charئەمیش جۆرەکە لە بیرکردنەوەی نادوبارە. پاستەرناک Pasternak لە هەچەەکدا تەقلایەکە بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە چاو دەمی خۆی. گۆران و سەیاب و یاسنین و خەلیل حاوی و ئەنسی الحاج، ئەمانەش تەقلاگەلێکن بۆ تێپەاندنی دەمی بیرکردنەوەی شیعریی خۆیان. تێپەاندنەکانیش هەردەم هاوتەریبنابن لەگەە بیرکردنەوەی باوی ئەدەبیی. بەیە تێپەاندن، کە لادانە، باجی خۆی هەیە و تێگەیشتنیشە لە چیرۆکیی بیرکردنەوەی ئەدەبیی باو و لەو هەلومەرجەش، کە بەرپرسیارە لە سەرهەدان و بەردەوامبوونی ئەو شێوە ئەدەبە.
ئەدەب بوارێکە لە بیرکردنەوە. ئەدەب لەبەرئەوەی هزرە پێویستی بە بیرکردنەوەیە. ئەدی زمان؟ گوزارشتکردنی زمان لە چرکەساتکانی گەیاندنی هزر ئەوەیە، کە چی چۆن پێویستە بگوترێت، بەەام ئەوەی بە زمان پێویستە، مەرج نییە بە هزریش پێویست بێت. زەر جار زمان شتێك دەەێت و شتێکی دی مەبەستە، یان زەر جار زمان شتێك دەەێت و هزرێکی دی لەپشتەوەیە؛ هزرێک، کە خۆی بە خاوەنی زمانێکە دەزانێت. ئەوەی ئەمە لەڕدا گەرکمانە بیەێین ئەوەیە، کە پێکدادان لەنێوان زمان

و هزردا شیاوە و مژووی هزر و زمانیش شایەتحاڵی ئەون. هاوکات داشتنی هزری ئاڵاز بە زمانی سادە کاری دژوار، بەڵام بە ئەو خوێندرانەی پاشخانی هزرییان نییە داشتنی هزری ئاڵاز وەک خەی تێنەگەیشتن و بێزاریی دروستدەکات بۆیە زۆربەک لەو خوێندرانە ڕەخنەی شێوازی هێنانەوەی زمانەوانی نووسەرەکەدەکەن بە ئەوەی بیر لە ئاستنزمی پاشخانی هزریی خۆیان بکەنەوە.

بیرکردنەوەی ئەدەبی دەبێت بە بێزەیی بێت بەرامبەر بە بەرهەمهێنانی پرسیاری هزریی

لەم دەخە خراپەی ئەمەی کورد دەیژیین، کە سیاسەت هەکاری ئاستەقینەی خراپکردنەکەیە، چۆن مانای تازە بە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بدەین؟ کەس لە ئەمە ئەوەی پێناست نییە، کە لەناو دەخە ترسناکەکانەوە ئەدەبێکی تر و بیرکردنەوەیەکی تری ئەدەبی بوونی هەبێت. ئەم دەخە خراپە داوای زۆرتین بیرکردنەوە و جیاوازترین بیرکردنەوەمان لەدەکات. ئەمە، لەم دەخەدا و بەگشتیش، ئەو جۆرە لە بیرکردنەوەی ئەدەبی بە پێویست دەزانین، کە بە بێزەیانە کارلەسەر پرسیار بەرهەمهێنابکات.
شێوازی بیرکردنەوەی ئەدەبی بەختیار عەلی جێی مشتومڕە. ئەبەتە هەموو شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەدەبی شایانی ئەوە نین جێی مشتومڕ بن، مەگەر ئەوانە نەبێت، کە لە ناخی شێوازی بیرکردنەوەی ئەدەبییاندا پرسیار بەخودەکەن. پرسیار دروستکردن لەناو ئەدەب یەکێکە لە ئەرکە مەزنەکانی ئەدەب. لە پرسی ئەدەبیشدا شوێنپێهەڵگرتن هەیە. لە لەو بارەوە تێپەڕاندنیش بوونی هەیە. ئەلبێر کامی Camus دەکەوێتە ژێرکاریگەریی تێگەیشتنی فەلسەفیی سارتەرەوە، لە دەشتوانێت هەزری سارتەر سەبارەت بە ئەدەب تێپەڕێنیت. ئەمە، کە بەشێک نین، تا هێنووکە، لە بزووتنەوەیەکی هزری گەورەی گۆڕان، ئەدی ئەدەبەکەمان هەندەی هزرمان هەژار؟ ئەمە پرسیارێکی سەرسامئامێزە بە ئەمە! چونکە ئەزموونە ئەدەبییە گەورەکان شانبەشانی هزر ڕەشتوون. بۆیە بە ئەمە و لەم نوسینە کورتەدا ئەوە پرسیارە، کە لەو شوێنەی بزووتنەوەی هزری هەژار کاری خەی دەکات ئێگا بە سەرهەڵدانی ئەدەبێکی دیگەمن دەدات؟ بە ئەوەی لەو ژینگە هەژارەدا ئەدەبێکی دیگەمن(جیاواز، نادوبارە)سەرهەڵدات بەرەنگاربوونەوەی بیرکردنەوەی سادەی هەژار لە هێنانەوە و داشتن پێویستە لەدایکبێت. ئەمەش بەختیار عەلی کەششی بەدەکات.
ئەدەب وەک ئازاری جەستە وایە سروشتی خەی هەیە. ئەمە پاساو نییە بە داکۆکیکردن لە ئەدەبی لاواز و سەرپێی، کە هزر بەرهەمناهێنێت.

ئەدەبی بە هزر، بە بیرکردنەوە ئەدەبکی بەشە. ئەمیە زبەئەدەب. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە جەستەی ئەدەب شونی ناسینەوەی هزرە. جەستەی ئەدەب باشترین پەناگایە بە ئاشنابوون بەو زمانەی خراوەتگەە. بیە هەستکردن بە ئەدەب، بەوەی کە ئەم ئەدەبە چەند باشە، کە ئەم باشیەش پرسیارە لەسەر چەند دگمەنە، هەستکردنە بەو وتنانەی ئەم ئەدەبە لەگەە خەی دیهەنەت، بەو هەزەی لە زمانی وتنەکەدا پەنهانە بە رەخساندنی خیاە و گەانەوە.
سەرباری ئەوە، بە ئەوەی لەرەدا تیشک بخینە سەر ئەو ەگایانەی، کە بەرەو دەرهاویشتیەکی لەژیکیمان دەبات، لەم بارییەوە پەویستمان بەویە هەما بە ئەوە بکین، کە گشت هیواکانی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ ناشت لەسەر بەختیار عەلی دانرەت. ئەی ئەگەر ئەم هیوایە نەهاتدی؟ ئەوجار چی؟ئەوجار دەمی کەتایهاتنی ئەدەبی کوردیمانە، ئاوابوونی ئەدەبمان دوا قەدەرمان دەبەت؟ گەر وابەت ئەمە ئەنفالکیترە. ئەنفالی ئەدەبیی. ناشت هەروەک سیاسەت چەن زوو زوو دەمانبات بەرەو مەهابادکیتر، ئەزموونی ئەدەبیشمان بمانبات بەرەو نەهامەتییەکی ئەدەبیی تر. گەر ئەمە ەووبدات خەتای بەختیار عەلی نییە، بەکو خەتای هەچنینی ئەو خواست و هیوا زەرانەن لەسەر بەختیار عەلی، ئەمەش وادەکات بە ناچاری بگەنەوە بە ئەدەبیی پەش ناوبراو. هەلەکەستی ئەدەبیی کوردی لەرەوە دەستپەدەکات.

دزەکردنی فەلسەفە بە ناو ئەدەب

ئەو ئەزموونە ئەدەبیانەی فەلسەفە دزەی تیاکردوون ئەدەبکی تری لەدەرچوون. ئەدەب، کە فەلسەفە گەچەی پەدەکات ئەدەبکە دەرەقەتی گەانەوەی وون و لەدەستچووکانی هەیە، توانای بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی هەیە، دەکارەت چەمک بەرهەمبهەنەت، لەناو دگەم نامەنەتەوە و وەهمیش دروستناکات. بیە ئەدەبیی ەووکەش، کە ئەدەبکی دابەاوە لە فەلسەفە، ناتوانەت بە گوتنی سادەی بە ناوەەک و دووبارە جیهانکی هزریاریی دروستبکات. ئەدەبک ئەزموون دەخاتەوە، کە ئەزموون لە تەامانی فەلسەفیەوە وەردەگرەت و تەماشاکردن بە جیهان و بوون لەناو ئەو جیهانە دگەەت. ئەم جەرە ئەدەبە شەژان و گومان دەخاتەرپرسیارەوە و چەمکی وەک: دابان، بەدەنگیی، تارمایی، مەرگ، تاریکیی، تەنهایی، و... دەکات بە ئامرازی بیرکردنەوەی خی.
هەردەم ئەو ئەزموونە ئەدەبیانە دەبن بە شونی تەهزرینی بیریاران، کە لەخودی خیاندا هەگری یشاەی، یان تووخمی هزریین. ئەمەش بەو

مانایە دەت، کە ئەدەب دەکارەت ئەزموونی هەزری بخاتەو. تەماشاکردنیش بە ئەدەب وەك بەشەك لە کردەی هزرڤانی لەوەو سەرهەدەدات، ئەدەب کاتەک دەکارەت ئەوە بکات،کە ئەدەب لە پەنای هزری فەلسەفییدا گەشەدەکات. لەرە بەودەچەت قسە لەو جۆرە ئەدەبە بەت،کە ئەدەبی تەرهزر و بەپیتە، ئەوەش ئەو ئەدەبییە هەواری خۆی بۆرەو ناوچە هزراوییەکان گواستوەتەو. بەمە ئەمە لەرە لە دەرگای ئەو پرسیارە دەدەین، کە بەم جۆرییە:چۆن ئەدەب بکارەت بە گژ هزردا بچەتەو، و واش لە ئەدەب بکات فەلسەفە بەرهەمبهێنەت؟
بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی لای سەرەوە دەکارین بڵێین: لە مەژووی هزری رۆژئاوادا نموونە لەسەر ئەو جۆرە ئەدەبە بەرچاودەکەوەت. لە پەویستە ئەوە بزانین، کە هزرکاری لە ئەدەبدا کارەکی سانا نییە. گشت ئەدەبی میلەتانیش بەو ئەرکە هەڵنەستاوە. ئەدەب، کە بەم ئاقارە دەەوات شتەک دەخاتە سەر خەرمانەی هزر، کە ئەویش کردەی فەلسەفەکردن بەپیتدەکات. ئەدەبی لەم شەوێە، ئەدەبی هزریی، ئەدەبەک دەهەنەتەکایەو، کە لە کەناری فەلسەفەدا پشودەدات. چیەتیی ئەدەبی لەم جۆرە چیەتیی فەلسەفە، یان هزریش، لەگەڵ خۆی دەوروژێنەت. ئەدەبی فەلسەفیی، کامی، یان سەلان، هەڵدلین یان مالارمە بێنموونە، ئەدەبەکە پرسیاری هزریی دروستدەکات و دەچەتە خانەی ئەدەبی نەوتراوەو. چیەتیی ئەدەب، هەروەک چیەتیی فەلسەفە، پرسیارە لەسەر هەڵچەەک و چۆنەتیی داهێنانی هزر.

پەیوەندی بیرکردنەوەی ئەدەبیی بە فەلسەفەوە مەرجی پشوەختە

لەرەدا خەم لە قەرەی ئەو ئارگیومێنتە نادەم، کە داوای ڕاڤەکاریی بیری بیرمەندانم لەدەکات لە پەیوەندی بە ئەدەبەوە. ئەمەش بەپێە ئەوە، کە ئەدەب و فەلسەفەی رۆژئاوا، کە بەتە مەدەلەک بە نرخاندنی ئەدەب و فەلسەفە ئەو وانەیەمان فێردەکات، کە بیرکردنەوەی ئەدەبیی لە پەیوەندیدایە بە فەلسەفەوە.
تێگەیشتنی ئەمە لەبارەی ئەوەی لای سەرەوە وروژێنرا، ئەوەیە، کە پەیوەندی بیرکردنەوەی ئەدەبیی بە فەلسەفەوە مەرجی پشوەختە بە سەرهەدانی ئەدەبی دەگمەن(نایاب، دژەهەمان). ئەدەبی هاوچەرخی ئەمە، گەر بە نموونە وەرگرین، بە ئەندازە دابەاوە لە هەزری هزرڤانان، ئەو هزرە رۆژئاواییەی موکی گشت مرۆڤایەتییە. باشە ئەدەب، کە پشتی لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکان کرد چی ووددات؟ بێگومان ئەوە ووددات، کە لە قەناغی پێش بەختیار عەلی دا ەوویداوە. ئەدەبەک، کە دوورپەرێز بووە لە فەلسەفە، دیوارکەوتووەتە نیوان بیرکردنەوەی ئەدەبیی و بیرکردنەوەی

فەلسەفییەوە.
ئامادەبوونی فەلسەفە لەناو ئەدەب کارکردنە لەسەر گۆڕینی نیشتیمانی ئەدەب. قەپکردنەوەی ئەدەب و گۆڕینی ئاقاری. ئەدەب، کە بەهزراوینکرێت ئەدەبکی بە تام و بۆتاە دەبێت. ئەدەبی بە تام و بۆتاە ترسناکە. توانای وتنی نوێتراو و درکپێنکراوی نییە. ئەو ئەدەبەی لەگەڵ فەلسەفەدا دەستەملانە دەستی دەبێت لە دروستکردنی جۆرێک لە بیرمەندی، نموونە ساد Sade، کافکا، بۆرخەس Borges، ڕەلکە ، فلۆبێر Flaubert و ... .ئەدەبی لەم شێوەیە بە ناداربوون و پارادەکس و تەموومژاویەکانەوە دەیگرێت. ئەم ئەدەبە زمان پەلەکێشی ناوچە یاساغ و بۆشکان دەکات و والە زمان دەکات ئەوە گۆبکات، کە جارێ گۆینکردووە. هەر لەرەوەش دەگمەنی لەدایکدەبێت.

پۆتای بیرکردنەوە شیفابوونیشی لەگەڵ

پۆتای بە بەختیار عەلیبوون دەبێت تەشانە بسەنێت، لە گشت شوێنکمان دا بەاوببتەوە، دواجار هیوای ئەوەش بخوازرێت، کە شیفابوون لەم پۆتایە هەرگیز نەیەتەدی. ئەم پۆتایە گەر بریتیبێت لە خودی بیرکردنەوە، هیوامەندم بیرکردنەوە خەیبکات بە گشت جۆگەیکماندا. ئەم بەختیار عەلییە هیچ نییە لە بیرکردنەوە زیاتر. بیرکردنەوە ئەمی گیاندووتە ئەرە. ئەرەش بەس نییە مادەم بیرکردنەوە هەیە. بیرکردنەوە دەرمانە و شیفابوونیش لەم دەرمانە ناشێت شیاوبێت. ئەوە بیرکردنەوەیە هەهەندی مێژوویی-کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمە لەبەرچاودەگرێت و دواتر لە کارێکی ڕەمانوسیدا بەرجەستەی دەکات. بە ئەمە لەرە هەر بیرکردنەوە براوە نییە، بەڵکو چۆنیەتی بیرکردنەوە، داشتنی دۆ و گوزارە.
بیرکردنەوەی فەلسەفیی و بیرکردنەوەی ئەدەبیی ئەمە پێویستی بەوەیە چەمک بەرهەمبهێنێت. ئەمەش بەرهەمنایێت تا دووچاری پۆتای بیرکردنەوە نەبین. فەلسەفە، کە ئاسەی بیرکردنەوە دەجوڵێنێت، ئەدەب لەناو ئەو جوانەوەیە دەژیت. کەواتە، ئەوە بیرکردنەوەی فەلسەفییە گۆانکارییە جیهانییەکان و کاریگەرییان بەرباسدەخات و ئەدەبیش هاوکار دەبێت لە ڕووبەروبوونەوەی دژواریەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناو ئەو جیهانە.
زۆرێک دەپرسن سودی بیرکردنەوە لەناو ئەدەبدا چییە؟ ئەوانەی ئەم پرسیارە دەکەن نە لە ئەدەب و نەش لە فەلسەفە حالیین. ئەوە ئەدەبە، ئەبێتە لەمیانەی فەلسەفەوە، فکری ژیانژیانمان دەکات. گەر کەسەکە بە چاکی لە ووردەکاریەکانی ئەدەب و فەلسەفە حالینبووبێت ناکارێت نە ئەدەب و نەش فەلسەفە وەک ئامرازێک بە

خەیاڵی دڕوونی و خێراکسازی ڕاستی بەکاربەرێت. چونکە تاریکیەکان تا کۆتا نین. هەروەک ئاوی، کە ڕووناکییەکانیش تا کۆتا بەردەوام نییەن. ئاو ئەدەبی لەسەر پایەکانی فەلسەفە دەوەستێت دەتوانیت بەختەوەری، ناخ ئارامی بە خوێنەرەکەی بهێنێت. ئەدەب لە دەرەوەی جوگرافیای فەلسەفە نییە. ئەدەب لەگەڵ فەلسەفەدا دەستەملانە. ئەدەبی تەندروست پشتگیریی فەلسەفە دەکات. فەلسەفەش پیویستی بەم پشتگیرییە هەیە. چونکە هەردوو ئیش لەسەر تەندروستبوونی مرۆڤ دەکەن. لەبەرئاوەی ئەدەب و فەلسەفە لە دێنەوایی شارەزان دەکرێت بەکاربهێنن بە شیفابوون لە پەتای بیرنەکردنەوە. ئەم پەتایە لە دۆڤری ئەمە زۆر بەربڵاوە و زیانەکی زۆریشیداوە لە گۆشەنەکردنی ئەدەب و فەلسەفە. شیشرۆن Cicero وتەنی ""فەلسەفە، کە پزیشکی ڕاستەقینەی ڕۆحە""، پەمانوایە ئەدەب زۆرێک لەم پزیشکە ڕاستیەوە فەردەبێت. لەڕووە دەگەینە ئاو دەرئەنجامەی بڕیین، کە چارەسەر بە فەلسەفە و ئەدەب وەک دەرمان باشترین چارەسەرن لە ئێستادا، ئاو ئێستایەی لەوانلاوە لە جەنجاڵی و پەرتی و دابڕان.

بەرسیەتی بە ڕەمانی لەم جۆرە

زۆرێک لە خوێنەرەکانی بەختیار عەلی لەوە بەئاگانیین کە، گەڕانەوەی ئەمان بە کارە ئەدەبییەکانی (شیعر، ڕەمان) بەختیار عەلی بە ئاو بەرسیەتییە مەعریفییە دەگەڕێتەوە، کە سایانکە پانەوەدیارە. بەرسیەتیەکە پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەیە کارە ئەدەبییەکانی ناوبراو لەسەری دەوەستێت. ئەبەتە ئاو وەستانەش ئەدەبی لەو جۆرە بەرهەمدەنێت، کە تەنیایی ئەمان دەجوڵێنێت. ئەدەبی لەم شەوێە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی چەمکە. لەڕووە هێنانەوە و داشتن فەرمکی تر لەخەدگرێت. داماوی تاکی کورد، زەلیلی بەدەست هیواکانەوە، شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ئاوین لە کۆمەگەی نوێی کوردی، وێناکردنی مرۆڤی تازەی کورد و پەیامە بەردەوام بەشەکانی هەکارن بە گەڕانەوە بە خوێندنەوەی بەختیار عەلی.

خوێنەرەکانی ناوبراو، خەیان دەزانن بەجۆرێکی کۆساس دەژین و ژیانیشیان وێرانە، لەوانلاوە لە برین. بریینی ئەمان بە کۆتایە. چونکە مرۆڤ کۆساسکان پەیوستیان بەو هەلومەرجانەیە کۆساسی لێناودەبن. ئەنگە بەشێک لەو هەلومەرجانە بە مافی بێت، نایەکسانی بێت، غەدر بێت، یان ئەنگە هەستی تەنیایی و ئاوارەیی بێت لە زەدی خەیان. لەڕووە گەڕانەوە بە ئەدەبی بەختیار عەلی خەی بەپەویست دەزانێت. باشە ئەم جۆرە ئەدەبە دەرمانە؟ ئەگایەکە بە شیفابوون لەو مەبەستییە بوونیاویانەی تیایدەژین؟

هۆزاری مەعریفیی رەمانی کوردی

هۆزاری مەعریفیی رەمانی کوردی بەختیار عەلی کردە ئەم بەختیار عەلییە. هەرزوو هۆزاریە مەعریفییەکەی رەمانی کوردی بەختیار عەلی پەست و دەشکاوکرد. ئەمەی ئێستا دەیخوێنیتەوە بەرهەمی ئەو پەستی و دەشکاوییە. کەواتە یاخیبوون لەدایکبوو. ئەمە پەیوەستمان بە زنجیرەیەک لە یاخیبوون هەیە تا چارەسەری هۆزاری مەعریفیی رەمانی کوردی بکەن. بەیشە لای سەرەوە ئاماژەمان بە ئەوە کرد، کە یەک بەختیار عەلی کەمە، لە خودی بەختیار عەلی زیرە. کەمە، چونکە بەو هۆزاریە مەعریفییەی رەمانی کوردی ناوەڕەت. زیرە، هیچ نەبێت لەبەرئەوەی سەرەتای یاخیبوونێک زەمینەی بۆ سازدەنرا.
ئەوەی وترا مەبەست لەوە ئەوە نەبوو بمانەوێت خەڵکاووردکردنێک لەنێوان ناوبراو و ئەوی تردا دروستکەین. چونکە خەڵکاووردکردن بۆئەویتر کارێکی تەندروست نییە. دەزێکی ئەوتۆش دەنێتە گەردن، کە کاتکانت تەنها لە چاودێریکردنی ئەویتردا بەسەربەریت. تۆ ئەو کات خەتنابینی، بەس ئەویتر دەبینیت، خەتیش نابیت ئەویتر دەبیت. بوون بۆ ئەویتر واتە خەڵکاووردکردن. بەیە چاکترە لە کاتی قسەکردن لە هۆزاری مەعریفیی رەمانی کوردی لە ڕەچەڵەکی ئەو هۆزاریە بووردی حاڵیبین، کە هەکارە بۆ لەئامەزگرتنی بەختیار عەلی.

ئەدەب داهێنی نەوتراوەکانە

وتنی نەوتراو دەچێتە خانەی ئەو جۆرە وتانەی شایانی وتنن. وتنی لەم شێوەیە وتنێکە هەشتا نەوتراوە. ئەو وتنەش، کە نەبووەتە وتن براوەی یەکەمە، چونکە ئەزموونێکراوە. کەوابێت، چۆن ئەدەب بکرێت بە جێگایەک بۆ پەی پێنەبراوەکان؟ ئەبەتە تەنها بە وتنی نەوتراوەکان ئەوە دەتەدی. ئەو وتنانەی هەشتا نەبوونە بە بەشێک لە بیرکردنەوەمان. بەواتایەکی تر، ئەدەبنووسینی ئەمە تا خەی وێک ‘نوسینەوەی کارەسات” نیشانەدات ناکارێت نەوتراو بخوڵقێنیت. ئەمە خەزگەکانی ئەدەبی کوردیش دەنێتەدی. ئەم ئەدەبە بیرکردنەوەیەکە لە شوێنێکی ترەوە دێت، سەرهەڵدەدات. لە، ئایا ئەمە تەنها ئەرکی بەختیار عەلییە؟ نەخێر (بەپیتی گەورە). هیواکانی ئەدەبی کوردی، گەر بریتی بێت لە جێختکردن لە بوونی خەی، بەرهەمهێنانی ناسنامەیەک تایبەت بەخەی، ئەمە دەتەدی، بەو مەرجەی ئەدەبی کوردی خەی بە بەشێک لە هزرڤانی بزانێت. هزرڤانی لە جۆرێکی پوخت و شوێنێک بە نەوتراوەکان.
ئەدەبێک مردن ئەزموون نەکات، بە باڵای ئەوینی شکستخوارد و چەپێکی سێکسا هەڵنەشاخێت، سەروی بەدەنگی نەبێت و تەنهایش نازدار نەکات

زۆری ماوە ببێتە ئەدەب. ئەدەبێک گەندەڵی وەک شمەکێکی سیاسی و بەس بەبینیت و توکەکاری بە ئەم گەندەڵییە لەناو ناخ و دڕوونی مرۆڤکاندا نەکات، ئەو ئەدەبە لاپەڕەز دەمێنێتەوە. ئەدەبی واش بە ئەوەی لە لاپەڕەزی خەی دڕبازکات مشەخۆر دەبێت لەسەر وتنەکانی پشخەی. ئەمەش بڕەو دیوەکی تری خراپی بیرکردنەوەی لاپەڕەزمان دەبات، کە بیر لە ئەویتری خوێنەر ناکاتەوە. ئەویترەک، کە پەویستی بە ئەمەیە. ئەویترەک لە چاوەڕوانی گشت شتێ باشکانە. بەیە فڕامۆشکردنی ئەویتر لە ئەدەبدا بە زیانی خود، ناسنامەی ئەم خودە دەگۆڕێتەوە.

پرسی ئەدەب پرسی هەناوگەی مەحاڵبووەکانە

لە ئێستادا، لە گشت شوێنەک، لەم جیهانە بچوکەی ئەمدا ئەگەری مەحاڵبوون impossible لە زیادبوونداییە. ئەدەب کە نەیتوانی مەحاڵبووەکان بهێنێتەگۆ لە بۆئەدەبوون دەکەوێت. ئەو نەختە فەلسەفەیەی لە دڤۆری ئەمە نیشونمای کردووە تەنها و تەنها سەرقاڵی پرسیارە ئەدەبی و سیاسییە کەمەایەتی و ئاینیە سادەکانە و لەم ڕووشاوە شتەکی ئەوتەی بەرهەمنەهێناوە. واتە فەلسەفە لەڕە و ئێستا تەنها سەرقاڵی زانستە مرۆییەکانە و زانستە سروشتییەکانی فڕامۆشکردووە. ئەمەش وایکردووە لەگەڵ مەحاڵبوون دەستەملان نەبێت. هەر ئەم لایەنە کاردانەوەی خراپی لەسەر ئەدەبیش داناوە.

بە مانا، نادیار، ناکۆتا و پووچ کە بێشکن لە مەحاڵەکانمان، کە نەبوونەتە باسی ئەدەبی ئەمە. ڕاستەوخۆنوسینیش لە بواری ئەدەبیماندا زیانەکی زۆریداوە لە بەدەنگبوون لە مەحاڵەکانمان. کەواتە شیاوە بپرسین: لە چ ساتەوەختەکدا ئەدەبی باش (باش بە مانای دەگمەن و نادوبارە) لەدایکدەبێت؟ لەو ساتەوەختەی ئەدەب شانبەشانی فەلسەفە لەناو تاریکی ژیان دڕبازماندەکات، فڕی پرسیارمان دەکات سەبارەت بە بوونمان. وەکیتر، فەلسەفە و ئەدەب ، کە پێکەوە کاردەکەن، لە دوو لاوە کارمان لەسەر دەکەن: ئازمووونی تەماناکانمان دەوەستێنەکەن و بیرکردنەوەشمان بە چەمکگەلێکی وەک خەمکی، هاوسەرگیری، بەدەنگی، تەنهایی، و ئەویندداری و خیانەت دەگۆڕن. جا پرسیارەکە لەڕەدا ئەوەیە، کە چۆن ئازموونی بیرکردنەوەی ئەدەبیی بەختیار عەلی ئەمەی کردووە؟

دڕئەنجام: ئەدەبی دەگمەن

سەرهەڵدانی ئەدەب، ئەدەبی نایاب، کارێکی سانا نییە. چونکە ئەم بێشە ئەدەبە بەرپرسیاریەتی هەناوگەی تەمومژاویی، بەدەنگیی و بەدفەیی لە کاری ئەدەبیدا لەئێستەدەگرێت. بەگومان ئەدەبی نایاب

لەوەو دەتەدونیاوە. بۆیە بۆغیلی بۆ بۆختیار عەلی با بۆغیلیبێت بۆ هەزی بیرکردنەوەی ئەو، بۆوەی بیرکردنەوە چەند دەکارەت دوور بۆوات و ئاسۆکانیش تەپەڕنەت.
ئەدەبی دۆگمەن ئەو ئەدەبیە، کە دەربازکەری خودی ئەدەبۆ لە گرفت و لاوازییەکانی. ئەم جۆرە ئەدەبۆ، ئەدەبۆکە خۆریکی گۆرانەوەی شتە لەدەستچوو و ونکانە. ئەدەبی دۆگمەن گفتوگۆ بۆکەتاییەکان دەنەتەگۆڕێ و لەپشت سەرهەڵدانی تیۆرییە ئەدەبییەکانیشەوە دەبەت. جا ئەدەبی وامان هەیە؟ ئەزموونی ئەدەبی بۆختیار عەلی جۆرێکە لەم ئەدەبە؟ گشت ئەوی لایسەرەوە وترا وەک وەڵامێک دەبینم بۆ ئەم دوو پرسیارە.
تەپەڵاندنی بۆختیار عەلی شیاوە. لە بەم کوالیتە ئەدەبییەی ئەستا نا. چونکە وتنی سادە، نزیک لە زمانێکی لاواز و سەرپێی، دابەاو لە هزر ناکارەت ئەدەبی یاخی بەرهەمبهێنەت و نیگەرانییەکانمان، ئەو پارادۆکسانەی تیایدەژین، بکاتە وتن. شانسێک ئەو دەمە لەبەردەم هاتنەدی هیواکانی ئەدەبی کوردییە، کە ئاقاری بیرکردنەوەی ئەدەبنووسی(ڕۆمان،چیرۆک، شیعر، شانۆ ، …) هوو لە گۆڕانبکات. سەرلەبەرگۆڕینی پرسیاری ئەدەبی، بەو مەرجەی بەهێزەوە پرسیارە سیاسییە کۆمەڵایەتییە ئاینییەکان بەر تەوژمی ئەو گۆڕانبکەون، شانسێکە بەهەزدەکات. لەڕەوە، کەوابەت، ئەوەی مەبەستە گۆڕینی پرسی ئەدەبە. ئەو پرسەی فەلسەفەی کۆنتۆنتاڵ بە شێش دێرێک دەبەت سەرقاڵیەتی (هایدیگەر لەسەر هۆدرلین، دەریدا لەسەر سیلان، فوکۆ لەسەر ئارتۆ، دولەز لەسەر سینەما، بادیو لەسەر چاخی شاعیران ئاگامبین لەسەر کافکا و…هتد).
هیچ ئەدەبێک بە لەکە و بە خۆش نییە. تەنانەت مەدەلە جیهانییەکانیش(پوشکین، ئەلوار، شکسپیر، ڤاڵەری، بۆیاتی، میشۆMichaux ،….). لە پەموایە بۆشێک لە خۆشکانی مەدەلەی بیرکردنەوەی ئەدەبی بۆختیار عەلی پێوەندی بە سێ لایەنەوە هەیە. لایەنی یەکەم بریتییە لە خراپی دەزی ئەدەبی پێش خۆی (بۆتایبەت ڕۆماننووسین). لایەنی دووەم بریتییە لەو شێوازە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، کە ڕووبەووی بیرکردنەوەی ئەدەبی ناوبراو دەبەتەوە، کە ئەمشیان قوربانی دەستی لایەنی یەکەمە. دوا لایەن پەدەچێت پێوەندی بە جۆرێک لە شێوازی هەنینەوەی دۆ و دەربڕینی ناوبراوەوە هەیە (نوسینیدرێژ، شێوازی داشتنی زمانەوانی،….)، کە ئەوش وایکردووە بۆشێک لە خوێنەرانی پەستکات. لە کۆشی بۆشێک لە خوێنەرانی ناوبراویش ئەوەیە، کە دەخوازن نوسەر بەپێی حەز و شێوازی بیرکردنەوەی ئەوان بنوسێت. کۆشیکیتری ئەو جۆرە خوێنەرانە ئەوەیە، کە پاشخانی هزرییان نییە و ئاشهێنراون لەسەر جۆرێک لە

نوسین و خوێندنەوە.

ئازاد حەمە

یادێك لە تەرکردنی ڕەئوف زوهدی.. هیوا محەمەد ئەمین

.. نوسەر ی ناوداری کورد مامستا (ڕەئوف زوهدی) ١٩٢٢ – ١٩٩٠ سی و چوار ساڵ لەمووبەر ؛ لەسەر یەکێك لە شەقامە ئاپۆکانی شار ی سلێمانی – مەولەوی بە دەمانچەیەك ی بەدەنگ تەرەکرا و جێستەی لە نەو خوێنی خۆی دا شەهاڵ کرا . ئاهەنگ ی پرسە و ڕۆژی ماتەمینیی ئەو لە کەشێك ی پڕ تەرس ، دڵەاوکێ و دوودڵیی دا بەڕێخرا ، و ڕۆژێك دواتر لە (گردی سەیوان) ی شار ی سلێمانی بەخاکسپێردرا . چرا ی ژیان ی نوسەر ، ئوناکبیر و نیشتیمانپەروەرێکی کورد هەروا بە سانایی خامۆشکرا ، و لە مەژو ی کوردیش دا چووە گۆشە ی بەدەنگیی و لەیادچوونەوە ، دواجار نە کەسێك بۆی هاتە وەڕام نە زەنگی مەترسیی تەرەریش لە هیچ شوێنێك دا هاتە زرنگدانەوە ؟! تەرەریستان بە دڵێك ی شاد و ئاسودەوە ئەم کردەوە تەرەریستانەیان کردە ئاپەرتێك ی مژدانەبەخش ، و مژدەی بەڕێکردنی پیرێك ی کوردپەروەر ، هوشیار ، ماندونەناس و ئوناکبیرێکی کوردیان بە دەزگەی ئاسمان ، بە لایەنگران و ئێندامانی حیزبەکەیان ، ڕاگەیاند .

مامستا ڕەئوف زوهدی بەپەی نەخشێك ی ژیربژێر و پێشدارەژراو ، لە دادگەیەکی داخراو و نهێنیی گروپێك ی ئیسلامیی سیاسیی دا ، سزای مەرگ ی بەسەردادرا . پێشتریش لەلایەن کەسانی ناو ئەم گروپە تەرەرخوازانەوە ، نوسەری ناودار (عومەر تەفیق) ، ڕۆژنامەگەر ، نوسەر و شاعیر (کاکەی فەلاح) لەبەردەم یان نزیك ماڵی خۆیان تەرەر کردن . هەروەها خاوەن کتێبخانە (خولە خاکیی) و نوسەر (ئەنوەر برزو) شیان لە خوێنی خۆیان دا گۆزاند ، و دواتریش چەند هەوەڵکی تری بەئاکامیان دا بە پاکتاوکردنی چەند کەسایەتیەکی تر ی نوسەران و هونەرمەندان ی کورد ، لەوانە نوسەر (کەریم زەند) ، ساماندار (عەلی بەسکانی) ، (ئەحمەد سالار) و (سەعدون یونس)

. ئەم زنجیرە هەوداوی تەرار و پاکتاوکردنە خوێناویانەی هەناکبیرانی کورد لەسەردەمانێك دا ئەنجامدران ، کە باری سیاسیی ، کۆمەڵایەتیی و چارەنوسی کورد لە باشوری کوردستان لەوپەڕی لەژیی و مەترسیدا بوو ، هەژگارێك کە حکومەتی بەعس ی عێراق لە لوتکەی دەستەڵاتی سیاسیی و سەربازیی خۆی دا نەخشەی کیمیاویی و هەرشەکانی ئەنفال ی بۆ قڕکردنی کوردان و وێرانکردنی کوردستان سازدەدا ، هەژگارێك کە دنیا ی هەشنبیریی و ئەدەبیاتی کورد لە هەر کاتێك ی دی زیاتر پێویستی بە بوونی ئەو نوسەر و هەناکبیرانە هەبوو ؟ !
لەدوای هاپەینینی بەهاری ۱۹۹۱ و دواتر ئازادبوونی کوردستان ، ئیسلامی سیاسیی کورد لە باشوری کوردستان خێان وەك هەزەك ی سیاسیی ئایینیی هاگیاند . تەڕەری ئیسلامیی لەو قۆناخە پر گرانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیانە دا ، وەك جاران و بەشێوازێك ی نوێتر درێژەی پێدرایەوە و کەوتنە بەکارهێنانی شێوازی هەڕەشە و سوکایەتییکردن بە نوسەران و بیری سەردەمخوازیی ، و تاوانبارکردنیان بە لادەر و پێوپاگەندەکردن بە کوفر ، ئیلحاد و سوکایەتییکردن بە ئیسلام و پێامبەری ئیسلام ، کەوتنە سوتاندنی کتێبخانە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانیی ، و دواجار خڕکدارکردن ، بەاوکردنەوەی سیاسەتی ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگەی کورد و دژایەتیکردنی ئافرەتان و بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی ئیسلامییانە لە قوتابخانەکان . بەداخەوە پاکتاوکردن و تەرەری بیرمەندان ، هەژنامەنوسان و هەناکبیران لە مەژوی جیهانی ئیسلامیی و لە باشوری کوردستان مەژویەکی خۆی هەیە ، هەر لە ئێبو مەنسوری حەلاج ، سەهرەوەردیی بگرە تاکو دەگاتە تەرەری هەناکبیر و تەکۆشەری کورد جەمال عیرفان ، عەبدولخالق مەعروف ، هەژنامەنوسان سەرانی مامۆستا مەحەمە ، کاوە گەرمیانیی ، شاعیری لاو بەکر عەلی و ...تاد
هەئوف زوهدی کێیە ؟
ساڵی ۱۹۲۲ لە شار ی سلێمانی لەدایکبووە ! خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە . ساڵی ۱۹٤٦ خانەی مامۆستایان (دارالمعلمین) ی لە شار ی بەغداد تەواوکردووە . لە ساڵی ۱۹٤۸ بووەتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقیی ، لە ساڵەکانی ۱۹٤۹- ۱۹۵۰ لەسەر چالاکیی سیاسیی زیندانی دەکرێت ، پاشان لە سلێمانی دەبێتە مامۆستا ، لە ساڵی ۱۹٦۳ بەدەستی بەعسیەکان دەگیرێت و زیندانیی دەکرێت ، و بە ماوەی ساڵێك تیای دا دەمێنێتەوە . لە ساڵی۱۹٦۵ تاکو ساڵی ۱۹٦۸ بەهەکاری چالاکیی و کاری سیاسیی لە وەزیفەی حکومیی دوورەخرێتەوە ، و دواجار لەساڵی۱۹۷۸ دا خانەنشین دەکرێت .
بەرهەمە چاپکراوەکانی
۱- لە هەڤە بە کەوتنە تەڤە

٢- رسالة مفتوحة الى پاپا / بۆ زمانی عەرەبیی
٣- چاوپیاخشاندنێك بۆ مێژوی جیهان دا – نەهرۆ / وەرگێڕان بۆ کوردیی – دوو بەرگ

٤- قصة الإنسان / جورج حنا / وەرگێڕان بۆ کوردیی
٥- تأريخ سری للبترول / وەرگێڕان لە عەرەبیەوە بۆ کوردیی
٦- گوڵبەژێر فرەش / چیرۆك – ١٩٨٥
لەگەڵ چەندین نوسراوی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی .
لە هەڵەبجەی ٢٥ . ٢ . ١٩٩٠ دا و لە تەمەنی ٦٨ ساڵیی دا لە شەقامی مەولەوی لە شاری سلێمانی بە دەمانچەیەك ی بەدەنگ و بەدەستی تیرۆریستانی ئیسلامیی کورد گیانی بەخشی بۆ ئەدەبیاتی کوردیی و کورد و کوردستان.

کۆتایی
٢٨/ ٤ / ٢٠٢٤
هیوا محەمەد ئەمین

کاریگەری خەزان لەسەر توشبوونی تاك بە گرفتە دەروونییەکان.. ابراهیم موحەمەد(ئەبو هام لەقایی)

کاتێك تۆ لە نەو خەزانەکدا ئەژیت کە تەنها بە هووکەش خەزانە هیچ بوارێکی تاك بوونت لە ئارادا نییە، دوو ژیانی جیاواز لە تەوانینتان بۆ ژیاندا دەژین بۆ بوونی پانتاییەك کە تیایدا بتوانن گفتوگۆبکەن لەسەر ئەو پرسانەی کە هاوانین لەگەڵ یەك و هەروەها نەبوونی مافە سەرەتاییەکانی تاك لەم نەوبەندەدا، هەرخەزانێك نەیتوانی زمانی لەك تێگەیشتن و هاوڕێیەتی بهێنێتە ئاراوە چیدی پێیی ناوترێ خەزان بەڵکو زیندانێ یاخود مەکینەی لەکار خستنی مرۆڤ، مرۆڤ کاتێك لەنەو خەزانەکەی خۆیدا هەستی کرد گوێی بەناگیرێت و نامۆیە بەو ژینگەیە و هێگەی پێنادرێ خۆی

دڕببڕ، ئەوا مرۆڤەکی شەرمن و ترسنۆک دەبێ. دواتر خۆن و خولیا و هەرچی هونەرێک هەیە تێیدا خەفە دەبن و لەناودەچن!

ئەو تاکانەی کە لە خەزانی لەم چەشنە لەدایك دەبن لە داهاتوودا کە گەورەدەبن لە کاتی بوونی هەر کێشەیەك بە ئۆگرێکی بەرزەوە پەنا دەبەنە بەر دەروەی خەزان، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چ گرەنتییەك هەیە دەروەە هاوکار و پەناگەی ئەم تاکە بن؟

ئەم دۆخە گـــــاریگەری تەواوی هەیە لەســـــەر هەردوو ڕەگەز بە دیاریکراویی لە ڕووی هەموو بوارەکانی ژیانی ئێستا و ئایندووی و داهاتووی تاك، بەیە زەر جار دەستەواژەیی "خەزانی ژەهراوی" بەکاردەهێنرێت بە ئەم پرسە کە ڕەگ و ڕیشەیی قوڵ لەخۆ دەگرێ.

ئەوەی بەمن گرینگە لێرەدا باسی بکەم ئەم باڵادەستیە زیاتر ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ڕەگەزی نێرینش بەدەر نییە لەم پرسە کە بە درێژایی مێژووی تاکی کورد لەباشووری کوردستان ئاقیبەتی نەرسالاریی زاڵە کە ئایندوویەکی درێژخایەنی هەیە لەم ژینگەیەدا کە ئەمڕۆ پرسکی ترە کە لێرەدا ناپژمە سەر ئەم باسە.

بەیە تاك لەم دۆخەدا دەستەوەستان دەوەستێ لە هەمان کاتدا کاریگەری خراپی دەبێت، هەر بەیە ئافرەت زەرجار باشترین شتەك یاخود نایابترین چانسەك کە هەیبە و هیوای لەسەر هەڵچنیبە بریتیە لە هاوسەرگیری کردن و خۆدەربازکردنی لەو فەزا خەزانیە داتەپیوەی، ئا لەـــرەوەیە کە دەتـــوانین بڵێـــن حەز و تـــامەزرۆیی ئـــافرەت بە هاوسەرگیری ناتوانێ خەی بەشاراوەیی و پەنهانی بهـــێتەوە، بەیە ئافرەت کاتێک فەزای خەزانی کێشەی تێدا دەبێت ئەوا بە ئاقرەیی و تامەزرۆیی و چاوەڕوانی بە هاوسەرگیری زەرتر و دڵخوازتر دەبێ.

ئەمڕۆ هـــانی دەدات کە خەی بەدوای هاوســـەرگیریدا بگـــەڕێـــت بـــەڵام بەشەوازێکی تایبەتی خەی نەخوازێ بـــەڵگەیەکی ئاشکرا لە باشووردا. بەئەم مەبەستەش چەند ڕەگایەك بەکاردەهێنێت.

بەنمونە: لەپەڵ بەرەو خێشەویستی هەنگاو دەنێت و دەیەوێ پیاوەک دەست نیشان بکات و پەیوەندیەکی کورت مەودای لەگەڵدا ببەستێ مەرجی ئەوەشی لە وەربگرێت کە خێشەویستیەکەیان کورت خایەن بێت و بەرەو هاوسەرگیری هەنگاوی پێ بنێت. یاخود ڕەگەیی تر بەکاردەهێنێت ئەویش ئەوەیە لەزەر جگە باسی سەروەت و سامانی بکات، یا باسی کارامەیی و لێهاتووی خەی بکات لە بەڕێوەبردنی ماڵ و خەزان، یاخود بەیانی دەست ڕەنگینی خەی بکات لە گشت جگەیەك یاخوود ئاستی

ڕۆشنبیری خەی دەربخات، یانیش ئاستی عیبادەتی، زەرجارش ڕووداوات کە پەنا بە باپاپشی ببات لەپەناو بەدەست خستنی هاوسەرگیری.

هەموو ئەم ڕێگا و میکانیزمانە وە زیاتریش کە ئافرەتان بەکاریان دەهێنن یانیش بیری لە دەکەنەوە زەرینەی بە بەدەستهێنانی هاوسەرگیریە کە بتوانن لەوەی ڕزگاریان بێت لەو ئیشکالە خەزانیانە کەتەدا هەموو شت بەیان سانسەر و قەدەغە بووە...!

بەیە لەرەدا ئەمەمان بە دەردەکەوێت بەکارهێنانی ئەم میکانیزمانە بەمانای بوونی گرفت دێتن لەنەو خەزانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، ئەم پرسە بە دیاریکراویی لەسەر ئەمەیە کە ئەمە پێش پەروەردەیی داینگەکان و قوتابخانەکان و زانکەکان، پێویستمان بە پەروەردەیەکی خەزانی گونجاو و تەندروست هەیە، کە بتوانێ مرۆڤك بەرهەم بهێنێت کە تەنها لە ڕووە بایەلۆجیەکەوە مرۆڤ نەبێت، بەیە باشترین بژاردە بە ئەم پرشەش بریتیە لە هۆشیاریی پەروەردەیی خەزانی.

-ابراهیم موحەمەد(ئەبو اهام لەقایی).

کۆرتە چیرۆک\ پەروەر.. نووسینی: ئامانج شەروانی

دەرگای ژوورەکەی کردەوە، بەرەو ئاودەستەکە ڕۆیشت، کەلوپەلەکانی خەی لەسەر زەویەکە دانا. هەروەکوو خووی پێوە گرتبوو، بە هەزارەمین جار ڕووداو و نەهامەتییەکانی ژیانی خەی وەکوو ڤیدیە هاتنەوە بەر چاوانی. پێنجا ساڵی ڕەبەق بەسەر ئەو ڕۆژە تێپەڕیبوو کە لە ماڵەکەی خەی لە گوندی سەورگ دەریان کرد و بەرەو ئەستانبوڵ دووریان خستبووەوە. ئەستاش هەروەکوو ڕۆژی ڕوون ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی دێتەوە بەر چاوانی. چوار پەستاڵ لەپەی، سمێڵ پانی، چەک لە دەستی، ڕۆزاگران لەبەر دەرگاکەی قووت بوونەوە و ئەویان بە چاوبەستراوی ڕاپێچی ناو زیلە سەربازییەکە کرد.
دەستی دایە فڕێکە و خستیە ناو ئاودەستەکە، یەک دوو جاران بە بنی ئاودەستەکەی داهێنا، دایکی کەوتەوە یادی. ئەو دایکە قوبەسەرەی کە لە کەمەکۆژیەکەی دەرسیم، بە مەڵەتکەیی

هەنابوویانە سەرگەرم. هەموو جاران دەیگۆڕاوە کە باوکی یەکێک بووە لە هاوڕێکانی سەید ئەزا، هەر لەگەڵ ئەویش کەوتبووە داوی پیلانە قەزەرەکەی دەغانی کارگێڕی ئەلازیگ. ئەو کات تەمەنی هەر شەش مانگان بوو، تەنە شەش مانگ.
ئاخرەکی هەڵکەشا و دەستی کردەوە بە پاککردنەوە. دووسێ جاری دی فەچەکەی بە بنی ئاودەستەکە داهێنا، ئەو جارە کەوتەوە یادی هاوڕێیەکەی، کە هەموو جارێک ئاگاداری دەکردەوە تا نازناوە کوردییەکەی فڕێ بدات و هەر ناوە ئیستقینە تورکییەکەی خۆی بەکار بهێنێت. (برام ئەڤهان، ئەو نازناوەت فڕێ بدە، با وەکوو ئەو هاوڕێیەمان، شقان، شاربەدەرت نەکەن). فەچەکەی یەک دووجاری تریش بە بنی ئاودەستەکە داهێنا، ئەو ئەژدی هاتەوە یاد کە لە دەرگای مەوانخانەی ئێتاتورک هاتە ژوورەوە و وەکوو خزمەتکارێک دەستی کرد بە کارکردن. ئێستاش دوای پێنجا ساڵ، لە هەمان مەوانخانە، لە هەمان شار، بە هەمان دەردی دووری، ئەژ و شەوکانی خۆی بیرکەوە گرێ دەدات.
پشتەشەکەی زۆری بە هێنا و ناچار فەچەکەی دەستی دانا، لەسەر زەویێکە دانیشت و هەناسەیەکی ساردی هەڵکەشا. ئیتر تینی جارانی نەماوە، هەر یەک دووماڵگی تر و پشتی بە هەتایە دەچەمتەوە، ئەرێ باشە بە دەڵێن کە داری گەورە وەک نەمامی تازە دانایت! خۆ ئەو هەرگیز بەو ئاواتە نەبوو کە بە پێنجا ساڵ لە مەوانخانەیەک، دوور لە زێدی باوباپیرانی، ببێتە نۆکەری بێگانان. ئاخ کە بیری شارەکەی خۆی دەکات، بیری چیرۆکەکانی باپیرەی دەکات. ئێستاش ئەو چیرۆکەی لە یادە کە باپیرەی بە تاقی تەنیا، بە خۆی و بە داردەستەکەی دەستی، چوار سەربازی عوسمانی ئاونابوو.
لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە، دووبارە دەستی دایەوە فەچەکەی، دووجاری تریش بە بنی ئاودەستەکەی داهێنا. وتەکانی شقانی هاتەوە یاد، موچەکەکی پێدا هات. ئێستاش گرانییەکانی ئەوی هەردەم لە مشکە، هەردەم بە ئاوات بوو، بە جارێکیش بێت پێی شادببێتەوە و لە نزیکەوە گوێ لە گرانییەکانی بگرێت. ئەو هاوڕێیەی کە هەر لە منداڵییەوە بەی ببووە مامۆستای ژیان، مامۆستای بەرخەدان. لە دڵی خۆیدا دووبارە و سێبارەی دەکردەوە: (بەرخەدان ژیانە، بەرخەدان ژیانە). هەر لەو خەیاڵانەدا بوو، دەرگای ژوورەکە کرایەوە و چوار پۆستاڵ لەپڵی، سمێڵ پانی، چەک لە دەستی، ئەزاگران لەبەر دەرگاکەی قووت بوونەوە و ئەویان بە چاوبەستراوی ئاپۆچی ناو زیلە سەربازییەکە کرد.

سەردانی سودانی بۆ کۆشکی سپی.. عوسمانی حاجی مارف

هەر لەسەرەتای دانیشتنی بایدن و سودانی، بایدن ڕایگەیاند کە ئەمریکا پابەندە بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە. دوای ئەوەش بایدن دەستیکرد بە قسەکردن لەسەر هەرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە دژایەتی نێوان هەردوکیانی بەووونی نیشاندا.
بایدن جەخت لەسەر بەشداری وەاتەکەی دەکاتەوە لە بەرگریکردن لە ئیسرائیل لەبەرامبەر هەرشی ئێراندا، لەکاتێکدا هەوەستی حکومەتی عێراق وەک پێویستبونی بە سیاسەتی کەماری ئیسلامی ئێرانەوە، دژی ئیسرائیل و سیاسەتکانیەتی لە هەرشکردنی بە سەر غەززە.
سودانی سەرکایەتی حکومەتێک دەکات کە لەلایەن ئێرانەوە کنترۆڵ دەکرێت، بەنام عێراق وەک وەاتەکی گرنگ بۆ ئەمریکا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە بایدن، سودانی دەخاتەبەر ئەو واقعەی کە بتوانێ هاوسەنگی نێوان هەردوولایان ڕاگرێت، ئەم بانگهێشتەی سودانی بۆ کۆشکی سپی دەستەبەرکردنی ئەو ئاراستەیەیە کە دەخالەتی ئێران و هەزە میلیشیاکانی لە عێراقدا سنوردار بکات.
سەردانەکەی سودانی کە لە سەختترین کاتدا بەووەبرا، هاوکاتە لەگەڵ ئەم گرژیەی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لەلایەک و ئێران لە لایەکی ترەوە، ئەم سەردانە قورسایەیەکی گەورەی خستەسەر ئەرکی سیاسی سودانی کە بتوانێ دامەزراندنی پێوەندیەکی گونجاو و پتەو لەگەڵ هەردوو ئێران و ئەمریکادا جێبەجێ بکات، هەرچەند دەخێ نێوان واشنتۆن و تاران گرژتر بێت، ئەو ئەرکە بۆ سودانی قورستر دەبێت.
سودانی هەوڵدات بتوانێ نوێنەرایەتی ئەو سەقامگیریە ئەمنی و سیاسی و ئابوریە بکات لە عێراقدا، کە ئاراستەیەکە بۆ ئایندەی هێژەمۆنیاتی ناوەڕاست بگشتی و عێراق بتایبەتی لە ئارادایە، کە چەندین ساڵە ناوچەکە بگشتی لەسایەی داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق و دەخالەتی لە ناوچەکەدا، خولقێنەری گەورەترین کارەسات و نەهامەتی و نائارامی و ئاوپێڕی گەژاوی سیاسی بووە، هەروەها ناوچەکە شایەتحاڵی شکستکی وێرانکەر بوو لەگەڵ داعش. پێش ئەوەش قەناغەکانی دەرگیر بۆ شێوی تائیفی و قەومی لە عێراقدا کە دوای داگیرکاری ئەمریکا پێشهات، بەدوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی

٢٠٠٣وە، عێراق چوە ناو دۆرێکی تەواو جیاواز لە بارگرژی و ناسەقامگیری سیاسی بەردەوامدا، بەتام ئەو ئاراستەیەش کە لەگەڵیدا فڕاهەمکردنی ئارامیە بۆ سەرمایەگوزاری لە عێراق و ناوچەکەدا، دەرەنگ یا زوو ناوچەکە دەخاتە دەخێکی تەواو جیاوازو تازەوە.
لەو سەردانەی سودانی بۆ واشنتن، پرسی هەرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل زاڵ بوو بەسەر پرسیارەکاندا، بەتایبەتی کە هەرشەکە بۆ ئاسمانی عێراقدا تێپەڕیوە، لەوشەوە فڕۆکەی بەفڕۆکەوان و مووشەکی ئێرانی لەگەڵگەی عێراقەوە چوونەتە ناو ئیسرائیلەوە، ئەوەی شایانی باسە سودانی لەو بارەوە تەنها هەوێداوە بەهانسەک ئاگرەت و نەکەوتە بەرامبەر ئەمریکا.
مەسەلەیەکی تر، بیرکەی کشانەوەی ئەمریکا بوو لە عێراق، چونکە سودانی بەخەی لەژێر فشاری هێزە عێراقیەکانی نزیک لە ئێراندایە، کە دڵنیانەبوونێکی هێزکانی ئەمریکا بەشەویەکی هەمەلایەنە لە عێراق بکشێنەوە، بەتەمام ئەمریکا هەرگیز دەستەواژەی کشانەوە بەکارنەهێنابێت، بەپێچەوانەی سەربازگەرانتیەک بۆ واشنتن پێکدەهێنابێت، لە بەردەوامی دەخی سەربازیی ئێستای عێراق و سوریادا، کە دوای هەمەتی دژی داعش بەدیهات، سودانی لەسەر کشانەوەی ئەمریکا ئەوەندە قسەی کردوە کە ئەوە تەنها داوای چەند لایەنێکە.
ئەوەی شایانی باسە، ئامانجی سەردانەکە، بەپێی بەیاننامەکەی سودانی، ئەوە نیشان ئەدات کە پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکا بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ کە بریتیە لە چالاککردنی بگەکانی هەکەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی کە هاوتەریب بن لەگەڵ بەرنامەی حکومەتی عێراقدا، کە تیشک دەخاتە سەر چاکسازیە ئابووری و دارایەکان، هەروەها لەسەر هاوبەشی بەرهەمدار لەگەڵ وەاتە جیاوازەکانی جیهان بۆ سەرمایەگوزاری، لەهەمانکاتدا دەستبەرکردنی دەخێک، مانا بۆ ئاسایش و پاراستنی حکومەتی عێراق بدات.
ئەوەی ئەمە دەیبینین پەیوەندیەکانی لە نێوان عێراق و ئەمریکادا سودانی دەیەوێت، چاوپێشی لە هاوبەردوو بکات، لەسەر بنەمای پەیوەندیە ئابوریە ئاستوخەکان و دەرفەتی وەبەرهێنانی بەرهەمدار بگونجێنێت، دامەزراندنی پەیوەندی بانکی تەکەمە لەنێوان هەردوو وەاتدا کە یارمەتیان دەدات تادەخی چەرخاندنی سەرمایەگوزاری زیاتر فڕاهەم بکات.
هەنگە ئەم سەردانە سەختترین سەردانی سودانی بێت بۆ کەشکی سپی، لە هەلومەرجێکی دژوارداید کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت و واشنتنی سەرقاڵ کردووە، دیارترینیان شەڕی غەززە و گرژیی نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و ئیسرائیلە لەلایەکی ترەوە، بەتایبەت کە کەسانێک هەن لە واشنتن جەخت لەسەر پێناسەی حکومەتی سودانی

دەکەن، حکومەتەکە کە لایەن کوتلە چەکدارەکانی ئێرانەوە پشتگیری دەکرێت، بە ئاماژەدان بە سروشتی پێکهێنانی حکومەتەکە کە لەدایکبوونێکی سەختی هەبووە دوای کارکردنی زیاتر لە ساڵێک، بەهۆی ناکۆکی سیاسی شیعە و شیعە، هێزەکانی لایەنە سیاسیەکانی دیکەو، لەهەمانکاتدا کێشەکانی بەغداو هەولێر ڕووبەڕووی بووەوە.

سەرۆکی هەن کە واشنتۆن لەم سەردانەی سودانیدا گرنگی پێداوە، کە لە بەیاننامەی بانگهێشتکردنی کێشکی سپی بە حکومەتی عێراق ئاماژەی پێکراوە، یەکەمیان دەسپێکخستنەوەی پەیوەندی عێراق لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، واتە ئەمریکی و بوونی هێزە سەربازیەکەی لە عێراق. دووەمیان ئەو دەسپێکەی پەیوەستە بەو چاکسازیە دارایانەی کە حکومەتی سودانی جێبەجێی دەکات، بەوپێیەی واشنتۆن دەیەوێت جموجۆڵی دۆلار کۆنترۆڵ بکات، چونکە واشنتۆن پێیوایە عێراق کاری پێویست ناکات بۆ ڕاگرتنی قاچاخی دۆلار بۆ ئێران، هێزەکان سپێکردنەوەی پارە ، جگە لە هاوکاری دارایی تیرۆر، بۆ ئاماژەدان بەو سامانەی کە لایەن کوتلە چەکدارەکانەوە لە عێراق کۆکراوەتەوە. دەسپێکی سێیەمیان تایبەتە بە سەربەخۆیی عێراق لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا، بەتایبەتی پرسی هاوردەکردنی گاز لە ئێرانەوە بۆ بەرهەمهێنانی ووزە یان هاوردەکردنی کارەبا لە ئێرانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سزاکانی واشنتۆن بەسەر تاراندا.

سەبارەت بە دەسپێکی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە پێشینەی کارەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" دایە، هەربۆیە حکومەتی عێراق ئەم دەسپێکە ڕادەگرن و سودانیش ناتوانێ قسەی یەکلاییکەرەوەی لەسەر ئەم بابەتە هەبێت.

مەلەفی ئەو سزایانەی کە بەسەر بانکە ئێهلیەکانی عێراقدا سەپێندراوە بەهۆی تێوەگلانیان لە دەسکانی قاچاخی دۆلار بۆ ئێران، لانەو ئەو دەسپێانەی کە لە سەردانەکەشدا باسیان لێوەکراوە، دەسەی دارایی و ئێوانەی پەیوەستە بە بەیارەکانی گەنجینەی ئەمریکا و کاریگەری بانکەکانی عێراق و قەرزەکانی عێراق دەگرێتەوە.

پێش ئەو سەردانەی سودانی، چوار ئێندامی ئێنجومەنی پیرانی ئەمریکا نامەیەکیان ئاراستەی بایدن کردوە داوایان لە بایدن کرد کە دەسپێ سەختەکان لەگەڵ سودانی تاوتوێ بکات، لانەوانیاندا پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر، کە بە یاسادانەران لە واشنتۆن دەسپێکی گرنگە، ئەم بابەتە زەرجار باسی لێوەکرا لەو نامەیەی کە یاسادانەران بە بایدنیان ناردبوو، هەبەتە سودانی نەیدەویست بچێتە واشنتۆن تا لەگەڵ بەرپرسانی کوردەوەی ڕێکخست و لایەکیشی لە کێشەی

مووچەکردەوە، باییزی ئەمریکاش پاپشتی بە کەبونەوەی نەوان سودانی و بارزانی کرد، بۆیە سودانی سەرکەوتوانە توانی لەو سەردانەدا ئەو دەسیە تێپەرێنێت
واتە ئەو ئومێدو چاوەوانیەی حزبە دەسەاتدارەکانی هەرێم هەیانە، لەم سەردانەی سودانیدا، بەکەو ئاوەک لە ئایندەیەکی تر بە حکومەتی هەرێم بدرێتەوە، مایەپوچ مایەوە. ئاشکرایە کە هەر لەسەرتاوە ئەوە بە ئەمریکاو هەرلایەنەکی تری دەخیل لە دەخی سیاسی عێراقدا پێشبینی لێدەکرێت، جگە لە جێختکردن لەسەر یەکپارچەیی عێراق و دامەزراندنەوەو جێگیرکردنی ناوەندبونەوەی عێراق، نەخشەو بەرنامەیەکی تر بە پەیوەندی بەغداو هەولێر لە ئارادانیە، هەر بەو مانایەش خێرادەستکردنی حزبە کوردیەکان بە چارەنوسەک کە زیاتر بە حکومەتی بەغداوە دەیانبەستێتەوە وەگایەکی تریان نیە.

ئاودەستەکی کراوە.. شیعری سمکۆ ئەحمەد وەشید

بۆن دە..
بۆنی مرۆڤ،
زەوی بەگۆنی کردووە
لە قاچاخچیەک دەگەم
بمگەیەنێتە دەروەی زەوی
**
لە هەر پارکەک،
لە سەنتەری هەر کەانەک،
لەناو جەرگەی شەقامەکی پڕ ژاوەژاو،
لە دەروازەی باخچەی پاشا
لەناو هەلی سینەماکان
لە کافەکان، ژوانگەکان
لە پەتووکخانە گشتیەکان
لەبەر دەرگای مالی سوتان
لە کەو و کەبوونەوەکان
لەهەر شوێنێک هەنگاوەکانت شەژان

دەتوانیت بیکەیت
هەموو قولانجەکی زەوی
ئاودەستەکی کراوەیە
•

گرێتا تونبێرگ چالاکوانێکی جیهانی کێشوەوا.. رێزا شوان

ئاگەر بە وردی مێژوو بخوێنینەوە، ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەموو گۆڕانکاریێکی گەورەکان و هەموو بزووتنەوە گەورەکان، هەمیشە لە سایەی خەبات و تێکۆشان و سووربوون و سەرگەرمی و سەرکێشی و سەرسەختی لاوانی خوێن گەرم و گۆشبین و متمانەبەخۆ و ئیرادە پۆڵایین و پشتنگدا هاتوونەتەدی.
گرێتا ئێلیانەر ئەرمان تونبێرگ. ناسراویشە بە (گرێتا تاتان ئێلیانەر ئەرمان تونبێرگ) چالاکوانێکی کێشوەوای سویدی و جیهانییە و لە هەموو جیهاندا ناسراوە.
گرێتا تونبێرگ لە ڕێژی (٣/ یانوار/ ٢٠٠٣) لە (ستۆکهۆڵم) ی پایتەختی سوید لەدایک بووە. کچێگۆڕەی دایک و باوکێتی. دایکی (مالینا ئەرمان) گۆرانیبێژێکی ئۆپیرا بوو. باوکیشی (سفانتە تونبێرگ) ئەکتەرێکی ناوداری ئەمریکی بوو. باپیرەشی (ئۆلۆف تونبێرگ) ئەکتەر و دەرهێنەر بوو. گرێتا دەڵێت:"لە سەرەتادا من کچێکی شەرمن و بێدەنگ و کەمدوو بووم. دوایی گۆڕام و بووم بە چالاکوانێکی کێشوەوا".
گرێتا تونبێرگ، ئەو هەرزەکارە سوێدییە قسە نەرم و نیانە، زەر زوو خونچەی پشکووت. بوو بە یەکێک لە ویژدانی جیهانی و بە یەکێک لە چالاکوانە دیاریێکانی گۆڕانی کێشوەوا لە جیهاندا. بوو بە سەرکردە و بە پێشڕەوی بزووتنەوەیێکی جەماوەریی جیهانی بە بەرنگاربوونەوەی کێشەی کێشوەوا. بوو بە چالاکوانێکی سەرسەختی ژینگەیی. گرێتا لە تەمەنی (٨) ساڵیدا، لە

(دەسەمبەری/ ۲۰۱۸) دا، بە یەکەمجار گوڵی لە وتارێک بوو دەربارەی کەشوهەوا. بەڵام لەوە تێنەگەیشت، کە بۆچی کار بە زیاتر لەو بارەوە نەکراوە. پرسی کەشوهەوا، خەیاڵی سەرقاڵ کرد. لە ماوەی چەند ساڵێکدا، خووکانی خەڵکین و بوو بە ڤیگن (رووکخەر)، ڕاتیشی کردوە کە گۆشت بخوات و بە فڕۆکە گەشت بکات. چونکە پێیوایە کە (ئاژاوە و فرۆکە بڕێکی زۆر لەو گازانە دەردەکەن کە بڕشدارن و هەکارێکن لە پیسبوونی کەشوهەوای جیهان و زیادبوونی ڕژەی گازی کاربۆن).
گرێتا تونبێرگ لە تەمەنی (١١) ساڵیدا تووشی خەمۆکی بوو. وازی لە قسەکردن هێنا. دوایش تووشی نەخۆشی (ئاسپێرگەر) بوو کە لە ئێستادا بە (ئۆتیزم) دادەنرێت، تووشی دڵەڕاوکێ بوو. بەڵام لەگەڵ زیرەکی ئاسایی و گەشەکردنی زماندا، ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی ئاسپێرگەریان هەیە، مەیلی ئەوەیان هەیە، کە بە قووڵی سەرنجیان لەسەر یەک بیرکردنەوە و یەک گرنگیدان بدەن. بابەتی گرێتا تونبێرگ گەلانی کەشوهەوا یە.
کە لە ئەمەداوە بووە بە کێشەیەکی سەرەکی جیهان. ترسی ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبێت. بۆیە ساڵانە کۆنگرێیەکی گشتی بە ئامادەبوونی بڕێکی زۆری سەرکردەکانی جیهان بەڕێوەدەچێت، سەبارەت بە گەلانی کەشوهەوا و چارەسەرکردنی، چەندین باس و لێکۆڵینەوە تاوتوێ دەکرێن.
گرێتا، لە (ئەیلولی/ ۲۰۱۸) دا، سێ هەفتە لەپێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سوید، نەچوو بە قوتابخانە، بە ئەوەی لە دەرەوە، لەبەردەم پەرلەمانی وەاتکەیدا دابنیشێت و مانبگرێت. تابلۆیەکی سپی بە دەستەوە گرت، کە بە زمانی سویدی لەسەری نووسرابوو (مانگرتنی قوتابخانە بە کەشوهەوا) هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژی مانگرتنەکەی بە تەنیا خەڵکی بوو. بەڵام لە ڕۆژانی دواتر خەڵکێکی زیاتر و زیاتر چوونە پاڵی. چیرۆکی مانگرتنەکەی، سەرنجی نەودەوەتی راکێشا.
لە دوای هەڵبژاردنەکان، گرێتا تونبێرگ گەڕایەوە بە قوتابخانە. بەڵام درێژەی بەوەدا، کە ڕۆژانی هەینی ناچوو بە قوتابخانە. گرێتا لە ساڵی (٢٠١٨) دا. لژێر دروشمی (ڕۆژانی هەینی.. بە داهاتوو) لەبەردەم پەرلەمانەدا مانی دەگرت. بە ماوەی (٢٥١) هەفتە درێژەی بە مانگرتن دا. تا ساڵی (٢٠٢٣) کە قەناغی ئامادەیی تەواوکرد و قوتابخانەی نەما، کۆتایی بە مانگرتن هێنا. بەڵام تابلۆکەی دەستی، بۆقەد دیواری کۆشکی بەردەم

پەرلەمانی سویددا هەواسی.
دەستپێشخەرییەکەی گرتا لە مانگرتندا، بووە هۆی وروژاندنی بە هەزاران لە خوێندکار و لاوان لە جیهاندا، بە ناڕەزایی دەربڕین بە گەلانی کۆشوهەوا. لە دواییدا گروپی (هەینی بۆ داهاتوو) ی دامەزراند. ئەم گروپە زۆر بە خێرایی تەشەنەی کرد و سەرانسەری جیهانی گرتەوە و بوو بە بزووتنەوەیەکی کۆشوهەوای جیهانی.
گرتا دەڵێت:"لە ناخمدا هەست بەوە دەکەم، ئەگەر ناڕەزایی دەرنەبڕم، دەمرم". وتیشی:"ئێستا کەسانی زیاترمان هەیە، کە لە بزووتنەوەی کۆشوهەوادا، لە شەڕی کۆشوهەوا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، کەکراونەتەوە".
تونبەرگ، بە ئەوەی کاریگەرییەکی زیاتری هەبێت، هەوێیدا یاسادانەران هان بدات بۆ چارەسەرکردن و بۆ یاساکردنی گەلانکاریی کۆشوهەوا و ژینگەپارێزی.
چالاکییەکانی گرتا تونبەرگ، لە ساڵی (٢٠١٩) دا، ڕەگەی بە هەرزەکاران و لاوان خۆشکرد بۆ خۆپیشاندان لە ڕۆژکدا، کە لە هەموو کۆشوڕکاندا ئەنجامی بدەن. ئەوەبوو لە (١٦٣) دەوڵەتدا خۆپیشاندانی ناڕەزایی بۆ کۆشوهەوا کرا. ئەوە یەکەمجار بوو لە جیهاندا، کە منداڵان و لاوان خۆپیشاندان بکەن و بۆ کۆمەڵ داوای پارستن و چارەسەرکردنی کۆشوهەوا بکەن. لە زەربەی خۆپیشاندانەکانیشدا، وەنەی چالاکوانی کۆشوهەوا (گرتا تونبەرگ) یان بەرزکردبوونەوە.
گرتا وەک هەرزەکارێکی (١٥) ساڵان، بە پەیامێکی تاکەوە دەستی پێکرد. بەناوبانگ بزووتنەوەکەی بوو بە بزووتنەوەیەکی جیهانی و تا ئێستا، لە (٧٥٠٠) شار لە جیهاندا بەاوبووەتەوە.
گرتا تونبەرگ، ئەمساڵی خوێندنی کردووە بە پشوو، لەوانەیە ساڵی داهاتوو، بچێتە زانکۆ و درێژە بە خوێندن بدات. کارەکەی وروژێنەر و ئیلهامبەخش بوو، بۆ بە سەدان هەزار خوێندکار لەسەرانسەری جیهاندا، بۆ بەشداریکردن لە هەینییەکانی خەیاندا بە داهاتوو، کە لەم وڵاتانەدا خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژ بە پیسکردن و بە ژەهراویکردنی کۆشوهەوا بەڕێوەچوون: بەلچیکا، کەنەدا، ئەمریکا، بەریتانیا، فینلەندا، دانیمارک، فەرەنسا، هەندەران، ئەڵمانیا.
(مانگرتنی قوتابخانە بۆ کۆشوهەوا) بووە بە ئایکۆنێکی جیهانی.

گرتا دامەزرێنەر و رابەری بزووتنەوەیەکە، کە بە (ژانی ٢٠١٨) ناسراوە. کاری بە چارەسەرکردنی کێشەی گۆڵانی کەشوهەوا کردووە.
گرتا تونبەرگ، وەک چالاکوانێکی سەرسەختی کەشوهەوا، بووە بە کۆسایەتییەکی ناسراوی جیهانی. چەندین بانگهێشتنامەی وەرگرت، بە قسەکردن لەسەر گۆڵانی کەشوهەوا. لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهان لە (داڤۆس) لە سویسرا و لە پەرلەمانی ئەوروپا، لە کۆنگرەسی ئەمریکا دا بەشداریی کرد و دەربارەی کەشوهەوا قسەی کرد. هەروەها لە دەزگاکانی یاسادانانی کەشوهەوا لە: ئیتالیا و فەرەنسا و ئەمریکادا بەشداربوو و تاری لەسەر کەشوهەوا و ژینگە پێشکەشکرد. لە پاریس و بەرلین و نیویۆرک و چەندین شاری تری جیهان، بەشداری لە خۆپیشاندانکانیان بە گۆڵینی کەشوهەوا کرد و وتاری پێشکەش کردووە. گرتا چالاکوانێکی چاونەترسە و زۆر بە راشکاوی و بوێریەوە، روبەڕووی سەرکەکان بووەوە و رەخنەی لێیان گرت، لێوانێش، دەناڵد ترەمپی سەرکی پێشووی ئەمریکا. وتارکانی گرتا، تەنکی شەرمەزارکردنی دەسەڵاتدارانی لەخۆگرتوون. لە وتارکیدا، لە (٢٣/ سێپتەمبەر/ ٢٠١٩) دا، لەبەردەم لووتکەی سەرکردەکانی جیهاندا لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە (گەرمبوونی جیهان) کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەنتۆنیۆ گوتێرەش) ئامادەبوو، گرتا بە سەرکردەکانی جیهانی وت:" بە قسە پووچەکانتان، ئێوە چۆن وێراتان؟ خەونەکانم و منداڵیمتان دزیوە". وتیشی:"پێتان باشبێت یان باش نەبێت گۆڵانکاری بەڕێوەیە". ئێم هەستانەی لە سەرانسەری جیهاندا دەنگیان داوەتەوە. ئازایەتی و بوێری بە چالاکوانانی گۆڵانی کەشوهەوا بەخشیون. واشییان لە سیاسەتمەداران کردووە کە ئاسوودە نەبن. بە وشە ئاگرینەکانی گەلێک لە سەرکەکانی جیهانی تەزاند. لێوانێش سەرکی پێشووی ئەمریکا دەناڵد ترەمپ. ترامپ دەربارەی گرتا تونبەرگ، وتی:"ئەو لە کچێکی بچووکی زۆر دەخێش دەچێت، بە ئۆپۆڵی چاوەڕوانییەوە، چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش و نایاب دەکات".
گرتا ئاوەشی بە سەرکردەکان وت:"نامەوێت گوێ لە من بگرن، دەمەوێت گوێ لە زاناکان بگرن. دەمەوێت لە پشتی زانستەوە یەکبگرن".
بۆچی گرتا تونبەرگ، گۆڕکان هێراسان دەکات؟ لە راستیدا پێموایە، ڕەنگە هەرزەکاریێ تووندەکەی و قسە لووکانی، کلیلی کاریگەرییەکانی بێت.

گرتا تونبرگ لە (سپتەمبەری/٢٠١٩) دا، لە بەندەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بانگهشتی ئەمریکا کرا. بە یەختەکی بە دەردانی گازی ژەهراوی، لەگەڵ باوکیدا بە ماوەی دوو هەفتە، بە زەریای ئەتڵەسیدا، گەشتیان کرد تا گەیشتە ئەمریکا. لە شاری نیویەرک، لەبەردەم هەزاران کەسی ژینگەدۆست و دژی گەندانی کەشوهەوا، وتارێکی گرنگی سەرنجاکێشی لەسەر کەشوهەوا پێشکەشکرد.
گرتا تونبرگ، چەند جارێک لە لایەن پۆلیسی سویدەوە گیرا و دوایی ئازادیان کرد.
لە ساڵی (٢٠١٩) دا، سێ نوێنەری نەرویج، گرتا تونبرگیان بە وەرگرتنی (خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی) کاندیدیان کرد.
گرتا تونبرگ، تا ئێستا سێ کتێبی دەربارەی کەشوهەوا نووسیوە و چاپیکردوون.
تا ئێستا لە سوید و لە دەرەوەی سوید، چەندین خەڵاتیان پێشکەش کردووە. لەوانەش:
لە ساڵی (٢٠١٩) دا (خەڵاتی نەودەوەتی ئاشتی منداڵان) یان پێبەخشی. هەروەها لە لایەن (ڕێکخراوی لێبووردنی نەودەوەتییەوە) لە واشنتەن (خەڵاتی باڵیزی ویژدان) یان پێبەخشی. لە سوید لە ستۆکهۆڵم خەڵاتی ژینگەیان پێبەخشی. بەنام گرتا تونبرگ، ئەم خەڵاتەی وەرنەگرت و ڕەتیکردەوە. لە پێستکەدا لە ئینستاگرام ڕوونیکردەوە، کە:"بزووتنەوەی کەشوهەوا، پێویستی بە خەڵاتی زیاتر نییە".
لەلایەن گۆڤاری (تایم)ی بەناوبانگەوە. نازناوی باشترین کەسایەتی ساڵی (٢٠١٩)ی بەدەستهێنا. بچووکترین کەسایەتیی ئەو ساڵە بوو، کە ئەم نازناوە بەدەستبهێنێت.
(ئەدوارد فەسنتاڵ) ی سەرنووسەری گۆڤاری تایم، وتی:"ئەو بەتە گەورەترین دەنگ لە گەورەترین پرس کە ئەمساڵ ڕووبەڕووی هەسارەکەمان بەتەوە، ئەو لە هیچەوە هات، بە ئەوەی سەرکردەیی و رابەری بزووتنەوەیەکی جیهانی بکات".
فیلمێکی دیکۆمێنتاریان دەربارەی ژیان و چالاکییەکانی گرتا تونبرگ دەرکردووە.

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
دوبەی:٢٠٢٤

خۆنە بە ئەدرەسەکان.. ستیڤان شمزینی

دنیای من بە تە هەندە ئازە
ژیان خەی تەدا ناناسەتەوە
مردن خەریکی تەفسیرکردنەتی

من دەپەک خەندەی تەم
بە سەر لەوی وشکەەاتووت
من پشکەی داگیرساوی پەکەنینم
بە دیلانەی دەی تەنگت

ژیانم لاشەیەکە لە کفنی مەرگدا
مەرگم بەرگی ژیانی کردەتە بەر
سەیرە لە مردن و ژیاندا
چاوم بەرەو لای تە دەفەت!!

لە ژەر زەمینی ژیانەوە هەناسە دەدەم
لە بەرزایی مردنەوە دەەوانم
بەدەم ژیانەوە مردم
لە باوەشی عەشقدا زیندوو بووموە

هەمیشە نوەژم بە ژیان کردووە
بە کەەانکانی عەشقدا
لە دەست مردن رامکردووە
لە کاتی نوەژ و راکردندا
کەنووشم بە هەتاوە ژنەک بردووە

خۆنی ئاڵی خۆشۆیستیم
بۆ کۆردی مەرگ سەر بەدرا
بۆ سەری بەاوەو
خۆنکی تر بۆ تۆو دەبینم

چاوم
لە تەزی مەنفا پاک دەکەمەوە
نیشتمان لەبەر هەتاو هەڵدەخەم
خەیشم بەسەر تەنافی تۆو
وەک کەترکی غەریب هەڵدەنیشم

چوونکە هەژارم خۆنیش نابینم
دراو چەند ساڵێ
تۆوقی لەگڵ نەکردووم
بۆ هەموو گەدایەوە
دەم بۆتە باخ و
ژنک
هەر ڕۆژی گوڵکی تەدا دەڕوێنە

ڕووباری "راین" لە من دەچێت
پێچوانەی هەموو کەس ڕە دەکەم
خێکیش پێچوانەی من بیردەکەنەوە
من و خێک
لە هیچ کوێ ناگەینە یەکتر
ئێوان
لە گازینەکانی هەوەسبازیی کەوتوون
منیش لە خانەقاکانی عەشق

بۆ هاتنی سەری ساڵکان
خەشحاڵ نیم

ساڵێک لە تەمەنی عەشقمان
کەم دەبێتەوە
ساڵێکیش دەخەینە
ناو عەلاگەی خاشاکەوە
هەموو سەری ساڵێک
کزە لە دەمەوە دێت
بە ئەوانەی بەناو ساڵێکدا تێپەڕیون
بە ئەوەی دەستنوێژی
خۆشویستیان هەڵگرتبێت

ستیڤان شەمزینی

ئەحمەد شەوقی و چیرۆکی شیعر بە منداڵان.. ڕزا شوان

لە کۆن و لە ئێستاشدا، وەاتی میسر لە بواری ئەدەبیاتی منداڵانی عەرەبدا، پێشەنگی وەاتانی عەرەبە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (محەمەد عەلی پاشا:١٧٦٩ــ ١٨٦٩) ز، کە بە (عەزیزی میسر) و بە (دامەزرێنەری میسری نوێ) ناودەبرێت. شایەنی باسیشە محەمەد عەلی پاشا کوردە و خەڵکی شاری ئامەد (دیاربەکر) ە . محەمەد عەلی پاشا لە ساڵی (١٨٠٥ بۆ ١٨٤٨) ز ، فەرمانڕەوای میسر بووە. سەردەمێکی بە سەردەمی زێڕینی میسر ناودەبرێت. میسر لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوت لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، چەند نووسەرێکی باش و بە توانای میسری هەڵکەوتن و کەمێک چیرۆک و شیعریان بۆ منداڵان نووسی. چەند چیرۆکێکیشیان لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە، وەریانگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی. بۆگومان ئەدەبی منداڵانی فەرەنسی و ئینگلیزی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەم نووسەرانە هەبووە. ناسراوترین نووسەرەکانیش: ڕوفاعە تەهتاوی، محەمەد عوسمان جەلال، محەمەدسەعید عوریان، محەمەد هەڵاوی،

محەمەد عەتیە ئەلئەبراشی، عەلی فوکری، ئەحمەد شەوقی، کامیل گەیلانی، عەبدولتەواب یوسف،... چەند نووسەرێکی ناسراوی تر. زۆر بە کورتی باسی (ئەحمەد شەوقی) دەکەین:

(ئەحمەد عەلی ئەحمەد شەوقی: ١٨٦٨ ـــ ١٩٣٢) ز. لە شاری (قاهیرە)ی پایتەختی میسر لەدایکبووە. ئەحمەد شەوقی بە رەچەڵەک کوردە و باوکی خەڵکی شاری سلەمانیە لە باشووری کوردستان. دایکیشی تورکی شەرکەسیە. باوکی لە سوپاکەی محەمەد عەلی پاشادا بووە، کە چووە میسر نەگەڕایەوە و لەوێدا مایەوە. پاپیرەشی چەندین پستی باڵای لە حکوومەتی خدێوی دا هەبووە. کەسایەتییەکی ناسراوبووە. ئەحمەد شەوقی نکووڵی لە ڕەسەنایەتی خۆی ناکات، دان بەوێدا دەنێت کە کوردە باوانی. بەم دێڕە شیعرەی کوردبوونی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

سمعت بأذني من أبي وهو قائل
من الكرد أصلي جئت في العرب ناشئا

واتاکەی بە کوردی:

بە گوێی خۆم گوتم لە باوکم بوو کە وتی
بڕەچەڵەک کوردم هاتم لەناو عەرەبدا پەگەیشتم

داپیرەی ئەحمەد شەوقی، لە کەشکی (خدێوی ئیسماعیل) پلەیەکی باڵای هەبووە. بەو هۆیەوە زۆر دڵەمەند بووە. ئەحمەد شەوقی منداڵیی لەگەڵ داپیرەیدا لە کەشک بەسەربرد. لەسەردەستی داپیرەی پەروەردە بووە.

ئەحمەد شەوقی لە تەمەنی (٤) ساڵیدا، فیری بنەماکانی نووسین و خوێندنەوە بوو.

کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بوو، لەبەر زیرەکی و بلیمەتی لە خەرجییەکانی قوتابخانە بەخشییان. لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، ئامادەیی تەواوکرد. ئارەزووی لە خوێندنی مافەکان هەبوو. بەڵام لەبەر بچووکی تەمەنی، لە بەشی مافەکان لە زانکۆ وەرنەگیرا. هەر لەم تەمەنەدا، دەستی بە شیعر دانان کەرد. مامۆستاکانی سەرسامی شیعرەکانی بوون.

لەبەر بچووکی و بلیمەتی (تەفیق پاشا خدێوی) لە ساڵی (١٨٨٧) لەسەر ئەرکی حکوومەت، بۆ خوێندنی یاسا، ناردی بۆ فەرەنسا. بە پلەی نایاب بەوانامەی بەکالوریۆسی لە فەرەنسا بەدەستهێنا. ئەو کاتەی کە خوێندکار بوو لە (پاریس) لە فەرەنسا، ئاشنای ئەدەبی فەرەنسی بوو. بە تایبەتیش سەرسامی چیرەکشیعرییەکانی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی

(لافەنتین) بوو، کە منداڵانی هەنیونەتەوە.
شەوقی لە ساڵی (١٨٩١) گەڕایەوە بۆ میسر. چەند پایەکی ڕەشنبیریی هەبوو.
شیعر و شانۆ هەمیشە کانی ئەحمەد شەوقی زور بەرزن. لە هەموو وڵاتانی عەرەبدا ناوبانگیان دەرکرد. لە ساڵی (١٩٢٧) لە ئاهەنگێکی مەزندا، بە بەشداری شاعیرانێکی زۆری عەرەب، هەموویان هاواڵبوون کە نازناوی (أمیر الشعراء) واتا (میری شاعیران) بە ئەحمەد شەوقی ببەخشن. تا ئێستا ئەو نازناوە تایبەتە بە ئەحمەد شەوقی یەوە.
چیرۆکشیعرییەکانی (لافەنتین) بۆ منداڵان، کاریگەریان زۆریان لەسەر شەوقی هەبوو. هەر لەسەر بیر و شەوازی چیرۆکانی لافەنتین، ئەحمەد شەوقی، کۆمەڵێک چیرۆکشیعر و سروود و گۆرانی، بۆ زمانی عەرەبی بۆ منداڵانی عەرەب نووسیوە. ئەو چیرۆکشیعر و گۆرانییانەی ئەحمەد شەوقی تا ئەمڕۆش بایەخیان کاڵنەبوونەتەوە و منداڵان و چێژ و خۆشییان لێوەردەگرن.
ئەحمەد شەوقی نایشارێتەوە، لە پێشکی دیوانەکەی (دیوانی شەوقیات) دا، دەڵێت: "لەسەر شەوازی لافەنتین، بیری خۆم لە نووسینی چیرۆکشیعرکانمدا تاقیکردەتەوە. هەرکە دوو یا سێ چیرۆکشیعرم دانووسی، دەچووم بە کۆمەڵێکی میسری دەیانمخوێندەوە. یەکسەر لێیان تێدەگەیشتن و پێیان خۆش بوو. زۆربەیان دەیهێنانە پێکەنین. ئەمەش مژدەیەکی باش بوو بە من" لەو کاتەوە (ئەحمەد شەوقی بە پێشەنگی ئەدەبی منداڵانی عەرەب ناوبراوە. ئەحمەد شەوقی، چیرۆکە شیعرکانی بۆ منداڵان بە زمانی ئاژەڵ و باڵندەوە نووسیون. لە هەندێکیشیاندا ڕەخنەی مرۆڤیشیان تێدایە. ئەگەرچی فەرمی چیرۆکانی لە شێوەی نوکتە و پێکەنیندان. بەڵام لە ناوەڕۆک و مەبەستدا، ڕەخنە و تانە و توانج و پلارن.
ئەحمەد شەوقی، لە دیوانێکیدا، بەشێکی تایبەتی بە منداڵان تەرخان کردووە ، بە ناوی (دیوانی منداڵان) کە زیاتر لە (٥٥) چیرۆکشیعر و (٢٠) سروود و گۆرانیی بۆ منداڵان لەخۆگرتووە. ئەمانە ناوی هەندە لە چیرۆکشیعر و هەنراوەکانی شەوقین بۆ منداڵان (ڕووی و کۆشک، ڕاوکەر و چۆلەکە، عەلەشیش، مریشکی خەماڵی، پشیلەکەم، شێر و بەق، ڕوویی ناو بەلەمەکە، نیشتمان، دایکم ، نانکم، کشتی وئاژەڵکان، قوتابخانە، بزێی بە ئاژەڵ، کۆتر، خۆشەویستیی نیشتمان،… هتد). ئەحمەد شەوقی، چیرۆکشیعری (ڕووی و کۆشک)ی لە

لافەنتین ەو وەرگرتووە. بە دووری نازانم کە (لافەنتین) یش، ئەم چیرۆکشیعرەی، لە کورتە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (ئەزەپ)ی یونانییەوە وەریگرتووبێت.

شاعیر و بیرمەندی گەورەی کوردیشمان (پیرەمەرد) ی نەمر، ئەم چیرۆکشیعرەی وەرگێڕاوە بە سەر زمانی کوردی. بەڵام بە زمانێکی کوردیی ئاوەندە ناسک و ئاسان و ڕەوان و بڕەژ و شیرین بە منداڵانی کوردمانی هەنیوەتەوە. زۆر لە دەقەکانی ئەحمەد شەوقی و لافەنتین جوانتر و شیرینتر و ئاسانتر. من لە ساڵی (١٩٥٦) کە منداڵ بووم لە (قوتابخانەی سەرەتایی شەرجە) بووم لە شاری کەرکوک، ئەم چیرۆکشیعرەم لە دەمی قوتابییەکی کوردی لەخەم گەورەتر لەبەرم کرد، تا ئێستاش لەبیرم نەچەتەوە. ئەمەش دەقی چیرۆکشیعرەکەی پیرەمەردە (ڕەوی و کەشکەر)ە:

ڕۆژە مام ڕەوی دەهات
دەم بە ویرد و سەڵەوات

* *
دوایی دەیوت بە ئاواز
لەعنەتی خوا لە فەلەباز
* *
دنیا هەندەی پە ناوە
هەژارە بخەیتە داوە
* *
عومرەکە دەت و دەوا
وا چاکە روو بکەینە خوا
* *
ئاخ ڕۆژە بەیانی زوو
گوم لە دەنگی بانگ دەبوو
* *
خەزگە بە کەشکەرە
بەیانیان بانگ بدەرە
* *
ناردی بە لای کەشکەر
دانی بە دەژنم تەر
* *

ئەو بە بانگم بە بدا
من دەبمە پیاوی خودا
* *
کەشکەر بە راسپێری
وتی بەم فەقێ فێری
* *
بەنام باب و باپیرمان
ئاوای خستۆتە بیرمان
* *
ڕۆی بە فەقێ ناوستە
مەگەر تەقێ پێی بستە

لەم چیرۆکەشیعرەدا، ڕۆی هەمایە بە مرۆڤی فێڵباز و خۆتێنەر، کە دیاردەت لە ژێر پەردەی ئاین و بە ڕواڵەت پیاوچک و بە زمان لووسی، کەسانی دڕپاک و خۆشباوەڕ بخەڵەتێنێ و تەفریان بدات. بەنام ئەو کەسانە ناسراون و ناوزاون، خەڵکی شارەزای فێڵ و پیلان و نیاز خراپییان بوونە، چیتر بڕوا بە قسەکانیان ناکەن و ناکەونە داویانەوە. پەیامی ئەم چیرۆکەشیعرەش ئەوەیە: کە منداڵان لە داهاتوودا، ئەوە دەزانن کە دنیا، پڕە لە ڕۆی فێڵباز. واتە لە کەسانی فێڵباز و درۆزن و بەدکار.
ئەحمەد شەوقی ، شاعیریکی نیشتمانی بوو، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ناکۆک دەبێت. لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، لە ساڵی (١٩١٤) دا، لە میسر دووری دەخرێنەوە و دەینێرن بە شاری (بەرشلۆنە) ی (ئیسپانیا). بەنام دووری زیاتر هەست و سۆزی نیشتمان پەروەریی دەخروشێنیت. تا لە ساڵی (١٩٢٠) دا، دەیگەڕێننەوە بە میسر.
ئەحمەد شەوقی مامۆستایانی خۆشدەویست. لە ستایشی و ڕۆزی (مامۆستا) دا دەڵێت:
قم للمعلم وفه التبجيلا
كاد المعلم أن يكون رسولا
واتاکەی بە کوردی:
هەستە بە مامۆستا شکۆداریە
وەختبوو مامۆستا ببێت بە پەیامبەر

کەشاعیر ئەحمەد شەوقی، لە (١٤/١٠ / ١٩٣٢) لە قاهیرەدا کۆچی دوایی کرد.

وەکو رۆزلەنانێک بۆ پایەبەرزی ئەحمەد شەوقی، لەسەر بەیاری حکوومەتی ئیتالیا،
لە ساڵی (١٩٦٢) دا، لە بەناوبانگترین باخچەی ڕەمای پایتەختدا (فیلابەرگیزی) پەیکەرێکی شیاوی ئەحمەد شەوقیان داناوە.
ماڵکەشی لە قاهیرەدا، کراوە بۆ مۆزەخانە (مۆزەخانەی ئەحمەد شەوقی) کە زیاتر لە (٧٥٠) دەسنووس و ڕەشنووسی خۆی تێدایە. لەگەڵ هەموو کتێبەکانی و وێنە و تابلۆکانی. ئەو خەڵات و مەدالیانەی پێشکەشیان کردووە. بەوانامە ڕۆزلەنراوەکانی.

ڕۆزا شوان
دوبەی: ٢٠٢٤

لەو دیو خەتەوە.. نەوزاد بەندی

کێشەکە لەوەدایە ، بە ئاگاداریی خۆمان ، یەکێتی کەنتۆنە ئەکەین ..
بە نمونە لە کۆمانەکا ، ماڵەک خانووەکەی ئەوخەنە و ..بە دیزاینی نوێ خانوویەک دروست ئەکات .. ئەمە وا لە هەموو ماڵەکانی کۆمانەکە ئەکا بکەونە ژێر کەنتۆنەی ئەو ماڵەوە و ..پرسیارکیان لە لا دروست بێ : (بۆچی ئەمەیش وەکو ئەو نەکەین ؟) ..
تە دەچیتە پشانگای کتێب ، ناچاریت لە ژێر کونتۆنەی ئەوانەی چواردەورتا ، هەستیت کتێب بکڕیت یان بە لایەنی کەمەوە وەک نووسەر یان خوێنەر هەس و کەوت بکڕیت ، قەت بینیوتە کەسێک لە پشانگای کتێبا بنەنێ ، یان جنێو بدات یان ڕا بکات ؟ لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرینەیان نە نووسەرن و نە خوێنەر ..
ئەم کەنتۆنەکردنە ناڕاستەوخۆیە ، لە کەنتۆنەکردنی ڕاستەوخۆ ، کە کەسێک بە هەز یان قسە دەتە سەر هەڵی ژیانت ، ئازار بەخشترە ..چونکە کونتۆنەی ناڕاستەوخۆ ناچارت ئەکات خەت بگۆڕی بە کەسانێک کە کونتۆنت بکەن .. ێکلام یەکێکە لەو هەزە ناڕاستەوخۆیەی بەردەوام وا دەکات مرۆڤەکان وەک خەیان نەژین و ..پێنیان ئەکات و ..پلە و پایە و کاڕاکانیان بە سەردا دابەش ئەکا ، ئەمەیە بە مگەلکردنی یان بە سەربازگاکردنی کەمگا ، کە بە ئاگای خەت بووێتە سەربازی بیر وباوەڕ و کایەیک کە ڕەنگە خەت وەک خەت

ساڵەهای ساڵ دژی بوو بیت .. شەڕ و ئاشتبوونەوە و ڕاق و خۆشەویستی و هەموو ڕووداوەکان ، کەنتەڕکاری دوور و نزیکن و ..یاری بە مرۆڤەکان ئەکەن ..
ئاوەی ئازار بەخشێ ، زەرینەی ژیانمان (بە ئاگا و بە بێ ئاگاداریی خۆمان) وەک ئاوەی خۆمان ئەمانەوێ ، ناژین ..بەڵکو وەک ئاوەی ئەوانەی چواردەورمان ئەیانەوێ ئەژین ..
ئەمە پەی ئاووتڕە فەلسەفەی مەگەل ..
تەماشا ئەکەی زەرینەی سەر خوانەکە ، برسییان نییە و .. لە ژێر کاریگەریی ئاوانی تردا ، دادنیشن و خواردن ئاخەن ..زەرینە حەزیان لە سەیران و سەفەر و میواندارییە نییە ، بەڵام بە هەی کەنتەڕی ئاوانی ترەوە ، بڕشدارن ..
زەرینە کەیلە نین ، بەڵام کاتێ سیستەمی کەیلەکردن دەبێتە فەرمانڕەوا ، هەمووان وەک یاسایەک پەیڕەوی لە دەکەن و ..مافەکان و داهاتوو و هەموو ژیانیانی تەدا خەسار ئەکەن..
تەماشای ئاوانە بکە کە هەڵئەپەڕن ، زەرینەیان خەمبارن ، چونکە خواستی خۆیان نییە و لە ژێر کەنتەڕدان ..
وای لە دەست ، مرۆڤەکان هەمووێان لە یەکتر بچن ، لە تاوەڕ گشتیەکاندا هیچ جیاوازییەک نەبێ ، ئەمەیش وا دەکات بەڕەوبردنی کەمپەگایەکی سەد ملیۆن کەسیی وەک بەڕەوبردنی یەک کەس وابێ ، تەنانەت ئاسانتریش بێ ، چونکە تە بتاوە کەسەک کەنتەڕ بکەیت ، کاردانەوەی ئەبێ ، بەڵام کاتێ بتاوە سەد ملیۆن کەس کەنتەڕ بکەی ، هەمووان بەکاردانەوە ئەبن ، یان ڕاستەر هەر یەکەی چاوەڕی کاردانەوەی ئاوانی تر ئەکات و ئەڵێ بەچی من ببم بە سووری بەرلەشکر !؟ .. لە کاتێیدا دەخەکە بە بە کاردانەوە تەدەپەڕێ ، ئاوەیش کارەساتە گەورەکەیە کە تێیدا تەنانەت نیشتمانی تەدا دەفرۆشرێ بە بێ کاردانەوەی هاونیشتمانیان .
تەنانەت خەزانەکان ، زەرینەیان بێ خواستی خۆیان دروست نەکراون ، لە ژێر پاڵپەستەی کەمپەگادا و بە بیستنی هەندێ زەنگی ترسناک وەک زەنگی تەنیایی و بەجێهێشتنی شەمەندەرەکە و قیرە بوون و پڕاوزکەوتن و ئەم جارە دروشمە کەنتەڕکارانەدا دروست بوون ..
هەنگێ ئینسان لە هەموو تەمەنێدا ، یەک جاریش بێ خواستی خۆی نەژیابێ ، تەکەای هەژەکانی ..تەکەای بژاردەکانی ، هی خۆی نین ..ئیتر ئەم دەخەیان لە سەدا سەد کەنتەڕکراوە یان کەمتر ..گرنگ ئاوەیە خەڵکانێک بەردەوام لەناوەندی بیاردانیدان و ..ئەیکەن بە کەسکی تر و .. وای لە دەکەن وەک خۆی نەژی ..
ئەم دەخە ، گەیشتە ئاوەی فیلەسوفکی وەک جان پۆڵ سارتەر بڵێت

: مردنی باوکم زۆر باش بوو بۆم ..
یان سامۆئێل پیکێت ساڵەهای ساڵ قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکات و ..توشی نامۆبوون بێت کە پاشان بە شێت یان چەپێنراو یان ئاژیزی دەروونی پێناسێ کرا ..لە کاتێکدا تەنانەت تەنیایییش لەو کەنتۆکاریییە ئزگارت ناکا و .. دوور بە دوور ، کەنتۆی وەهمی دێت و نەخشکانت بە ئاگڕن ، یان بە لایەنی کەمەوە هەستی ئاوێت لەلا دروست ئەکەن کە تە کەسێکی باش نیت و کەمەگا و داب و نەریتت بە لاوە ناوە .. وەک بیریارێک ئاڕاستە تەنانەت دوورکەوتنەوە لە سیاسەتیش ، جارێکە لە سیاسەت ..!

سێ شیعری شەماڵ بارەوانی

باوەشێک عەبەس

عیشق مانی خەیانی شیعری لە نزیکی پێکردم

جگە لە هەنانی جانتایەک گریان و دروستکردنی قەفەسێک بە ڕەحم، هیچیتری بە نەکردم

عیشق باوەشێک عەبەسی بە هەنام و
ژەدەری جگەڵەی خشبەختی وشککردم

عیشق وەرزێکی تر پاییزی بە هەنام و
هەرچی هەمبوو لە خون و خولیا،
هەمووی لە ونکردم

عیشق ئاگر بە پارچە پارچەبوون و فڕی سترانی فیراق و هاوەڵتی تەنیایی کردم

جا عیشق چی لێنەکردم
خەڵکی تەنها جارێک دەمرێت
من بەهەی عیشقەوە ڕۆژی سەد جار دەمردم

.....

سەربوردەی وەهم

ئازیزەکەم،
ئەمە نەسەبمان دەچێتەوە سەر دیباجەی هەرزەگومانێک و
لە منداڵدانی دەهریبووندەوە هاتووین

ئەمە لە نەوەی تیرەگوناحێکی سەرسەرین و
تا بینەقاقامان نغرەی پارادەکس بووین

وەرە با لە پەراوێزی حەکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە چیرۆک بدەینە
دەم چیرۆکەوە، بەکو مەرگی شەهرەزادێکی تر دوا بخەین و
تووڕەیی نەرە شازادەیەک هەوربکەینەوە

لەشەوەی سیزیف گیرمان خواردووە لە نێوان سەوزەی خوداوەند و
تاتەبەردێکی مەزهەب

بەمیان لە بەهەشت دەرکراین و
بەویان دەماننێرنەوە هەمان شوێن!

دەبێ چەند میقاتی تری بوەت تا بە خودای بسەلمێنین کە ئەمە
پاکیزەین

ئەستاش هەر دەمم چی دەبوو گەر خودا لە بری پەراسووی پیاو، لە
میهرەبانی خەی دروستی کردباین؟

دەی با بگەڕێینەوە
بە دەروەی فەهرەستی مەژوو و
دامێنی یەکەم نوتفەی زەمەن

بەینەوە سەر سنوورەکانی مەنفا و
لە ئاستانەی خورافەدا خەمان فەنا فەنابکەین

بەینەوە بە تخووبەکانی دەزەخ و دووبارە بە سەوزەکی تری نەفرەتی
خوداوەند تاقی بکەینەوە

ئەرە چیتر بە ئەمە دەست نادات
پەبووە لە چەمکی گوناه و
لە سەربوردەی وەهم
گاکان هەموویان دەنەوە ماڵی سمە

پە بە میزاجی نەرەک

بەدەنگ بن ژنەک قسەدەکات
بە ئاسپەتینەکانی هەوەس بەتن جەستەی من مەنالیزایەکی ئەزدانییە،
نەک کەنگەی خەخاییکردنەوە

لەبیرم دەت من حەسرەتەکانی ژنم دەنووسییەوە،
ئەوان وشەکانیان دەخنکاندم

لەبیرم دەت دەیانگوت ئافرەت لە عەورەتەوە هاتووە و مە زیندەی
دەزەخ پەکدەنن!

لەرە هەشتا هەموان دەتەن دووکەەت کچەک، ئینجا دەکات بە نەرەک!

بەرلەوەی بەم بەئەرە، گومم لە قیەقیەی منارەی مەعبەدەک بوو بە
دیار تەرمی ەەمانەکی نەوال سەعداوی و خەمەهەکەووزاوەکانی
ژنەکەوە قاقای دەکەشا

دونی نەرەنەریتەک و ەەشبایەکی زەر کەن بە گفەگفەکی جاسکەر
هەەشەی زمانی بەینیان لەکردم

من لە عادەتی ژنبوونمەوە لەنگەرم گرتووە و
هەرگیز ناەەمەوە سەر نەسەبی هیچ ەەنگەکی پیاوانە

لەناگەەم کارمامزی خولیاکانم لەناوقەرباغی لوورلووری هیچ
بیابانەک ئاوبکرەن و لەژەر پەستانی پاتریارکیدا شووشەی خەونەکانم
خوەیان بەت

بەچی دەبە پە بە میزاجی نەرەک قەفەس بە حەزەکانم بدوورن

بەچی پیاو ئیعرابی ەستەی ژنبووون بکات و وەزن و قافیە
بەمدەەکانم دابنەت
خودایە، من لەو موعادەلەیە هەرتەنگەیشتم!

لە هەمووی سەیرتر!
شەو پارچەمەزهەبەکی مەزربەسەری هەزار و چوارسەتسال بەرلە ئەستام
لەژەر سەرینەکەی باوکم دوزییەوە،
تێیدا نووسرابوو: ژن لە حزووری پیاودا نابەت بە دەنگی
بەرزپەبکەنەت. بەچی دەبە پە بە میزاجی نەرەک قەفەس بە حەزەکانم
بدوورن

بەچی پیاو ئیعرابی ەستەی ژنبووون بکات و وەزن و قافیە

بەمدەکانم دابنێت
خودایە، من لەو موعادەلەیە هەرتێناگەیشتم!

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (فەرەنسای برسی).. د. شۆنم یەحیا

بنتیکت بۆنزی، دکتۆرای لە بواری ئەنتڕۆپۆلۆژیایی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە،لە ساڵی 2023دا کتێبێکی (SEUIL) بڵاوکردۆتەوە بەناوی (فەرەنسای برسی) لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی (448 لاپەڕە لەخۆ دەگرێت.

بیرۆکەی ئەم کارەی (بۆنزی) سەرەتا لەوە سەرچاوەی گرت، کە هەموو ڕۆژێ لەناو شاردا تووشی کەسانێك دەبین، کە لەسەر زەوی دانیشتووە وتابلۆیەکی زۆر سادەی هەڵگرتووە و لەسەری نوسراوە(برسیم). .
خواست لەسەر یارمەتی خۆراک لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا سێ هێندێ زیادی کردووە. ئەستەمە زانیاری وردی هەبێت لەسەر ژمارەی وردی سودمەندان، بە تایبەتی بەهۆی تەمارکردنی دوو هێندێ – بانکە خۆراکییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا پێشوازییان لە ٢.٤ ملیۆن کەس کردووە بە بڕاورد بە ٨٢٠ هەزار کەس لە ساڵی ٢٠١١. شتێک دڵنیایە، نە ملیۆن کەس لە ژێر هەڕەشەی هەژاریدا.
ئەم کتێبە باسی گوزەرانی ڕۆژانەی چەندان کەس دەکات، کە نقومبوونە لە وەرگرتنی کۆمەکی خۆراکی بەتایبەتی لە ڕێکخراوی (ریستۆ دوکۆر) کۆمۆنیکی قازانج نەویستۆ بۆپێی یاسای ساڵی ١٩٠١ وەک سوودی گشتی ناسراوە، لە فەرەنسا لەلایەن نوکتەچی و ئۆکتەر میشێل کۆلۆچی (ناسراو بە کۆلۆش) لە ساڵی ١٩٨٥ دروستکراوە.
ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا لە کاتی قەیرانی ساڵی هەشتاکان بەشێوەیەکی کاتی دامەزرا. بە کۆمەك کردنی هەژاران و وەامدانەوەی هەموو لەناکاوییەکان ، بەڵام لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئەم کۆمەڵەیە ئەمڕۆ بۆتە دامەزراوەیەکی یەکجار گەورە کە بە دەیان ملیۆن کەس لە فەرەنسا پشتی پێ دەبەستن، بۆ دابینکردنی خۆراکیان، ئامانجی ئەم

دامەزراوەیەش بە شێوەیەکی کۆنکرێتی بەرنگاری هەموو ئەم سیستەمە خراکیانە دەبێتەوە کە خراك بە شکۆوە بێ تاك دەستەبەر ناکات و هێگە بە هەموان نادات بە شکۆوە نان بخۆن. بۆیە پێان وایە دەبێ هەموو تاکێك بە کەرامەت و شکۆوە خراکیان بێ دابین بکرێت.

بەبێ پێکهاتەکانی وەک هێستەس دو کەر، تۆژەر بۆندیکت بۆنزی مەزەندە دەکات، ئاژاوەی برسێتی "ووبدات" وهەروەها ئیدانەی پەرەسەندنی بازاڕی برسێتی و سیستەمی کشتوکاڵی پیشەسازی دەکات.
ئۆنترپەلۆژیست بۆندیکت بۆنزی بە ماوەی پێنج ساڵ خۆی نوقم کرد لە هێستەس دو کەر بێ ئەوەی باشتر لە شکستەکانی سیستەمەکە تێبگات،لەم کتێبەدا (بۆنزی) باس لەوە دەکات، ئەگەر لە فەرنسا بژیت ئەگەری ئەوە هەیە رۆژێك لە رۆژان خێت لە ناو بارودۆخێکی سەختدا ببینیتەوە.
هووخساری هەژاری فرەن. زەر هوواوی ژیان هەن – نەخشی، هوواوی کار، جیابوونەوە، دەرکردن، مەیخواردنەوە – کە دەمانبات ناو خولگەیەکەوە کە چاکبوونەوە لێی ئەستەمە. وە کاتێک دووبارە دەکەوینەوە، چیتر هەوێی هەستانەوە نادەین، هیوادارین تەنیا بەئەمە بژین..

هەروەها کەسانێک هەن چاوەڕێی وەهامی مانەوە دەکەن و ناتوانن کار بکەن.سەرنجی چەندین کەسی بەساڵاچوو زیاتر دەدەین کە ناتوانن بەرگەی زیادبوونی تێچووەکان بگرن. بە ئەوەی سەقفێک بەسەر سەریاندا بمێنێتەوە، چیتر پارەیان نییە بە خواردن… "تازەهاتووەکان"یش، کرێکارانی هەژارن ناتوانن کار بیکەن. هیچ هێگەیەکی دەربازبوونیان نییە، لە کاتێکدا کە هەموو شتێک زیاد دەکات جگە لە داهات. ئەگەر دامەزراوەیەکی وەک هێستەس دو کەر نەبوایە، تێقینەوەی توندوتیژی و گرژی و هێنگە ئاژاوەی برسێتی زەر هوویدایە.
INSEEنوێترین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بەاوکراوەتەوە و دواین ئاماری کە زەر مەترسیدار و سوتێنەر ئەویش سنورداکردنی خراکە کە چەندین ساڵە فەرەنسا بە دەستیەوە دەناڵێنێ، یەك لەسەرسێ فەرەنسیەکان بەتەری ناتوانن نان بخۆن، ئەم سیستەمە لە کاتێکدا بەردەوام بووە کە تەنێک بەرهەمی خراکی قەدەری لەناوچوونە.

نزیکەی چل ساڵ دوای یاسای "کەلەش" ، بەپێی هاپەرتی سانای سەکرس کاتەلیک سەبارەت بە دەخی هەژاری لە فەرەنسا، هەشت ملیۆن کەسی فەرەنسی هەشتا پێویستیان بە یارمەتی خراکی هەیە بە ئەوەی بژین. وەک هێکارێکی فریاگوزاری دیزاین کراوە، یارمەتییە

خراکییەکان بەردەوام بوون.
پارادەکسەکە ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا سانە نزیکەی ١٠ ملیۆن تۆن خراکی بەکارهێنراو لە فەرەنسا بەفیڕۆ دەچێت.

بەنتیکت بۆنزی ڕەخنە لەو سیستەمە خراکیە لە فەرنسا دەگرێت دەڵی "سیستەمی یارمەتی خراک تونددوتیژە، سیستەمێکی خراکی ناداپەروەرانەیە،چونکە بە یەکسانی هەموو وەك یەك ئەم هاوکاریانەیان بەدەست ناگات، بگرە ئەم کەمەك و هاوکاریانەی کە دەدرێت بە هەژارانیش تۆندوتیژییە" پێ وایە هەموو مرۆڤێك مافی خراکی هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مافی هەبژاردنی خراکی نەبێ" ئەم سیستەمە خراکیە لە فەرنسادایە بازارێکی دروستکردووە کە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بن وهەژارەکانیش هەژار تر بن، مارکێت و بازاڕی سەرمایەداران بێ ئەوەی خۆیان لە باج بپارێزن، لە کاتگای ئەو خراکانەی کە لە مارکێتەکان چەند ڕۆژێك بەر لە ستێك بوونیان فڕێ بدەن، وەك یارمەتی سیستەمی خراکی بە دامەزراوە خێرخوازییەکان دەیبەخشن، بێ ئەوەی حکوومەت بەشێك لەو باجەیکە پێویستە بیدەن بیانبەخشێ، گەدەی هەژاران بێتە ریسکلینی خراکی ماوە بەسەرچوو. ئەمەش کەمەکێك لیکەوتەی دەروونی و جەستەی لە ووی تەندروستیەوە لێ دەکەوێتەوە. هەروەها وای لەو کەسانە کردووە کە لە گەشەی ئابووری تاکە کەسیدا دوور بکەونەوە و تەنیا پشت بە کەمەکی خراکی ببەستن، لەلایەکی دیکەوە دەپرسێت (ئەم سیستەمە یارمەتی خراکییە لە بەرژەوەندنی کێ دایە؟) ئەمە سیستەمە بێ دەسەڵات باشترین ئەلتەرناتیڤە کە هەژاران و کەمدەرامەتەکان و بێکاران بێ دەنگ بکات، و سەرمایەدارانیش تیدا پاشا بێ. بۆنزی هەموو ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری فەرەنسا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.
ئەم نائارامییە بەهۆی ئەوەیە ئەکتەرێ ئابووریەکان بازاڕێکی برستیان پێڕاپەڕاوە. لەو ساتەوەختەوە کە دکرێت پارە لە ناڕەحەتی خراکی خێك وەربگیرێت و بچێتە ناو لۆژیکی بازاڕەوە لە شێوەی لەخشبوون لە باج و ئاوگۆکردن. داواکاری گەورە بە خراکدانی ئەو کەسانە دکرێت کە توانای خراکدانی خۆیان نییە. تەواوی بازاڕێك پڕی سەندووە بە ئەوەی بەرهەمی زەر هەرزان بە کوالیتییەکی ناتەواو دابین بکات.
دەڵێ "من نیگەران نیم لەوەی کە پێکهاتەکانی یارمەتی خراک زانیویانە چۆن بەردەوام بن. من نیگەرانم لە دڕئەنجامەکانی سیستەمەکە لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم هاوکارییە بەکاردەهێنن" ووونی دکاتەوە. بە چارەسەرکردنی ئەمە، ئەو داکەکی لە ئاسایشی

کۆمەڵایەتی دژکات بۆ خوراک و بژێوی لە ڕێگای بزووتنەوەی کۆمەڵگاکان دژکات.

د.شوانم یەحیا

ئایدیای پێشکەوتن وەک دواکەتن.. ستیڤان شۆمزینی

خاڵی هەرە بەهێزی سروشتی مرۆیی کە لە کەی ئاژەڵکانی تر جودای کردووەتەوە توانای تێپەڕاندنی دۆخی خۆیەتی، تێپەڕاندنی هەر دۆخێکیش کۆمەڵێک لەکەوتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی بە دوای خۆیدا هێناوە، بە وێنە لەگەڵ سەرهەڵدان و دەستپێکی شۆڕشی کشتوکاڵیدا مرۆڤ لە باری کۆچەریەوە بۆ نیشتەجێبوون ڕۆشت، ئۆمێش ژیانی گوندنشینی لەکەوتەوە، لەگەڵیدا مرۆڤ لە ڕووی ژیار و ژیانەوە تەکانێکی گەورەی بەرەوپێشەوە دا و خێی لە زەر جۆبری سروشتکرد ڕاپسکاند، وردە وردێش شارستانی و نووسین و نەرمەک لە پەرستگا و ئاینی پێشکەووتر لە تۆمپەرستی و دەوڵەت شاری دامەزراند کە زۆرێک لەوانە لە دوماهیدا بوون بە ئیمپراتۆریا مەزنەکانی نێو دێرەک لە چێشنی ئەو ئیمپراتۆریا پانوپۆڕ و هەژموونخوازانەی بە ڕۆخەکانی میزۆپۆتامیا و دەڵی نیل لە هەزاران ساڵ پێش زایینەوە هاتنە ئارا. لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا مرۆڤ توانی تەکانێکی زەر گەورەتر بدات بە پێشەوە ئەویش بە پێشخستنی ئامێر و داهێنانە زانستییەیەک لە دوای یەکەکانی لە ماوەیەکی پێوانەیی و زەر کورتدا، مارکس لە کتێبی "هەژاریی فەلسەفە"دا نووسیوویەتی: (ئاشی هەوایی کۆمەڵگەی فیودالی بەرهەمهێنا، ئاشی هەڵمیش کۆمەڵگەی سەرمایەداریی پیشەسازیی بەرهەم دەهێنێت). ئەم جارە لەکەوتەکانی ئەم پێقاژە دیرکییە بە ئەندازەی پێشکەوتنەکان فراوانتر بوون، مرۆی لە دەستە و گروپی کۆمەڵایەتییەوە بەسەر تاک کەسدا دابەشکرد لە فەرمی پڕۆلیتاریادا، هاوکات سەردەمی ژیان لە میترۆپۆڵەکاندا بوو بە دیاردەیەکی هەمەکی.
هەموو ئەو پێشکەوتنانەش لە سایەی ئاوەزی مرۆیەوە بەرهەم هاتن. ئۆمێش وایکرد بە تایبەت لە دیکارت بە دواوە ئاوەزسەنتەریی ببێتە

جەنگاوەری هەر شتێک. لەم نەوەندەدا لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەریيدا (بەناولێنانی کانت) ئایدیای پێشکەوتن کە بەرهەمی (بوونەوەرێکی بەکارهێنانی عەقڵ)ە، بوو بە تەوانینی زاڵ بەسەر کەی هەزری مرۆیيدا لانیکەم لە ژیاری خەرئاوادا. ئیدی بە پێی ڕوانگەی ئەم ئایدیایە تاکو زانست و زانیاریی بەرەو پێشەوە بچن مەوداکانی ئازادیی و خۆشگوزەرانی بەرفراوتر دەبن، فەیلەسووفە ڕۆشنگەرەکان زەرترین جەختیان لەوە دەکردەوە بە پێشکەوتنی زانست مرۆڤایەتی دەگاتە ئاستێکی بەرز لە ئازادیی و خۆشبەختی!. بە شێوەیەک لە شوێکان ڕزگاربوون لە هەر بەربەست و نادادییەک بەستراوەتەوە بە ڕاددەی پێشکەوتنی زانست و زانیارییەوە، بەتەام ئەمە ئەمڕۆ بە چاوی خەمان بەزین و کورتهێنانی ئەم ئایدیا زاڵە دەبینین. تەنانەت ئەو ئازادییە فەراهەمکراوەی ئەمڕۆکە هەیە و لە ئارادایە جەگەی ڕەخنەی تونەد، چوونکە دژی ڕەح و بەها مرۆییەکان وەستاوەتەوە، ژان بەدریاری فەیلەسووفی فەڕەنسی باس لەوە دەکات سەردەمی مودەرنی هەنووکە سەردەمی پەست ئازادییە و مرۆڤ تا دوا توانستی خۆی بەشێوەیەکی زەدەڕەیانە دەستی بە ئازادیی گەشتووە، وەک بەڵی ئەم ئیمکانە بەرزەی ئازادیی ئاوس بەت بە نائازادیی.
ڕەنگە هەڕەنەبەت ئەمەش ئەم قەناعەتە کە پەست مرۆڤایەتییە بە نامرۆڤایەتی ناوزەد بکەین. سەرنج بدەن پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە جەگەیەک گەشتووە کەتایی بە مرۆڤ هێناوە، ئێستا من ناتوانم بەتەم ئەمە باش یان خراپ، تەنە ئەوە دەزانم ئەم توانستە زانستیی و تەکنەلۆژییە بەرفراوانەی مرۆڤ تەنانەت لە ڕەهەندی بیەلۆژییەوە پەڕەی پێداوە، خودی مرۆڤ دەپەنەتەوە بە بوونەوەرێکی تر، جا نازانم ئەو بوونەوەرە مەیمونی بڕەسیس یان دەبەتە ئەو خودایەی HOMO DEUS لە هەنووکەوە یوڤاڵ نوح هەراری مزگێنی پێداوین. من دژی پێشەوچوونی زانست و تەکنەلۆژیا نیم، بەتەام ناکرێت پرسیار نەکەین سەرئەنجامی ئەو هەموو پێشکەوتنە ئامەریيە کە مرۆڤ بەرەو بوونەوەرێکی سایبەرگی دەبات (تەکنەاوکردن و ئاوێتەکردنی مرۆڤ وەک ئەرگانیکێک لەگەڵ ئامێر وەک دروستکراوێکی بێ گیان) بەرەو کوێمان دەبات؟. ئاخر مرۆڤی لەم تیپە نوێیەدا Homosapien ئەوەندە تەماعکارە هێشتا دیارەت ژیرتر بەت وەک لەوەی ئێستا هەیە، بە ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە خەریکە جیهان بەسەر خۆیدا دەوخەنەت لە ڕەگەی بەکارهێنانی ئەو ئاستە بەرزەی ئاوزەوە بەدەستی هێناوە و هەر بەردەوامیشە لە بەدەستهێنانی ژیریی زیدەتر. فەیلەسووفی ئەمانی (مارتین هایدگەر): جەختی لەوە دەکردەوە زانست بیر ناکاتەوە، ئەمە ئەگەر فاکتێک بووبەت بە سەرەتای سەدەی بیست، هەڕە نییە ئەگەر ئەمە لە چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا بەتین چیتر زانست

بیر دەکاتەوە و دەزانێت چۆن چێنیش خۆی پێ پێبدات. زانست چیتر کۆمار نییە، چاوساغی جیهانێکی خاڵی کراوەیە لە مرۆڤ و بۆهاکانی، سەرکردایەتی شۆشی ئامرۆکان دەکات دژ بە مرۆڤایەتی. ئەگەر لە سەدەی رابردووەوە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنیک و بەمبی ئەتۆمی چیتر بوو نووبەت جگە لە هەڵەکەست و هەرەشیما و هۆبجە؟ بە دووەی لەم سەدەیەدا بەرئەنجامی تەکنەلۆژیا و شۆشی هۆشمەندیی دەستکرد لە مرۆڤخستنی مرۆڤ، ئەو پێشکەوتنە مەزنەی مرۆڤ لە ژیاندا پێی گەیشتووە، هۆشتا هیچ نییە، تەکنەلۆژیا نەخشەی پێیە بە گەیشتن بە سەر ئەستێرانی دیکە، بەڵام هۆشتا کلیلی خۆشبەختی دانەهێناوە کە لای من خۆشبەختی بنچینەیەکی پێشکەوتن، خۆشبەختی ئامانج و داهێنانکان ئامراز.

ئایدیای پێشکەوتن و نوێکاریی کە لانیکەم لە فەلسەفەی گریکییەوە ئامانج بووە و مرۆڤی بە هاندراوە، پاشتر دروشمی بە پێشەوە، بە ئاوەدانەوە هەر بە پێشەوە، هەمیشە بە پێشەوە. بووە بە ستوونی فەلسەفەی رۆشنگەریی لە دیکارتەوە تا ئێستا. لە دەخی کوردیشدا لەگەڵ دەسپێکی سەدەی بیستەم وەک ئایدیایەکی رەمانسیی بە بە هیچ خستنە ژێر پرسیار و گومانکردنێکەوە دەبەستە ئایدیایەکی زاڵی جڤاتی کوردیی، ئەمە ئەو کەنتێکستەیە گووتاری رۆشنبیریی (شیعر) و رۆژنامەوانی کوردیی لە دەوری ئامانجێکی سەرەکی دەخولێتەوە کە بریتیین لە پێشکەوتن و تازەگەریی (دیارە لە فەرمە کوردییەکیدا)، لە ناو ئەم دیسکۆرسەدا، کەسانی وەک شێخ نوری شێخ ساڵح پێدابوون، وەک دیاریشە شێخ لە پەنا (گەران)دا بە نوێکەرەوەکانی شیعری کوردیی دادەندرێن، چاوی هیوای بەیوەتە نەوەی نوێ، ئەو نەوەیەی بەر تیشکی پێشکەوتن کەوتووە و ژیان دادەمەزرێنن، لەرەدا بە قووڵی دیقەت لە ناواخنی ئەم دەقە شیعرە بدەن: (سوبحەینە ئەم تەجەددودە بە تەیە ئەی شەباب.. بە تەیە ئەی ئومێدی وەتەن خادیمی حەیات), خۆ ئەگەر دیقەت بدەین زەرینەی بەاوکراوە و رۆژنامە و کەوارکانی ئەو سەردەمە دوو وشەی لێکدراون و دووەمیان نوێیان تازەیە. لە نموونەی بەاوکراوەکانی دەنگی گەتی تازە، گەڤاری رۆژی نوێ و رۆشنبیری نوێ و نووسەری نوێ، رۆژنامەی کوردستانی نوێ و پێشکەوتن و بەپێشەوە هتد.. تا ئەوەی مەجەرسەن کاتێک لە ساڵی ١٩١٩دا یەکەمین چاپخانە لە سلێمانیدا دادەمەزرێنێت، ئەم رووداوە ناکرێت وەک پێشکەوتنێک بیری لە نەکرێتەوە، هەر لەم سەنگەوە هەمان ساڵ لە هەمان چاپخانە رۆژنامەیەک بە ناوی (پێشکەوتن) دەردەکات.

جیا لەمەش هەندێک ناوی میتافیزیکی چێشنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کە ئینگلیز دەریکردووە (مودێرنە عەقڵانییەت و راستیی بە یەک چەمک سەیر دەکات) یان بەاوکراوەی رۆژ (خۆر) یاخۆ گەڤاری

رووناهی کە پێچوانەی تاریکییە، بەڵام ئایا بە رەهایی تاریکیی خراپە؟ کاتی وەڵامەکەیە: بگوومان نەخێر. ئەم ئایدیایە لە رەشنگرییەوە هاتبوو، هەر شتێک نوێ بوو یان هەر جۆرە پشکۆوتنێک لە خێدا ئەرێنییە، ئەم دیدگایە زیانێکی گەورەی بە کورد گەیاند چوونکە پشتی کردە شتە کۆنەکانی خۆی کە نیوەیان بە کۆکی ئێستاش دژن، هاوکات بە سینگێکی کراوەوە پێشوازیی لە هەر دیاردە و تەکنیک و ستایلێکی تازە کرد بە هەموو لایەنە نەرێنییەکانەوە. دەبێت بەم رواڵەتە کاڵەی خەماندا بچینەوە، مەرج نییە ئاوەی نوێ بوو بە پێداویست سەر بە باشە بێت، یان ئاوەی کۆن بوو چیتر سوودی نەمێنێت، ئەمە مامەڵەیەکی مەسرەفگەرایی و کاپیتەرستییە دەرهەق بە کولتوور. تەنانەت ئاوەی نوێ هیچ مانایەکی پێزەتیڤی نییە، لەوانەیە ئەم ئاوە نوێیە پێیامهێنی ستەمکارییەکی نوێ و دڕندەتر بێت، وەک لە نموونەی حزبی بەعس و ئەزموونی کوردستانی باشووردا بینیمان. ئەدۆنیس لە وەڵامی ئاو پرسیارێی بۆچی بە لینین پشکین بەهای زیاتر بوو لە شاعیری شێکسپیر مایاکۆفسکی؟ دەڵێت: لینین لە هونەردا لایەنگری کۆنەکان بوو، بەڵام لە دیدگا و تیۆریدا لایەنگری تازەکان. من نامەوێت باز بدەم لەسەر بناغەیەکی بەش، زۆرتر لەسەر بابەتێک دەوەستم، نامەوێت پێ بە پێ لەگەڵ بیر و فەلسەفەی رۆژئاواییدا بڕۆم، هاوچەرخێتی کۆپیکردن نییە، ئاوەیە تێبگەیت پۆیستییەکانی کۆمەڵگەکەت چییە کە هەشتا مودێرنێتە بە تەواوی نەهاتووەتە ناوییەوە، تا مشتومڕی پۆست مودێرنە بکەین، بە کورتی بیبرمەوە ئەگەر پۆست مودێرنە ڕەخنەی ریشەی مودێرنە بێت، پۆست مودێرنە کەوتووەتە کوێی کۆمەڵگەی ئەمەوە؟. لایەنگری نەریت نیم، چوونکە بە تێپەڕاندنی نەریت دەبێت سەرەتا مودێرنە قەبوو بکەین.

تەنانەت خودی خۆم چەپێک کە سەرەتای بیرکردنەوەی سیاسیی و ئایدەلۆژیم لە کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە دەستم پێکرد، ئەوسا و ئێستاش دژی ئەو تۆز و بیرکردنەوەیە بووم کە کۆمۆنیزمی کارگەریی زیاتر خۆی وەک نوێنەری شارستانی خۆرئاوا لە خۆرهەڵاتدا پێناسە دەکرد. دیقەت بدەن مەنسور حیکمەت وا بیری لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەکردەوە پارتێکی ڕۆژئاواییە و کۆمۆنیزمە کۆنەکە نییە، تەنانەت لە وتارێکی زارکیدا کە دواتر بەناونیشانی (ئایا دەکرێت کۆمۆنیزم لە ئێران سەربکەوێت؟)، لە لاپەڕە ٥٠٧-٥٤٠ پاشکۆی یەکەمی (بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی مەنسور حیکمەت)دا بەناوکراوەتەوە و کاوە عومەر وەریگێڕاوە بە کوردیی، بە ڕوونی باس لەوە دەکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ناو ریشە هزرییە و فەرهەنگییەکانی ڕۆژئاواوە هەڵقوواوە و دەڵێت: (لە ئێراندا بە سەرکەوتنی حیزبی

کۆمۆنیستی کرێکاریی شارستانێتی ڕۆژئاوا سەردەکەوێت). منیش لە کتێبی شارستانی کۆلاپسدا بۆشکی سەرکیم تەرخانکردووە بە کۆتن و کۆتایی شارستانێتی خۆرئاوایی، ئاگاڕچی دیسکۆرسی نازیزم و فاشیزم لەسەر بنچینەی ڕەتکردنەوە و شکستی شارستانی خۆرئاوا خۆی ڕەنابوو، بەڵام لە خۆیدا پەیدابوونی نازیزم و فاشیزم بەڵگەیەک بوو بۆ ئەو کۆتنە نەک بۆ پێچەوانەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا فەیلەسووفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە پێش هەموویانەوە ڤالتەر بنیامین باسیان لە شکستی پڕۆژەی ڕۆشنگەریی و مودێرنێتەی خۆرئاوایی کرد، ئەوان تێبینییان کردبوو شارستانێتی ڕۆژئاوایی پێچی کردووەتەوە بۆ لای فاشیزم و نازیزمدا، چەند ساڵ پێشتر و بەدیاریکراویی لە ساڵی ١٩١٨دا لۆگۆی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، فەیلەسووفی ئەڵمانی ئۆسڤالد شپێنگلەر لە کتێبکی دوو بەرگیدا بە ناوی (داڕمانی ڕۆژئاوا- Der Untergang des Abendlandes) جەختی لەسەر ئاوابوونی ژیاریی و کولتووری ڕۆژئاوا دەکردەوە.
هەروەک چۆن فەیلەسووفی هاوچەرخ میشێل ئەنفرێ لە کتێبی (داووخان- Decadence) بۆشوێکی کەنکرێتی هەرەسی شارستانێتی خۆرئاوایی بونیادنراو لەسەر میراتی بابێ و یۆنانییەکان دەخاتە ڕوو، ئەو لە کتێبەکەیدا تیەریزەی نزیکی ئەو ژیارە و پیربوونی ڕادگەیەنێت کە لە هیچتر ناچێت جگە لە پێنگەکی کاغەزیی. جیا لەوەش کۆشەی ئەران هەنانی شارستانێتی ڕۆژئاوایی نییە و سەرکەوتنی ژیاری ڕۆژئاوایش بۆ هیچ کلاجێک هاومانای سەرکەوتنی پڕۆلیتاریا نییە بۆشەوە فرەهەندەکەی. ئەمە تا دەمەکی نزیک پڕۆژەمان زەرتر بە ڕۆژئاواییکردنی کەمەگە بوو بۆیە نەمانتوانی هەنگاوی سەرکەوتووانە بنەین چوونکە هیچ خوەندنەوەیەکمان بە کۆنتەکستی کوردیی نەبوو. کۆشەکە ئەوەیە دیموکراسی لیبراڵیزمی خۆرئاوا بکەینە قەڕاوەکەی پرۆکرۆست و قاڵبەکی ئایدەاڵژیی و هەموو شتەک لەو ڕوانگەوە هەڵبسەنگەنین، بە پوختەکراویی پڕۆژەی پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانیاریی بریتیبوو لە ئەوروپایزەکردن کە ئەمەش ناکۆکی جەوهەریی لەگەڵ خواستی کۆمۆنیالیزمدا نەبوو، گریمان سیستەمکی فەرمانڕەوایی زۆر باش و هارمۆنی لە ڕژهەڵاتی ئاسیا یان لە ناوەاڕاستی ئەفریکا دروستکرا، بەڵام لە ڕووی فەرموە لە دیموکراسی ڕۆژئاوایی نەچوو، ناکرێت بڵێین ئۆزموونکی خراپ، با هاووڵاتیانیش لێی ڕازی بن. دیموکراسی و بەها ڕۆژئاواییەکان ئۆزاڵی نین و بە پێچەوانەی تەواوینی فەکەیاماوە مژوو قوفە ناکۆن، ئەوەی ڕوونە دیموکراسی و لیبراڵیزم لەناو پرۆسەیەکی مژووییدا هاتوونەتە ئارا، مژووکردن نەک خۆسک، هەر کەسی تر دەتوانێت بەهای باشتر دابهێنێت بە تایبەت لەو کاتەی بەهاکانی

رژئاوا نوزەیەکی کەمیان تێدا ماوە بۆ مرۆڤایەتی، خۆ ئۆگەر تا کۆتایی سەدەی بیستەم سیستمی خۆرئاوایی باشترین بووبێت ئێستاکە وا نییە، ناڕەتەرناتیف هەیە، بەڵام ئۆگەر دروست نەکرێت سەردەمی دیستۆپیاکان دێن، من ئیسلامگەرام ناوێت تەنانەت کەمێنیزمی باو و ئەزموونکراویش رێتدەکەمەوە، پێویستمان بە تێپەڕاندنی ئەم سیستمەیە نێک بە خراپتر یان کەمێک باشتر بەڵکو بە باشترین.
ئۆگەر بگەڕێینەوە سەر تەوەری سەرەکیی باسەکەمان، ئەوا ئایدیای پشکۆتن، ئامانجگەرایانە لە بزاڤی مێژووی دەڕوانی، بەوەی هەر پشکۆتنێک خراپێیک لە ناودەبات، (قوتابخانەیێک بکەنەوە، زیندانێک دادەخرێت!)، لەم ناوکێیەشدا بیرکەی ئەوەی تاوانکاریی لە نەزانیینەوە دێت، ناوەکەکی گرنگ بوو لە فەلسەفەدا بە تایبەت لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، بەڵام فەلسەفی هاوچەرخ سەرنجی داوە تاوانکاریینە نوێکان لەوپەڕی زانینەوە دێن، بە نموونە نازیزم و کەمپەکانی خنکاندنی هەڵەکەست کە دوا توانستی زانین و زانستیان تێدا بەکاردەهات، ئاوشۆتس بە ڕوونترین شێوەی نیشاندانی زانست چیتر نییە جگە لە چەکەکی ئایدەلۆژیی بۆ سەرکووت و خەساندن و حەلاندان و دیسپۆتیزم. ئەوەی تۆ پێتوابێت فیسار سەرەک لە نەزانینەوە کارەکانی باش ڕاناپەڕێنێت، ئەم ئایدیایە دەچێتە ڕاژەی ستەمکارییەوە، وەک بەڵێی ئۆگەر بیزانیبا ئەوەی نەدەکرد، بەڵام ئاشکرایە ئەو بە هەشیارییەوە تە سەرکووت دەکات. لە دیمەنی ئەپۆزیسیۆنی کوردییدا ئەم دیسکۆرسە زۆر بەهێزە و بە نیارەکانیان دەڵێن نەزان و نەخوێندەوار، بەپێی ئەم لۆژیکە بێت ئۆگەر زانا و خوێندەوار بوونایە سیستمەکەیان بە باشی بەڕێوە دەبرد، وا دەکەن فرمێسک بژێن و بڵێن زۆر گوناهن نازانن چی دەکەن، هەمان ئەو دیمەنەی عیسای مەسیح کە وتی خودایە لێیان خۆشبێ نازانن. بە پێی میتافیزیکیای زانین، ڕەوتی بەرەو پێشەوچوونی مێژوو لە یەک کاتدا ڕەوتی پشکۆتن و بەختەوەرییە بۆیەکەوە، هەر ئەم روانینە میتافیزیکییە ئەو ئایدیایەی پێ بەخشین، جیهانی پێشوو لە هەموو بارەکەوە لە ئێستا خراپتر بووە وەک چۆن ئەو جیهانەی لەسەر ڕێی داهاتوو وەستاوە لە ئەمڕۆ باشتر دەبێت وەک بەڵێی پارادیسەک یان ناشوێنەک هەبێت جیهان بەرەو ئەوە پاڵ پێوەبنێین کە ئەوە هەردەم وا نەبووە، بەڵکو ئەم ئایدیالیزمە لە دامێنی مودێرنێتە و ڕۆشنگەرییەوە بەربووتەوە. ئەوەشی لەسەر سەکۆی جیهانی تازەدا دەیبێنن نەزانیی وەک سەگۆشەی بەرمەدا زانین هەڵدەلووشێت. لەڕەدا بە ڕوونی ڕەڵێی ئاین لە پشت ئایدیاکەوە دیارە کە وا سەرنج دەدرا هەموو شتەک بە گوێرەی ڕەسا دیالەکتیکییەکان و لەسەر باڵی مینەرڤا (خودای زانینی ڕەمانی) بەرەو باشتر دەڕوات.

لە هیگڵەوە تا مارکس و پاشتریش وا دادەنرا تا مژوو و زانین بچنە پشتەوە ئەوەندەش خەبەختی و ئازادیی مرۆڤ دەواتە پشتەوە، بەو مانایەی پشکەوتن و مژوو یەک ئامانجی هاوبەشییان هەیە، ئەویش رزگارکردنی تەواوەتی مرۆڤ، بەڵام پشکەوتن بەو شێوە ئامانجگرایینە نەچووە پشتەوە، بەڵکو کورت بووەوە بە پشکەوتنی زانستیی پەتی و پژەتیقیزم و بە ئامرکردنی پانتایی ژیان، ئەمەیان لە بەرامبەر ئایندا دەوەستێتەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، فیلسووفانی خەرئاوایی هەستیان بە مترسییەکانی کۆخایەتی زانست کرد، لە پێش هەمووانەوە ماتریالیستەکان لە کوشتنی خودا لەلایەن زانستەوە نیگەران بوون، سارتەر ترسی ئەوەی لە نیشتبوو، ئەم جیهانە خاڵی کراوەتە لە روحانییەت و خەی داوەتە دەست زانستی ئەبستراکت تا ژیانی وەک ماشینەیەکی بە هەست و گیان بەڵەوە ببات. بە درژایی سەدەی بیستەمیش کەس لە بەرتراند رسڵ زەرتر بە گژ ئایندا نەچووەوە، کەسیش هەندەی وی سزای ئەم بگژاچوونەوەی وەرنەگرتەوە و لە نەگەیشتن تێگەیشتنەوەی بکەوێتە پاش مردنی، سەرباری بەوای پتەوی بەوەی زانست یارمەتیمان دەدات بە رزگاربوونی مرۆڤ لە دەست ئاریشە و تەنگژەکان، هەشتا رسڵ بە سەرکەوتنەکانی زانست و پشکەوتنی تەکنیکی دەخش نەبوو، پێیوابوو زانست بەرەو بە ئامانجی لە ژیاندا ئاستەمان دەکات، پشنیاری ئەوەشی کرد لەو کاتەی زانست جلوبەرگی مانا لەبەری ژیان دادەکەنێت، (دەبێت بە لەمەودوا ئایدیاڵ و بەهاکانمان نیشتمانەک بە خەیان بدەزنەوە).

ئەگەرچی زانست تا رادەیەک سەرکەوتووبوو لە داماێینی هزری خورافی و میتۆلۆژیی لە ئەندەشەی مرۆڤ، بەڵام بە رەهایی نەیتوانی مشکەکان لە ئەفسانەگرایی پاک بکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ خەیدا جیا لە میتۆس دەرین و باوەکان، رستەک ئەفسانەی مودەرنی هەنایە سەر سەکەی جیهان، کە هەریەک لەو میتۆلۆژیا سەردەمیانە خوێنەکی زەریان لە پەناوی هیچدا بە رۆژرا. ئەوە تەماشای ئەو دەرئەنجامە بکەن لە تیەری ئیڤولۆیشنی داروین کەوتەوە، بە دەرکەشانی تەرزەکی نوە لە داروینیزمی کۆمەاێتی لە هەناوی داروینیزمی باێۆلۆژیی کە لە خەیدا زانستەکی سەربەخۆ و پتی بوو. زەدەیی ناکەین ئەگەر بڵێین ئامانجی زانست بە ئامانجییە، چوونکە زانست بە دوای ئامانجی هیچ شتەکدا ناگەڕێت، هەندەی لە هەکار و چیەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە، ئامانجی عەقاانییەت لە دیکارتەوە بە کانت و لەوێشەوە بە ئەمە، بەریتییە لە ناعەقاانییەت!، ئەو ئیمکانە بەرزەی ئاوەزگرایی، ئاوسە بە شتییەی، ئەو شتییەی جیهانی ئەمە هەدەسووڵێنێت. ئەم لە ئامانج و مانا داماێینەی جیهان بووەتە

فاکتەری ئاو نەهیلیزمی ئەم دنیای داپشیو کە تیدا بەرگەگرتنی ژیانکی رووتکراوە لە مانا زۆر لە ئستەمترە، پەموایە ئاو بزاوتە ئاینییانەی بە روحی (ئامانجگرایی)یەوە دگەنەوە، دتوانن لە ماویەکی پەوانیدا بابن و زۆر زیاتر لەوی پشبینی دکرا بەهز ببن، چوونکە مرۆف هرچند مودرن و زانستگراش بت، نایوت بوە قایل بت ژیانی هیچ مانا و ئامانجکی تدا نبت. لە کتاییدا هر ئوەندە دتوانم بەم جخت لسەر روانگە ناباوکە دکەموە، نک مرج نییە ئایدیای پشکوتن بە هموو تانوپی خیوە مانای بروپشوە چوون بدستوە بدات، بەکو نمایشی چارکی یکەمی ئم سدیە بە رووی پی گوتین ئم پشکوتنە لە خیدا جرک بوو لە پاشکوتن، دبت جارکی تر بە روانگەکانماندا لە همبر چمکی پشکوتندا بچینەوە.

۲۰۲۳-۳-۲۳
ستکهۆم- تبی

تبینی: ئم وتارە لەگەڵ دوو وتاری تردا لە مانگی مارت و ئاپریلی ۲۰۲۳دا نووسراون، بەڵام بەهکاری پرسندنی نخشی شرپنجی نووسر باوکردنەویان بە ئستا دواکوت، ئم وتارش ئەمە بە یکم جار لە ماپەی (دنگکان) باودکرتەوە.

شۆنی شانۆ لە ژیانی جماوەردا.. ن- کامران حاجی ئلیاس

شانۆ بشکی گرنگی نو کمگایە،هاوکارکی کاریگرە لە بونیادنان ودروستکردنی لایەنی ئاکاری هرگلك کە دەم ئاکار مبستم لماناگشتگیرکەیە. هرلسرتای دزینەوەی شانۆ لسردستی گریگکان،ئامادبوونیان لە شانگرییکان وکو پابند بوونکی ئاینی بووە بە هرتاکك چونکە شانۆ فاکتررك بووە بە ئاوی گوزارشت لە لایانی ئاینی بکات ،کلایەن زۆر پیرز بووە

بەتایبەتی لە ئاهەنگەکانی خواوەندەکان دا .
شانۆ بەپێی سەردەم و کاتەکاندا، شوێنەکی گرنگی لە ژیانی رۆژانەی گەلاندا بینیوە، ئەگەر ئاوڕێك لەسەردەمە شارستانییەکان دا بدەینەوە،شانۆ ئامادەبوونێکی کارای هەبووە بەشێوەك لە شێوەکان گوزارشتێکی ڕەشنبیری و هەشیاری نێو کۆمەڵگا بووە، بە واتایەکی تر ئاوێنەی نێو کۆمەڵگا بوو. بۆیە شانۆ گرنگە چونکە شێوەی هەشیارکردنەوەی فکری بووە بە وەرگر لەرێگەی هەست و سۆز و گرژییەکان دەتوانێت لەرێگەی ئەم هونەرەوە دەست بە سەرجەم کایەکانی ژیاری کۆمەڵایەتی، ئابووری ،سیاسی..ببات بەو شێوەیش ئاستی بیرکردنەوە و هەستکردن بە پرسیارەتی لای وەرگر زیاتر دەکات و بەشدار دەبێت لە گۆڕان وگۆڕانکاریەکان دا.
شانو سەبارەکی بەردەوامی مرۆڤ بووە لە بەرجەستەکردنی هەموو بارودۆخێکی ژیاری ڕەشنبیری جەماوەر، بەجۆرێك کاریگەر بووە ڕێکی گرنگی بینیوە لە گۆڕینی چەندین سیستەمی ئابووری ،سیاسی..لەم ڕوانگەریەوە شانۆکاران شانیان لەئەستۆ گرد بووی شانۆ پەیامێکی کاریگەر تا ئەو رادەیەی هەندێك لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان شانۆکو دەزگایەکی پەروەدەیی وەسف دەکەن وەکو هەرقوتابخانە و پەیمانگا و کلیژێك سەیر دەکەن بە پەروەردەکردنی هەرتاکێك . شانۆ هەر لەکۆنەوە وەکو ئامرازێکی فێرکردن و پەروەردە بەکار هاتووە بەهەی ئەوەی ڕێگەکی کارای هەبووە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی توانستی ڕەشنبیری و گەیاندنی بۆها فێربوونەکان بە قوتابیان و هاوکاری کردنیان لە تێگەیشتنی میتۆدیەکان.جۆرەکانی شانۆی منداڵ هەر لەشانۆی منداڵ و بووکەڵە و تارمایی سێبەر و کارتۆکەر دەنگیەکان کەلە شانۆی منداڵ بەکار دێت،خەیاڵی منداڵ بەهێز دەکات دەبێتە هەی ئەوەی لەرێگەی شانۆ منداڵ خێراتر فێربێت و لە چەمکی وانەکان تێبگات.
جیاوازی شانۆ لەگەڵ هونەرکانی تر لەوەدایە لە هونەری شانۆ لەرێگەی جەستەیەکی زیندووو روویەری بینەر دەبێتەوە،کە ئەکتەر زەرجاریش وابووە بینەرانیش چ بە دیالێك یان بەجووڵەیێك بەشداردەبن بۆیە کاریگەری زیاترە لە هونەرکانی هەرچەند موزیکژن لەرێگەی ئامرازکەی هونەرکەی پێشکەش بە بینەران دەکات ئەگەرچی بەشێوەی زیندووو پێشکەش دەکرێت بەڵام ناگاتە ئاوە کاریگەریەی شانۆ هەیەتی بە وەرگر بەهەمان شێوەش بە هونەری شێوکاری کاتە هونەرمەندێك پیشانگایێك دەکاتەوە لەرێگەی تابلۆیەکانی هونەرکەی خۆی نمایش دەکات ئەگەر خۆشی لە پیشانگایەکە ئامادە نەبێت ،دەتوانێ کارەکەی نمایش بکات. خاڵکی تری شانۆ ئاوێنە کارەکی کۆمەڵیەتی و هەموو هونەرکانی تر لە خۆدگرێت وەکو (موزیك

،شۆکار) کاریگەریی دەنگییەکان و زەرجار موزیکی زیندوو لەگەڵ گۆرانی لە نمایشی شانۆدا بەکار هاتووە بە گوزارشت کردن لە حاڵەتەکانی نێو شانۆگەریيەکە ، بەهەمان شێوەش بە هونەری شۆکاری لەرووی دیکۆر و ئەکسسوات رۆڵێکی گرنگ دەبینێت بە زەرەك لەنمایشکان، نابێ ڕۆڵی ئەدەبیشمان لەبیربکرێت ،کەتەکستێ چیرۆك ،سیناریۆ وەکو سکوچکەی نمایش لەتەك (ئەکتەر، بینەر، دەق) ڕۆڵی خۆی هەیە زەرەك لە نووسەرانیش بەچوونیان وایە کە دەق تەکستێکی مردووە تائێو کاتێ دەچێتە سەرتەختەی شانۆ ئینجا دەبێتە دەقێکی زیندوو هەر لەبەر ئەم هۆیانەوە شانۆ بە باوکی هونەر ناوزەند کراوە.

شانۆ لە دووبەشی سەرەکی پێك دێت (مەرگەسات و بزەمەسات) هەردووشێوەکە بەشێوەك لەشێوەکان کاریگەری خۆیان لەسەر کەمەڵگا جا چ بەشێوەی تاك بێت یاخود بەشێوەی کۆمەڵ دەبێت ،لە هەموو ڕوەکەوە زەرجاریش هاوکارە بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە هونەییەکان بۆیە شانۆ بێتە پێداویستییەکی گرنگی هەر گەلێك، چونکە لە ژیانی هەرمرۆڤێك دا خۆشی و ناخۆشی هەیە کەمەڵێك ئاریشەوگرفت هەیە شانۆ دەتوانێت گوزراشت لێو هەموو ناسەریانەی هەرتاکێك بکات بەرادەیەك زەر جاریش چارسەریشی بۆ کردوە.

پەیوەندی شانۆ لەگەڵ جەماوەردا پەیوەندییەکی کۆنەهەر لەسەردەمی (فەرعۆنییەکان و یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان) ئێو پەیوەندییە هەبووە،چونکە شانۆ ڕاهێنان بە دەرونی مرۆڤایەتی دەکات بە ئێوەی گەرانکاری لە هەڵوێستەکانی خۆی بکات لەڕگەی پشت بەستن بە عەقڵ و لەژیێك بە ئێوەی ببێتە بنەمایێك بۆ هەڵوێستەکانی لەڕدا ڕۆڵ و شوێنی شانۆ لە ناو کەمەڵگا دەردەکەوێت بە ئێوەی لەڕگەی نمایشکان، کەمەڵگایەکی ڕۆشنبیرو پڕوەردەیی و سیاسی دروست بکات، شانۆ دەزگایەکی گرنگ و کامڵ بۆ کەمەڵگا دەبێتە زمان حاڵی ئێوان.

لەسەرپێوەندی شانۆ بە جەماوەر نووسەری دیاری جیهانی (ولیم جۆن شکسپیر) دەڵێت" جیهان شانۆیەکی گەورەیە پیاوان و ئافرەتانیش ئەکتەری سەر ئێو شانۆیەن".هەر لەبارەی گرنگی شانۆ لەسەر کەمەڵگا نووسەر و دەرهێنەری ئەمانی بەرتوڵد بریشت دەڵێت" نان و شانۆم بدەرێ گەلێکی ڕۆشنبیرت دەدەمێ".نووسەری گەورەی میسری نەجیب مەحفوز یش لەبارەی شوێنی شانۆ لەنێو جەماوەردا دەڵێت" لەمان دەپرسن نهێنی پێشڤچوونی شانۆ لە چی دایە؟ نهێنییەکە لێوەدایە کە ئەمە هەموومان ئەکتەرین".

ئەگەر ئاوەکیش لە شانۆی کوردیش بدەینەوە بەدرێژایی مێژوو بەمان دەردەکەوێت،کە نمایشە شانۆییەکان چەند ڕێ و کاریگەری هەبووە لەسەر هۆشیارکردنەوەی جەماوەر هاندانیان بۆ خۆشویستی خاك و وڵات

بەتایبەتی لەسەردەمی پێش راپەرینی بەهاری ساڵی 1991ی گەلی کوردستان هەمیشە شانۆکارانی کوردستان لەبەری گەل دابوون، هەمیشە نمایشە شانۆییەکان گوزارشت بوون لە خەم و مینیەتانی گەل. نمایشە شانۆییەکان رەنگی گرنگیان بینیوە لە جێش دانی جەماوەر هەروەها شانۆییەکان هەمیشجمەیان دەیان بگرە چەندینجار دەرگاو پەنجەرەکانی هۆڵەکان بەهۆی زۆری بینەران شکاون نمایشکان بە چەند مانگێك بەردەوام دەبوون لە نمایشکردن سەرباری بوونی سانسۆرکی زۆر لەسەردەق شانۆییەکان تا رۆژامەندی دەقکی شانۆیی وەردەگیرا بەچەندین فلتەر تێپەردەبوو، تادەگەیشتە رۆژی نمایشکردن ،لەبەر ئەوەش سەردەمی شانۆی هەشتاکان بەسەردەمی شانۆیی زێرینی کوردی ناوزند کرابوو چونکە پێوەندیکی بەهێزلەنێوان شانۆکاران و بینەران هەبوو لەهەمان کاتدا نمایشکان گوزراشت بوون لە ناسەریەکانی گەل.

ئازارەکانی شەهرەبانۆ /شیعری شەماڵ بارەوانی

نازانم بە پەتەکەی ملی لەیلا قاسم بگریم
یان سوێندە بە نازەکەی لەیلا زانا

هەشتا بەنی ئازارەکانی شەهرەبانەم لەدەت
هەشتا دەنگی فیغانی پیرەزی ئابادی بە کچە کوردە بە
کەنیزەکراوەکانی گوڵان و نەهاوەند دەمهاڵەت
هەشتا زامی یەکەم ناپاکی هارپاک بە جەستەی نیشتیمانمەوێ
هەشتا بە تەمەتی کەنشنەبردن بە ئادەم بە ئبلیس تەمەتبار دەکرەم

سەیرەکی ناوگەلی مەژووم بکەن
سەرەای ئەم هەموو فتووحات و تەعریبە
ئەم هەموو فەرمان و ئەتککردنە
هەشتا بەنی بەرائەت و خوێنی پاکیزەیی لەدەچەت

بیرتانە کە لەبە هەشت دەرکراین، تەنانەت خوداش بەدەنگ بوو!

تەنها لەسەر ئەوەی گوتم ڕۆگم دەچێتەوە سەر دەمارگانی سەید ڕەزای دەرسمی، بە قەناعەتی زیندانی مەحکووم کرام

ئەوان قبووڵ ناکەن بەیەن لەرەبوو یەکەمجار مەشخەڵی شارستانیەت هەڵی کرد
لەرە بوو خەری ئەزدانیەت هەڵهات و
هەر لەرەش بوو یەکەمجار حەکایەتی ژیان دەستی پێکرد

ئەمە ڕەیشتمە سەر گۆڕی یەزدەکورد و
پێکەوە بە ڕووخانی دەوڵەتی ساسان
زەر بە کوە دامانە قوڕپی گریان

هەشتا ئایەتەکانی خودا موتوربەی لاپەڕەکانی زەمەن نەبووون
ئەمە لە پەراوێزی سورەتی ئەنفال دا زیندانی کراین
هەشتا وشەکانی خودا لە لەوحی مەحفووزدا زمانیان نەگرتبوو
ئەمە خەتانی بە دەنگی کراین

لەگەڵ یەکەم نوتفەی وجوود، ئەمە گیردەی قەفەز بووین
دوای دووهەزار و ئەم هەموو ساڵە، هەشتا لە ناهارمانیەتی زەمەن
لەگەڵ خەریتەی خوونەکانی کورد تێنەگەیشتووم
هەشتا من و خودا لەسەر سووکەی بەهەشت لە جەدلەتیەتداین

جارە لەسەر تەوقیتەک کەک نیم،
نازانم کەی دەگەڕمەوە سەر تخووبی وەرزی ماد و
تەوقی ئەو نەفرەتە ئەزەلییە لە بەرکی ڕەشکانی ئەزدا و مەژووی
لالش دەکەموە
نازانم کەی دەبمەوە بە ئەردەشێرکەی جاران و
دووبارە ئاگری ئازادی لە ئاتەشگا ڕووخاوەکەی ئەشە زەردەشت
دەکەموە

سەربەخۆی کوردستان لەبەردەم

بازرگـــــانی بۆ نـەوتـەوە!..
عوسمانی حاجی مارف

حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەستاتی فرۆشتنی هێنارددی نەوت و غازی هەیە و دەبێت داهاتی ئەم پرۆسەیە وەربگرێت. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە لە دەستووردا هاتووە لە ئۆگەری دروستبونی ململانێ، ئەولەویەت بە یاسای هەرێم و پارێزگاکان دەدرێت. بەڵام حکومەتی فیدرالی و سەمەدانی بەپێی مادەی ١١١ی دەستوور "نەوت و گاز هی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو ناوچەکان و پارێزگاکاندا"، واتە نابێت لە کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەند دەرچێت.

لە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردودا دادگای فیدرالی لە بڕیارێدا هەرێم ئەو نەوتەی لەسەر زەویەکانی بەرهەم هێناوە ڕادەستی بەغدا بکات، هەروەها ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان واژووی کردبوو هەبوەشێنێتەوە. بابەتەکە گەیشتە ئاستێک کە دەستاتی دادوەری لە بەغدا گرێبەستەکانی لەگەڵ زۆرێک لە کۆمپانیا بیانیەکان بە تایبەت کۆمپانیا ئەمریکی و کەندیەکان پووچەڵکردەوە.

هەروەها دادگای باڵای فیدرالی بڕیارێدا کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق "هەموو داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان" ڕادەستی بەغدا بکات، واپەدچێت ئەو یاسا نوێیەی نەوت کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە بەغدا ئامادە دەکرێت، دوا فاکتەر دەبێت کە کۆتایی خەونی هەر جۆرە سەربەخۆییەکی کوردستان دەخاتە ناو مشتی حزبە کوردیەکانەوە.

حکومەتی ناوەند دەیەوێت هەشنووسی یاسای نەوت و غازی عێراق لە هەگبەی یەک کۆمپانیای نیشتمانیەوە واتە کەرتی نەوت و غاز هەکبخرێت و هاوردەکردن لە یەک حسابدا دابنرێت.

ئەمەش کۆتایی بە هەر باسێک دەهێنێت سەبارەت بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوام بوون لە کارەکانی فرۆشتنی نەوت، کە پێشتر سەربەخۆ لە حکومەتی فیدرالی ئەنجامی داوە، تەنانەت ئۆگەر هەرێم بتوانێت کۆناهەکان بە گەیشتن بە ئامانجێکی لە فرۆشتنی نەوت هەکبخات، ئەوا دەبوو هەموو داهاتە نەوتیەکانی ڕادەستی حکومەتی فیدرالی بکات لە بەغدا، بەمەش حکومەتی ناوەندی بە تەواوەتی کۆنترۆڵی دارایی بەسەریاندا ئەنجام ئەدات.

باوەڕی بەرفراوان لە بەغدا هەیە کە پەدانی مافی سەروەری هەولێر

بەسەر نەوتدا، مەیلی جوداخوازی بەهێزتر دەکات و سەرچاوەیەکی ناکۆکی لەگەڵ پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی دەوڵەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکات.
ناکرێ ناکۆکی نەوتی نێوان بەغدا و هەولێر تەنیا وەک ناکۆکیەکی لەناکاو سەیر بکرێت، بەڵکو لەوە زیاتر درێژ دەبێتەوە بە حسابات سیاسی پێویست بە بژاردەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی حزبە کوردیەکان، لەلایەکی تریشەوە دابینکردنی ژێرخانی ئابوریە بۆ ئەو سەربەخۆییە، کە هەرگیز نیان توانی ژێرخانێکی جێگیر دامەزرێنن و هیچ ئاماژەیەکیش ئەوە نیشان نادات کە لە تەواوی ژیانی سیاسیاندا ئامادەیی و توانای سەربەخۆی و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوریان هەبێت.
ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشێنی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقیان دا لە بەرامبەر ئەوەی سوپای پێشمەرگە لە پێشەنگی شەڕی داعشدا بێت، هەروەها لەلایەن تورکیاشەوە پاڵپشتی کرا. بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ڕفراندەم هەرشکرایە سەر کوردستان وهەر هەنگاوێکی دیکەشیان بەرەو سەربەخۆیی سەرکوت کرد، چونکە پێکهاتەی حکومەتەکانی ئێستای عێراق و ئێران و تورکیا بەرگەی کاردانەوەکانی سەربەخۆیی کوردستان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا ناگرن.
لەلایەکی تریشەوە ئامانجی مەسکە تەنیا لە دەستبەرکردنی یەدەکی گەورەی نەوت و گاز لە کوردستانی عێراقدا سنووردار نەبوو، بەڵکوو درێژبوونەوە بە چاندنی تەوی لەناوبردنی سەربەخۆیی کوردستان و لە درێژخایەندا جەختکردنە لەسەر عێراقێکی یەکپارچە.
هاوکات چین کاریگەری خۆی لە باشووری عێراق دروست کردوە، لەگەڵ چەندین گرێبەست لە کەرتی نەوت و گاز کە دواتر دەتوانرێت بکاربهێنرێت بۆ گرێبەستی ژێرخانی گەورەتر لە سەرتاسەری باشووردا.
هەڵوەشانەوەی هاوکاری هەمەلایەنە کە لە نێوان ئێران و چین بە ساڵی ٢٠٢١ ئەنجامدرا، نوێنەرایەتی درێژکردنەوەی قەبارە و پانتایی هەڵوەشانەوەی "نەوت لە بەرامبەر ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان" دەکرد، کە بەغدا و پەکین لە ئەیلوولی ٢٠١٩دا واژۆیان کرد، کە هەگبەیان بە کەمپانیا چینیەکاندا وەبەرهێنان لە پرۆژەی ژێرخانی عێراق لە بەرامبەر نەوت.
بەیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە لەدوانی سودانی، لە ٣ی ئابی ٢٠٢٣، ڕایگەیاندبو، یاسای نوێی یەکگرتووی نەوت کە لە بەغداوە بڕیاردەبرێت، هەموو بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانکانی نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان بڕیاردەبات و فاکتەرێکی بەهێز

لەوی یەکپارچەیی عێراق پێکدەهێنن.
دەسەڵاتداریەتی حزبەکان لە هەرێمدا دوای سی دوو ساڵ سەربەخۆیی لە تاڵانچێتی و قاچاخچێتی بە نەوت و دامەزراندنی دۆخ و سیستەمێکی گەندەڵی لە تەواوی بوارەکاندا، لە بەرامبەر پرسیارێکی ئیسواو شەرماوەردان لە ئادەستبوونی دەسەڵاتەکیان بە خزمەتکردن بە یەکپارچەیی عێراق و پابەند بونیان بە حکومەتی ناوەندەوە.

پیرەز بەت یادی رۆژنامەگەری کوردی .. سەردار جاف

بەر لە ١٢٦ ساڵ و لە وڵاتی غوربەت و لە،قاهیرەی پایتەختی میسر یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی
نالی شاعیرێکی دیارو داهێنەری سنوری میرنشینی بابان بووە. بۆیە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو مێژووە کە میرنشینی بابان فەرمانەوا بووەو ((نالی))یش لە لایەك شاعیرێکی دیارو لە لایەکی تریشەوە هەم مەلاو هەم سەر بەیەکێك لە خێزە دیارەکانی سنوری بابان بووە ئەویش جافی میکایەییە لەبەر ئەوە ناشێت نالی لە بەرامبەر ئەو میرنشینەدا بێ لایەن بووبێت. کەواتە یان نالی لەگەلأ ئەو میرنشینە بووەو وەك شاعیری میرنشین خۆی نیشانداوە یان لە هەوڵستی دژی سیاسەتو ستراتیژی میرنشین دا بووە. لەبەرهەمی شیعری (نالی)دا بەگەی شیعری بێ دژایەتی کردنی میرنشین نادۆزینەوە بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئەگەر نالی لەگەلأ سیاسەتی میرنشین تەبا بووە داخۆ لەو ڕوانگەیەوە بووە کە میرنشینی بەنوێنەری باڵای نەتەوەکەی زانیوە؟ یان لەو ڕوانگەیەوە بووە کە نالی وەك مەلایەکی ئایینی بەو چاوە ڕوانیووێتی کە میرنشینی بابان لە سنوری (سلێمانی)دا نوێنەری ڕاستەقینەی فەرمانەوایی ئیسلامی بووە؟ گەڕان لە دوای وەڵامی ئەم دووپرسیارەو پرسیارەکانی تریش ڕێگا خۆش دەکات بۆ دیاری کردنی ڕۆڵی (نالی) لە بنیادنانی پێژەی گوتاری مانەوەی کورددا.
دیارە گومان لەوەدا نیە کە نالی وەك شاعیرێکی پایە بەرز سەرچاوەی زانستو زانیاریو روناکبیری بریتی بووە لە کەلتووری ئیسلامیو هەر لە سایەی ئەو کەلتوورەشدا لە ناوچەیەکی دواکەوتووی کوردستاندا گەیشتۆتە ئەو پلە باڵایەی ئاستی ڕوناکبیری کە ئەنجام ببێتە یەکێك لە لووتکە دیارەکانی شیعری کوردی لەمێژووی کۆنو نوێدا. هەبەتە نالی وەك مەلایەکی ئایینی ئیلتیزامی بە گەوهەری ئایینەکەوە هەبووە، بەڵام ئایا ئەو ئیلتیزامە گەیاندویەتییە ئاستی تەماهی کردنو تواندنەوە لەڕۆحی ئایینەکەدا یان سەرباری ئیلتیزامی تەواویش بەپەرەنسیبو دەستوورەکانی ئیسلامەوە خودکی

زیندوو که سیمای کەستی کوردییە هەرماوەو ئەویش بریتی بووە لە کەستی نالی کە هەنگاوی بەرەو دابڕان لە گەوهەری گوتاری سیاسی ئایینی ئیسلام ناوە؟ یان لە ئاستەیەکی تردا نالی لەبری ئەوەی لەنێو گەوهەری کەلتووری ئیسلامدا بتوێتەوە، داخۆ هەوڵیداوە گوتاری مانەوەی نەتەوەیی کوردو گوتاری ئایینی یەك بخاتو بەو پێیەش گوتاری ئایینی ئیسلام بە بەرژەوەندی دروست کردنەوەی کەستی تێکشکاوی کوردی بەکاربهێنێت؟

ئەمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە ناکرێت دوور لەبارو دۆخی کۆمەڵایەتیو مێژوویو ئاستی ژیانی سیاسیو فیکری کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو قۆناغەی کەنالی تێدا ژیاوە. وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەمان دەستگیربێت. هەر وەك ئاماژەشمان بۆ ئەوە کرد کە نالی هاوچەرخی دوا قۆناغی میرنشینی بابان بووە کە میرنشینێکی خۆایەتی کوردی بووەو هەستو هۆشیاری نەتەوەیی کوردیش وەك دەرئەنجامی سروشتی گەشەی کۆمەڵایەتی دروست نەبوون. دروست بوونی شاری سلێمانیش وەك شارێکی هاوچەرخ لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمداو بوونی بە پایتەختی میر نشین لە ئەنجامی گەشەی ئاسایی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو ناوچەیەدا نەبووە، بەکو سلێمانی بە بڕیارێکی سیاسی میرانی بابان دروست بووە تا بیکەنە پایتەختی میرنشینەکەیان. هەر لەرەشەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا بیرکردنەوە لە دروستکردنی سلێمانیو کردنی بە پایتەختی میرنشین بەرهەمی ئەقڵی کوردی خۆیەتی یان بە ئێنمایيو پێشنیاری دەرەوە بووە؟ ئایا نەخشەو بەرنامەی بیناسازی سلێمانی کە لە دەرەوە واتە لە ئێژناوا قەرز کرا لە ئەنجامی ئەقلأو سەلیقە پێشکانی میرانی بابان خۆیان واتە (کورد)بووە یان ئەویش بە ئێنمایی عەقڵی ئەوانی تربوو؟ ئەو پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی مێژوویو سیسیلۆژی هەیە کە من لێرەدا بەجێیان دەهێڵم لە لێکۆینەوەیەکی سەربەخۆدا کە لەسەر (میرنشینی بابانو دوا قۆناغ لەگەشەی خۆایەتی کۆمەڵگەی کوردی) هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەین.

بەڵام ئەوەی جێگای خۆیەتی ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە گوتاری میرنشینی بابان گوتارێکی خۆایەتی بووە واتە هەستو هۆشیاری نەتەوەیی بەو شێوەیەی کەناسنامەی نەتەوەیی بوون بەخۆی ببێت دروست نەبووە. هەر لاوازیو نەبوونی ئەو هەستە نەتەوەییە وەهای کردووە کە میرنشینەکە لە ئەنجامی کێشەی نێوان سەرانی میرنشیندا هەرەس بهێنێت.

(نالی) ئەگەر هەستو هۆشیاری نەتەوەیشی بەهێز نەبووبێت ئەوا وەك کەسێکی ووناکبیری ئەو سەردەمەو وەك شاعیرێکی داهێنەریش هەستی بەوە کردووە کەچی پێویستە بۆ بەرژەوەندیو مانەوەی میرنشینو چیش

دەبێتە هۆی هەرەس هێنانو لەناوچوونی هەر ئەو هەستکردنە وەهای کردووە لەئاستی هەر کارێکی پەسەندا دڵخۆشو خەنی بێتو زۆر جاریش ئەو هەوڵستە دروستانەی میرنشین کار لە هەستی شاعیرانەی نالی بکەنو ئەو حاڵەتەش بگوازرێتەوە بۆنو پانتایی دەقە شیعرییەکانی نالی، وەسف کردنی پاسەوانەکانی ئەحمەد پاشا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە ئەو یەتپیایەی نالی لە خەیاڵی مەودا فراوانی شیعری خۆیدا دروستی دەکات کەمارێکی نمونەیی بێتو ئەحمەد پاشا لە لووتکەی هەرەمی ئەو یەتپیایەدا بێتو پاسەوانەکانیش سوپای پارێزەری یەتپیاکە بن.

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن

ئاشوبی دڵی مەملەکەتو قەلبی سوپاهن.

گەرچی ئەوڵکدانەوەیەی لە دیوانی (نالی)دا بۆ ئەم بەیتە کراوە جۆرێکی تڕەو وشەی ئاشوبو قەلب وەها لێکدراونەتەوە کە تەنیا مانای ووکەشیان وەرگیراوە ئەویش لەبەر ئەوەیە وشە یان دڵەکە بەجیاو بەبێ دەزینەوەی دەلالەتەکانی لە سیاقی دەقەکەدا وەرگیراون. بەڵام لێکدانەوەی دروستی دەلالەتی ئەم قەسیدەیە ئەوەیە کە نالی لە خەیاڵدا یان بەخەون یەتپیایەك دروست دەکاتو ئەو یەتپیایەش مەملەکەتی بابانە ئەو مەملەکەتەش سوپایەکی دڵڕی لە گەنجو لاوان پێویستە تاپارێزراو بێت. ئەو سوپایەش لەدەوری میر کەدەبنەوەو مەملەکەت دەپارێزن دەستەی ئەحمەد پاشا دەستەی چاپووکی ئەو سوپایەن کە گۆکێپەی ناو جەرگەی مەملەکەتنو هەر خۆشیان هێزی بزوێنەری سەرجەم سوپای میرنشینی بابانن واتە ئەو یەتپیایەی کە نالی بەخەیاڵأ دروستی کردووە بەپێی ئەوڵکدانەوانەی کە گوایە نالی لەسەردەمی ئەحمەد پاشادا لە سلێمانی نەماوەو دوای ئەوەی کە ساڵی 1839 ئەحمەد پاشا بێتە میری بابانو لەم بارەیەوە مامۆستا جەمال بابان دەڵێت: ئەحمەد پاشا گەورەترین کوڕی سلێمان پاشا بوو ساڵی 1839 جێگای باوکی گرتەوە. ئەم میرە میرێکی لێهاتووو مەردبوو، جۆرێك لەدڵأ هەقی تێدا بوو، ئارەزووی دروستکردنی سوپایەکی ڕێکو پێکی هەبوو کە بە نوێترین شێوە پێچەکی بکات.(6)

لێرەوە دەردەکەوێت ئەوەی نالی لەو قەسیدەیەدا بەرجەستەی دەکات بریتییە لە خەون یان بەرهەمی خەیاڵأ کە ئەوەش لەگەڵأ مۆژوودا لێك دەدات، بەڵام دەلالەتی قوڵی ئەو قەسیدەیە لە سنوری ئەو یەتپیایەدا دەدزێتەوە کە سنووڕە نادیارەکانی لەو دیوی سنووری داخراو ناسراوی مەملەکەتەکەی ئەحمەد پاشاوەیە. دەبێ ئەوەش بزانین سەرباری بوونی بەگەیەکی مۆژوویی بۆ سەلماندنی بوونی ئەو سوپایە لەسەر وەختی ئەحمەد پاشادا، بەڵام ناشێت بڕوا بەوە بهێنین کە میرنشینێکی خۆایەتی کوردی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا

دەستەیەکی وا نمونەیی لە سوپا هەبووبێت، دیسان ئەمەش بەڵگەی زیاتر بەهێزکردنی خەیاڵە ئەفسونگەرییەکەی (نالی) یە بۆ بنیادنانی یۆتۆپیایەك کە جێگای خەونە مەودا قووڵەکانی ئەوی داهێنەری تێدا ببێتەوە.
دەشێ لەپشتی ئەم قەسیدەوە جۆرێك لەهەستی نەتەوەیی هەبێت، بەڵام بە لێکدانەوەی ئێمە ئەمە تەنیا لەو هێواندەوەیە کە ئێمە خەمان تا ئێستە وامان لە میرنشینی بابان روانیووە کە هەڵگری گوتاری نەتەوەیی کوردە. خۆ ئەگەر ئێستە بەوردی سەیر بکەینو بگەڕێینەوە بۆ ئەو بڕچوونەی پێشتر گوتمان کە گوتاری میرنشین گوتاری نەتەوەیی کورد نییە. بەکو گوتاری خۆایەتی کوردییە کە لە قۆناغێکدا توانیویەتی میرنشین دروست بکات. نالی لە دوو هێواندەوە یۆتۆپیای بابان دروست دەکات، پاسەوانەکانی ئەحمەد پاشاش وەك سوپایەکی نمونەیی وەسف دەکات.
یەکەمیان لەو هێواندەوەیە کە گوتاری نالی هاوشانی گوتاری میرنشینی بابانە نالیش وا دەڤێ کە بابان بەرزترین ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دروستی کردووە. واتە لە تێڕوانینی (نالی)یەوە میرنشینی بابان نمونەی باڵای فەرمانڕەوایەتی کوردەو دەبێ ئەمیش لەگەڵیدا بێت.
ئالێرەوە ماهیەتی گوتاری نالی لە مەسەلەی نەتەوایەتی ئاشکرا دەبێت ئەویش ئەوەیە لە چاوی دەسەڵاتو ستراتیژی میرنشینەوە کورد دەبینێ بۆیە ڕۆحی گوتاری نەتەوەیی نالی بەئەندازەی ڕۆحی گەشە سەندوی میرنشینی بابانە، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نالی نەیتوانیوە گوتارێکی نەتەوەیی مەودا فراوانتر لە گوتاری سیاسی میرنشینی بابان دروست بکات، هەر لێرەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە گوتاری سیاسی میرنشین نەخشەِ ڕۆژی گوتاری نەتەوەیی نالی دەکات کە ئەگەر لەهێواندەی ڕێنسانسی نەتەوەییەوە بۆواینو شۆوازی گەشەی کۆمەڵایەتیو بەو پێیەش گەشەی فیکریو ڕووناکبیری سروشتی بێت دەبێ گوتاری نەتەوەیی نالی سنووری گوتاری سنوورتەسکی میرنشینی بابانی تێك بشکاندایەو بپەییایەتەوە بۆ هەموو جوگرافیای نەتەوە.
لەلایەکی ترەوە نالی کە وێنەیەکی یۆتۆپیانەی پاسەوانەکانی ئەحمەد پاشا دەکێشێت دەشێ هیچ مۆتیڤێکی هەستی نەتەوەیی بوونی نەبێتو نالی وەك بەشێك لە ئیدارەی دەوڵەتی ئیسلامی لەمیرنشینی بابان بۆانێتو هەر کارێکی پەسەندو هەر دیمەنێکی سوپایی بەهێز لە سنوری میرنشینی (بابان)دا بەشانو شکۆی دەوڵەتی ئیسلامی بزانێتو میریش بەو جێنشینە دڵسۆزە بزانێت کە وەڵامی خۆی بۆ ناوەندی (فەرمانڕەوایی) بەجوانی جێ بەجێ دەکات. لێرەدا مەبەستمان

کەمکردنەوەی تەوانینی نالی نییە، چونکە دەشیا نالی لەم وانگەیەشیانەوە بنیادی پێژەی پێکهێنانی گوتاری نەتەوەیی کوردی بنایە کە ئەمیان جێ دەهێین بۆ دواییو جارێکی تر بۆی دەگەڕێمەوە بەتایبەتی کە باسی هۆی کێچ کردنی نالیو نەگەیانەوەی بکرێت.
یەکێک لەشیعرە دیارەکانی نالی کە تائێستە ئەوانەی لەسەر (نالی)یان نووسیووە جگە لە گیوی موکریانی ئەوانی تر بە بەگەی هەستی کوردایەتی نالی دەزانن من پێم باشە لەمیانەی خوێندنەوەی شیعرەکەوە ئەو بۆیارە بدەین. نەك بە بوونی وشەی کوردو کوردی ئیتر وەها تێبگەین ئەوە نالی گوتاری مانەوەی کوردی بنیادناوە. هەر لە بنەڕەتیشەوە بۆچوونەکەی گیو مایەی قسە لەسەرکردنە. چونکە ناکرێت تۆ وەك پێویست داوای شتێك لە شاعیر بکەیت کە لەووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگە نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە. لە بنەڕەتیشەوە بەراودکردنی نالی لەو قۆناغەدا لەووی بنیادنانی گوتاری نەتەوەییەوە بەشاعیرانی فارسو عەرەب کارێکی نادروستە چونکە هەریەکە لەو نەتەوانە مێژوویەکی ئامادەو کەلتورێکی ئامادەی پێشتریان هەبووە، بەڵام بەگوێرەی نالی ئەو زەمینە ئامادەیە بوونی نەبووە.
نالی دەڵێت:
تەبعی شەککر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتحانی خۆیە مەقصودی لە (عمدا) وادەکا
یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میپلی شەہ سوار
بۆ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەر کەس نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا
بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بەڕح
هەرکەس کوتاو پارچەی بۆ بەدەێ سەودا دەکا
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟!
کەی لەدیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!)

نالی لێرەدا بەیانی ئەوە دەکات کە ئارەزووی ئەوەی هەیە بە کوردی شیعر بنووسێت. لێرەشدا یان ئەوەتا نالی لەپێش ئەم شیعرەدا شیعری بە کوردی نەنوسیووەو ئەمە یەکەم ئەزموونیەتی، یان خودی ئەم شیعرە وەڵامە وەك لە دیوانی (نالی) دا هاتووە(7) بۆ کەسانێك ڕەخنەی ئەوەیان لە نالی گرتووە کە بەکوردی شیعر دەنووسێ. بەهەرحالأ ئەمەیان هێندەگرنگ نییە. بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو جیهانبینییەیە کە لەپشتی دەقەوە وەستاوە.
ڕاستەو خودی بکەر لەشیعرەکەدا کە خودی (نالی) یە لە

کاردانەوەیەکدا هەوەستی خۆی دەردەبڕێتو ئەو هەوەستەش دوو ئاماژەیە کە لە ئەنجامدا یەك دەگرنەوە. یەکێك وەسف کردنی توانای خۆیەتی کە چۆن یاری نێوان زمانەکان دەکاتو لەو بوارەشدا زمانی کوردی کەتا ئەوکاتە جگە لە شێوازی فۆلکلۆری شیعری نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە بایەی بەکارهێنانی کە نالی بەکاری هێناوە بەتایبەتی کە نالی شێوازی شیعری لێرەدا مەبەست عەروزو هونەرەکانی تری شیعری عەرەبیو فارسیە لە کوردیدا بەکاردەهێنێت کە ئەوەش خاڵێکی لاوازە لە وِوی گوتاری نەتەوەییەوە.
ئاماژەیەکی دووەم وەسف کردنی توانای داهێنانی خۆیەتی کە لەپێسەیەکی بەراوردکاریدا بەرهەمی خۆی لە لووتکەدا دەبینێت کاتێ بەراوردی دەکات بە بەرهەمی شاعیرانی تر، ئەم دوو حاڵەتەش هەر لەپێناوی سەلماندنی شاە سواری خۆیدایە لەبواری (داهێنان)دا، بەڵام دەشێ وای لێك بدەینەوە لەبنەڕەتەوە بڕشایییەکی مۆژوویی و کەلتووری لەپشتی ئەو بڕچوونەی (نالی)یەوە دەردەکەوێتو ڕاستیەکەشی ئەوەیە کەپێش ئەو لەمێژووی کوردا پانتاییەکی گەورەی بۆکردارلەووی داهێنانو بگرە نووسینیشەوە هەبووە بۆیە نالی وەك یەکەم کەسی داهێنەر بەیانی شێشەکەی خۆی دەکات کە لە نووسینی شیعردا گەوهەری بەیانکردنەکەی نالیش هەوەستی کەسێکە کە دەیەوێت ڕێی خۆی لە مۆژوویەکی بۆ کردار وەك بکەرێکی خاوەن کرداری ڕووداو دروست کەر نیشان بدات. هەر لێرەوە گرنگی ڕێی نالی دەردەکەوێت کە لەمۆژووی ئێمەدا دەیەوێت لە ڕێگای داهێنانەوە بەزمانی کوردی لە پانتاییەکدا کە بکەری تیا دروست نەبووە ئەم خۆی ببڕێتە بکەر. دیارە ئەوەش تەنیا بریتی نییە لەکارێکی تاکە کەسیو چیتر لەدوایەوە هیچ هەنگاوێکی تر نەنرێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە نالی لەو شێشەیدا بنەمای پێڕەیەك دادەنێت کە دەتوانین بڵێین هەنگاوی یەکەمە بۆ گەڕانەوە بۆ زمانی نەتەوە با نالی ئەو هەنگاوەشی لەژێر کاریگەری مۆتیفی هەستی نەتەوایەتیشدا نەنابێتو سەرچاوەکەی بریتبێ لە گەڕانی خودێکی داهێنەر بەدوای ئەزموونی نوێدا نالی لە هەوەستی ئەزموونگەرانەی داهێنانی شیعریدا ڕێگای لەوە کەوتبێت عەروزی عەرەبیو شێوازی شیعری فارسی بەزمانی کوردی لە نووسینی شیعردا بەکار بهێنێت، بەڵام ئەنجام هەر بەوە دەگات کە نالی زمانی نەتەوایەتی دەکات بەزمانی شیعر. چونکە یەکێك لە توخمەکانی گوتاری نەتەوەیی بریتییە لە زمان. بەڵام نالی ئینقلابێك بەسەر شێوازی شیعری کوردی پێشتردا دەکات کە بەکێشی پەنجە یان فۆلکلۆری کوردی بوو ئەوەش لەگاتاکانەوە وەرگیراوە کە ڕەسەنایەتیەکی کوردی هەیە. (نالی) لەو هەوەستەشدا زیاتر بنەماکانی گوتارەکەی بەهێز دەکاتو هەر لە سنووری وشەدا نایهێڵێتەوە ئەگەرچی بە چەمکی (بارت)وشەی

خ‌ی فیکره. به‌کو قوو‌ ده‌بـ‌ته‌وه بـ‌ ما‌نا واته بـ‌ مه‌به‌ست له به‌کارهـ‌نا‌نی ئه‌و زما‌نه کا‌تـ‌ ده‌ـ‌ـ‌ت:

که‌س به‌ئه‌لفا‌زم نه‌ـ‌ـ‌ خ‌ـ‌ کوردییه خ‌ـ‌ کردییه
هه‌ر که‌سـ‌ نا‌دا‌ن نه‌بـ‌ خ‌ـ‌ی تا‌لیبی مه‌عنا ده‌کا

ئه‌گه‌ر سه‌رنجی ئه‌و ده‌لا‌له‌ته بده‌ین له‌پشتی ئه‌م دووده‌ـ‌ـ‌وه وه‌ستا‌وه ئه‌وا بـ‌ما‌ن ده‌رده‌که‌وـ‌ت که نا‌لی له دوو ئا‌ستدا هه‌ست به که‌مـ‌تی‌و نا ئا‌ما‌ده‌بوون ده‌کا‌ت. ئا‌ستی یه‌که‌م (که‌س به‌ئه‌لفا‌قم نه‌ـ‌ـ‌ خ‌ـ‌ کوردییه) وشه‌ی (خ‌ـ‌) لـ‌ره‌دا ده‌لا‌له‌تی جـ‌ر‌ـ‌ك له دـ‌نیا کردن هه‌ـ‌ده‌گر‌ـ‌ت که ئه‌ویش دـ‌نیا‌کردنـ‌کی نـ‌گه‌تیڤه، چونکه ئه‌و بـ‌چوونه له پشتیه‌وه وه‌ستا‌وه که کوردی له ئا‌ستـ‌کی نزمدا‌یه‌و ده‌شـ‌ ئه‌وا‌نی تر بـ‌ـ‌ن ئه‌و زما‌نه‌ی که ئه‌و شیعری پـ‌ ده‌نووسـ‌ت له‌و ئا‌سته‌دا نـ‌ییه بـ‌کا‌رـ‌کی وه‌ها بشـ‌و دا‌هـ‌نه‌رـ‌ك به‌کا‌ری بهـ‌نـ‌ت. هه‌ر لـ‌ره‌وه جـ‌ر‌ـ‌ك له بـ‌ به‌ها‌کردنی ئه‌و کا‌ره‌ی نا‌لی ده‌رده‌که‌وـ‌ت، به‌ـ‌ام ئه‌وا‌نه‌ی که بکه‌ری نا‌دیارن‌و پـ‌یا‌ن وا‌یه که ئه‌و زما‌نه‌ی نا‌لی به‌کا‌ری ده‌هـ‌نـ‌ بـ‌ شیعر نوسین زما‌نـ‌کی بـ‌ به‌ها‌یه (چونکه کوردی)یه ئه‌وا‌نه کـ‌ن؟ دا‌خ‌ـ‌ هه‌ر کوردن یـا‌ن ئـه‌و بکه‌را‌نـه‌ن کـه زمـا‌ن‌و کهـ‌سـ‌تی کوردیـا‌ن لـه را‌بـردوودا تـ‌کشکا‌ندووه؟ یا‌ن ده‌شـ‌ هه‌ر له‌بنه‌ـ‌ه‌ته‌وه که‌سا‌نـ‌کی وه‌ها بوونیا‌ن نه‌بووبـ‌ت، به‌ـ‌ام نا‌لی له ئه‌نجا‌می گومان کردنیدا له سه‌رکه‌وتنی خ‌ـ‌ی له‌کا‌رـ‌کی له‌و جـ‌ره‌دا ئه‌ودـ‌ـ‌ه فـ‌ـ‌ بدات، به‌وا‌تا‌یه‌کی تر ده‌شـ‌ نا‌لی خ‌ـ‌ی له حا‌ـ‌ه‌تی هه‌ستکردن به‌لاوازی‌و نزمی ئا‌ستی زما‌نی کوردیدا له‌وکا‌ته‌دا له‌لاوه‌عیدا ئه‌وه دروست بووبـ‌ت که‌له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زما‌نی کوردی ئه‌و ئا‌ما‌ده‌بوونه‌ی زما‌نی عه‌ره‌بی‌و فا‌رسی نـ‌ییه ده‌شـ‌ ئه‌م بکه‌وـ‌ته به‌رهـ‌رش کا‌تـ‌ به‌کوردی ده‌نوسـ‌ت. ئه‌مه‌ش ده‌ما‌نگـ‌ـ‌ـ‌ته‌وه بـ‌ ئه‌و بـ‌چوونه‌ی که نا‌لی له‌گه‌ـ‌ا‌ن به‌دوا‌ی ئه‌زموونـ‌دا کوردی به‌کا‌ر هـ‌نا‌وه، ئه‌گینا ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر بنه‌ما‌ی ئا‌ما‌ده‌بوونی هه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی بوا‌یه نه‌ده‌گه‌یشته ئه‌و حا‌ـ‌ه‌ته شلـ‌ـ‌قه، به‌ـ‌ام له‌گه‌لأ ئه‌وه‌شدا ئه‌م بـ‌چوونه له‌به‌ها‌ی پـ‌ـ‌ـ‌ژه‌ی نا‌لی که‌م ناکا‌ته‌وه چونکه به‌پـ‌ی ئه‌م لـ‌کدا‌نه‌وه‌یه که‌سـ‌تی دا‌هـ‌نه‌را‌نه‌ی مه‌زنتر ده‌بـ‌ت. چونکه دا‌هـ‌نه‌ر به‌رده‌وا‌م به‌گوما‌ن‌و دووده‌یه‌وه ده‌ـ‌وا‌نـ‌ته کرده‌ی دا‌هـ‌نا‌ن‌و نا‌توا‌نـ‌ت به دـ‌نیا‌یی بژی‌و ما‌مه‌ـ‌ه له‌گه‌لأ با‌به‌تی دا‌هـ‌نا‌ندا بکا‌ت، که‌سیه‌تی نا‌لی له پشتی ئه‌م شیعره‌وه که‌سـ‌تیه‌که نا‌توا‌نـ‌ت بگا‌ت به یه‌قین. به‌کـ‌و به‌پـ‌چه‌وا‌نـ‌ه‌وه بـ‌ـ‌ه‌رده‌وا‌م لـ‌ـ‌ه ئه‌زموونـ‌دا‌یه، لـ‌ـ‌ه هـ‌ـ‌ه‌ر ئه‌زموونـ‌کیشدا له‌به‌را‌مبه‌ر ترسی سه‌رنه‌که‌وـ‌تندا ا‌ده‌وه‌سـ‌ت. نا‌لی ده‌ترسـ‌ ئه‌زموونی به‌کوردی نوسینی سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ست نه‌هـ‌نـ‌ت بـ‌یه پـ‌ش وه‌خته ده‌ـ‌ـ‌ من له سنووری مه‌ئلووفی بنیا‌دنا‌نی شیعر نووسین

دەرچووم، شۆوازێکی نوێم بەرهەم هێناوە بەزمانی کوردی دەشێ ئێوە بکەونە سەنگەری دژایەتی کردنمەوەو ئەزموونەکەم رەت بکەنەوە. ئەم هەوڵستەی نالی ناڕاستەوخۆ لای دەدوێ حاڵی هەموو ئەزموونێکی نوێیە، چونکە بەردەوام نوێخوازیو تازەکردنەوە دەکەوێتە بەرهێرشی کۆنە پارێزانو تەقلیدییەکان، کەواتە هەوڵستی نالی هەوڵستی تازە گەرێگە کە لە خەمی بنیادنانی ئەزموونی نوێدایە.
کاتی نالی لە ئاستی دووەمدا دەڵێت (کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە). ئەگەر سەرنجی وشەی (خۆ) بدەین سەرباری ئەوەی لەباری یەکەمدا جگە لە (خود) کە ئەویش مانای بکەری دروستکەری ئەو ئەزموونەیە لەهەمان کاتدا ئیحای جۆرێك لە دڵنیایی دەدات. لێرەدا نالی جارێکی دی بە بکەری نادیار کە دەشێ ئامادەبونیان هەبێت یان ئامادەبوونیان نەبێتو نالی لەحاڵەتی ترسدا بەرامبەر بە ئەزموونەکەی لە خەیاڵی خۆیدا ئەو بکەرە دژەی دروست کردبێت دەڵێت گلەیی ئەوەم لێ مەکەن کەمن لە ئەزموونی سەربەخۆی خۆمدا بەئاستەیەکی جیاواز لە شۆوازی مەئلوف دەنووسم. واتە لێرەدا نالی جارێك بەهانە بێ بوونی سەربەخۆیی بێ ئەزموونی نوێ دەهێنێتەوە جارێکی دی بانگەشە بێ (گەورەیی) خۆی دەکات کە بێتە خاوەنی ئەزموونو کرداری دروست کردووە، واتە نالی دەیەوێت بڵێت من شاعیرێکی سادە نیم تەنیا لە سنوری مەئلوفو تەقلیدا بجووڵێمو بەرهەم بهێنم، بەڵکو دەیەوێت بڵێ من خاوەنی کردارم.
کرداری نوسینی ئەو ئەزموونە شیعرییە بە کوردی لەلایەن منەوە ئەنجام دراوە، هەرلێرەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە نالی تەنیا لەو سنوورەدا نامێنێتەوە کەوەك (ئەفرێندراو) لای بوانرێت، بەڵکو نالی دەبێتە (ئەفرێندەر) ئەمەش قۆناغێکە کە مرۆڤ تیایدا دەگات بە ئاستی بوون هەر ئەوگەیشتنەشە بەحاڵەتی بوون ناوی نالی گەورەو مەزن کردووەو لە بنەڕەتیشەوە نالی لەدوای گەیشتن بە (بوون) دا دەگەڕێت.
لەلایەکی تریەوە نالی هاوشانییەك لەنێوان (خۆ کوردییە)و (خۆ کردییە)دا پێك دەهێنێت کە ئەگەر خود لە بەشی دووەمدا کە بکەرێکی کردار دروستکەرە کەستی کورد بوایە ئەوا مانای ئەوەمان دەست دەکەوت کەکردەی ئەو بکەرە لە پێناوی بە کوردی کردندا دەبوو بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام لێرەدا بکەری دروستکەری کرداری بەکوردی نوسین تەنیا نالی خۆیەتی لەم حاڵەتەشدا (کوردی) تەنیا بریتییە لە ئەزموونی شیعر نوسینی نالی. بەواتا لێرەدا دەبێ ئاماژە بێ ئەوە بکەین کە خودی کردار دروست کەر واتە بکەر نەبێتە کەسێکی نەتەوەیی کوردو بەرهەمی کردارەکەش کە بەکوردی نوسینە نەبێتە بەرهەمی هەستو هۆشیاری کورد، هەر لەبەر ئەوەیە ناکرێت بێ چەندو چوون ئەم شیعرەی

نالی بەگەوهەری گوتاری مانەوەی کورد دابنێین، ئاستە نالی بە کوردی نووسیویەتیو باسی لە مەئلوفیەتی زمانی کوردی بۆ شیعر نوسین دەکات، بەڵام ئەگەر هەستێکی سادەی کوردایەتیش لای نالی ئامادەبوونی هەبووبێت ئەوە نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی گوتار. هەر بۆیە من وای بۆدەچم کە نالی وەك ئەزموونگەرێك کە بەدوای نوێدا دەگەڕێت رێگای لە ئەزموونی بەکوردی نووسین کەوتووە، هەوڵستیشی بەرامبەر بەو بکەرە نادیارەی کە گوایە لە هەوڵستی دژی ئەزموونەکەی ئەمدایە زیاتر ئەم ئەزموونە بەهێزدەکات. ئەو حاڵەتەی کە تیایدا نالی وای نیشان دەدات کەسانێك هەن دژی بەکوردی نوسینەکەی ئەمن، حاڵەتێکە نالی بەگومان پێی دەگات. یان لە سنووری خەیاڵدا ئەو حاڵەتە دروست دەکات. خۆیشی وایدەبینێت کە ئەوەی ئەم ئەنجامی دەدات دەرچوونە لە سنووری مەئلوفو حاڵەتی باو بۆیە گومانی ئەوە دەکات کە دژایەتی دەکرێت، بەڵام هیچ سیمایەکی ئەو دژایەتی کردنە نە لە مژووی ئەدەبی کوردیدا پەیوەست بەو قۆناغەی نالی تیا ژیاوە بەگەی بۆ دەدزێتەوە، نە لە مژووی سیاسی (میرنشینی بابانیش)دا دژایەتی کردنی ئەوانەی تیا باسکراوە کە بە کوردی نوسیویانە لە پێش هەموویانەوە نالی..

بەتایبەتی بۆ ئەوسەردەمە لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی نەتەوەکانی تریش هێشتا لاواز بووە هێندە بەگرنگ لە مەسەلەی بەکارهێنانی زمان نەوانراوە، خۆ ئەگەر رەخنەیەکیش هەبووبێت ئەوا پێم وایە لەوە زیاتر نەبووە کە هەندێ کەس پێیان وابووبێت کە داهێنان دەبێت بەزمانی دەسەڵات بێت، زمانی دەسەڵاتی ئەدەبیش لەو مژووەدا زمانی عەرەبیو فارسی بووە سەرباری ئەوەی میرنشینی بابان ناڕاستەوخۆ سەر بە ناوەندێتی دەسەڵاتی عوسمانی بووە. بەهەر حاڵ لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەو گازەندەیەی نالی بەرامبەر بەوانەی کە لایان وایە زمانی کوردی بۆ داهێنانی گەورە نابێت ناتوانێت ببێتە بەگەیەکی بەهێز بۆ لایەنگرێتی حساب کردنی بە بەرهەمهێنی گوتاری نەتەوەیی کوردی، بەکو دەشێت ئامادەبوونی ئەزموونی نالی (لە شیعری کوردی)دا لە ڕوانگەی گوتاری نەتەوەییەوە وا دابنرێت کە هەندێ لە بنەماکانی بنیادنانی ئەو گوتارەی بەرهەمهێناوە.
دیسان ئەو بەگەیەی کە زیاتر بۆ بەرهەم هێنانی گوتاری کوردی لە شیعری (نالی)دا تائێستە دەهێنرێتەوە چامە بە ناوبانگەکەیەتی کە لەئاوارەییەوە بۆ سالمی شاعیری دەنێرێت و بەگشتی پرسیار کردنە لە بارەی سڵمانیو سنووری میرنشینی بابانەوە لە دوای هەرەسی میرنشین. نالی لەم قەسیدەیەدا وەڵی دوای دزینەوەی وەڵامە، بەدوای یەقیندا دەگەڕێت، یەقینی مانەوەی (شار) وەك خۆی، یان

یەقینی وەران بوونی هەموو شتێك لەدوای ڕووخاندنی میرنشین.
نالی لە قەسیدەی (قوربانی تازی ڕەگەتم ئەی بادی خۆش مرور) گەرانی بۆ ڕابردوویەك دەڵێت کە لە تەواوینی ئەوەوە ڕابردوویەکی نمونەیی زیندوی باڵایەو لە خەیاڵی ئەمی شاعیردا بەرزترین نمونەیە، ئەو نمونەیەش میرنشینی بابانە، ڕاستە لەدەست چوونی ئەو میرنشینە سەرباری ئەوەی دەسەڵاتێکی سنورداری ناوچەیی بووە، بەڵام زیانێکی گەورەبوو لەکورد، چونکە دەشیا خۆنو دەمارگیری خڵایەتی(8) بڕند ببوونایەو بگەیشتنایەتە ئاستی گەیشتن بە بەرزترین ئاستی ڕح، واتە ڕحی کەمەگە، کە ئەوەش بەرزترین ئاستە کە گوزارشت لە ماهیەتی ڕحی کەمەڵایەتیو عەقڵ بکات دەوڵەتە(9) بەڵام ئەمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە میرنشینی بابان میرنشینێکی خڵایەتی بووەو بەوپێیەش خاوەنی گوتاری نەتەوەیی نەبووە، خەمی نالی لەم قەسیدەیەدا خەمی هەرەسی ئەو میرنشینەیە. جا لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات داخۆ نالی لەو ڕوانگەیەوە نیگەرانە بەرامبەر بە ڕووخاندنی میرنشین کە نوێنەری کورد بووە؟ یان لەژێر کاریگەری وەلائی خۆیدا بۆ میرنشین لەو ڕوانگەیەوە کە خۆی وەك شاعیری میرنشین بینیووە هەڵوێستی نواندووە؟ لە هەر بارێکیاندا بێت دەلالەتی هەستی نیشتمانپەروەرێتی نالی دەردەکەوێت. بەڵام ئەوەی زیاتر بە تەواوینی ئەمە لەڕاستییەوە نزیکە ئەوەیە نالی لەبەر لەدەست چوونی شوێنو مەقامی خۆی بەهۆی لەنێو چوونی میرنشینەوە نیگەرانە.

لەلایەکی تریشەوە نالی لەتاراوگەوە بۆ زەدی خۆی دەگری ئەمەش جێرە حاڵەتێکە کەزۆربەی کات پێوەندییەکی ئەنتەلۆژیانە دەوری تێدا دەبینێ نەك هەستی نەتەوەیی، جیابوونەوەو پەرت بوون لە زەدو شوێنی لەدایك بوونو گەورەبوون بریتییە لە جیابوونەوەو پەرت بوون لەمۆزوو، لە ڕابردوو، لە بیرەوەرییەکان، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ لەو ڕابردووەدا خاوەنی یادەوەری خۆش بێت، لێرەوە دەشێ لاواندنەوەی سڵمانی لەلایەن (نالی)یەوە زیاتر لە ژێر کاریگەری بیرەوەرییەکانی ڕابردووەدا بێت، لەگەڵ هەست کردن بەغوربەتدا، غوربەتی خاك و ئاوو کانیو چیاو دارستان، غەریبی کەسو کارو برادەرو ناسیاران، لای نالیش غەریبی کێی پیاو ماقوڵانو میرو دیوەخانی میرو سەیرانو سەفای سڵمانیو دەورو بەریەتی، نالی لە ئەنجامی یەك گرتنەوەی ئەم دوو حاڵەتەی سەرەوەدا گەرانی بۆ سڵمانی دەڵێت، لە دوورەوە بست بەبستو شوێن بەشوێنی دەلاوێنێتەوە. ئەگەر نالی خاوەنی هەستیارییەکی نەتەوەیی بەهێز بوایە لەچاوی میرنشینی بابانەوە سەیری کوردی نەدەکردو هەرەسی میرنشین بەو شێوەیە بۆ هیوای

نەدەکرد کە جارێکی تر سەرنەکاتەوە بە وڵاتدا. راستە لە ڕووی جیهانبینی شیعرییەوە شاعیرێکی هەجگار داهێنەرو مەزنەو لەیزی ئەو شاعیرە دەگمەنانەیە کە توانیویەتی جیهانبینی گەردوونی بنیادبنێ، بەڵام لەڕووی بنیادنانی گوتاری نەتەوەییەوە دەتوانین بڵێین جگە لەچەند بنەمایەکی ئەو گوتارە نەگەیشتۆتە ئاستی فۆرمەلەکردنی گوتاری نەتەوەیی کوردی، نالی لە سنورێکی سادەو ڕووکەشدا کە ئەویش سنووری هەستە لەو گوتارە نزیك بۆتەوە، دیارە گومانی تێدا نییە کە ناشێت گوتاری کوردی بەبێ بەرهەم هێنانی فیکری کوردی بەرهەم بێت، یان سادەتر بڵێین بەبێ بەرهەم هێنانی جیهانبینی فیکری بەرهەم نایەت، ئەویش لە ئەنجامی ئیش کردن لەسەر مێژوو، کەلتوورو ڕەمزو هێماکانی کورددا یان لەنێو فانتازیای کوردیدا بەرهەم دەهێنرێت. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە نالی بخەینە بەردەم دادگایی کردنەوە کە بۆچی بەوشێوەیە کاری نەکردووە گوتاری نەتەوەیی بەرهەم بهێنێت، نەخێر، بەڵکو مەبەستمان زیاتر تیشك خستنە سەر ئەوبۆچوونەیە کە پێشترو بە تەواوەتیش لەساڵی (1991)دا دەرمان بڕیبوو کە نالی هەڵگری گوتاری نەتەوەیی کوردییە کە ئەو گوتارەشمان بەگوتاری مانەوە ناو بردبوو، دیارە ناکرێت کردەی داهێنانو ئەزموونی داهێنانی شاعیرێکی دیاری وەك نالی بەپێی ویستی ئێمە لێك بدرێتەوە یان ئەو گوتارە بەرهەم بهێنرێت کە ئێمە پێمان خۆشە.

بەهەرحاڵ قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم..) نابێتە بەڵگەی سەلماندنی جێگا کردنەوەی نالی لەسنوری بەرهەمهێنەری گوتاری نەتەوەیی کوردیدا، بەڵکو بەڵگەی حاڵەتی(نۆستالیجیا)ی شاعیرە بۆ زێدی خۆی کە ئەوەش جارێکە لە پاشەکشە یان بۆ ئومێدانە سەیرکردنی ڕووداوەکانە، بە واتایەکی دی لەحاڵەتی (نۆستالیجیا)دا بکەرێتی دروست نابێت، مەبەستمان لە بکەرێتی دروستکردنی جووڵەو ڕووداوە، چونکە گوتاری نەتەوەیی بکەرێکی خاوەن کردار دروستی دەکات بەتایبەتی لەمێژووی کورددا چونکە بەرهەم هێنانو بنیادنانی گوتاری کوردی بەجارێك لە خەسڵماندنو لە ڕووداوستان دەگاتە ئەنجام، بەڵام لەم قەسیدەیەدا نالی نەك ناتوانێت بکەرێکی خاوەن کردار پێشکەش بکات بەڵکو حاڵەتی لاواندنەوەو نۆستالیجیا بۆ زێدو شوێنی ژیان ڕاستەوخۆ سیمای بەرکارێکی بەرهەمێنی دەقەکە نیشان دەدات، شاعیر مەگەر تەنیا لەڕوانگەی بەرهەم هێنانی دەقەوەکەوە بکەربێت واتە لە سنوری بەدەقکردنی ئەوەی لە ناخیدایەو بەدەستیەوە دەتڵتەوە. جگە لەوە ئەگەر شاعیر پێشتر توانیبێتی بکەرێکی سادەو لاوازبێت لەسەر زێدی خۆی کاتێ لە ڕووی ئەوانەدا دەوەستێ دژی

بەکوردی نووسینن، ئەوا لەم قەسیدەیەدا ئەو حاڵەتە لاوازەی بکەرێتی لە دەست دەدات، هەر ئەوەشە وەهای لێ دەکات کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەرزەدی خۆی چونکە دڵنیابووە کە دوای میرنشینی بابان ئەمیش بوونی هیچ مانایەکی نییە لە شارو شۆنەواری میرنشیندا، هەر لێرەشەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدا نالی ئەگەر هەستێکی نیشتمانی بەهێزی هەبوو بۆچی پشتی لە نیشتمان کردوو جارێکی تر بۆی نەگەڕایەوە؟

مەسەلەی کۆچ کردنو نەگەڕانەوەی نالی لەلایەك دەشێ ببەسترێتەوە بە روخاندنی میرنشینی بابانەوە، چونکە نالی شاعیرێکی تەباو کۆك بووە لەگەڵ میرانی باباندا و گوتاری میرنشینو گوتاری نەتەوەیی نالی یەکیان گرتۆتەوە، لەبەر ئەوە کاتێك نالی دەچێت بۆ حەجو دواتر کە هەوالی هەرەسی میرنشین دەبیستێ ئیتر هیچ ئومێدێکی گەڕانەوەی نامێنێت چونکە ئەو نموونە باڵایەی کە ئەو ئومێدی پێ سپاردبوو واتە میرنشینی بابان هەرەسی هێنا. ئەمە ئەو لێکدانەوەیە بووە هۆی نەهاتنەوەی نالی بۆ سلێمانی ئەگەر نالی شاعیری میرنشین بووبێتو هیچ درزێك لەنێوان گوتاری نالیو گوتاری میرنشیندا نەبووبێت، بەڵام لێکدانەوەیەکی تریش هەیە بۆ هۆی کۆچ کردنو بەتایبەتیش نەگەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی. مامۆستا (مەلا کەریمی مودەریس) دەڵێت، نالی موریدی تەریقەتی نەقشبەندی بوو(10) جا ئەگەر بتوانرێت بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنرێت، ئەوا من پێم وایە نالی بەردەوام لەگەڵأ (میرانی بابان)دا لە حاڵەتی ناتەباییو ناکۆکیو هەندێ جاریش ئاشت بوونەوەدا بووە، هەمان شێوەی پێوەندی نێوان مەولاناخالیدی رابەری تەریقەتی نەقشبەندیو میرانی بابان. لێرەوە نزیکییەك لەنێوان گوتاری نەقشبەندێتیو گوتاری نەتەوەیی نالی لە شیعردا دەردەکەوێت، کە هەرچێن تەریقەتی نەقشبەندی مەیلی گەڕانەوەی بۆ نێو مێژوو و کەلتوری کوردی هەبووەو دەشیا گوتاری نەتەوەیی کوردیو گوتاری ئایینی لەڕگای تەقسەکانی تەسەوفەوە تێکەڵأ بکاتو نەقشبەندێتی ببوایەتە پێژەی زیندوو کردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کوردو بنیادنانی پێژەی زیندوکردنەوەی رێنسانسی رۆشنبیری کوردی ئەنجام بدایە هەمان شێوە گوتاری نەتەوەیی لاوازی نالیو رۆحی بەرەو دابڕانی تەریقەتی نەقشبەندی یەکگرتنەوەیەك لەنێوانیاندا هەبووبێتو، نالی لایەنگری مەولاناو تەریقەتەکەی بووبێتو رێشتنیشی بۆ حەجو نەگەڕانەوەشی لەژێرکاریگەری هەمان ئەو هۆکارانەدا بووبێت کە مەولانایان ناچاری وەڵات بەجێ هێشتن کردو رێگاشیمان نەدا پەیامەکەی بەئەنجام بگەیەنێت، بەڵام ئەمانەی لێرەدا باسمان کردن تەنیا گریمانی بۆچوونن لەوانگەی ڕوانینە

شۆنی گوتاری ئەدەبی نالییەوە، هەر لێرەشەوە زیاتر ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە نالی نەیتوانیووە گوتارێکی تەواوی نەتەوەیی بنیادبنێت بەڵام هەندێ لەتوخمەکانی ئەو گوتارەی بەرهەم هێناوە.

لەکاتێکدا دەشێ هاوشێوەیەك لەنێوان کێچ کردنی نالیو مەولانا خالیدی رابەری تەریقەتی نەقشبەندیدا هەبێتو وەك ئاشکراشە نالی هاوچەرخی سەردەمی کێشەو ململانێو ناکۆکی نێوان ئەو دوو تەریقەتەیە. دیسان هەر لێرەوە ناکرێت وای بۆ بچین نالی لەو کێشەیەدا بۆ لایەن بووبێت، بەتایبەتی کاتێ مامۆستا مەلا کەریم پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە نالی موریدی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، گەرچی بە بەگەی شیعری ناتوانرێت ئەم بۆچوونە بسەلمێنرێت، بگرە نالی لە کۆمەڵێ شیعردا بەدژی سۆفیو ژیانی سۆفیەکان قسەدەکات، ئەوەتا دەڵێت:

(بەزمی هەژارە، قەلفێی ئەغیارە، دەوری گوێ
صۆفی! بڵێ، مەبە بەدەك، تۆ لە ئەمە نیی!)

بەڵام من وای بۆ دەچم نالی خۆی لە ئاستی میرانو رابەرانی تەریقەتدا بینیووەو لە ئاستێکی بەرزەوە سەیری خوارەوەی کردووەو سۆفی لەخوارەوە بینیووەو خۆی لەوان جیاکردۆتەوە. هەربۆیە بەم جۆرە لەگەڵ سۆفی دەدوێت، ئەمەش جارێکی دی گوتاری ئەدەبی نالی دەبەستێتەوە بەگوتاری میرنشینی بابانەوە کە نوێنەری ئەو میرنشینە میرەکانن نەك سۆفی تەریقەتو رەعیەتی میرنشین. بەهەر حاڵ ئەوەی گرنگە لای ئێمە ئەوەیە زۆر جار بۆ لێکدانەوەو دۆزینەوەی گوتاری نەتەوەیی لە بەرهەمەکانی شاعیرێکدا راستەوخۆو بێهیچ دوو دڵییەك نازناوی رابەری شیعری نەتەوایەتیو فیکری نەتەوەیی دەدرێتە پاڵ هەندێ لە شاعیرانی ئابردووی ئێمە، ئەوەش دیارە مەبەست زیاتر گەورەکردنی ناویانە، بەڵام حەقە دەنیابین کە ئاستی داهێنانی ئەو شاعیرانە ناوی بۆ دروست کردوون. ئیتر پێویست ناکات بە زۆرە ملێ بیانخەینە هەندێ سنوری تایبەتییەوە. نالیش یەکێکە لەو شاعیرانە، بەڵام لەئاستیدا نالی بنیادنەری گوتاری نەتەوەیی کوردی نیە، بەکو هەندێ لە هەگەزەکانی گوتاری نەتەوەیی لە شیعری (نالی)دا دەدۆزێتەوە.

سەرچاوەکان

1-عەتا قەرەداغی- گوتارەکانی ئەدەبی کوردی- خەرمانە- ژمارە (5)

1992 سوید.
2-هەمان سەرچاوە.
3-محمد امین زکی –خلاصه تأریخ کرد و کردستان – ترجمه محمد علی عونی- القاهره 1939 ص 358 .
4-عەتا قەرەداغی – سەرەتایەکی مێژوویی لە تێکشکاندنی کەسێتی نەتەوەیی کوردی و پێژەی دابڕان – گۆڤاری یەکگرتن – ژمارە (16)ی ساڵی 1993 کۆپنهاگن.
5-ناجی علوش – المشروع النهچوی العربی – العدد (9) 1997 ص 104.
6-جەمال بابان – گۆڤاری کۆی زانیاری – بەرگی (8) 1981 ل 403.
7-مەلا عبدالکریم ی مودەریس – دیوانی نالی – ل 108
8-الدکتور محمد عابد الجابری – العصبیه والدوله ص 360
9-هیغل – العالم الشرقی – ترجمه امام عبد الفتاح امام ص 9
10-مەلا عەبدول کەریم ی مودەریس – دیوانی نالی 31
11- سەرجەم ئەو دێڕە شیعرانەی لەم باسەدا هاتوون لە دیوانی نالی ئامادەکردنی مامۆستا مەلا کەریمی مودەریس وەرگیراون.

ێکلامـــی کتـــب و ێکلامـــی مـبیلیـــات!.. ســـەدیق ســـەعید ێواندزی

بە ێکەوت، لە والی تایبەتی کتێبخانەیەك، ژمارەیەك نووسەر و وەرگێم دیت، کە هەریەکەیان کتێبکی خێی بە دەستەوە بوو، وەك نیمچە ێکلامێك بە خوێنەرانیان دەناساند وباسیان دەکرد. لە ێاستیدا، ێکلامکردن بێ کتێب، دیمەنێکە نەك نابێ خێشحاێمان بکات و هانمان بدات بێ خوێندنەوە، بەڵکو دەبێت ببێتە مایەی نیگەرانییەکی قووڵ و پرسیار و گومان، بەوەی کتێبیش وەك سەرچاوەی مەعریفە، هاوشێوەی هەر کاێایەکی دیکەی بازاێیی بێ نموونە وەك مێبیلیاتی لێهاتووە. ێکلامکـردن بێ کتـێب، مانـای وایـە کتـێبیش وەك هـەر کەرستەیەکی دیکەی ژیانی لێهاتووەوە ئەو بەها مەعریفی و سیمبولی و هزرییەی نەماوە و بە ێکلام نەبێت، کەس بەلای کتێب داناچێت. هەمیشە وەك خوێنەرێك تێبینی ئەوەم کردووە ، کە ئەو کتێبانەی دەناسرێن و

یکلامییان بۆ دەکرێت، لەو کتێبانەن کە ناوەڕۆکی لاواز و نابابەتیان هەیە و دوای خوێنەوەیان، هیچ جۆرە پرسیارێکی هزری و چڕ و جوانییەك لای خوێنەر جێناهێڵن. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەم، دەتوانم ناوی دەیان کتێب و ڕۆمان و شیعرو وەرگێڕان بهێنم، بەڵام لە بەر ناو و ناوبانگی نووسەرەکانیان، خۆیانی لێ دەبوێرین. لە دنیای بازرگانی ئێمەدا، یکلامکردن دەرەچەیەکی چاکە، بۆ فریودان و هەڵخەڵەتاندن و دەستخەڵەکردنی کۆیار، بۆ ئەوەی بە ناوی کەرستەی کواڵیت بەرز و ناوازە، کەرستە و شتومەکە زبر و خراپەکانیان، ساغ بکەنەوە. هەمیشە بانگەشە بۆ ئەو کەرستانە دەکرێت، کە بازاڕیان نییە و لەو ڕێگەیەوە، دەیانەوێت کۆیاری بۆ پەیدا بکەن. ئەمە بەو مانایە نییە ئێمە لە بایەخ و ڕۆڵی یکلام بۆ نمایشکردن و ناساندنی هەر شتێك نەگەین، بەڵکو بەو مانایەی ئەوەی لێرەدا لە بەرچاو دەگیرێت، سوود و قازانج و دەسکەوتی ماددییە، نەك ئەوەی ئەو کاڵایە چەند کواڵیتی بەرزە و شیاو و تەکمەیە. ئیدی لەو ڕێگەیەوە، دەیانەوێت ختووکەی سۆزی کۆیارەکان بدەن، بۆ ئەوەی سەرنجی بچێتە سەر ئەو کاڵایە و تاقیبکاتەوە، بەڵام ئایا یکلام بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی پەیوەندی ئێمە بە کاڵایەکەوە گرێ بدات و بیکەینە پێوەرێك بۆ تاقیکردنەوە و هەڵبژاردنی؟ لە کۆمەڵگەی ئێمە و وڵاتانی جیهانیشدا، هەر کاتێك ئاماژە بۆ کەرستە و ئامرازێك دەکرێت کە لە ژاپۆن دروستکراوە، ئیدی پێویستیمان بەوە نابێت یکلامی بۆ بکرێت ، چونکە هەموو دنیا دەزانێت، کواڵیتی ئەو کەلوپەلانەی لەو وڵاتە بەرهەم دێت، بۆاندو ئۆرگینااڵن و لاسایکەرەوە نین. ئێمە پێویستیمان بەوە نییە کەسێك پێمان بڵێت کەلوپەلەکانی ژاپۆن بکڕن چونکە باشن، ئێمە خۆمان ئەو ئاستییە دەزانین، لێرەوەش بانگەشە بۆ ئەو کەرستانە بکرێت یان نا، هیچ سەرنجڕاکێشانێك لای مرۆڤ دروست ناکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر کاتێك باسی کاڵای چینی دەکەین، ئەوەمان بۆاندێتەوە کە چەند مانگێك کاردەکات و ئیدی لە کار دەکەوێت. بە مەش ئەگەر ملیۆنان جار یکلام بۆ کەرستە چینییەکە بکرێت، هاوتای ئەو کاڵایەی ژاپۆن نابێت کە بۆ یکلامکردن شۆنی خۆی دەگرێت. دەشێ ئەمە بۆ کتێبیش هەمان شت بێت. کتێبی گرنگ و بە بەها، تێکستی مەعریفی و بابەتی، شیعر و ڕۆمان و وەرگێڕانی جوان و داهێنەرانە و سەرکەوتوو، هەرگیزپێویستیان بەوە نییە یکلامیان بۆ بکرێت، بەڵکو خۆیان دەچنە نێو خوێنەران. بۆوام وایە، کتێب دەبێت خۆی لە ووی ناوەڕۆکەوە، هەڵگری ئەو هێزە بێت، کە بچێتە نێو خوێنەران و خۆی بسەپێنێت و بخوێنرێتەوە، نەك نووسەرەکەی لەم شار و لەو شار، بانگەشەی بۆ بکات و بیناسێنێت. ئەگەر نووسەر و وەرگێڕێك، ئەزموونکی جوان و

سەرکەوتوو دیاری هەبێت، پێویستی بەوە نییە خێی لە پەراوێزی کتێبەکانی بناسێنێت و کتێبەکەی بەدەستەوە بگرێت و بە خوێنەران بڵێت کتێبەکەمان بخوێننەوە. کتێب و نووسین دوای بەاوکردنەوەیان، پەیوەندییەکی ئەو تێیان بە نووسەرەوە نامێنێت و ئەوە خوێنەرە، دەبێتە سەنگی مەحەك بێ هەڵسەنگاندنی کتێبەکە. بە ئێستاشەوە، ئێمە پێویستیمان بەوە نییە کەس (شار) ی حوسێن عارفمان پێ بناسێنێت، (چێشتی مجێور) ی هەژار موکریانیمان پێ بناسێنێت، (ێیگا) ی مەمان پێ بناسێنێت، (سەگوەێ و ئەژدیها و لاوەکی هەەبجە و گێستانی چراکان و دوانزە وانە بێ منااانمان) پێ بناسێنێت، چونکە ئەو تێکستانە، خێیان لە ناوەێکدا هەێگێی وزە و هێز و تین و تاوی ئەوەن، خێیان بەسەر خوێنەر دابسەپیبَنن و بخوێنرێنەوە. هەرگیز ێیکلام ناتوانێت، کتێبێکمان لا پەسند و گرنگ و خێشەویست بکات، ئەگەر خێی لە ناوەێکدا هەێگێی ئەو ێەگەزانە نەبێت. کتێب پێویستی بە ناساندن، شێڤەکردن، بەخشین بە واژێی نووسەرەکانیان نییە وەك ئەوەی ئێستا بێتە مێد، بەڵکو خوێنەران خێیان دەتوانن ناوەێکی ئەو کتێبە دوای خوێنەوەی هەێبسەنگێنن. کەم نین ئەو کتێبانەی لە دەیان شوێن ێیکلامیان بێ دەکرێت و بە کتێبێکی گرنگ دەناسێنرێن، کە چی خوێنەر کە دەیخوێنێتەوە، هیچ چێژ و جوانی و مانایەك لە کتێبەکە وەرناگرێت، خێم وەك خوێنەرێك سەدان ئەزموونم لەو بارەوە لەگەێ خوێنەوەی کتێبەکان هەیە. بگرە خوێنەرانێك هەن، پەشیمانی خێیان دەردەبێن لەوەی هەرپارەیان بە کتێبەکەش داوە! کتێب، کورسی و مێز و کێنە نییە، تاکو نووسەرەکەی وەك کێنە کێ و سەوزە فرێش و میوە فرێشەکان، شارە و شار بگەێت و ێیکلامی بێ بکات. خوێنەرێك، ئەگەر خوێنەر و عەودالی کتێب و خوێنەوە بێت، لە سەر مەریخیش بێت، ئێوا بە دوای کتێب و بەرهەمی بەاوکراوە دەگەێت و تا نەیخوێنێتەوە واز ناهێنێت. لەو ێژانەی ێابردوودا، چەندین کەمەڵە شیعر لە سنووری سێران و ێواندز بەاوکرانەوە، هەر ئەوە مابوو بڵێین لە سێران شیعر دەبارێت ! جا گرنگ نییە کام جێرە شیعرە، ئەم دوو شارە، تەنها چوار خولەکێك نێوانیانە، کە چی شاعیر هەبوو، لە هەروو شارەکە کتێبە شیعرییەکەی خێی دەناساند، سەیر لەوە دابوو لەو ناساندنانە، هەر ئەوانەی سێران بوون دەهاتنە ێواندز و هەر ئەوانەی ێواندزیش بوون، دەچوونە سێران، واتا لە هەردوو شوێنەکە هەمان کتێبیان وەردەگرتەوە. هەمیشە بێوام وابووە، تێکست و کتێبی جیاوازو داهێنەرانە، پێویستیان بە ناساندن و واژێی نووسەر و ێیکلامکرن نییە، چونکە کورد وتەنی (مانگ کە دیاربوو، پێویست بە ئاماژە کردن ناکات).

*ئەم باسەتە لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە(4044) لە ڕۆژی 28/3/2024 باڵاوکراوەتەوە.

سپێتی بەفر وەک شیعر.. ڕێباز محەمەد جزا

خوێندنەوەیەکی پانتۆمیمی بە ناونیشانی (بەفر) ی نووسەری گەنج (ماکسینس فەرمین)

دنیای نوێ ، زەرشتی بەهەند وەگرتووە ، لای زۆرێك لە تیۆرسێنەکانی بواری ئەدەب (ناونیشان) پایەیەکی گرنگی دروست بوونی ئەو جیهانە هاوچەرخەیە کە ڕەهەندی گرنگ دەبینێت لە پێشخستنی کەلەگەدا . لە بەرئەوەی کتێبخانەی کوردی لەووی تەژینەوەی ئەکادیمیەوە ، دەربارەی (ناونیشانی نوێ) زۆر هەژارە ، کاتێك دەماندەوێت قسەی لەبارەوە بکەین ، هووبەووی گرفتی زۆر دەبینەوە بۆتایبەتی لەقۆناغی نووسین و شیکردنەوەدا ، ئەمەش دەخەکە هەکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەست و پێ پێبردنانەی بەپلەی یەکەم وەك خوێنەری دەق و هوشیاری و نەریتی خوێندنەوە هووبەووەمان دەبێتەوە کە ئاستی جیاوازی چێژی ئەدەبیمان و نەبوونی پێشینەو سەرچاوەو ژێدەری پەویست بەیەکاکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانمانەوە بۆتایبەتی لەووی ترادسیەنەوە بەخوێنەری ئەمە گرنگە ،(ماکسینس فەرمین) ناونووسکی فەرانسیە و بە شێوازێکی کورت و چڕ دەنووسێت. ئەو شێوازەی ئەو زیاتر بە شێوازی مینیمالی ناسراوە و وردەکاریەکان بە خوێنەر جێ دەهێڵێت و چاو دەبڕێتە نەخشەی سەرەکیی ناونانەکەی فەرمین شاکارەکەی بریتیە لە"بەفر،" "هەنگاوان" و "کەمانچە ڕەشەکە" ئەو سێ ناونانن.
بەفر، یەکەکە لەئەزموونەتازەکان کە شێوازی نووسینەکە لەلایەن جەندین ناونووسەوە کاریان تێداکراوەو هەندێکجار بەناونانی مینی ماگیستیش ناودەبرێن . بەفر ناونانکە دەربارەی جوانی و سپێتیی بەفر و هایکەی ژاپۆنی. خودی ناونانکە فەزایەکی هایکەیی هەیە و لە هایکۆنووسێک دەدوێت. ڕۆژێک هایکۆنووسەکە لەگەڵ باوکیدا بە تەنیشت ڕووبارێکەوە پیاسە دەکەن، هایکۆنووسە گەنجەکە بە باوکی دەڵێت:

شیعر چییە؟ باوکی دادەت: شیعر ئەم هەوبارەیە. ڕەمانی بەفر ، کە بەرهەمی هزریی نووسەری گەنج ماکسینس فەرمینی لەدایکبووی (1968) ە و دەکرێت باش بخوێندرێتەوە، چونکە ڕەمانی بەفر تام و چێژکی تایبەتی بەمرۆڤ دەبەخشێت . جیاوازە لەڕەمانی بەفری ئەرهان پامک کەئەویش بەرهەمکی تری ناوازەو شاکارکە بەخی بەناو ئەمە لەرەدا باسی ڕەمانی بەفری فەرمین دەکەین ؛ ئەو دەمەی ڕەمانکە دەخوێنیتەوە واهەست دەکەیت ڕەچوویتە ناو چامەیکی شیعری بەپەز، چونکە سەراپای ڕەمانکە بە نەفەسکی شیعری نووسراوە، کە ئەمەش داهێنانکی تازەیەو زیاتر سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا کێشدەکات . فەرمین نەیشاردۆتەوە کە چەندە لەژێر کاریگەری شیعردایەو ئاوا گوزارشت لەشیعرو شاعیر دەکات لەبەر ئەوەی شیعر لای فەرمین هاندەرو یارمەتیدەرکە بۆ دەزینەوەی جوگرافیایکی جیاوازترلە مرۆڤ، ئەو ئاوا گوزارشت لەشیعرو شاعیر دەکات. هەروەها ئەو دیوەت ئەدەبو هونەر بەتەکنیکی ببینەت هو هەرواش بۆئەمەیان بناسێنەت ، ئەو ڕایەڵکی بەهێزی هەیە لەنێوان خۆشەویستی لەلایەکو سەماو جوانناسیو مۆسیقاو نیگارکێشانو شیعر لەلایەکی تر. سەرچاوەی هەموو ئەمانەش بەلای ئەوەوە لە خۆشەویستی ئافرەتکەوە سەرهەڵدەدەن بە کاراکتەرکی بەهێزی ناو ڕەمانکە، کە ئەویش (سوزوکی) یە. واتە لە بەرامبەر تەواوی هونەرکاندا ئەو بەلای خۆشەویستی دایدەشکێنەت . ئەوەش سەرەڕای لەیەکچوونیان، بەناو(خۆشەویستی بە قورسترینیان دەزانەت . تەواوی گرێبەندەکانی ناو ڕەمانکەش (ڕەکەوت) دەکەنە شوناسی خەیان، واتە ڕەکەوت پرۆشەیکی دیاری ناو ڕەمانکەیە، کە چەندین جار هاتەسەرگەی ، وەك دەبینین بەڕەکەوت بەسەر لاشەی (بەفر) لەناو بەستەڵەکدا تەدەپەڕەت بەناو لەبەر جوانییەکەی لەهەش خەی دەچێت. یان ڕەکەوتی بینینی سوزوکی و بەفر و دروستبوونی ئەو عیشقە ڕاستەقینەیەی لای سوزوکی یا بەیەکگەیشتنی (کچی بەفر) و (یەکە) و زەماوەندکردنیان، یان کە سوزوکی زانیبووی جوانترینو سپیترین تابلۆی خەی بکەشێت.

فەرمین شەکی گەورە بەرپادەکات لەنێوان ڕەنگ و بەنگیدا ، کە سەرەتا بەدوای دەزینەوەی بەنگیەوە دەبەت هو لەگەی سوزوکی دەیدەزێتەوە ، کە ئەو دەمەی نابینا دەبێت و دواجاریش بەکناری ڕەنگەکان دەگات لەگەی یەکەوە، ئەوەی سەرنجیش ڕادەکێشێت ئەویە، بەفر لای ئەو بەنگە یان کە دەڵێ: بەفر سپییە، هەر بۆیە دیار نیە و شایانی بوون نیە، جا دەشێت ئەمە ڕەنگکی خەیاڵی بێت و کەشف نەکرابێت. یان لەهەندەك وڵەی ناو ڕەمانکەدا جە پەنجەی زانست دیارە، بەشەویەك کە ئاوێتەی کردووە لەگەڵ ڕەمانسییەتو لەگەی زانستەوە دەرگای بەووی جوانیی و سەز کردۆتەوە. ئەوەتا سوزوکی بە

یەکێ دبێژە: کوێ خەم ئەو چوونە چ سودەکی بۆ من هەیە؟ ئەزانم ئەمەی وتت راستە ، بەڵام چوونە سەر مەزاری هاوسەرەکەم کە سااڵنەکی زۆرە مردووە، بۆ پیرەمێردەکی وەکو من چ سودەکی هەیە ؟ یان هوروشی دەڵێ: .. لەیەك شت دنیابووم ، ئەویش ئەوەبوو کە ئەم پیردەبێتو دنیا بۆچێ دەهەژێت، بەڵام ئەم ڕوخسارە جوانە خەوتووەی ناو ئەم بەفرە، هەرگیز پیرنابێتو تەنانەت دوای مەرگیش و تا ئەبەد خەشەویستی بۆ ئەم ژنە لەوەدا دەمێنێتەوە. ئەمە بەفر و بەستەڵەك وەکو مەمیاکردن وان بۆ لاشەی مردوو، هەروەها کار لەسەر هەشتنەوەیان دەکات لە دەخەکی جگیردا، بۆ پێچەوانەی باری تری فیزیایی لە فەزای ئازاد کە کاری داخوراندو پیربوون لەسەر لاشەی ئادەمیزاد دەکەن. فەرمین لەسەی یەکەی پاڵەوانی ناو ڕمانەکەوە، شارەزایەکی زۆر بەکاردێنێت بۆ لەك نزیکخستنەوەی هەردوو جیهانی واقیعەو خەیاڵ. ئەمەش ئەو کاتەیە کە یەکە زانیاری لەسەر (بەفر) دەداتە سوزوکی و سوزوکی بەسەرسوماوەو پێی دەڵێ: تۆ ئەم شتانە لە کوێوە دەزانیت. بەڵاستی تۆ کێیت؟ پێیامهێنەکی دونیای مردووانیت ؟ کەس نازانێت ئەو لەکوێیە، دەمەکە ئەو کەژو کێوە ئەویان لەمن سەندتەوە. هەرچەندە یەکە دێوە یارییەکە بکاتو تەپەکە بخاتە گەپانی مامەستاکەی و پێی بڵێ ئەو لەسەی جوانیی ڕەحەوە دەرك بۆ شتەکان دەکات، چونکە بەرلەوە فەرببوو(کە لە بنەڕەتدا ڕەشنایی ڕاستقینە و ڕەنگی ڕاستقینە پێوەندیان بە جوانی ڕەحەوە هەیە) یان ڕاستیەکەی دێیویست بەمشوێیە مامەستاکەی هەڵخەڵەتێنێت، کە ئەمە جاری یەکەمی نیە، بەڵکو بۆ یەکەمجار ئەو کاتەبوو کە لەیەکەم پرۆقەدا مامەستا پێی گوت: چاوەکانت بخەرە سەریەك و بزانم چی دەبینیت؟ ئەویش وتی ڕەنگی سووری درەختەکان، بەڵام مامەستا هەستی بە ساختەیەکەی کردو بۆ تونەدی وەڵامی دایەوە، جاری دووەمیش ئەوەبوو کە مامەستاکەی هەڵخەڵەتاند و لە واقیعیشدا چی بینیبوو دەربارەی (بەفر) ئەوەی خستە ناو چەوەی خەیاڵو بۆ مامەستاکەی ڕاگەیاند، واتە خەیاڵی تۆزیفی سەر واقیع کردو مامەستای پێ سەرسام کرد، کە ئەمەش هونەرەکی جوان و ئەرێنی هەبوو بەڵای سوزوکی یەوە، کە گرێی دەروونی بۆ کرایەوەو بەاڵشەی بگیانی (بەفر)ی گەیاند و تا ئەبەد لەتەنیشت لاشەی ئەو ڕاکشا هەروەها لەڕمانەکەدا ژمارە(7) ئەفسونەکە یان تاکە دوورگەی نەدەزراوەی نەو ڕمانەکەیە، تەواوی ئەوانەی ڕمانەکە دەخوێننەوە، هەرگیز لە سیحری ئەم ژمارەیە ناگەن، چونکە مەبەستەکی شاراوەی ڕمانەووس لە پشتی ئەم ژمارەیە خەی مەاڵس داوەو ئەویش مەبەستی نیە بیدرکێنێت تەنها دەتواندرێت لەکدانەوەی بۆ بکرێت .
لەگەتاییدا دەکرێت بەڵین بەمانی سەردەم بەمانی مینیمایی یان

هەرناوەکی تری لەبنەین پەویستە و مرۆقی کورد ئەم جۆرە ڕەمانە پوخت وبەگەردانە بخوێنەتەوەو خۆی لەگەڵ جیهانی نوێ بگونجێنێت و دوور بکەوێتەوە لەدرێژ دادی بێ واتاو بێ ئاکام وەکو هەندێک نووسەری پەدەناسرێتەوە .

لەکدان.. چیرۆک: نەوزاد بەندی

ئاخر توخوا ئەمەیش بوو بە چیرۆک ؟
ئەو بەیانییە پشوو بوو ، نەمزانی بە هۆی چیەوە پشووە ، چونکە پشوو ئەوەندە زۆر بوون ، ئەبە بەدوادا چوونی بە بکەیت ..وای لە هاتووە بڕپرسە قازێک بخوا و لەلای بێتام بێ ، ئەو ڕۆژە ئەکرێتە پشوو ،ناوەکی لە ئەنرە ، ڕۆژی قاز ..قازە بچۆکەی خاونشکە ..قازی قازان ..داستانی قازقازێک ..قازە خڕلەخە نەدیوەکە ….
لەناو جەدا پاەم لەدابەوە ، ژوورم تاریک کردبوو ، بێتەما بووم ئەو ڕۆژی قاز و شتە بکەم بە ڕۆژی خۆو ..ئە لە سەردەمکداین ، پاەکەوتبی پارزراوتریت لەوەی دانیشتبیت ..دانیشتبیت ، ژیانت پارزاوترە لەوەی بە پەوە ڕاوەستابیت . . لە ماڕەوە بە پەوە ڕاوەستابیت ، فیشەک کەمتر ئەتدزێتەوە تا لە دڕەوەی ماە بە پەوە ڕاوەستابیت ..
بەڕام چی ئەڕەی لەگەڵ لیستی بازاڕ کردندا ؟ هەر هەندەم زانی لە لاپەڕەیەکی حەوت سانتم پان و بیست سانتیم درێژدا ، ناوی کەمەڕەک بابەت نووسراون ، کە ئەبوو بیانکەم : پاککەرەوەی شوف سێ لیتر و نیویی ، خۆی هیمالایا ، ترزی ترشیات ، دوو دەسک کەرەوز و دەسکەک مەعدەنەس با گەڕاکانی تەخ نەبن ، دەسکەشکی لالە با میدییەم بێ ، سەمونی حەجەری ، زیرە ، گشمیش ، دەرمانی فەلافل ، عەمبە ، ساسی فە فە ، لاستیکی مەنجەڵی هەڕەم سایزی 6 ، کیسی خەڵ ، پەڕەی سیحریی ، دوو پاکەت ئاو ، نیو کیلە قەیسی ، دوو کیلە و نیو گوەبەڕۆژە ..ماسیحەیکی سنکی مەتبەخ ….
ئەو لە قەیەفەری سەری کردبووو بە هەلانەی مریشکەکانا و لەبەر خەیەوە پرتە و بەڕەی بوو : ئەک پاەتان نەگەڵەڕ مریشک ، لە دوانزە هەلکەوە هاتە سەر سێ هەلکە ..
ئیتر بە پشتا و پشتا بە خڕایی لە هەلانەکە هاتە دەرەوە ،کەفەڕی بەر نەووکی بتەڵ غازەکی ژەنگاویی کەوت ، کە نیوە وەستاو ،

وەستێنرا بوو ، هاواری لێ بەرز بووەوە : پێکرام ..خۆم ئێ !
من بە کاوەخۆ هەستامە سەر پێ و ..لێستی بیست سانتیم پان و حەوت سانتیم درێژم خستە ناو پانتۆڵی کاوبۆکەم کە بە پشت دەرگاکەدا وەک کەوڵی ڕەویی هەڵواسرا بوو ، جا بیرم کردەوە ئەم جارە لاپەڕەیەم لە کوێ کەیوە ؟ هەرچەندم کرد بیرم نەکەوتەوە ..
چوومە بەردەم ئاوێنەکە ، تەماشایەکی خۆمم کرد ، پیاح چەند ناشیرینم ..پێستەکی تاریک ، پەڕەی سوور لێملاولاوە ، زبریەک وەک ئاو شەقامانەی پارێزگاری نوێ ئایەنین و هەتا بڵێیاردان لەسەر بودجەی ساڵی نوێ بەجێی ئەهێشتن ..تەماشایەکی ڕیشی نیو ملیمیی ماش و برنجی خۆمم کرد ، بیتاشم یان نێیتاشم ؟ بڵێیارم بە نەدرا .. بیرم کردەوە ، جاران بە چ عەقڵێکەوە هەوەی یەکبینەی دەداریم دابوو ؟ ئاخر گەنجە ی بستە باڵای ووزگ ئاوساوی بە ملی پێست مارمێلکەی دەنگ قەڵە قەڵە ، کچ حەز لە چ شوێنەکت بکا ؟ ئەڵبەت هامڕیت و درێن لێی داوی ..
ئاتە کە گوڵی لە هاواری خۆم ئێ بوو ، بە پەلە میزەڵیەکەی کردە شانی و بەرەو لای هۆلانەکە هەیپەی لێکرد ، سەنگەری گرت ، شکی نەما دوژمنەکانیان فرسەتیان لێهەناوە و تلاندوویانەتەوە ، بەنی بارووتی نەکرد ، جا کە تەماشای دوو دەپ خوێنی خوار دەخینی کرد کە بە شەواڵە سپیەکەیەوە دیار بوون ، ووتی بە کەلامی خوا کوڕەویباب گەستوویەتی !
ـــکچە کوڕەویبابی چی ؟ دەملار .. بتەە غاز قنگی دەیم ..ئەمە چ سەگبابە ئەم غازەی ئێئاوا داناوە ؟
دوو هەڵکەیان بە سەروچاویدا شکابوون ، دانەیەکیان بە سەمەتیی بە دەستی چەپیەوە بوو ، لە حاڵێکدا سەر و پەتاکی لە هەوڕێک ئاچوو ، کارەبای بە سەردا کوژابێتەوە و ئامێری هەویرکاریەکە لە گێ وەستابێ .
ـــ بەردت لێ وارێ ، ئەوە بە ئەوانە جرپنی ؟ غازم لاونیو داناوە ، خاڵیی بوو ، خستمە ناو تشتە سەهۆڵ ، ساوەڕکی پی هەکوتنم ..
من بە بە تەراش و شانکردن لە ماڵ دەرچووم ، تەماشای ئوتومبیلەکەم کرد ، خۆ داپێشیوە ، تومز خۆبارینە ، هەر خەرا لووتم چوزایەوە ،پاودەری گێ سوور بەری خەری گرتبوو ، ئەتووت هەندە فیلمی هیندیە کە خەڵپەتانە ئەکەن و گەرانی خۆش خۆش ئەڵێن .. بە خەرایی چومە ناو ئوتومبیلەکەم ، جامەکانم باش قوپات نەکردبوو ، داشبەرد و ستەرنەکە ئەتووت بە تایبەت خۆی سوورت لێ پرژاندوون ، هەر لە خۆمەوە حەزم کرد لەسەر خۆی داشبەردەکە هەندە پیت و وشە بنووسم بە یادی جاران کە خۆشنووس بووم ، (مامۆستا سەید موحسین ، مامۆستای خۆشنووسیی ...) ، گوڵم لە دەنگی خەزانم بوو

ئەیووت هەشتا لەناو سەیارەکەدایت ؟ بە تەمای کەی بگەی ؟وا نیوەڕۆیە ..
ئاتە بەنی باروەوتی نەکرد ،بەڕام هاوسەری دەمەونخون لەی کەوتبوو ، یەک تاک هەلکەی بە دەستەوە بوو ، دوو هەلکە بەسەر و ڕیشیدا تەقی بوون ، سەر و کەللەی لەو هەویرانە ئەچوون کە لە نیوەی شەلاندا کارەبا بەاوە و ئامەری هەویرەکە لە کارکردن وەستاوە ..
ووتی کچە فیشەکی چی ؟ ئەو بتەڕ غازە چ سەگبابە لەویا داینناوە ؟ قنگی دەیم ، بەردت لە وارە ..
ئاتە بە بە خواستی خەی قاقایەکی لە دا کە زیاتر لە قوقەی کەشەرەکی نەخەش ئەچوو ، پەی ووت دەخینت بپسەنە بزانم زامەکەت قوڕە یان پەست دامالکانە ؟
ووتی کچە دەخینی چی ؟ لاچە ..هاوار بە مالەم .. هەر ئەوە مابوو مریشکە بەخەرەکانت بە دەنووک یەکالەم کەنەوە ..
من سلفم لەدا و یەکەاست پەم لە سکلەتەر نا ، ئوتومبیل چەند مەترە ڕیشت و کەوتە خوتە و بەڕە ..ئە خە ەاستە دەمەو بەهارە بەڕەم کەش و هەوا هەشتا ساردە ، بە بە گەرمکەردن ئوتومبیل چەن ئەوا ؟ حەماوە لە خوار سفرەوەیە . . ناچار لەبەردەم مالەی سەعیدی سەموچە بەجارە ، ئوتومبیلەکەم ەاوەستاند و دام بە بەش .. نزیکەی پەنج خولەک ەاوەستام ، لەو ماوەیەدا تەماشای ڤایبەر و مەسنجەری مەبایلەکەم کرد .. ئەو نامانەی بەیان ناردبووم ، هەموویان نوکتە بوون .. نوکتەی بە تام ، مانگایەک ەایئەکرد بە دوای پشیلەیەکا .. پیاوەک سەر و ڕیش و بەڕی خەی تاشی بوو ، نوسیبووی وایش هەر قەزم ..دوو پاسکیلسوار ، پیتزایەکیان پە بوو ، لەی نووسرا بوو ، دەبە نەبوو ، پارەکەی مەدە .. کچە بە دەنگەکی ناخەش گەرانی با بچینە سەر وەیسی ئەووت ..
ئەو بە کاوخە هەستایەوە ، دوو دەپ خوەن لە شەواڵە سپیەکەیەوە دیار بوون ، ئەتووت بەڕە مار گەستوویەتی ..لە داخا ئەو هەلکەیەی کە بە دەستیەوە بوو ، هەتا هەزی تیایە مالەی بەسەری ئاتەدا .. ئاتە کە لینجاوی هەلکە بە ەوخساریا هاتە خوارەوە ، دەهری بوو ، کوڕە گسکەک هات بە دەستیەوە ،تا هەزی تیا بوو تەی گرت ، بەری نەکەوت .. ناچار گرماندی : ئەک کرمەڵز بی ، شەتە شەش تە ، ئەو هەلکەیەت بە پیا مالیم ؟ خەری هەلکەیەکت نییە ، وەڵا .. تەکەنی دەغەزاری بەگەن ..!
وویستم پەی لە نەم ، سەعیدی سەموچە بەجارە ،دەرگای مالەی ترازاند ، سەاوەکی گەرمی لەکردم ، منیش سەاوم سەندەوە ..سەعیدی سەموچە بەجارە ، وەک ئەوەی تەکسی ەاگرتبە ، دەرگای سەکنی کردەوە و لە تەنیشتما دانیشت ..کەکەیەکی بە کرد و ووتی ببوورە تەزە تاخیریش

بووم ! ..منیش نەدەکرا هیچ بکەم ، دراوسێیە ..هەندە دراوسێ وەک گونی قەڵە وان ، بیانبڕی هەر وەی ، نەیانبڕی هەر وەی ..
ووتم : نا نا ئەک لە کاتی خۆیدا هاتی ..
پێم بە سکلێتەرا نا سێیارە وەک کەچ دەرپەڕی .. سەعیدی سەموچە بەجارێ ووتی : ئەمە مەکینەی چەندە ؟
ووتم : بیست و تەربێیە ..
قەقەنێیەکی ناخۆشی دا بەنی پیاز و کۆڕی دوێنی شەو هات بەسەرما ،
ووتی : خوا لێت نەسەندە ..
من وامزانی منااڵکانم ئەڵێن ، ووتم لەگەڵ منااڵکانی تێیشا !
ئەو نەیزانی چی بە ئاتێ بڵێ ، یان ڕاستتر نەیدەزانی کاردانەوەی ئاتێ وا خەڵا و دەمارگیرانەیە ، هەر بۆیە بایدایەوە و ووتی : کچە خواقەزا ، سوعبەتم لەگەڵدا کردیت ، بە ئەوەی چاو کارت تێ نەکا ئەو هەڵکەیەم پیا کەشای ، خەڵک لاندکروزەر ئەکەن پێش هەموو شتێ دوو سێ هەڵکەی پیا ئەکەشن لەبەر چاو و نفوس ..
ئاتێ لەو کاتەدا کە زەردەنەی هەڵکەکە ئەڕژایە ناو سوخمەکەیەوە ووتی : شەرت بێ بە کوخا مارفی برام بکەم سوارت بێ ! ، وا ئەزانی بکەسم ؟ وەڕە زەلام هاتووم قنگی بە عیلاج کەم ، هەڵکە بارانم بکا ..
ئەو هەرچەندە بە ئاتەی ڕازی کرد کوخا مارفی برای تێ نەگەیەنێ ، وەعدی کراسەکی ئاودامان شینی پێدا ..جا لە پەکا بیری کردەوە کە ئەبێ بچێ بە سلەمانی لە ئەنجومەنی پارێزگا ، کەبوونەویان هەیە لەسەر گاداری و بیری ئیرتیوازی و ئەو زەوییانەی ئەکەونە ڕاستە شەقامەکە ، نابێ کشتیاری تیا بکرێ ، دەسەڵات بێ نیازە بیانکا بە تاوەر و مەڵ و پەڕژەی بازرگانی و ناوچەکە ببوژێنێتەوە ..
هەر ئەوەندەی بەسی یەک دوو ، ڕاپەڕی و دەستە جلی قەپچەی قاوەیی میلداری هەبوو ، پێشی .. ئەتووت ئەو کەفەڵە بەوەوە نەبووە کە نوکی بتەی غازی ژەنگاوی، سمی بووی ..
پیکابی بابەهانی بە گەڵ خست و وەک تەسکەی تفەنگ ، ووە و سلەمانی تەی تەقاند ..تەز و خەڵی برد بە ئاسمانا ..
لە کاتی ئوتومبیل ئاژەتنا ، تەماشایەکی سەعیدی سێ موچە بەجارەم کرد ، هەستم کرد لاجانگەکانی تەرازوو نین ، لا جانگی لای چەپی هەتا خوار نەرمانی گوچکەی هاتبوو ، کەچی ئەوەی لای ڕاستی ،لە ئاستی هایلەکسەکەدا قەڵ کرا بوو ..
پێم ووت : کاک سەعید ئیش و کار چۆنە ؟
ووتی : موچە دابەشکرێ باشە ، دابەش نەکرێ ، بە قوڕ گیراوە ..!
ئەم سەعید سێ موچە بەجارەیە ، خەی موچە خەر نەبوو ، ئیشی جوملەی

گوێنی و گوریس و بەنی ئەکرد ، جارەکیان پەیامنێری کۆنانەک بە گیری ئەهێنێ و جارەها پرسیاری سەیر و سەمەرەی لێ ئەکا ، یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە : ئایا بە هۆی تۆم حوکمەتێ چین لەگەڵ خەڵک ئاشت ئەبێتەوە ؟
سەعیدی گوێنیفرۆش سەر و حاج وتبووی : ئەم حوکمەتە هەتا سەر موچە بڕجارە دابەش نەکا ، خەڵک خۆشی ناوێ !

پەیامنێرەکەیش لە پێ بینەرترین تیقیدا ئەم هایی سەعیدی گوێنیفروش بەاو دەکاتەوە و لە جیاتی بڵێ بەڵێ کاک سەعید ئەبێ حوکمەت سەر موچە بە جارە دابەش بکا ، جا ئەتوانێ میللەت ئاشت بکاتەوە ، ئەڵێ : بەڵێ کاک سەعید سەر موچە بڕجارە دابەش بکا ، جا ئەتوانێ خەڵک ئاشت بکاتەوە .. ووشەی (ئەبێ حوکمەت)ی لێ نەوان سەعید و سەر موچە بڕجارەکدای لێ بیر چوو بوو بێڵێ ، بەو جارە ، سەعید ، نازناوی سەر موچە بڕجارەی بەسەردا دابڕا ..خەزانی پێی وتبوو بە هۆی من (سەر موچە بڕجارە) لێ (گوێنیفرۆش) خەشترە ..
ـــ قەزیە خۆشی و ناخۆشی نییە ، قەزیەکە ئەوەیە بە بێ ئەوەی لێ ژیانما دینارێ موچەم وەرگرتبێ ، ئەم سێ موچەیەم پەوە چەلب کرا ..
ئەو بە بابەهانەکەوە خەی کرد بە سلەمانیدا ، ژمارەکەی علوج بوو ، ترسی لە کامەرای تیژ ڕەوی و شت نەبوو ..
من لە شەقامی مەولەوی سەعیدی سەر موچە بڕجارەم دابەزاند ..
ئەو گەیشتە تەرمینالی شارەزوور ..لەوێ بەنی کۆبابخانەیەک هات بەسەریدا ، بەرگری پێ نەکرا ، لە گوێ شەقامەکا بابەهانی پارک کرد و خەی کرد بە کۆبابخانەکەدا ..
من ئوتومبیلەکەم لای مزگەوتی کانیسکان پارک کرد و بە پیادە چوومە مارکێتێک کە زەربەی کەل و پەلەکانی ناو لیستی لاپەڕەی حەوت سانتیم پان ، بیست سانتیم درێژی لە بوو ..
ئەو ، دوای دوو شیش کەباب و شیشێک گورچیلە و دوو شیش جگەر ، چایەکی ئەبوو هەڵی هەڵدا و سویچەکەی کردەوە بە بابەهانەکەدا .
من چوومەوە ناو ئوتومبیلەکەم ، چەکەکی لیستەکێ و کەل و پەلەکەم کرد ، تەنها لاستیکی مانجەڵی هەڵم سایزی 6 م دەست نەکەوتبوو ..چوومە سایدی ئەو بەر ، بەرەو گەڕەکی ئاشتی ڕەیشتم .
ئەو بابەهانەکەی بە سابونکەرانا ، غل کردەوە ..
من گەیشتمە لای فولکەی میوەفرۆشان .
ئەو شەقامی مەولەوی بڕی ، لە کۆتایی شەقامەکەدا ، پۆلیسێکی هاتوچۆ ڕایگرت ، ووتی : ساڵانە و مەڵتەکەت ؟
ـــ پێشمەرگەی دەرینم ..
ـــ کەرکوکتان جوانە ، حەسەن پلایس گاڵەی پێکردن دابەزە ..

ئەو دەهری بوو ، دابەزین و یەخەی پۆلیسگرتنەکەی پێکەوە بوون ، وەک شۆبی ئەیهێنا و ئەیبرد ، شەقاندی ، دەستی برد چەکی کرد ، دەمانچەیەکی تەپڵی دەسک عاجی بەلاقەدەوە بوو .. کەمێک گەنج کە هەموویان ئینزیلاقیان هەبوو ، بە شەڵەشەڵ گەیشتنە سەریان ، بە ناوبژی نا ، تەنها بە تەماشاکردنی ئەو شتە خۆش …پۆلیسەکە ئەیویست شتێک بڵێ ، نەیئەتوانی ، وەک ئەوەی گوزەکی شیلیی لە قوگیدا گیری خواردبێ ..ئەو ووتی : سوپاسی خوا بکە کە کەبوونەوەی ئەرز و ئاسمانە لە ئەنجومەنی پارێزگا هەیە ، ئەگینا وازم لە نەدەهێنای ، ویستی دەمانچە تەپڵیەکە بکا بە لاقەدی خەیدا ، پەشیمان بوو ، پەش ئەوەی بیداتەوە ، شانەکەی ترازاند ، تا فیشەکەکانی دەربێنێ ، نەبادا فرستی لە بێنێ و لە بابەهانەکەدا بیکوژێ ..تەماشا ئەکا فیشەکی تیا نییە ، سەیرەکی کرد و ..بە بزەیەکەوە ووتی :
ـــ فیشەکیشت پێ نییە تۆ ..
پۆلیسەکە ویستی بڵێ دوێنێ شەو لە یادی ئازاد کردنی مەعسکەر خالیدا ، تەقاندمن ..
بڵێم گوزە شیلییەکەی قوگی نەیهشت ..
من گەیشتمە چوار ڕێیانی ئەمنە سوورەکە ، لەوێ لە فرۆشگایەک ڕاوەستام ، لاستیکی مانجڵی هەڵم سایزی 6 ی نەبوو ، ووتی بڵێ بە دارە سووتاوەکە ..
ئەو بە گەڵەکی عەقاریدا هاتە خوار
من گەیشتمە ئاستی باڵەخانەی یو ئێنی کێن .
ئەو بە ڕاستە شەقامەکەی یوئێن دا وەک بروسکە تل بووە
من وویستم یو تەرن بکەم
ئەو بواری نەدام و لە چەمڵەغی پشت سەکنی دام ، ئوتومبیلەکەم خولایەوە ..
کە دابەزیم ، ئەبینم ئەو بە تالیبەرەکەوە خەریکە بەرەو ڕووم دێت ..
منیش بە پەلە ناو ئوتومبیلەکەم گەڕام ، تەنها پاکەتە کلێنکسم دەزییەوە .
ئەو تالیبەرەکەی بەرز کردەوە بیکێشێ بە تەپڵی سەرمدا ، منیش پاکەتە کلێنکسەکەم ئاڕاستەی ووزگی ئەکرد ..
لە ناکاو ووتی : شامیل !
سەرنجەکم دا ، ئاوەکی سارد کرا بە گیانما ، ئەی خۆ ئەمە عوزەیر !
تالیبەرەکەی فڕێ دا ، زرنگەی تالیبەرەکە کە بەر زەوی کەوت ، شکی ئەوەی لە لا نەهێشتم کە بە یەک لەدان ، کەتاییم پێ هاتبوو ..
باوەشی پیاکردم :

ـــ شامیل گیان ! خۆجاێتم .. ئەو تۆ لە کوێی ئازیزم ؟ چەند ساڵە بەچی ووتی ؟
سی و شەش ساڵ پێش ئەو بەرواره عوزەرم لە کاتی خزمەتی سەربازیدا ناسی ..ئەو کاتەیش هەر وا شتێکی بوو ، وەک تیر دەردەچوو ..بەردەوام لە کۆتایی ڕۆژو و دەرگاکانەدا تامپەنی لەگەڵ عەرەبەکاندا ئەکرد ، لە حاڵێکدا ناوچاوی عەرەبەکانی شین ئەکردەوە و (ئەیا با ..و ئەیا وەللی) لە عەرەبەکان بەرز ئەبەوە ، کەچی عوزەر بە شەق و مستەکێ بەرئەبووە گیانیان و پێی ئەووتن : چاوتان نییە ؟ سەگباب ..گوەرەکەن ؟؟
ئەرەوێ بە ناوی عوزەرا بیرم کەوتەوە ، ئەو کاغەزە حەوت سانتیمێ هی ئامەریکی ئەمەریکی بوو ، فەرمانگەکەمان کێبووی ، پرنتەرەکەی ئەو جارە کاغەزی بە دەبوو ، پە یەک لاری لەو کاغەزی لەگەڵدا هاتبوو ، ئامەرەکە یەک هەفتە ئیشی کرد و سووتا ، بەڵام بەری کارگێیی نەیدەزانی چی لە پە یەک لاری تەپە کاغەز بکا ، هەر فەرمانبەرە پە دوو گوێنی تەپە کاغەزی حەوت سانتیمی دایە ..ناوی ئامەرەکە بە (عوز) دەستی پێدەکرد ، ناوەکەی ناڵێم نەک بەڵام بەری کارگێیمان تووشی لێپرسینەوە ببە .
ئاخر توخوا ئەمەیش بوو بە چیرەک ؟؟

سەناتای گرانی.. ستیڤان شمزینی

ئەو ئاگرە چی بوو کردتەوە؟
خەریکە گە بمخوات
ئەو بریندە چی بوو
لە جەستەی غرورت کرد؟
وەختێ لە خوێندا بخنکێین
دەزانم نیازت وایە
لە دڵی خۆتدا
جگەی ئەو پیاوە بکەیتەوە
نیشتمان جێی هەشت و
منفا

ئامێزی سارد و سەی بێ کردەوە
دەزانم ئەو ئاگرێت بێ ئەوە کردەوە
تاکو شاعیرێکی سەرگەردان
یەکێ یەکێ
شیعرێ نائومێدەکانی
بدا بێ دەمەوە و
دەست بکات
بێ هەنینەوەی ئەو قەسیدانەی
هەموو وەرزەکان
لێ بێهاردا کەدەکێنەوە
دەزانم بۆیە بێ چەقۆی میهرەبانی
جەستەی بزنێ کەوی
غروری پیاوەکت
تۆ تۆ کرد
تاکو ماتەم بگرێ
بێ ئەو نەرگزێ ژنانەی
بێ قەچی نەرسالاریی پلیشانەوە

بورکانێک لێ هەستما هەچووە
چیایەک شیعر
لێ مەشکما باڵای کردووە
دەشتی عاتیفەم نەزیفی بەربووە
بەڵەمی یاخیبووون
بێ رووباری خەیاڵمدا هاتوچۆیەتی
راوەوی خەونەکانم
شەنگێ ژنەکی پێدا تێدەپەڕێ
لەوەتی لێ دایکبووم
ژێی دەنگی
لێ گۆیەکانمدا دەزرنگێتەوە
شنەبایەک پرچی رەژەکانم
شانێ دەکات
پەروانەیەک قردەڵەی سوور دەدا
لێ سەرچەیم
باران
بەسەر تەنهاییێ قەرەباغەکەمدا دەبارێت

پەردە لەسەر چاوی پەنجەرەکەم لادەبەم
ژنێک لە بەر باران راوەستاوە
خۆنی سەردەمی چاوەوانیم
بیر دەتەوە و
بۆ سۆدا ناسیمەوە
لە باخی شیعرمدا نیبووی

گرانیت بە دڵم
وەک خوێی ئاو بارانی
بە دڵخۆشییەوە دەبارێت
وەک ئاو نزایی
لە دڵی عارفەکەوە دەتە دەر
وەک راچڵەکانی
مەمک لە تاریکی شەودا
وەک زەوی پیاوی مەی
سەرخۆشترین پیاوی دنیا
تە تەنها گوڵ لە گرانییەکەم بگرە و
بە ئاسپایی ماچم بکە
گرانیت بە دڵم
وەک هاژەی ئاو خوێنی
لە چاوی زەماندا قوڵپ دەدا
وەک هەڵەی ئاو بولبولانی بەسەر
تەرمی شەقامکی بەکەسدا دەخوێنن
وەک قرچەی ئاو بارانە گەرتووانی
تووڕەیی دەخانە جەلانی خیانەوە
وەک ئاوازی ئاو گیا کلێتە سۆزانی
سروشت دەلاوێنەوە
تە تەنها گوڵ لە گرانییەکەم بگرە و
بە ئارامی ماچم بکە

ها یکە.. سمکۆ ئەحمەد ڕەشید

1
قەسیدەی چاوەکانت،
بە نابینایە خوێندمەوە
بوو بە کراسەکەی یوسف
2
بیرم لە یەختەکان و
شەپۆلەکانی دەریا نەدەکردەوە
نیشتیمانم بای
3
سپێدەیەکی تاریک
بەکەتا دەت گەشتە غەمگینەکەم
بە کاتی تەنیایی.
4
لە دیوارەکی لاچەپی نیشتیمان
بە ناوەکی خوازراوەوە
دەنووسم ئازادی.
5
ئیدی سەقفەکە دەپە ناکا
ئاسمان کراسی هەورەکانی گوشیی
ئاوارەکان بزە دەکەن.
6
لە ژوورەکی تاکەکەسیی
لەسەر یەتمی مردن
ڕۆژەکی دیکەی ژیانم گوزەشت.
7
خەرئاوابوو،
ئەو سپێدەیەی
ڕەیشتی.
8
تە ژمارەکەت داخراوە
من بە ئەبەد
دەرگاکەم.
9
ژیان

هەموو □□نگەکانی بیدەن
□□ش نەبێ!
10
دڵچم دەمرم،
تکایە کەس بانگم نەکات
هەستە شتێک.
11
سفرەی جەماو،
پێ□ و باڵی جوجێ□□یەکی سپی
بەربانگی پشیلەیەکی □□ش!
12
سەرم لە شانی هاوڕێ دەخشێ
لەوسەری زەوی
دیارم.
13
شتێ□ کەی دەستی پێکرد؟
ئەویان دەزانم
کەی کۆتایی دێت؟
ئەویان بە نەوەکانم جەدەهەم.
14
جەنگ هەڵیکرد
خانووەکەم بە خەڵایی فڕشت
بە مارملکەکان
15
پێکەک ژەهرێ
بە تامی هەنگوین
چاوەڕوانیت.
16
پێ□□یەکی سپی
نەخشەی نیشتیمانم لەسەر کێشا
سوور هەڵگەڕا
17
تەزی بەردومانەکە نیشتەوە
تاکە پەڕاوێکی بەتاڵ
گریاندمی.
18
تە هیچ مەک

هێندێ بە بەدەنگ گریاوم
لە زمانی هەموو ئاماژەیەک دەگەم.
19
بە بەر دەمی گوڵکدا تێپەڕیم
لە کاتی یەکەمینا سەلامی دایەوە
پەپولەیەک
20
بەزیندوویی
مانگیان خستە تابوتەوە
هەورە تەخەکان
21
نەبا زەوقی مردنی هەڵسە
چنگ چنگ ڤیاگرای ژیان قووت دەدا
مرۆڤ
22
ئاوێنەیەکی شکاو
کەی دێیت؟
پارچەکانم کەکەیتەوە
23
دەم خەراتر لەدەدا
دنیام شوێنکی دەشە
نیشتیمان
24
تاسەیەکی فێنک،
لەسەر پشتی شەقام ـ
سێبەری شاخ.
25
،مەزەکی چڕ
دوو قاوەی سارد
.پژمینی بەمبەک

چەند سەرنجێک لەسەرهەرشەکەی ئێران بەسەرئیسرائیل وئاکامەکانی!.. حەسەن هازانی

لە تێڕوانینی ئەوهەرشەی کە ئیسرائیل کردیە سەر کونسوڵیەی ئێران لە دیمەشقی پایتەختی سوریاو چەندین گۆرە بەرپرسی پاسدارانی کوشت، ئێران لە رۆژی 13 و بەیانی زووی14ی ئەم مانگی نیسانەدا هەرشی تێڕوانینی خۆی بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامدا! لە بۆ ئەنجامدانی ئەو تێڕوانینەش پێش وەختە ئێران ئیسرائیلی ئاگادارکردەوە وکاتێکی دیاریکراوی جێمتمانەشی دانا کە بریتیبوو لە ٢٤ بۆ ٤٨ سەعات کە هەرش دەکاتە سەر ئیسرائیل و تێڕوانینی خۆی لەدەکاتەوە!

ئێران هەرشەکەی ئەنجامدا و بەڵێنەکەی بۆ هاستگیانە ڕێک لەو کاتەدا جێبەجێکرد کە بۆ ئیسرائیلی دیاریکردبوو! بۆ پێی دەزگاکانی هاگیاندنی ئیسرائیلی و جەزیرەی قەتەر و هەروەها بۆ پێی قسەکانی گیلاد ئێردان Gilad Erdan نوێنەری ئیسرائیل لە کەبوونەوەی بۆپلەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەت بوو بۆ هەرشی ئێران بەسەر ئیسرائیل، دەرکەوت کە ئێران لەو هەرشەدا 170 دڕۆن و 30 ساروخی درێژماودای کروز و 120 ساروخی درێژماودای بالیستیکی بەکار هێناوە بۆ دیان تۆن لە تەقەمەنی هەستیارو بەهێزەوە!

بۆ دەرخستنی چەند سەرنجێک لەسەر ئەو هەرشە دەردەکەوێت کە تەواوی ئەو هەرشەی ئێران بەسەر ئیسرائیل لە هووی سیاسی و نەونەتەوەییەوە بۆ قازانجی ئیسرائیل و زەرەری ئێران خودی خۆی شکایەوە چونکە:

یەکەم: پێش ئەو هەرشەی ئێران دەوڵەتی عیبڕی ئیسرائیل بۆ هەی کۆشەی فەلەستینەوە هەم لە ناوخۆیداو هەم لە هووی نەو نەتەوەییەوە ئەتەریتەی سیاسی و پشگیری نەو نەتەوەیی و تەنانەت هی هەرە دەستەکانیشی هووی لە خوارە بوو، بەڵام ئەو هەرشەی ئێستای ئێران هاوکێشەکەی ڕێک پێچەوانە کردەوە. ئیسرائیل ئێستا لە هووی سیاسی و نەو نەتەوەییەوە ئەتەریتەی هووی لەسەرەو هی ئێرانیش هووی لە خوارەیە!

دووەم : ئەو هەموو ساروخ کروزەو مەودا دوورهاوێژانەو نزیکەی دووسەد فڕۆکەی دڕۆن، کە هەندێک سەرچاوە بۆ نزیکەی چوارسەد

دڵنیان دادنین، بە دڵیان تەن تەقەمەنی هەستیارو بەهێزەوە لە چەندین لاوە هێرش دەکرێتە سەر ئیسرائیل بەڵام هەموو زەرەری دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕووی گیانییەوە بریتیبوو لە بریندار بوونی کچێکی بەدڵوی منداڵی تەمەن حەوت ساڵ بەڵام بەسووکی. ئێران بەم هێرشە توانی چی بکات و چی دەویست بیکات لە ئیسرائیل؟

سەهەم : بە بەڵای من، ئەو هێرشەی ئێران ناچاریی بوو بە ئێران. ئەو هێرشە وەڵامدانەوەی ئاخوندەکان بوو بە فشاری ناوخۆی ئێران و هێزەها وەک وەبەرهێنانێکی سیاسیانەی ناوخۆیی بوو ، هێزەها وەڵامدانەوە بوو بە فشاری جیهانی ئیسلامیی بە تایبەتی جیهانی شیعەگەرایی، وەڵام دانەوە بوو بە فشاری حەمساویەکان و بابەتی دیفاع لە قودس و کەشەی فەلەستین و لە لایەکی تریشەوە بەهێنکی دابوو کە وەڵامی دەبە بە ئیسرائیل و ئەو هێرشەش وەک سەینی ئارەقەی ڕووی سیستەمی ئاخوندگەرایی بوو!

چوارەم : بە بەڵای من، بەو هێرشەی ئێران بە سەر ئیسرائیل بابەتی غەززەو خەڵکی داماوی فەلەستین و کەشەی فەلەستین و هێرشی ئیسرائیل بە سەر شارو ناوچەی ڕەفەح کەوتە دواوەو بابەتی ئێران ئیسرائیل بوو بە بابەتی سەرکی ناوخۆ و نەو نەتەوەیی. ئێران بەم کارەی کەشەی غەززەی هێنایە دواوە..ئەمەش وەک هاوکارییەک بوو بە ئیسرائیل!

پێنجەم: من پێم وایە بەو هێرشەی ئێران بە سەر ئیسرائیل چاوی ناوخۆ و نەو نەتەوەیی ڕووی پە لە ئیسرائیل و هێرشکانی ئیسرائیل بە سەر خەڵکی فەلەستین و غەززە وەرگەڕاو خەریکی کرد بە ئێرانەوە..ئەمەش هاوکاری ئیسرائیلی کرد لە ڕووی سیاسییەوە!

شەشەم : ئێران بە و هێرشەی بە سەر ئیسرائیل هێزی خۆی نیشانی ناوخۆ و نەودەوڵەتی دا کە تواناو هێزی سەربازی چەندە و لە چ ئاستێکدایە ئەگەر بیەوێت شەڕ لە گەڵ ئیسرائیل بکات؟ ئێران نیشانی ناوخۆ و نەو نەتەوەیی دا کە بەو هەموو هێرشە بەرفراوانە مووشەکی و درۆنیە نەیتوانی زەرەرێک بە ئیسرائیل بگەیەنێت! نیشانی دا کە هەمووی هاش و هوشی ئیعلامیی بووە! خەڵک وای لە ئێران ڕا دەبینی کە ئیسرائیل لە یەکەم هێرشدا هەر قوت بدات !

حەوتەم : بە بەڵای من، ئێران بەو هێرشەی کە کردیە سەر ئیسرائیل بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببێتەوە! چونکە بەو هەموو هێرشە گەورەیەی نەی توانی زەرەرێک بە

ئیسرائیل بگرێنت! هەموو ساروخ و دژەنکانی لە ئاسماندا پێش ئاوەی بگەن و زووربەیان لە نیوەی ڕێ تەقێنراوە! لەڕدا زانست و پشکۆتن و تەکنەلۆجیای سەردەم کۆتە بەرامبەرکە لەگەڵ هاش و هوشی ئیعلامیی سیستەمی ئاخوندی! هەموو کەسیش شاهیدە کام لا دیباتەوە.

هشتەم : ئاو هەرشەی ئێران بە سەر ئیسرائیل وەک پشتگیرییەک شکایەوە بە دژوەتی عیبەی ئیسرائیل چونکە هەندەک دژوەت کە خەریک بوو لە ئیسرائیل دەتەکینەوە هەنانیەوە بەلای ئیسرائیل، تەنانەت ئەمریکا خەریکی تەکینەوە بوو. ئەم هەرشە ئەمریکاو چەندین دژوەتی گەورەی تری هەنانەوە مەیدان بە هاوکاری ئیسرائیل! ئێران لەڕدا هاوکاری ئیسرائیلی کرد لە ڕووی سیاسی و نەونەتاوییەوە!

نهەم: بە بەوای من، هەرشی حەمساویەکان بە سەر ئیسرائیل بە کت وپڕی و کوشتنی بە سەدان لە خەڵکی بێتاوانی جولەکە و بە دیلگرتنی بە سەدانی تر هەڵی ڕەخساند بە دژوەتی عیبەی ئیسرائیل کە ئاوە بکات کە کردی و ئێستاش بەردەوامە وڵاوە دەچێت زەریش لەوە خەراپتر بکات بە خەڵکی داماوی فەڵەستین! بە هەمان شێوەش هەرشی ئێرانیش بە سەر ئیسرائیل هەڵەک دەدا بە ئیسرائیل کە لەمودوا دەستی کراوە بێت لە ژێر بیانووی ئێران هەڕەشەیە بە سەر دژوەتی عیبەی ئیسرائیل لەوانەیە درەنگ یان زوو ئیسرائیل بە هاوکاری لەملاولاوە لە ئەتەمکەی ئێران بدات و بە هەتا هەتایە لە کاری بخات یان زیانی گەورەی پێبگەێنێت، یاخود زیانی تر بە ئێران بگەێنێت!

دەیەم: هەر لە ئێستاوە دژوەتانی عەرەبی ڕایان گەیاند کە ناهەێن ئێران ئاسمانیان بەکاربهێنێت لە دژی ئیسرائیل بە نموونە ئوردون بە ڕەسمی ڕای گەیاند. ئەمەش هاوکاری ئیسرائیل دەکات! بەڵام لەبەرامبەردا دەستکانی ئیسرائیل بە نموونە بەریتانیاو ئەمریکا بنکەی سەربازییان لە دەریای ناوەڕاست و عەڕاق و قەتەرداهەیەو بەکاریشیان دەهێنن لە دژی ئێران بە هاوکاری ئیسرائیل!

یازدەیەم: چەندین دژوەتی عەرەبی بە نموونە سعودیەو ئوردون و میسر و دژوەتانی وەک فەرەنساو بەریتانیاو ئەمریکا هاوکاری ئیسرائیلیان کرد لە خستنەخواروەی ئاو موشەک و دەرنانەی کە ئێران بە سەر ئیسرائیلی بەڕێکردن. ئەمەش دەری خست کە ئیسرائیل پاپشتی وەڕاتانی ناتۆی هەیەرو تەنانەت ئاوەتە هەندەک لە دژوەتانی عەرەبیش هاوکاری ئیسرائیل دەکەن لە دژی ئێران!

دوازدەیەم: بە نەزەری مـن ئـران نـی دەویست هیـچ زەرەرێـک بە ئیسرائیل بگـەنـێت، جا یان لە ترسان بوو یان بەرژەوەندی و سیاسەتی ئاخوندەکان وای دەخواست، ئەگینا بەچی کات و ماوە دادەنـێت و دەـێت لە ماوەی ٢٤ بە ٤٨ سەعاتدا وەـامان دەبە و هەرش بە سەر ئیسـائیل دەکەین؟ ئەوە وەک و ئەوە وایە کە ئەران بە ئیسـائیل و دەوـەتەکەی بەـێت: ئەی دەوـەتی ئیسـائیل ئاگاتان لە خە بـێت و خەتان و خەتی دیفاعیتان ئامادە بکەن و مەهـەن هیچ زیان بگات پەتان وا من ناچارم و دەبە هەرش بکەمە سەرتان و ئەوەش خەتان قایم بکەن. واتە ئەمە ناچارین شتەک بکەین و هەرش دەکەین!

ئاکامەکانی کردەوەکانی ئەران لە دژی ئیسـائیل

ئەران بەو هەرشەی سوودی سیاسی نەونەتەوەیی بە ئیسـائیل گەیاندو لەبەرامبەریشدا ئاستی خەی پەهـنایە خوارەوەو زیانیشی بە کەشەی فەلەستین و غەززەی ئەستا گەیاند. هەلی دا بە ئیسـائیل کە دەست کراوە بـێت و هەر کات ویستی گورز لە ئەران بوەشـنـێت
ئەو ئەودەوـەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوەو بە ئارەزووی خەیان چیان بوـێت دەیکەن لە دژی کورد بەـام نابە وا بزانن کە نەتەوەو دەوـەتی تر هەمان شەوەی کوردن و دەتوانن هەروا بکەن..
ئەوەتە ئەستای ناوچەکە دەری خست کە ئەگەر وابکەن لە بەرامبەر مست درەشیان لەدەدرێت . بە نموونە ئەران لە گەـ جولەکەو دەوـەتی عیبری!
دەوـەتی عیبەی ئیسـائیل بە شیعارو هاشو هوشی ئیعلامیی لەسەر خەریتە ناسـەتەوە کە حەمساویی و ئاخوندەکان بە فریودانی جیهانی ئیسلامی بەکاری دەهـنن.

لەسـاەی ١٩٤٨ وە هەنـدەک حیـزب و لایەن و دەوـەت هەن لە جیهـانی عەـەبـی و ئیسلامیـدا داوای سـینەوەی دەوـەتـی عیبەی ئیسـائیلیی دەکەن و لەسەر خەریتە نیهـەن تـانـێت هەندەک واوەتریشی بە دەـەن و دەـەن دەبە جولەکە هەر نەمەنـێت لەسەر زەوی بەـام پەچەوانەکەی دەردەکەوـێت!

پرسـیارەکی سیاسـی لەـرەدا سـەردەردەنـێت ئەویـس ئەوەیە کە خەـەک دەپرسـێت : ئەدی ورچە سپیەکە دەبە کەی وەخەبەر بـێت؟ خە وردە وردە دەوروبەرەکەی لەدەست دەدات؟

حەسەن ەازانی

گـــووفەکی وەرگـــان.. بەختیـــار محەمەد

کە لەم بۆگەیە (لەم چەند ڕستەیە) تێدەگا: ((… لەپڕێکدا وەك شتێ دنیا لە بیدەنگییەکدا کە لە نێو یادەوەرییەکانەوە هاتبووە دەرەوە داپڕشرا و ون بوو. لەوەی کە دوور لە ئەستانبوڵ، دوور لە هەمووان، لەوێدا بووم و خەم ژیانی خەم دروست دەکرد هەستم بە هەزامەندیی دەکرد))؟ ل 19 پتر لە دە جار و پازدە جارم خوێندەوە، ئەوجا بەحاڵ بەکی لێ تێگەیشتم. بەڕاستیی تاوانە وەرگـــانی خراپ: تەعەدایە لە خوێنەری کورد و لە نووسەری ڕۆمانەکە؛ بەر لە هەر شتێکیش تەعەدایە لە زمانی کوردی دەکرێ.
ئەی ئەمە مانای چییە: ((شەمەندەفەرەکە کەمێك لە زەوییەکەی ئێمە نزیك بوویەوە، پاشان پێچی کردەوە و لە وێستگەکە ڕاوەستا.))؟ ل 20 ئایا هیچ کوردێك وەها دەئاخڤێ؟ کەس دەڵێ سەیارەکە، بایسکیلەکە، ماتۆرەکە… کەمێك لە زەوییەکەی من نزیك بێوە؟ قیتار، سەیارە، ماتۆر، شەمەندەفەر… لە ئێمە نزیك دەبنەوە، نەك لەو زەوییەی، کە ئێمە کاری تێدا دەکەین و لەسەری ڕاوەستاوین. زەوی هەیکەلێکی ئەندازەیی دیاریکراو نییە، تا ئەم تەنانەی لێ نزیك ببنەوە. بەنموونە ووبار (ئاو) کە خێی بەشێکی ئۆرگانییە لە زەوی، ئەو لێی نزیك دەبێتەوە و دەتوانین بڵێین ئاوەکە، ووبارەکە، لافاوەکە لە زەوییەکەی ئێمە نزیك دەبێتەوە، چونکە ئاو خێی بەشێکە لە پێکهاتەی خاك و بەشێکە لە ووی تەختایی ئەو. ئەم نزیك بوونەوەیە بێ مرۆڤ و ئاژەڵ دەشێ، چونکە ئەوانیش بەشێکی ئۆرگانین لە خاك و زەوی. بەکورتی دەشێ بێ ئاو و گیانلەبەر بڵێین لە زەوی نزیك دەبێتەوە، بەڵام بێ تەنی مردوو نابێ. لەم بارەدا دەبێ بڵێین شەمەندەفەرەکە، سەیارەکە… لە ئێمە نزیك دەبێوە، نەك لە زەوییەکەمان؛ یان ڕاستترە بگوترێ: شەمەندەفەرەکە لە نزیکی ئێمەوە تێدەپەڕی؛ یانیش لە نزیکی ئەو زەوییەوە تێدەپەڕی، کە ئێمە کارمان تێدا دەکرد (بیرمان لێ دەدا، چونکە تەوەری سەرەکی کار لە ڕۆمانەکەدا بیر لێدانە، هەموو ووداوەکان لە دەوری ئەم تەوەرەیەدا دەخولێنەوە)… ئەم براوەرەوەرگـــە (تێ بـــینی نووســـەرەکە وای گـــوتبێ؟) بـــە شـــوازێـــك باســـی ڕاوەستان و ڕەوتی ڕۆیشتنی شەمەندەفەر دەکا، وەك بـــێی باص و

گەڵکە (سەیارە) بۆ. پێدەچێ ئەم وەرگێڕە بە حەرفیی ئەم دەقەی وەرگێڕابێ، بۆیە هێندە بەربادە.
بەهەرحاڵ بزانن ئەو کوردییەی: ((دەمویست بیرکردنەوە لە ژنە قژسوورەکە نەك لە عەلی بەکوو لە خێشم بشارمەوە.))؟ ل37 بیرکردنەوە چۆن دەشاردرێتەوە؟ خۆ ماددە نییە تا بیشارینەوە؟ گەڵ، ئەمە واتای چییە: ((بەڵام ئەگەر وەستا مەحموود سێ چوار مەتر لە نێو زەویدا بووایە…))؟ ل 37 ئەی زەوی بەتاڵ چییە؟ ((بە نێو زەوییە بەتاڵ و کێڵگەکاندا)). ل41 بزانن چش دەڵێ: ((منیش وەك وەستا دوای کۆتایی کارەکە خۆم بە سێبەر دەگەیاند و سەیری عەلیم دەکرد…))! ل 41 توخوا تاوان نییە کورد وا قسە بکا: ((کاتێك زەینم بە دەوری ئەم بیرانەدا دەسووڕایەوە…))، ل41 یان: ((ڕۆژی چوارەم، کاتێك دەڵێیشتم سەر لە قابلەمەی خواردنەکە بدەم…))؟ ل41 تۆ بزانە ئەو قسە عەجایبەی: ((هەموو شەوێك کاتی خۆرنشین، وەستا مەحموود لێی دەپرسیم…))! ل43 ئەدی بەوەی دەڵێن چ ((هەر ڕۆژێك لەو کاتەدا، خۆر لە بەرانبەر چاوەکانماندا ئاوا دەبوو))؟ ل46 بە وەیێنی سەگیش دەڵێ: ((وەیەی سەگەکان)). ل46 بشزانن چ دەڵێ: ((هەستم بە بۆنی ئەو ئاگرەی کوژابوویەوە و سێبەری ئەو دارسنەوبەرانەی بوونیان نەبوو دەکرد))؟!… ل46
ئەم برادەرە ئابووری ئەم کتێبەی بردووە و هەتکی کردووە؛ بۆیە من لێرە، لە لاپەڕە (146)، کە خۆی (326) لاپەڕەیە، واز لە خوێندنەوەی دەهێنم و چیدیکە ناتوانم لە سەری بەردەوام بم؛ ئەوەندەی خوێندیشمەوە، تێپزیم لە خۆم کرد.
وەرگێڕان تەنها زمانزانین نییە (ئەوە ئەگەر زمانزانێکی باشیش بیت)، بەڵکو هونەری نووسینیشە. وەرگێڕ نووسەرە، هەروەکو ئەو نووسەرەی، کە خاوەنی دەقەکە خۆیەتی؛ بۆیە دەقی وەرگێڕدراو دەبێتە دەقی وەرگێڕ، چونکە ئەو لە زمانی یەکەمەوە دەیگێڕێ بۆ زمانی دووەم. واتە ئەو دەقەی بە تورکی (یان بە هەر زمانێکی دیکە) نووسراوە، وەرگێڕ دێ بە زمانی کوردی دەینووسێتەوە. بۆیە هەبەت هەر زمانە و تایبەتمەندیی خۆی لە ڕووی ڕستەسازیی و وشەسازیی و ڕەوانبێژییەوە هەیە. لەمەوە وەرگێڕانی حەرفیی هەڵەیە و شکست دەهێنێ. دەبێ گوتاری زمانی دووەم قسە بکا و دەق تەواو لە گوتاری زمانی یەکەم خۆی دابڕێنێ. لێرەدا وەرگێڕان حەقی تەواوی دەقەکە دەدا بە زمانی یەکەم (زمانی ئەسڵی دەقەکە)؛ بۆیە وەرگێڕان کارێکی ئەستەمە، هێندە ئاسان نییە، تا هەرچی بێ بە هەوەسی خۆی دەقێك – لە هەر بوارێك بێ – وەرگێڕێ و وەکو ئەم دەقەی بەردەستمان بە هەتککراوی پشکەشمانی بکا. ئەمە جەخت دەکەینەوە، کە نووسەر و وەرگێڕ دوو دیوی یەك دراون: هەردوولا مامەڵە لەگەڵ دەقی داهێنراو

دەکەن (لێرەدا گرنگیش نییە، کەێ نووسەر خاوەن دەقە و وەرگێ خاوەنی نییە، چونکە ئەمە قسەر لەسەر کایەی وەرگێان دەکەین)؛ دەقی داهێنراویش مامەڵە لەگەێ واتا و زمان دەکا؛ بۆیە وەرگێ نووسەرێکە، کە مامەڵە لەگەێ دوو زمان دەکا، ئەمەش کارەکەی ئەو ئەستەمتر و سەختتر دەکا. لەمەوە، کە وەرگێانی باش دەخوێنیەوە، هەندێ جار ناوی خاوەن دەق لەبیر دەکەی و وا دەزانی وەرگێ نووسەری خاوەن دەقەکەیە، هێندە جوان دەقەکە وەردەگێ؛ بەنموونە: عەزیز گەردی.

ژێدەر: ئەرهان پاموك، ژنێکی قژسوور، وەرگێانی سەروەر عومەر، شوێنی چاپ: تاران (کتێبخانەی گێدن بووك – 2019).

بەختیار محەمەد

گفتوگێ لەگێ شۆکار شیلانێ سابیر.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئێلیاس

شۆکار شیلانێ سابیر: کاتێ سروشت و خەیاڵ تێکەڵ دەبن،دەتوانرێت جوانترین تابلۆ نیگار بکرێت
شۆکار شیلانێ سابیر: بەهرەی زۆر باشمان لە ئافرەتان هەیە پێویستێ زیاتر هانبدرێن
خاتوونی شۆکار(شیلانێ سابیر سەفی)، لە ساڵی 1976 لە شاری کەرکووك لە دایك بوو،هەرلەتەمەنی پێنج ساڵییەوە،وەکو منداڵێکی بەهرەمەند لە نێو خێزانێکی بەدەست رنیگینی دەرکەوتووە،کاتێ دەچێتە قوتابخانە بەهەی دەست رنگییەوە بەشداری سەرجەم پیشانگاکانی نێو قوتابخانەکەی دەکات .
خاتووشیلانێ بە بڕوا دان بە بەهرە هونەرییەکەی دەچێتە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر لە ساڵی 1999 بەش شۆکاری لقی (نیگار) بەسەرکەوتووی هەموو قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکات ،کاتێ قوتابی دەبێت لە پەیمانگا بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگا دەکات لەو ساتەوە تائێستا بەشداری چەندین پیشانگای کردووە ئەمێ بە

زیاتر ئاگادار بوون بۆ کارو چالاکییەکانی هەڤپەیڤینەکی هونەریمان لەگەڵیدا سازدا.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***سەرەتا بابزانیت خاتوو شیلان چۆن ئاوێتەی هونەری شانۆکاری بوو؟**

- بەهەی ئاوەی من لەخزانێك دا، پەروەردەبووم باوکم مامۆستا یەکی ناشنبیر بووو دایکیشم زۆر پاڵ پشتی ئەمە بوو بۆ گۆشەسەندن و فەر بوون، جگەلەوەو براییکەم هونەرمەندە بۆیە زۆر هاوکارم بوو زۆر لە کارە هونەرییکانی فەربووم ،وە هاندەرم بوو بۆتایبەتی بۆ خوێندن لەپەیمانگای هونەر جوانەکان،لەبەرئەوە کشی ماڵەوە و بوونی بەهرەی هونەریم وای لەمن کرد ئاوێتەی جیهانی هونەری شانۆکاری بم.

***دەکرێت بەکورتی باس لە کارو چالاکییەکان بۆ خوێنەرانمان بکەیت؟**

- کاتێ قوتابی بووم لەپەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکان و چالاکی ناو پەیمانگام کرد، دوای تەواوکردنی پەیمانگەش بەردەوام لە کارەهونەرییەکانم لە ساڵی 1999 بەشداری یەکەم پیشانگای هاوبەشم کرد کەلە هەڵی میدیا ی شاری هەولێر بەبەشداری چەندین هونەرمەند کرایەوە.لە ساڵی 2001 یەکەم پیشانگەی تایبەتم لە شاری سەران کردەوە.لە ساڵی 2002 لە شاری ئاکرێ بەشدری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد ،لە ساڵی 2003 بەشداری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد لە شاری سەران ،لە ساڵی 2009 لە شارچکەی هیران بەشداری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد کەئەوکات یەکەم جاربوو ئافرەت لە هیران بەشداری لە پیشانگادا بکات.
لەساڵی 2013 لەگەڵ مامۆستایانی هونەر لەشاری هەولێر بچێند تابلۆییەك بەشداری لە پیشانگایەکی هاوبەشم وە لە ساڵی 2016 بەشداری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد لەساڵی 2023 بەشداری پیشانگایەکی نەوەوەتیم کرد کە کەمپ لە هونەرمەندانی کوردستان بەشداربوون.دواکارم ئەم ساڵ بوو 2024 لە پارکی شانەدەر بەشداری لە پیشانگایەکی کاری دەستیم کرد.
- باشە دەستت خۆش بێت ،بەکاری کامە لە هونەرمەندانی کورد و جیهانی سەرسامیت؟

- ئەگەر مەرەف خەی بەهرەی تەدابەت وخوا بەهرەیەکی پە بەخشیبەت وەلەهەمان کاتدا بەگەران و بەدواداچوون بەدوایی بلیمەتە جیهانیەکان و فەربوونی زیاتر لەئەزمونەکانیان بە نموونە هونەرمەندان (ئاری بابان و ئیسماعیل خەیات) دەرگای زیاتر کردوە بە پەرپەدانی هونەر یم لەوبوارەدا.

***کاتێکی دیارکراوت هەیە بۆ نیگار کردنی تابلۆکانت؟**

- بەگومان وەکو دایك وك و مامەستا تەرخانکردنی کات بۆ کاری هونەر ی پەویستی بەدابەشکردنی کاتێ بۆجەرەك بتوانیت خولیاکانت پشت گوێ نەخەیت یارمەتی دانی خەزانیش ۆلی خەی دەبینەت سوپاس کەمنیش لەو یارمەتی دانە بۆ بەش نیم بەیە بەپەی کاتەکانم کاتم بۆ نیگارکردنی تابلۆکانم داناوە.

***وەکو شۆرکارەك ئاستی ئافرەتانی شۆکار بەگشتی وبەتایبەتی ئافرەتانی کورد چۆن دەبینیت؟**

- گەمانی تەدانیێ ژنان لەکوردستان دا ، بۆ بەش نین لەو بەهرەیە، ئەوا نیش بەپەی توانا هەوە دەدەن و بەدەم خولیاکانیانەوە دەچن بۆبام پەویستیان بۆ دەرفەتی زیاترە بۆ گەشە سەندن و کردنەوەی پەشانگا وخولی فەربوون، بەواتایەکی تر بەهرەی زەر باشمان لە ئافرەتان هەیە پەویستە زیاتر هانبدرێن.

***تا چەند رەنگی رەنگەکان لە تابلۆ گرنگن؟**

- ۆنگ ۆحی تابلۆیە ،کلیلی پەیامی هونەریە کەیە، بۆیە تەکۆ کردنی ۆنگ و گەیاندنی هەر پەیامەك پەوستی بە لەهاتووی خەیاڵ شارەزایی دەوەت، بۆئەم مەبەستە هونەرمەند دەبە بەردەوام لەپەگەیاندنی خەیدا بەت،منیش ۆنگ لە تابلۆکانم دا شۆنی تایبەتی هەیە بەپەی جەری تابلۆیەکە ۆنگ بەکاردەهێنم.

***ئەو بابەتانە چین کە دەبنە هۆنی تابلۆکانت بەنموونە سروشتە یان خەیاڵ..؟**

- کاتێ سروشت و خەیاڵ تەکۆ دەبن،دەتوانرەت جوانترین تابلۆ نیگا ر بکەیت ،هونەر مەند پەویستی بە خەیاڵی فراوان هەیە تابتوانەت لەگەڵ سروشت دا مەبەستی خەی بدا بەدەستەوە، بۆیە سروشت وخەیاڵ بابەتی سەرەکی تابلۆکانی منن.

*لەکاتی کردنەوەی پیشانگاکان گرفتی کەمی بینەر هەیە لە

ئەستادا بینەری پیشانگان لە چ ئاستێك دایە؟
-کەشی بینەر هەیە ،لەو دەچێت سەرقاڵی ژیان و نەبوونی کاتیش گرفت دەبێت بەڵام ئامادەبوونی چەند کەسێك خاوەن بەهرە و ئەزموون و ئەو کەسانەی هونەر بە بوارێکی گرنگ دادەنێن، باشترە لەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر کە ئامانج لەی تەنیا هەر چێندایەتی بێت.
***وەکو مامۆستایەکی وانەی هونەر تاچەند گرنگی بە وانەکە دەدرێت لە ناوەندەکانی خوێندن؟**

- گرنگی دان بە وانەی هونەری، بە بەچوونی خۆم لەلای خودی مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەرییە ئەو دەتوانێت قوتابیەکانی خۆی هانبدات بەهرە شارەزاکانیان بدۆزێتەوە لە رەگەی کردنەوەی پیشانگاکان بیان لە هەمان کاتدا دەبە دەستەی کارگێری قوتابخانە پاڵپشتی مامۆستاو قوتابیان بکات، بەدابین کردنی کەرستەو نیگارگا(مەرسەم).







لەو بڕوایەدا نیم بوارێکی تر بۆ داهێنان لە دەرەوەی دڵی

شکاوەوە هەبێ*.. نەژاد عزیز سورمێ

*** (لەو بڕوایەدا نیم بوارێکی تر بۆ داهێنان لە دەرەوەی دڵی شکاوەوە هەبێ..) پیکاسۆ**

ناڵێم نەبووە، بەڵام کەم وارێك کەوتووە ، لە ڕۆژنامەگەریی خۆماندا دیدارێك یا هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەنووسیم دیبێ بە مەبەستێك کرابێ هەوڵستێك یا بابەتێکی شایەستە بە هەڤپەیڤین بووبێت حاڵەتێکی داهێنانی تێدا دەربڕابێ ، کە بە داخەوە زۆر جاران بوون و نەبوونیان وەکو یەك وا بووە… بەش بە بار ئەم دیاردەیە (کە بەڵاستیش لەم چەند ساڵانەی دوایدا بووە بە دیاردە) بە خاڵێکی تری پاشاگەردانی ڕۆژنامەنووسیمانی دەبینم ، چونکە پێم وایە دیداری ڕۆژنامەنووسی.. بە تایبەتیش کە بە دیوی دونیای کولتوور و داهێناندا دەشکێتەوە ئەگەری بزواندن و جۆشدانی چالاکی و بزاڤە هەمەلایەنەکانی هونەرێ کە لە لای ئێمە بەداخەوە بووە بە بەشێك لە مینبەر و ستێجی ئەوانەی عەوداڵی ناو و ناوبانگن و هیچیتر! تەنانەت وەك لقێکی گرنگی ڕۆژنامەگەریش بەو ڕەنگە بایەخی پێ نەدراوە. چونکە هەمیشە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و شاشەی تەلەفزیۆن و هۆی دیکەی ڕاگەیاندن، ئەوەی دیتراوە یا بە قسە هێنراوە یا وەك خودی خۆی ، یاخود وەکو پلەی وەزیفەکەی یا هەر هۆیەکی تری دەرەوەی داهێنان و مەودا جیاجیاکانی بووە نەك یا بیانوویەکی پۆویست… ئەم لایەنەش دەهێنێ لە سەری بنووسرێ، بەڵام من لێرەدا ئەم چەند دێرەم بە پۆویست زانی پێش ئەوەی بەشێکی ئەو دیدارە بخەمەوو کە بە پێی ڕۆژنامەی (العرب)ی لەندەنی (ژمارەی ڕۆژی 16-10-1987سیدنی ئێرڵ لەگەڵ (پیکاسۆ)دا کردوویە و لە ڕۆژنامەشدا بڵاوی نەکردووەتەوە، پێدەچێ (العرب)یش لەو کتێبەی وەرگرتبێ کە ئێرڵ لە سەر پیکاسۆی نووسیوە. با پێکەوە دیدارەکە بخوێنینەوە و نەختێك بە خۆمان و دیدارە ڕۆژنامەگەریی و پرسیارە ڕۆژنامەنووسییەکانماندا بچینەوە بە تایبەتیش لە بواری کولتوور و ژیانی ڕووناکبیریماندا .

(-: سیدنی ئێرڵ) (+: پیکاسۆ)

-: ئەم دونیایە چی پێ دای؟

+ ئەو ڕەنگەی پێدام کە تا دوای مردنیش بە دوایدا دەگەڕێم… ئەم دونیایە پرسیارت دەداتێ ، گرنگ ئەمەیە… لەو بڕوایەدام پرسیار هێ

و ئەگەری بەهرەداری و لێزانی ژیانە…
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، منیش وەك خەڵکی تر لە نیشانەی پرسیار بگەم…
بەڵام لێڕامینە! سەیری ئەوەی نیشانەی پرسیاری بەم شێوەیە(؟)
داناوە چەند سریالی بووە… بگومان لەو حاڵەتە مرۆییە عەودالێ بە
دوای وەڵامەی هەڵێنجاوە…

-: تۆ لە کارەکانتدا ، هەوڵت داوە بە دوای وەڵامدا بگەڕێی؟
+: ڕاستیی ، وەڵام لە لای من گرنگ نەبووە ، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە
بوو بێ وەڵام لە هەموو شتێکدا هەیە… بێ من گرنگتر ئەوە بووە
لەوان وەڵامە ، کە زۆر جار گێلانە و بێ سەروبەرن ، پرسیاری لە
ئاست مرۆڤی لێ هەڵێنجم. دەبووایە بە مێژوودا بچمە خوار ، بچم
مەسەلا تا دەگەمە، شارستانییەتی (مایا)،
تا ئەو هەوڵە جوامێرانەیە بدزمەوەکە بێ تێگەیشتنی دونیا دراوە…
گومانی تێدا نییە، ڕەنگە ئەم هێزە غەریبانە چەمکی وایان پێ بووە
جێی سەرسوڕمان… دەنا چۆن بەرد دەبێتە بوونەوەرێکی کولتووری؟
ڕەنگە ئەو هێزانە بە جۆرێك بەسەر سەنگتراشیدا کەوتبوون ، وەك
بڵێی بەو باوەڕە گەیشتبن بەرد خێی بۆیاری دابێ شێوەیەکی تر
وەربگرێ… ئادەمزاد وایە… زۆران هەن بۆوایان وایە بە کێششی
هەمەلایەنەیان بە دوای (خود)دا دەگەڕێن کەچی لە حەقیقەتیشدا لە
پێناوی شێوەیەکی تر لەگەڵ خوددا هەڵدێن!
-: با تۆ وەك نموونەیەکی زیندوو وەربگرین…؟
+ : باشە با وابێ… بەڵام نامەوێ وای بۆ چووبی من بە فڕچە و بە
هێی فڕچەوە یا هەر شتێکی تر خەباتم کردبێ تاکو ببم بە (ڕێوی) یا
(مریشك)… من دەمویست ببم بە منێکی تر… دیارە کە وێنەکە لە لای
تۆدا تەماوی دەردەکەوێ… بەڵام پێویستە نەختێك لە زمان لا بدەین…
ئا ئەو بڕەنگییە، دەشێ وێنەکە چاتر دەربخا… تۆ دەبێ بچیتەوە
ژوورەکەی خۆت و هەموو شتێك دابخەی. دەرگا… پەنجەرەکان… ئەوجار
داوا لە دەنگەکانی دی کە بە هێیەك لە هێیەکان ماونەتەوە بکەی
بچنە دەرەوە… ئەگەر بە عەشق و ڕەزای خۆیان نەچنە دەرەوە،
دەتوانی بە دەنگی خۆت وەدەریان نێی… پێ بە خۆت هاوار کە ، وەك
ئەوەی هەوێ دەدەی پێلەکەیەکی کێوی دەربکەی ، ئینجا چاو و
گوێت دەم و دەست داخە و بیرکەوە ، چۆن دەبیە ئەوەکەی تر.
ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێی.

- : وەکو بڵێی تۆ داوای لێبوردنی هیندی دەکەی؟
+: نەخێر… هەرگیز من لەگەڵ حەساندنەوەی تەندا نیم.
من لەگەڵ ئەوەدام لەش ماندوو بکرێ… پێویستە لەشمان هەمیشە

ماندووبێ تاکو نەبێتە بار بە سەرمانەوە… - : لەوانەیە هەفتارت لەگەڵ لەشدا بێیە بەو چەشنە بێ، چونکە بە ڕاستی تێی نەگەیشتووی. هەمیشە دەبینین لەش لە کارەکانتدا بە لە باڵ یەکدەر هاتووی و ون دێتە بەر چاو؟ + : ئەمە ڕاستە… من ناتوانم لەش بە یەك بارستە ببینم… چۆن دەبێ، لەکاتێکدا ڕۆحت لە باڵیەك دەرهاتبێ و بە تەواویش هەستی پێ بکەی. لەش بریتیە لە چەند درزێبوونەوەیەکی ناهاوسەنگ و منیش ئیعتوبارێك بە بنەما ئەکادیمییەکان نادەم… بەکو وا پێویست دەکا لە هەموو شتەکان بچمە دەرەوە… دەزانی کردوومە و… چوومەتە دەرەوە…

- : تاکو جارێکی تر بگەڕێیەوە… مەگەر وا نییە؟

+ : ئەتێ وای بێ دەچی… بەڵام لە ڕاستیدا جیایە… من هەمیشە لە شتدا بە دوای ناشت گەڕاوم! لە ئادەمزاددا بە دوای نائادەمی… هەر وایشە، گەڕان لە (دژ) هاوسەنگیمان دەداتێ… من پێم وایە کە هونەر لەسەر ئەم ڕاستایە، گەڕان بە دوای دژ ، کڵ دەبێتەوە…

- : ئایا دژە پیکاسۆ چییە؟

+ : بە تەبیعەتی حاڵ پیکاسۆیە… لێرەشدا من نامەوێ دیالیکتێکی مارکس بەکار بێنم ، کە شت دژە خۆیشی تێدایە و لە ململانێی هەمیشەییشدا… من لەو بڕوایەم دژ لە دەرەوەمانە و ئەمەش بە دوای دا ڕادەکەین… ئەگەر لە ناوەوەماندا بووایە ، ئەوا لە بەردەم حاڵەت و ناحاڵەتمان تێدا دەمرد… چار نەبوو یەك ئەوی دی دەکوشت…

- : هەست دەکەین لە تابلۆکانتدا (دەنگ)ت لە (ڕەنگ)زیاتر بەکار هێناوە؟

+ : ئەمە ڕاستە زۆریش ڕاستە… وا دەردەکەوێ ناشت لە هاوار کاریگەر تر بێ، بڕیە وای دەبینم تابلۆکانم هاوارێکی مەزنیان لە خۆدا گرتووە… من مەبەستیشم ئەو هاوارە نییە کە بە زەبری کێئەندامی هەناسەدانەوە دێتە دەرێ… هاوارێکی تر هەیە تەواو جیاواز. لەوانەیە ئەو هاوارە بێ کە لە پەیکەری ئێسقانماندا بێ. من بە خۆم بە ترس و کەیف و سەرسۆمان و بێ موبالاتیەوە لە بەرامبەر پەیکەرە ئێسقانان وەستاوم… سەردانی مۆزەخانانم دەکرد پەیکەرە ئێسقانییەکان ببینم و لێیان وردبمەوە… زۆر جار دەمپرسی: تێ بڕیی ئەو پەیکەرانە حاڵەتی پێش ئادەمییەت یا پاش ئادەمییەت پێك نەهێنن… ئەو پرسیارەشم هەمیشە لەگەڵدا بووە…

-: کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پەیکەرە ئێسقانمان لە کارەکانتدا نەدیوە؟

+: لەوانەیە ئەمە لە ئەنجامی ترسەوە بووبێ… من دانی پێدا دەنێم هەندێ کات بە چەشنێك لە مردن ترساوم باوەڕ نەکردە… مردن ئەو

حاڵەتەیە، لێمان ناگەڕێ ببین، لە حەقیقەتیشدا کە تۆ بە چەند ساڵێکی دیاری کراوەوە مەحکووم دەبی ، چار نییە مەحکوومی خەمۆکییەکیش دەبیەوە بەڵێ من دەڵێم ئینسانی ئەبەدی…

-: کەقەددیس ئۆگستین لەو حاڵەتە دوا وتی: مردن لە پێناوی ئادەمزاددا داهێنراوە تاکو نەبێ بە شتێ ، گریمان ئینسانێك توانی هەزاران ساڵ بژی… ئایا نابێ بە شتێ؟

+: بۆچی ئەدی ئەو ساڵانەی تێیدا دەژین ، چۆکردنەوەی هەزاران ساڵ نییە… لەگەڵ ئەوەشدا بە وێنەیەکی کەمنەزیر پێی بکەینەوە… زۆر کەس تەمەننای مردن دەکەن ، بەڵام کە بڕیان هەڵدەکەوێ بمرن لێی هەڵدێن… ئەمما ئەوانەی خۆیان دەکوژن ، ئەوانە دەیانەوێ لەوەکەی تر ڕزگاریان بێ، نەك لە خۆیان ، ئینجا ئەو ئەوەکەی تره ئافرەتی دووڕەوەکەوتوو بێ یا سەروسامانێکی لە کیس چوو… کە هەمیشەش ئەوانی ترن دەبنە هۆی ئەو لە کیسچوونە یا ئەگەر نەخۆشی بێ. گەڵێ جار لەو بۆوایەدا دەبین شەیتان میکڕێبی بێ هێناوین… من دەڵێم ئەگەر ئینسان هەزاران ساڵیش بژی نابێ بە هیچ … دەبێ بە ئینسان…

-: بەڵام مەودای ئۆرگانی ئادەمزاد، بە کاتێکی دیاری کراوەوە بەندە…شانەکان چار نییە وەختێ هەر لە نێو دەچن؟

+ : ئێستا زاناکان مژدەی (شانە ڕەهاکان) مان دەدەنێ ئەو شانانەی ناخورێن و سیلاك نابن ، لەو باوەڕەشدا نیم زاناکان درێ بکەن… زۆر جار خەیاڵ دەبێ بە واقیع.

-: لێرەدا بوارم بدە قسەت ببڕم و بڵێم ئەو خەیاڵەدێتە جێ کە لە چوار چێوەی واقیع دا بێ، بەڵام لە دەرەوەی واقیع، خەیاڵ زۆری پێناچێ دەبێ بە تراوێلکە و سەراب؟

+ : لەوەدا لەگەڵت نیم، چونکە مەرج نییە ئەو ماددەیەی لە هێنانەدی خەیاڵدا بەکاری دەهێنین ، ماددەیەکی واقیعی بێ… تەنانەت ئەو دەمەی خانووەکانیشمان دروست دەکەین چیمەنتێ ماددەیەکی لە خەیاڵ و لەنێو خەیاڵدایە. دەنکە گەنم چۆن چۆنی ماددەیەکی واقیعیە کە تێیدا بێ گوێ دەربکا و ببێ بە گوڵەگەنم؟ پێویستە خەیاڵ هەبێ تاکو شتەکان بگۆڕێن.

- : وایە… بەڵام خەیاڵ وەك حاڵەتێك لە دەرەوەی شتەکان؟

+: لە شتەکانیشدا بڵێی… ئەوەتا من بە چەند چرکەیەك دەچمە حاڵەتێکی وێژدانی، هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەم ، لەوانەیە بە چەشنە مردنێکی کاتیی… ڕەنگە بتوانم بڵێم هەست بە(نەمردن) دەکەم لەو کاتەیدا بیرکەم بە دواوە دەبێ ، لەسەر قوماش یا بەرد یا برۆنز بێتە دی… ئەو نەمردنەیش جۆرێکە لە ئیشی بێ دیماهیی.

– : بۆچی نەتگوت (ژیان) و (نەمردن)ت بەکار هێنا؟
+ چونکە (ژیان) دژی (مردن) نییە، بەڵکو درێژبوونەوەیەکی پێشترە. تۆ لەو باوەڕەدانی زۆر حاڵەت هەیە(کۆتایيان) پێش (سەرەتایيان) دەکەوێ؟ ئەگەر لەگەڵ فەیلەسوفەکانیشدا بڕۆین ، ئەوا دەڵێین بەهرەوەری و لێزانی ژیانە… دیماهییە بە پێش کەوتووەکانە.
- : لەو حاڵەتەدا مردن چی لێ دێ؟
+ : سەرەتای بەرەواژ، ئەو کەشیشەی لە یەکەمین ڕۆژدا دەمانناسێنی پێمان دەڵێ: (هاتی بۆ ئەوەی بمری). مەرج نییە ئەو دەستەواژە گۆڵانەیە بڕۆمەوە تا لەم حەقیقەتە بگەم. لە یەکەمین چرکەدا ئادەمزاد هەست دەکا بۆ ئەوە هاتووەتە دونیا کە شوێنێك بۆ چاوەڕوانی بگرێ. هەموومان هاتووین چاوەڕێ بین… لە ڕۆگای ئەو چاوەڕوانیەشدا هەوڵ دەدەین شتێك بکەین. واڕێك نەکەوتووە چووبیتە لای دکتۆری ددان، لە کاتێکدا هەست بە ئازارێکی زۆر دەکەی ، دەبینی لە ژوورەکەی تەنیشت چاوەڕوان دەبی و خەڵکی دیکەشت لەگەڵدایە و تێیش هەوڵ دەدەی لەگەڵیان بئاخڤێی یا خۆت بە گۆڤارێ ، شتێ؛ مژوول بکەی تا دەرگات بەڕووا دەکرێتەوە… هەمیشە ئێمە لە بەر ئەو دەرگایەداین کە وەختێك دەکرێتەوە.

- : دەڵێی بە پێچەوانەی خۆت دەپەیقی… تۆ بڵێی ژیان بەو بەرنامەداڕییە بێ؟
+: نەموتوە بەرنامەدار، من وتم شوێنێك هەیە بۆ چاوەڕوانی و دەرگایەك هەیە چاوەڕێمانە…

- : لە پشت ئەو دەرگایەوە چ چاوەڕوانت دەکا؟
+ نامەوێ هیچ شتێك چاوەڕێم بێ… چونکە ماندووم… دەمەوێ تا هەتایی بنووم… ژیانی من بریتی بوو لە سەعاتێکی نەوەستاو… میلەکانی بە خڕایيەکی شێتانە دەسوڕانەوە… ئەوە هەستم بووە و ئەوەش پەنجەکانم بوون زیاتر لە جارێك لە زەمەندا ژیاوم… گەلەکم هەناسە سوار بووە برادەر… ئای چەند جارانم بەزەیی بەو کەسانەدا هاتووەتەوە کە لە تابلۆکانمدا دەرم خستوون… وا هەست دەکەم لە ئازارێکم گلاندوون کە دەبووایە هەر خۆم بە تەنێ تێیدا بژیم.

- : مەبەستت ئەوەیە بڕۆی ئەو کەسانە هەمیشە و تا هەتا بە دواتەوەن؟
+: بەڵێ ، بەڵێ بە ڕاستی بە دوامەوەن ، بەڵام لە لایەن زۆرانیشەوە چەپڵەم بۆ لێدراوە و زۆریش لەسەر کارەکانم نووسراوە ، کە دەبووایە ناوە ناوە خۆم بە زل زانیبا. کەچی هەمیشە هەست بە دڵتەنگی دەکەم ، من هەرگیز ناڕەم ژیان بریتی بووە لە کارەساتێك و

به عەرەبانەیەکی تایە زل بەوە چووە. ئاستیی ژیانی من ئەنجامی تێنەگەیشتنێك بووە بە ناوی (خۆشەویستی) نێوان ژن و پیاوێك...

- : تۆ بە خۆت تووشی ئەو چەشنە تێکنەگەیشتنانە نەبووی؟

+: بێگومان. ئافرەت زۆر پێویستە. پێویستە تاکو هەمیشە دڵت تێك بشکێنێ من لەو باوەڕە دانیم بوارێکی تر لە دەرەوەی دڵی شکاوەوە هەبێ بۆ داهێنان... هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم خۆشەویستی ئاست ئەوەیە کە لە ئەنجامی تێکنەگەیشتنێکی ئاستەقینەدا پەیدا دەبێ. ژنێك چۆن دەتوانێ پیاوێکی خۆش بوێ کە کت و مت وەکو خۆی بێ ژن پیاوی ناجووری لەگەڵ خۆیدای خۆش دەوێ... ئەمەشم لە تابلۆکانمدا زۆر بە ڕوونی دەربڕیوە یا وەك هەخنەگران ناوی لێ دەنێن بە تەماویەیەکی قووڵ... ژن.. ڕووی دژم... ئەو بەرم... ژانەکەی ترم دەردەبڕێ ، من عاشقێکی خراپم... لە حەقیقەتیشدا عاشقێکی ناوازەم .

هیتلەر و فیکری ئەدەبی.. یووسف ئیسماعیل

پەیوەندی ئەدەلف هیتلەر لەگەڵ ئەدەبدا ڕێکی بەرچاوی هەبوو لە داشتنی ئایدەلۆژیا و جیهانبینییەکی. هیتلەر هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە خوێندنەرێکی بەئەمەك بووە و ئیلهام لە بەرهەمە جیاوازەکانەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە ناسیونالیزمی ئەڵمانی و ڕیتەریکی دژە جوولەکە بەرەوپێش دەبەن. کتێبێکی بە ناوی Mein Kampf، بیروباوەڕە پڕچاوپڕچکانی بەرجەستە دەکات و وەك مانیفێستێك بۆ تەماحە وێرانکەرەکانی کاردەکات. هیتلەر ئەدەبیاتی وەك ئامرازێك بۆ پڕوپاگەندە بەکارهێنا، بۆ ئایدەلۆژیا ڕقاوێکانی کاریگەری لەسەر جەماوەر دروستکرد. وەسوەسەی ئەو بۆ دروستکردنی کەمەگایەکی پاکی ئەگەزی دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو نووسینانەی کە بەکاریهێناوە، گەڕانەوەیەکی مەترسیداری بەردەوام کردووە کە دواجار بووە هۆی دەندیەکانی هەڵەکەست. بۆ لێکەینەوە لە کارلێکەکانی هیتلەر لەگەڵ ئەدەب، تێگەیشتن لە میکانیزمە ترسناکەکانی پشت دەستکاریکردنی زمان و بیرکەکان بەدەست دەهێنین، ئاشنایی دەخێنە سەر هەزی وشکان بۆ هاندانی توندوتیژی و ڕق لە کەمەگادا.

کاریگەری ئەدەب لەسەر ئایدۆلۆژیای هیتلەر:
کاریگەری ئەدەب لەسەر ئایدۆلۆژیای هیتلەر کەم ناکرێتەوە. هیتلەر بە درێژایی ژیانی خوێندنەکی بۆئەمەک بووە و ئیلهامەکانی لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکان وەرگرتووە بە داشتنی بیروباوەڕ و سیاسەتکانی. یەکێک لە کاریگەرییە هەرە دیارەکان لەسەر هیتلەر ئەدەبیاتی دژە جوولەکەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بوو، کە ڕق و کینە قوواڵەکەی بەرامبەر گەلی جوولەکە سووتەمەنی دا. هەروەها وەسوەسەی هیتلەر بە چەمکی "گەندەڵی ئاریایی" تا ڕادەیەکی زۆر بە بەرهەمی خەیاڵی و مێژووی ساختە کە پەرێیان بە بادەستی گەلانی ژێرمانی دەدا، لە قاڵب درا. جگە لەوەش، نووسینی هیتلەر خۆی، بۆتایبەتی "ماین کامپف"، ڕەنگدانەوەی لێکدانەوەی شێواوی ئەو بە ڕووداوە مێژوویییەکان و خواستی دامەزراندنی ژێمێکی تۆتالیتاری لەسەر بنەمای جیهانبینی چەواشەکراوەکەیە. لە کۆتاییدا، ئەدەب ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە داشتنی ئایدۆلۆژیای هیتلەر و خەراکدانی بیروباوەڕە تووندڕەوەکانی و بەشداریکردن لەو دەندەیانەی لە سەردەمی حوکمڕانیدا ئەنجامدراون.

پەوپاگەندە و سانسەر لە ژێرمی هیتلەردا:
پەوپاگەندە و سانسەر ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە ژێرمی هیتلەردا هەبوو، هەم بیروڕای گشتییان داشت و هەم کۆنتڕۆڵکردنی بەهاوبوونەوەی زانیاری. حیزبی نازی لە ڕێگەی پەوپاگەندەیەوە توانی دەستکاری جەماوەر بکات و هیتلەر وەک کەسایەتییەکی مەسیحی نیشان بدات و گروپە کەمینەکان شەیتان بکات. ئەم دەستکاریکردنە بە ئەدەبیات درێژ بووەوە، کتێبەکانی بە "ناگونجاو" یان "دژە ئەڵمانی" دەسوتێنران و نووسەران بەدەنگ دەکران ئۆگەر لەگەڵ ئایدۆلۆژیای نازییەکان هاوتەریب نەبن. نووسەرانی وەک تەماس مان و بەرتۆڵت برێخت بە زۆر دەربەدەر بوون، لە کاتێکدا نووسەرانی دیکەی وەک ئێرنست یونگەر بە هاوبەشی هەڵبژێردران بە نووسینی پەوپاگەندە بە ژێرم. کۆنتڕۆڵکردنی ئەدەب لە ڕێگەی سانسەرەوە ئامرازێکی بەهێز بوو لە چەسپاندنی دەستگرتنی هیتلەر بەسەر دەسەڵاتدا، دڵنیابوون لەوەی کە تەنها گەیاندنەوە پەسەندکراوەکان ڕێگەیان پێدەدرێت گەشە بکەن. ئەم دەستکاریکردنە لە ئەدەبدا خزمەتێکی زۆری بە بەهێزکردنی ئامانجی پەوپاگەندە کرد، لە کۆتاییدا یارمەتیدەر بوو بە داشتنی کەمپەینگایەک کە پابەند و پشتیوانی ژێرمی نازی بوو.

لە کۆتاییدا

شیکاری پێوەندیی هیتلەر لەگەڵ ئەدەبدا یارییەکی ئاڵۆزی نێوان پۆپاگەندە و دەستکەوت و ئایدیاڵۆژیا ئاشکرا دەکات. هیتلەر لە هەگەی دەستکاریکردنی ئەدەبەوە توانی دیمەنی کولتووری ئەڵمانیای نازی لە قاڵب بدات و گەڵانۆیەک دروست بکات کە ژێمی تۆتالیتاری خۆی بەهێزتر بکات. ئەدەب وەک ئامرازێک بۆ پەروەردەکردن و بەئاوکردنەوەی ئایدیاڵۆژیای نازی و پەرەپێدانی هەستی شانازی ناسیۆنالیستی لە نێو خەڵکی ئەڵمانیادا کاری دەکرد. بەڵام ئەم دەستکاریکردنە لە ئەدەبدا، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو پەتانسیەڵە مەترسیدارەی کە پۆپاگەندە بۆ سووتەمەنی تووندڕەوی و بڕدەوامکردنی ڕق و کینە. بۆ لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی ئەدەبی هیتلەر، تەوانینێک بۆ ئەو هەگایانە بدەست دەهێنین کە دەتوانرێت زمان و چیرۆکگەڵان وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ هەردوو چەوساندنەوە و بڕخەدان بەکاربهێنرێت. لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوە لە هیتلەر و ئەدەب وەک حیکایەتێکی وریایی کاردەکات، هێزی بڕدەوامی وشکانمان بیردەخاتەوە کە تێگەیشتنمان لە جیهان لە قاڵب دەدات.

خەیام و چوارینە ساختەکان.. ئەحمەد هەوڵێری

خەیام ئۆگەرچی شاعیرێک و فەیلەسوف و زانایەکی سەردەمی خۆیبووە، بەڵام ناوبانگی ئەو وەک شاعیرێک زۆر دوای مەرگی و بە دیاریکراوی لە سەدەی ١٢بردووەوە لە نیشابووری شارەکەی خۆی و ئێرانەوە نا، بەکۆ لە ئەوروپا تەقیەوە، ئەویش دوای پاچڤکردنەکەی ڤیتزجیراڵد، کە ناوبانگی خەیامی بۆ هەموو ئەوروپادا پرژاند و بەدوایدا ناوەندی عومەری خەیام لە ساڵی ١٨٩٢ لە ئینگلتەرا کرایەوە و لە ساڵی ١٩٠٠یش لە ئەمریکا ناوەندەکی ئەدەبی بەناوی ئەوەوە کرایەوە.

ئەشە هەکاری سەرکی ئەوەی کە ناوبانگی عومەری خەیام لە ڕۆژهەاتی لانکەی شارستانیەت و شیعر و ئاینەکاندا کەمتر بزووتبێت بڕاورد بە ئەوروپای سەدەی ١٢بردوو، بە ئەوە بگەڕێتەوە کە لە سەروەختی خەیدا و لەنێو کەشی ئاینی نەسازی سەلجوقیەکان، مەغەلەکان، عەباسی،

سەفەوی، بوێهیێکان، عوسمانییەکاندا، بواری ئەوەی نەدابێت کە شیعر و ئەنگۆزە سۆفی و عیرفانییەکانی خۆیام وەک پێویست بەاوببنەوە و هەمیشە و لە هەر جێیەکدا ووبەووی سانسۆری شەریعەت و دەقەکان بووبێتەوە، هەر بۆیشە ئەم چوارینانە دوای مردنی خۆیام و لە سەردەمی مەغۆلەکاندا بە یەکەمجار ٨ چوارینەی لە بەاودەبێتەوە، وەکو تر لەنێو کەی دەست و موريد و هاوەڵانیدا ئەم چوارینانە باسدەکرا.

بەڵام بەچوونێکی تر کە بەکی بەرچاو ڕاستی تێدایە، باس لەوە دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتدا ناوبانگەکەی خۆیام کەمتر لە ڕواڵەتی چوارینەکانییەوەیە بەکو وەک زانا و بیرمەندێک زیاتر ناسراوە. چونکە ناتوانرێ خاوەنداریەتی ئەو چوارینانە بە خۆیام پشتڕاستکرێتەوە، سۆفی و شەیدا و بەدمەستگەلێکی زەر لە سەروەختی خۆیدا لەسەر شەواز و کێشی چوارینەکانی خۆیام زەر چوارینەیان سازکردووە و بەناوی ئەوەوە بەاویان کردووەتەوە. بە جۆڕێ کە زەر لەو چوارینانە لە ڕووی ناوەڕۆک و ماناوە دژ بەیەکن و زەر ئێستەم چوارینە هاوسەنگەکان لە چوارینە ئاوەکی و ساختەکان جیا بکەینەوە. بەیە لەو بارەیەوە سادق هیدایەت دەڵێ ئەو چوارینانەی بەناوی خۆیامەوە بەاوکراونەتەوە هەندێ لەکدژیان تێدایە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، کە ئەگەر بەتووە مرۆڤێک سەد ساڵ بژی و هەژی دوو جار بەواکانی سەرلەبەر بگۆڕێ هەشتا ناکاتە ئەو هەموو ناکۆکی و دژە لەکدژانەی لەو چوارینانەدا هەن.

ڕۆژهەڵاتناس نیکلسۆن دەڵێت: ئەگەر خۆیام زیندوو بێتەوە، ئەوا دژشادەمەنە لە ناسینەوەی چوارینەکانی خۆی لەنێو خەرمانی ئەو هەموو چوارینە ئاوەکی و ساختانەی دراونەتە پاڵی.
فرۆغ و غەنیش کە دوو لێکۆڵەری ئەدەبی-مێژوویی ئێرانن، دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی چڕ کە چەند ساڵی خایاندووە لەسەر چوارینەکانی خۆیام دەڵێن: ئەو چوارینانەی کەوا ئەمڕۆ هەمان بژاردوون وەک چوارینەی ڕەسەنی خۆیام. لەسەر بنەمای خەماندن و سەلیقەمان بووە بە پێڤەکانی حەکیمی نیشابوور نەک لە ڕواڵەتی بەگەوە! چونکە ناگونجێ مرۆڤێکی مەزنی وەک خۆیام کە مرۆڤێکی زانا و ماتماتیکزان بووە، ماهیەتی ژیان ببەتەوە سەر بادەنۆشی و ڕابواردنی هەرزەکارانە وەک لەم چوارینەیدا دەبینرێ : "بەپێی شەرع هیچ تاوانێکم نییە مەگەر نەربازی و مەبازی نەبێت"، یاخود "لەسەگ کەمترم ئەگەر ناوی بەهەشت بەنم"..هتد.

جێی بایەخە مێژووی هاوچەرخی ئێران و بەتایبەت دوای دروستبوونی

دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی سیخناخ لەم جۆرە هەڵە و ساختەکارییانە، کار گەیشتووەتە ئەوەی کە کتێبێک بەدرێتە پاڵ نووسەرێک، بیریارێک.. بە نموونە دوو کتێب دراونەتە پاڵ عەینولقوزاتی هەمەدانی، یەکەکیان بەناوی "شرۆڤەی وتە کورتەکانی بابەتاهیری هەمەدانییە" کە هەی شرۆڤەکارێکی پاش سەردەمی عەینولقوزاتە، دووەمیشیان کتێبی "خواناسینە" کە لە بنەڕەتدا هی سوهرەوەردییە و دراوەتە پاڵ عەینولقوزات هەمەدانی.

هەرچی سەبارەت بە ناوبانگی خەیام و چوارینەکانیەتی لە ناوەندی ئەوروپادا، لە ڕاستیدا ئەوە پشتڕاستی ئەم چوارینانە ناکاتەوە، چونکە بە وێنا بەناوبانگترین پاچڤەکردنی ئەم چوارینانە لەلایەن ڤیتزجیراڵدەوە ئامادەکراوە بەڵام بە گوتەی مەسعود فەرزادی شرۆڤەکار ڤیتزجیراڵد گوێی نەداوە بەوەی ئەو چوارینانە هی خەیامن یاخود نا بەڵکو ئەو بەوپەڕی ئیشقەوە پاچڤەی کردوون و ئینگلیزاندوونی..

ئەحمەد هەولێری

کورتە چیرۆک\ ڕەزبوون.. نووسینی: ئامانج شەروانی

سەیرکی کاتژمێرەکەی بەردەمی کرد و وەکوو گوللە لە جێیەکی دەرپەڕی. دەرگای وەتاخی نووستنی هەژاندی حەقدە ساڵانی کردەوە، پێ بە دەنگی خەی قیاندی: (هەژاند، کۆم، هەستە درەنگە، هەر هەند پەڕا دەگەی!). هەژاند، بەڵام بەڵەکی کرد و دیسانەوە پرخەی هاتە. ئاشنا ئەوجارە بە دەنگێکی بەرزتر قیاندی: (دە هەستە کۆی خەم، بابە درەنگە، کۆم درەنگە، دە با ئەمنیش بە ئیشە ڕابگەم). هەژاند، باوەشکێکی دووردرێژی هاتە، و بەنابەدڵییەوە لە شوێنی خەی هەڵساوە.
ئاشنا، بەرەو ناندینەکە ڕەیشت، چاپستێک چای لەسەر ئاگری دانا. چووە لای دەستشۆرەکە و دەموچاوی خەی بە ئاو و سابوون شوشت، شانە دارەکەی دایە دەست و خستییە ناو پرچە پەخشانەکەی، هەشتا یەک دوو

جاران ئەو شانەیی بە پرچە بژکەی نەهنابوو، بیری کەوتەوە کە هەشتا نان و ئاوی بە پشیلە دووساڵانکەی دانایە. شانکەی دانا و بەپەلە چوو نانە وشکەکە و جامەک ئاوی لەبەردەم پشیلەکەی دانا. ویستی بچێتەوە بە لای ئاوەنەکە و دەست بداتەوە شانکەی، کەچی دەنگی هەڵچوونی چایەکە ئەوی بەرەو ناندینەکە برد.
سەیری کاتژمێرەکەی کرد، هەشتی بەیانییە، کەمەک ئارام بووەوە: (هەشتا زووە، پێ دەگەم). چووەوە بە لای ئاوەنەکە، شانکەی خستە ناو قژە ئاسکاویەکەی، یەک دوو جاران پێیدا هێنا. شیێی هەژاند، ئەو ناوی هەژاند: (ئێستا دەبێ، نانم دەوێ). دیسان، وەکوو گوللە بە نانداینەکە دەرپەڕی و ماستەکەی لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانا، نانە تیرییەکەی تێ کرد و دوو چایی تێکرد. یەکی شیرن شیرن بە هەژاند، و یەکێکی تاڵ تاڵ، بە خۆی. زەردەخەنەی هاتە و لە دڵی خۆیەوە گوتی: (تاڵ و شیرن پێکەوە چا دەبن، ئاگەر چا بن).
فێکی لە چایەکەی دا، مەماشووی سووتا، قومەک ئاوی خواردەوە، یەک دوو کەوچک ماستیشی خستە ناو دەمی، دایکی هەموو جارێک دەیگوت: (ماست هەتوانی سووتانێ). هاتەوە یادی کە هەشتا پیسایی پشیلەکەی خاوێن نەکردووەتەوە، بەپەلە چووە خوارەوە تا پیساییەکەی فێ بدات. بە لای خوانەکە هاتەوە، فێکی تری لە چایەکەی دا، سەیری کاتژمێرەکەی سەر دیواری نانداینەکەی کرد. لەناکاو قیژاندی: (هەستە هەژاند، یەکسەر دەبی بڕۆین، بێ خەت بگەێ).

چووە ناو تەومبێلەکەی، دوو هەنی درێژی لێدا، دوای دوو سێ خولەک هەژاندیش هاتە ناو تەومبێلەکە. ئەوی بەرەو فڕۆگەکەی بکرد، و خەیشی بە سەر کاری خۆی. ئەو هەژە هەر لە بیری هەژبوونی خۆی بوو. کەوتبووە نەو گێژاوی ئەندێشان، دەبێت هەژاند هەژبوونی ئەوی لە یاد بێت؟ ئاخە دەبێت چ هەژاندێکی بە ئامادە کردبێت، لەوانەیە کێکێکی بە ئامادە کردبێت؟ یان لەوانەیە دیارییەکی چکۆیی بە دانابێت. خە ئاگەر ئەوانەش نەبێت، باوەشکم پێدا دەکات! یان هەنگە پیاسەیەکم لەگەێ بکات!

کاتژمێر پێنجی ئێوارە دەستی لە کارەکەی خۆی هەڵگرت، سواری تەومبێلەکەی بوو، دەرگای ماڵەکەی کردەوە، بانگی کرد (هەژاند، هەژاند، لە ماڵێی؟) لە جێی وەڵامی هەژاند، دەنگی پڵەی ستەیشنەکە هات. بە ژووری دانیشتنەکە نەیشت و تەلەڤزیۆنەکەی داگیرساند، خۆی فێدایە سەر کەرەوتەکە. پشیلەکەی پازی دایە سەری و دەستی بە غەغە کردن کرد، تا بەیانی بەو شێوەیە لە باوەشی یەکتریدا

مانەوە.
تیشکی هەتاوی بەهەزی بەیانی، وەکوو شمشێرێک پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەی دەبەی و چاوەکانی ئاشنای کێرە دەکرد. لە خۆو هەستا، بەرەو پەنجەرەی ژوورەکە هەیشت، سەیرێکی باخچەکەی کرد، کەشکەیەکی لەسەر گەڵەی شیا بینی.

1- وەتاخ واتە ژوور

2- زەرەک لە خەڵکی هەولێرە دایکیان بە ئەدە بانگ دەکەن.

3- هەتوان واتە مەرهەم.

4- هەژەند واتە سەرسوهەن، یان موفاجەئە.

سەناتای نوستالژیا.. ستیڤان شەمزینی

دەیان جار سوپاسی ئەو "بایە دەکەم
بەنی تەم لەگەڵ خەیدا بە دەهەنە
دەیان جار ئەو حەیرانە دەمەوە
لە بەر ئاگردانی ستایشدا دەیچەیت
ئەم دەڵەت لەناو ئەشکەوتی دەما
دەنگ دەداتەوە:
تە بە شیعرەوە جوانیت
بە عەشقەوە جوانتر
دەیان جار بیر لە رابردوو دەکەمەوە
دەمەک لە نەوان دیجلە و فوراتدا
تینووی دەڵپەک ئازادیی بووم
دەمەکی تر لە نەوان ئەزمەڵ و بەراناندا
تەرمی هیوام بەسەر شانەوە بوو
هەنووکەش لە شارەکدا دەژیم

هەتاو سەری پەدا ناکات
گەی سووری تە دامدەگیرسێنێت
دەیان جار خەمم بیر دەکەوێتەوە
چەن دەستمکرد
بە نووسینی چیرۆکی ئەم خۆشویستیە
بە ئەوەی هیچ کۆتاییەکی بە دابنەم

سەرم لە رابردووەدا گیر بووە
نامەوێت بگەڕێمەوە
بە ئەم ئێستا تاریکە
من جەنگاوەری روونا کیم
شمشێری دەستم پڵکەزێنێنە
مارشم شیعرەکانی بابا تاهیر و
چاوەکانم دوو گەمی فرمێسک
کتێبی خەیاڵم هەمیشە سەرخۆش
ئەندێشەم ماڵی پەپوڵەی عەشق
پەنجەکانم
بەنی پرچی شیعریان لێدە
قورگیشم پڕە لە تەنی گریان
زمانم مەیقای سەردەمێکی کۆنە
ڕەحیشم پشکەی داگیرساوی ئەوین
لەمبگرێ
با هەر لە رابردووەدا بم
من لە زمانی
شەمشەمەکوێرەی ئەم چەرخە تێناگەم
ناتوانم لە کەوتنی چراکاندا
تەماشاڤان بم
با هەر نەوەی ئەو زەمانە بم
ژیان لە بری خۆن
گوڵاوی لە دەچڕا

لەوانەیە پەتوابێت
ڕەشبایەکی ناوەختم
ڕەنگە تە لەسەر هەق بیت

لە وەرزی وەرینی روونا‌کیدا
کە مەمی عەشق
لە جەنگەی دەدا هەڵدەکا؟
لە زەمەنی دوگمە و ڕێبەتدا
کاروانی خۆشەویستی
بە هەستی کەدا ڕەت دەبێ؟
لەوانەیە پەتوابێت
شاعیرەکی شێتم
ڕەنگە تە لەسەر هەق بیت
لەم غروبەدا
کە هەلانە
بە باڵندەی ئەوین چە دەکا؟
کە لەسەر پەستی ئەم سەدەیە
وێنەی عاتیفە دەکێشێ؟
بەڵێ، ئەوە بە تەنها خەمم
لە کەژگەی دیوانەکاندا
ناسکترین وشە
بە پەسنی ژن ئەوێنم
بە ژێر بارانە مەستەکانی خۆشەویستیدا
بە بە چەتر و بە پاڵتە ڕە دەکەم
بەڵێ ئەوە بە تەنها خەمم
لە پەراوێزی ژیان و
باوەشی تەنهاییەوە
تاکو قیامەت
بەسەر جەنازەی گوەدانەکدا
سینگ دەکوتم

پیاسە تسکە.. ئیلهام موادی

لەگەڵ یادت قامکەکانم لە لاپەڕەی
ژ ژمێرەکەم بەجەما

وانەکانی دەداریم لێون بوو
لە قاپ گرتووە چاوەکانم
وێنەی پێفایەکەت
بەیە لە هەر چاو تروکانێکدا
دووپات ئەبی لە شاشەی مێشکمدا
سەرگەردانە بەهەناسەکانتەوە
لێوم
وێرانە ماڵێ
خەیاڵم
لە شوێنکی ئەم چیرۆکەدا
شەو بەیاری لەسەر
قەدەغەیە
پیاسە تسکە
شەقام لەخۆ بایی.

سنە
ئیلهام موادی
•

نووی منداڵکی ساوا.. دڵکەش قادر

من ئاوام
بە پاوە وەستاوم
ئومێد لەسەر بەرکی دەتەنگی دەنەخشێنم
پێکەنین دەکەم بە شاگەی مانەوە
مانەوە درکی جوانە تا هەموان پێبکەنن و
داهاتوو لە چاوماندا بێت.
کەس لە پشتی پەنجەرەوە سەیری
کشانی نەیزەکی ناکا
کەس هەواڵی ڕەیشتن نادات
ئەوەی هەڵی کردوە زیکریاتکی کۆنە لە خەیاڵی بەندبژاندا

هیچ کەس دڵی نایە لاوی محەبەت لە پووچیدا بەووخەنە.
کەس بە تەنیشت تارماییدا ڕەتنابە
شیعر پردی نێوان دڵ و پێپوولەیە
عیشقی لەدەرچێ کەس بەڕەگا تەسکەکانی دڵەقیدا ناچێتەوە ماڵ
کەس لە باکەنەوە سەیری کەوتن ناکا
ئەوەی ڕەنووی بیرەوەرییە
کوژانی منداڵکی ساوایە.

سلێمانیی
دڵکەش قادر

خەمکی تری سەرسەری.. شەماڵ بارەوانی

وەرە با سنوورەکانی ئەو هەساریە ببڕین و
لە فەرمکی تر گەمەی عیشق دەست پێبکەینەوە

وەرە با ڕەهەندەکانی ئەو گەردوونە هەبووشنینەوە و
کراسی وەرزکی تر بپۆشین

وەرە با منداڵ منداڵ ببینەوە و
بەینەوە سەر نەسەبی گریانکی بەعار

وەرە با دەست لە ناکۆکییەکان هەڵگرین و
لە ڕوانگەیەکی شاعیرانەوە تەکەڵە بە فەزای بوون ببینەوە

من نامەوێ چیتر لە سەردابی زەمەنکی پووچدا سەوڵی سەرگەردانی لێبدەم و
لە تخووبی پەرەزی بیابانکی بە مانادا کراسی خەشاوەڵی لەسەر تەنافی گەمژەیی هەڵخەم

نامەوێ دووبارە دەست لەگەڵ کاروانی فرمێسک تەکەڵە بکەمەوە و
بەرەوە ناو بەتاڵی خەمکی تری سەرسەری

نامەوێ چیتر نەخشەی نیشتیمانێکی بە ناونیشان بکەشم و
خەونەکانم لە چوارچێوەی تابلۆیەکی سوریالیستی دا ڕەنگ بکەم

ئەنفال... دیدێکی تر و تێگەیشتنێکی تر.. ئیدریس مستەفا ساڵح

بە کورتی:
پوختەی ئەم نوسینە ئەوەیە کە ئەنفال هەر بە تەنها سەدام حسێن و ڕژێمەکەی بەشدار نین لەگەڵ ئەوەی بکەری سەرەکی ئەو تاوانکاریێن بووە هیزە کوردیەکانی شاخ بەتایبەت بەرپرس و سەرکردەکانیان سەبەبکار و شەریکی ئەو تاوانکاریێن. ئەم خسوسیەتی ئەنفالە کە جیای دەکاتەوە لە جینسایدەکانی میللەتانی تر.

دەڕژەی باسەکە..
لە مەڕە خواستمە بابەتێکی دوور و درێژ بنوسم لەسەر ئەنفال و بە ئەمەش کەرسی تایبەتم لەسەر جینسایدەکانی دنیا خوێند کاتێک قوتابی زانکۆ بووم لە دەرەوەی وڵات. دەتوانم بڵێم هەرچی جینسایدی سەدەی نوێیە خوێندمان تەنها ئەنفال نەبە چونکە تا ئیستا نەتوانراوە بکرێ بە بابەتێکی ئەکادیمی دەکیومێنترن و لەوەوە بخزێنرێتە ناو دنیای زانکۆ و پەیمانگە و سەنتەرەکانی لەکەینەوەی ستراتیجیەوە. دیارە لە مەڕە سەرخەتەکانی خەم دیاری کردووە و هەر دەمەوە بابەتێکی ئەکادیمی بە وەنەی ئەوانەی خوێندمان ئامادە بکەم بەڵام تا ئیستا هەر بڕم نەگونجاوە. ئەم بابەتەی لەرەدا دەیخوێننەوە کە زیاتر سیاسیە، هەندێ ئایدیای سەرەکی منە دەربارەی ئەنفال کە جیاوازترە لە هەموو ئەو وتار و بابەتانەی تاکو ئیستا لەسەر ئەنفال نوسراون.
یەکێک لەو کەشە گەوارنەی هەموو هزرێک تیی دەکەوێ ئەوەیە هەر خەریکی گوتنەوە و شیکارکاری شتێ باوکان بێت دەربارەی ڕووداوەکان. ئەم دیدە زیاتر مەبەستی خۆی دەپێکی گەر بتووە لەسەر مەسەلەی جینسایدە تاقی بکرێنەوە بتایبەتتر ئەنفال. لە نێو هەموو

ئەو جینۆسایدانەی مێژوودا هیچیان وەک ئەنفال ئەو خاسیەتیان وەرنەگرتووە کە تاوانکارێکی بەهێی هەردوو هێزی ناوخۆ و هێزی دەرەکیەوە روویدابێت. ناوخۆ و دەرەکی لێرەدا مەبەستم لەو هێزە خۆماڵییەی سەر بە لایەنی ئەنفالکراوەکانە وەک زمان و ڕەگەز، هێزە دەرەکیەش کە لە دەرەوەی زمان و ناسنامەی میللەتی ئەنفالکراوە و بە ئەنفالچی لە قەڵەم دەدرێ.

تاکو ئێستا سەرجەم باسەکانی لەمەڕ ئەنفال، بە دەوری هەندێ دید و تێگەیشتنەوەیە کە هزری ڕەخنەگر تێنوەتی پێ ناشکێ. تێگەیشتنەکە بە سادەی ئاوهایە کە سەدام ئەنفالی کوردی کردووە چونکە ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی فاشستی و دژە کورد دبووە و لە مێژیشەوە خەی بە ئەو تاوانکارییە مەناسداوە. ئەمە تەنها دیوێکی دیاری لاوازی بابەتەکەیە بەڵام دیوە شاراوە و گرنگەکانی تری ئەنفال کامانەن. بە ئەوەی بتوانین دیدێکی بابەتی بدەینە باسی ئەنفال دەبێ لە کەی هەموو ئەو کەس و هیزانە بکۆڵینەوە کە لەو تاوانکارییەدا بوون چ هێزی کوردی شاخ و چ هیزی عێراقی دەوڵەتیی. هەروەها ناشبێ فەرامۆشی ئەو هاوکۆشێ ناوچەیی و جیهانیانەی بکەین کە ئەو هەلومەرجیان بە خوڕقاند. بەڵام نزیکترینیان ئەو بکەرانەی مەیدان بوون بەتایبەتی بکەری کوردی. ئەوەی کە ڕوویدا بەرئەنجامی کەمێک سیاسەتی سەرکردایەتیەکی نەزان و لە هەمان کاتیشدا بزان بوو کە ئەو دەخەی بە تاوانکارییەکە خوڕقاند.

دەزانم لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە دەپرسن ڕژێمی بەعس لە مێژ بوو پلانی هەبووە و دوو بەگژ دەوترێ. یەکێکیان ئەو سەربازگە و تاوێرە گەورانەی گەرمیانن کە سەرەتای سانی هەشتاکان دروستکرا؛ دووەمیشیان، ئەو بەگانەی ڕژێمی بەعسن کە گوایە هەر بەتەما بوونە ئەو تاوانکارییە بکەن گەر هێزی کوردی شاخ هەبوایە یان نەبوایە. لە ڕاستیدا ئەمە لاوازترین دید و بۆچوونە و بگرە لە کەڵکردنەوەیەکە بە گەلان بە دوای تێگەیشتنێکی بابەتیانەدا.

هیچ هێزێکی سیاسی و فکری و دەوڵەتی چ نەتەوەیی، چ ئاینی، چ قەبیلەگرایی نێ بیرکەی پاوانخوازی تێدا نەبێ و مێژووش ئەمەی سەلماندووە. پاوانخوازیش یان لەسەر داگیرکاری و کزکردن یاخود نەهێشتن و سڕینەوەی ئەوانی تر کار دەکات، بەڵام زەمان و مەکان و مەوداکانی ئەو پاوانخوازییە چیە ئەوە گرنگە لێی تێبگەین. مەودای جینۆسایدکان لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاینی و کەمایەتی و بە هێزکاندا قەتیس بووەتەوە و هەرواش دەبێ؛ بەڵام، لە مەسەلەی ئەنفالدا هەندێ حسباتی گرنگ دەگەردێن کە لە هیچ جینۆسایدێکی تردا بوونی نەبووە. ئاماژە بە دوو لادوانی گرنگ دەدەم بە چوونە ناو ئەو باسەوە کە یەکێکیان لادوانێکی جیهانیە و

ئەوی تریان نەوخەیی کوردیە و هەردووک لەدوانەکە گەواهیدەری ئەو دیدەیە کە فکرەی سەرەکی ئەم بابەتەیە.

لەدوانە جیهانیەکان

جەنگی رەمیە دالیەر جەنراڵەکەی کەندیە, ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخەیی وڵاتی رواندای کیشوەری ئافریقیا رووبدا ئەوبەرپرسی گشتی هێزە ئاشتیپاریزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لەو وڵاتە. بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سەرۆک وڵات کە سەر بە هێزی هوتوەکان بوو، هوتوەکان کە زۆرینەی رواندان شەڕێکی خوێناویان بەرپاکرد دژ بە کەمینەی توتسی لە وڵاتەدا. هوتووی زۆرینە پەلاماری توتسی کەمینەیاندا و بە ماوەی ١٠٠ ڕۆژ شەڕی ناوخەی بەرپابوو. لەو ١٠٠ ڕۆژەدا زیاتر لە ٨٠٠ هەزار مرۆڤ قەتڵ و عام کرا کە زۆربەیان لە خەڵکی توتسی نەژاد بوون.

جەنەراڵ رەمیە دالیەر کە ئەو سەد ڕۆژەی کردووەتە پەرتووکێک و دواتر کرا بە فلیمێکی مەزن بە ناوی ئوتێل روانداا، ووسا و ئیستاش دەڵێ سەبەکاری سەرەکی ئەو جینۆسایدە دەستبژێری سیاسی جیهانی بووە کە لە سەرەک و دەوڵەتە زلهێزەکان بەتایبەت ئەمریکا و ئەوروپا بەرجەستە دەبە، بەرپرسی رووداندی ئەو جینۆسایدە بوون. ئەو ئیستەش کە لە ژیاندا ماوە و من بەخەم دیتومە و قسەم لەگەڵی هەبووە ئیستاش خەمبارە بەو ڕۆژگارە و کە باسی دەکات خەمێکی قوڵ لە دڵ و دەروونی و هەناسەیەوە دەنەدەر. ئەو وێک هەموو بەرپرسە جیهانیەکانی تری وێک ئەمریکا و فەرەنسای نەکرد، کە دوو تاوانباری ئاسەی هەڵیسانی ئەو جینۆسایدەن، روانداای بە جێ نەهێشت نێک هەر بە جاوی خەی ئەو کوشتارەی دیت بەڵکو تیبدا ژیا بەو هەموو خوێن و کوشتارەی ئەو ٨٠٠ هەزار کەسەوە.

جەنەراڵ رەمیە بەو لەدوانانەی پەمان دەڵێ، وێک لە فلیمەکەشدا دیارە، کە ئەمریکا و فەرەنسا لەوە بوون و بەهۆی بوونی چەندان ساڵەی ئەوانەوە هەلومەرجێک دروست بوو کە ئاگری تاوانکاریەکە خۆش ببوو کە دەیانتوانی ڕێگری لە بکەن بەوەی بکەونە بینەوە کەچی دەخەکیان بە هێزە تووندڕەوە هوتوییەکانیان بەجەهێشت لە کاتێکدا هەموومان دەمانزانی ئەوانە وڵات خەڵتانی خوێن دەکەن گەر دەستیان بروات. ئەوە بوو ئەوەیان کرد کە لە مێژووی تاوانکاریدا بە وێنەیە. بەڵام، دوای چەند ساڵێک روانداا توانیتی ئەو تاوانکاریە گەورەیە تێبپەڕێنێ و هەردوو هێزی نەژاد جیاوازی هوتو و توتسی ئاشت بکاتەوە و وێک جاران شان بە شانی یەک بژین و ئەو دراوسێیانەشی کە کوە و منداڵی یەکتریان کوشت بوو باوەشیان کردەوە بە یەکدا و لە یەکدی خۆش بوون.

لەناو سیستەمی فەرکاری ئەمدا، پەیوەندی مامۆستا و قوتابی لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی قووڵی دەسەڵات دایە، هاوشێوەی پەیوەندی (ئاغا و کۆیلە) وەکوو ئەوەی هیگڵ ئاماژەی بۆ کردووە؛ "بوونی ئاغا بەندە دانپێدانانی ئەویدیکەی کۆیلەوە." لە سیستەمی پەروەردەی ئیمڕۆدا مەرجی بوونی ئاغایەتی مامۆستا بەندە بە دانپێدانانی ئەویدیکەوە وەکوو سمیبول و باوکی مەعریفە. ئەمەش پەیوەندی بەو سیستەمە باوکسالارییەوە هەیە، کە سیستەمی پەروەردە پایەکانی خۆی تێدا داشتووەتەوە. (بەختیار عەلی) لە کتێبی (خوێندنەری کوشندە)دا خوودی ئەو کێشەکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی "کە قوودسیەیەتی مامۆستا یەکسان کراوەتەوە بە قوودسیەیەتی مەعریفەوە." مامۆستا باوکی ئایدیاڵ و باوکی زانین و باوکی مەعریفەیە و ئەویدیکەی گەورەیە کە دەبێت کوشتووش و سوژدەی بۆ بڕیین. ڕیشەی ئەم پەیوەندییەش لە هەناوی ئەو کولتوورە ئاینییە باوکسالارە ترسناکەوە دێت کەدەڵێت: گەشتی بە من و ئەسیکی بۆتە. یان (من علمنی حرفا صرت لە عبدا) کە ڕیشەیەکی ئایینی هەیە و فەنتازییایەکی ئەدیبییە بۆ کوورتکردنەوەی وێنەی جیهان بۆ وێنەی باوکی باش و باوکی خراپ، باوکی خوێندەوار و باوکی داڕدەر، مامۆستای باش و مامۆستای خراپ، مامۆستایی خوێندەوار و مامۆستای میهرەبان.
دامەزراوەی پەروەدەکارانە ئاماژەیە بە ئەو شوێنە ماددیی و هێمایانەی کە تێدا دەسەڵات نواندن و مومارەسەدکرێت بە ملکەچکردن و ڕامکردن و دەستەمکردنی سوبێکت. سیستەمی هێمایی سیستەمی ئەویدیکەی گەورەیە، کە جێگرەوەی شتە ڕاستەقینەکانە بە ئەلتەرناتیفەکان. یان وەکوو ئەوەی (ژیل دەلەز و فلێکس گوتاری) لە کتێبی (ئانتی ئەدیب) کایەی زانیارییەکان بە بەشێک لە "پێکهاتی فالووسی کولتووری بادەست پێناسەدەکەن." هەروەها فیلەسووفی فەڕەنسی (ژاک ڕانسیێر) سیستەمی پەروەردەکارانە وەکوو نەزمێک پێناسەدەکات، کە تێدا دەسەڵاتی ئەوانەی دەزانن بەسەر ئەوانەدا کەنازانن مومارەسە دەکات. ڕانسیێر لە کتێبی (مامۆستای نەزان Le maître ingnorant) دا ئوستووڕەی سیستەمی پێداگۆجی بەوە تێعریف کردووە، کە سیستەمێکە لەسەر بنەمایی دابەشکاری بە دوانیەک درێژە بەبوونی خۆی دەدات، دوانەی زانا و دانا، تەوەزەل و زیرەک. بەدیدی ڕانسیێر هیچ مرۆڤێک لە بنەمادا تەوەزەل نییە. ئەو بە گەڕانەوە بە چیرۆکی (مسیە ژاکۆتە) تێزەکەی خۆی دادەڕێژێت و دەنووسێت:(لە ئەنجامی گشت فێربوونە هزرییە جەراوجەرەکاندا، ئەوەی گشت منداڵێکی

مرۆڤ بۆیەکسانی باشتر لە هەر شتێک فێری دەبێت، ئەو فێربوونەیە کە هیچ مامۆستایەک ناتوانێت بۆی ڕوونبکاتەوە، ئەویش فێربوونی زمانی دایکییە.) لەبەرەوە ڕانسیێر وتە بەناوبانگەکەی ژاکۆتۆ دەگێڕێتەوە: "هیچ زانینێک لە کڵاڵە سەرەکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کڵاڵسەرەکی دیکە." بەو مانایەی مامۆستای نەزان لە ڕاستیدا هیچ شتێکی نیە بیبەخشێت بۆیدیکە. بەدەربڕینە فەلسەفییەکەی کایەی پەروەردەکارانە و مەعریفە لە بنەمادا، کایەی دەسەڵات و پێوەندییەکانییەتی.
مامۆستا سەر بەکایەی زانین و مەعریفە نیە، بەڵکو سەر بەکایەی دەسەڵات و حکوومەت و ئایدۆلۆژیا و حیزبە. لە بنەمادا مامۆستا ناوەک نیە بۆ ئەو کائینەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە سپاندوویەتی و سەرقاڵی خوێندنی تواناکانی ئەقڵمانە، بەڵکو ئەو کائینەیە لەگەڵ تاریکەکاندا وەڕێ بینین و دەزینەوەین. وەکوو ئەوەی (جۆن هێنری نیومان) لە کتێبە گرنگەکەیدا (ئایدیای زانکۆ) دا دەڵێت: "پەروەردە بوار ڕەخساندنە بۆ عەقڵ ڕیسککردن، هەوڵەکە بۆ دەزینەوەی مامۆستا لە ڕەگەی کتێبە مەزنەکانەوە." بۆ دەستنیشانکردن و ناسینی شوناسی ڕاستەقینەی (فێرخواز و مامۆستا) پێویستە بگەڕێنەوە بۆ گوتارەکەی (بەختیار عەلی) سەبارەت بە (ئارەزووی فێربوون لەنێوان دەڕەز و لاکان) دا، بەدیدی (بەختیار عەلی) "خوێندکاربوون دەخێکی وجوودییە، هەر بوونەوەرێک بیەوێت لە خۆیی و ئەوانیدیکە تێبگات خوێندکارە."
ئەو لەو گۆشەنیگایەوە ناوانێتە خوێندکار کە تەنها لە ڕوانگەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە لە قوتابی دەڕوانێت، ئەو ڕوانییەی تەنیا بوونە کەمەڵایەتیی و کارەکتەرە بچوک و شوناسە کەمەڵایەتییەی تەسک و ڕاستەکی لەبەرچاو دەگرێت و مانایی قوتابی کورتدەکاتەوە بە مانا مەکتەبی و زانکییەکەی و تەنیا لە بازنەی هاوکێشەی دەسەڵاتدا قوتابی دەبینێتەوە و لە چوارچێوەیەکدا تێدا قوتابی لایەنە لاواز و گوێگرەکەیە و مامۆستاش لایەنە بەهێز و قسەکەرەکەیە. ئەو بڕوونە سونەتییەی بە دەخی قوتابی کە لەمنداڵییەوە لە ڕووحی خەماندا هەڵماگرتووە:"قوتابی باش ئەو قوتابییە کە بەدەنگ و گوڕایەڵی مامۆستایە."
بەدیدی بەختیار عەلی: " قوتابی بوون، ئەو هەستە وجوودییەیە کە دەتوانین پرسیار لەتاریکی بکەین، تارکییەکی ناکەتا." دەکرێت پرسیارکردن لە تاریکی بوو مانا بکەین پرسیارکردنە لەوەی کە نایزانین. ئەو تاریکییەی پێ دەڵێن:" کایەی نادیار." وەکوو نەستی (ئارنست بلۆخ) (ئەوەی هێشتا پێی هێشیار نین.) بلۆخ نەست بەسەر زەمینی ئەو بابەتانە دەزانێت کە پێی هێشیار نین.
جیاوازی مامۆستا و فێرخوازیش لەوەدا دەردەکەوێت، کە قوتابی ئەو

کەسێک کە دەزانێت سنووری بچوکی زانینی زۆر بچوکترە لە سنووری گەورە و بەکۆتای زانین. بەپێچەوانەوە مامۆستا هەمیشە پێی وایە دەزانێت، نەزانی خۆی لە ژێر ناسناو و کەشێی سادەی مەعریفیدا دەشارێتەوە و لەیەک گۆشەنیگای هەڵەندا چەقی بەستووە و مردووە. مردن بەو مانایەی نیگارکێشی بەناوبانگ (ئادگار دیگاس) لە شوێنکدا دەربڕیبێت:(زۆر بەختەوەرم ستایلی خۆم نەدزیوەتەوە، گەر ستایلی خۆم بدزیبایەتەوە لە وێزیدا دەمردم.)
دەکرێت جیاوازی نێوان مامۆستا و قوتابی ئاوبێت، کە مامۆستا لەیەک ستایل و مەدلی مەعریفەدا گیری خواردووە، بەڵام خوێندکار ئەو کەسەیە کە تەنها یەک ڕەنگ و یەک هەڵەیەنی نیە، بەڵکو هەرجارە و ڕەنگەیەک تاقی دەکاتەوە. یان وەکوو ئەوەی بەختیار عەلی دەڵێت: (دەزانێت هەشتا تەنگەشتووە، ئەم هەشتایە ئەبەدیە و شتێک نیە لای مامۆستایەک و حەکیمێک و فەیلەسووفێک بگیرسێتەوە بەڵکو لە مەرگدا ڕادەوستێت بە ئەوەی گەیشتبێتە وستگەیەکی کۆتایی. قوتابی ئەو کەسەیە کە قوتابخانەی نیە، قوتابی لە قوتابخانەدا ناگاتە مەقامی قوتابی بوون بەڵکو ئەو کاتە پێی دەگات لەناو کتێبخانەیەکدا بمرێت، بمرێت و هەشتا ئەو کتێبەی نەدزیبێتەوە کە بەی دەگەڵێت. مەقامی قوتابی لە مەقامی مامۆستا گەورەتر، مامۆستا لە جەگایەکی بچووکی مەعریفەدا گیر دەخوات، زانیاریەک دەگەیەنێت، بەڵام هەمیشە قوتابی شتێکی زۆرتری دەوێت لەوەی مامۆستا دەتوانێت بی بەخشێت، مامۆستابوون هەمیشە ڕێگەیکی کاتییە، قوتابی دەتوانێت بە هەتا هەتایە و لە هەموو جەگایەکدا قوتابی بێت، بەڵام مامۆستا ناتوانێت هەمیشە قوتابی بێت.) کەم تازۆر (بەختیار عەلی) ئەم بۆچوونەی لە هزری نیتشە وەرگرتووە کاتێک دەڵێت: "مامۆستا دەبێت دژ بەخۆی، مشق و هاهێنان بۆقوتابییەکانی بکات."
بەدیدی نیتشە پێویستە مرۆڤەکان خاوەنی مەدڵ و تەواوینی خۆیان بن بە ژیان، نەک لە پنتێکی هەڵەندا چەق ببەستن. (زۆرادەشت شاگردەکانی بەجێدەهێشت، خێت لەمن دوورببڕنەوە، دووربە لەم. من ڕەنگی خۆم هەیە و تەش ڕەنگی خێت هەیە، باشترین و تەواوترین ڕەنگا بوونی نییە، تەنها ڕەنگایەک بوونی نیە. هەموو ڕەنگایەک بەشێکە لە ڕەنگایەکی ناکۆتا) بەمانایەکی دیکە، هەموو ئایدیایەک بەشێکە لە زنجیرەیەکی ناکۆتایی لە ئایدیا، یان وەکوو ئەوەی لاکان بە (زنجیری دالەکان) گوازرشتی لە دەکات، (بە ئەوەی لەیەک تێبگەین، پێویستیمان بە دوو هەیە).
من ناوی (فەرخواز) بە (قوتابی) بەکاردەهێنم، فەرخواز کەسێکە کە خوازیار و (ئارەزوو)ی فەربوونە. چەمکی ئارەزوو لای لاکان جەرکە لە نوقستانی ئارەزووی ئەوشتەیە کە نیمانە. تێنوتییە بە پەکردنەوەی

نوقستانییەک، لەزەت ساتی چێژ بینینیە لەو نوقستانییە. بەختیار عەلی بەکەمەکی لاکان چەمکی (سوبەکتی نوقستان) وەکو ناوەک بە سوبەکتی قوتابی بەکاردەهێنت. سوبەکتی قوتابی ناوەکی دیکەیە بە سوبەکتی کەرت و چاڵ چاڵ و نوقستانی خەمان، قوتابی ناوی سوبەکتێ هەمیشە نوقستانکەمانە کە لەکایەی فەربووندا بە ئارەزووی مەحاڵکەی خەی دەگەڕێت، ئارەزووی هەمیشەیی و تێرنەبووی فەربوون. فەرخواز ناوەکە بە ئەو کائینەی نوقستانەی هەرگیز لەکایەی زانیدا تێرنابێت. وەکوو قەڵەشکەی (ئیدگار ئالان پۆ) کە پەمان دەڵێت(نا نا هەرگیز) هەرگیز تاریکی و ناخمان تەواو نابێت. هەرگیز منەکی ساف و بەگرە و بەپرسیار و بەدوودەی بوونی نیە، خوود یان نیە یان بوونەکی هەڵا هەڵایە.

سەرمایەداری نیولیبرالیزم و "جەگەی نەیژ" فرەشتن لە هەرەمی کوردستان.. موئەیەد ئەحمەد

کەسەک بە ناوی (عبداللطیف احمد) کە ئیسلامییەکی سەلەفییە نرخی هەر بەرمایەک، جەگەیەکی نەیژکردنی مزگەوتی (بەهشت)ی شاری سەیمانی، کە لە پرسەی دروستکردندایە، بە (٦٥٠) دۆلاری ئەمریکی خەماندووە و خستویەتە بازارەوە.
دیارە ئەم نرخە لەچشنی هەر پرۆژەیەکی تری سەرمایەداری، فەرمی بەهای کەن و تازە بەرهەمهاتووی بەرهەمکەیە (مزگەوتی بەهەشت). ئەمەش بەمانایەکی تر نرخەکە حسابکراوە لەسەر بنەمای سەرمایەی بەکارهاتوو (گوەاو و نەگەر) و زیادبایی بەرهەمهاتووی تازەی ئەنجی کرێکاران، کە سەرچاوەی کرێی کرێکاران و سوودی سەرمایەدارانی وەبەرهێنەری پێشکەیە.
ئەم بەکاکاکردنەی جەگەی نەیژکردن، لە سوشیال میدیادا دەنگیداوەتەوە و بووەتە مایەی سەرنج و سەرسوەمانی بەشێک لە خەڵکی هەرەم؛ و ئەوان ئەوە چانە "دین" و "دینداری" و "خواپەرستی" نرخی هەیە، و ئەتوانرە کەین و فرەشتنی پێوە بکرە، وەک هەر بەرهەم و پشکەکی تری بانک و دامەزروە مالییەکان.

لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کەناڵی (٨)دا، (عبداللطیف احمد) باسی لەوە کردووە کە بیرکەوتەی لە بەریتانیاوە وەرگرتووە، و لەوە ئەم شیوە پشکە کاری پێدەکرێ. هەروەها وای لەقەڵەم داوە کە بەم کارەی داهێنانێکی نوێی "خەرداریی" کردووە.
ئەوەی جێی سەرنجە، هەر زوو لەگەڵ دیاریکردنی نرخی هەر بەرهەمێکی مزگەوتەکە، بازاری سەرمایە لە هەرێمی کوردستان وەک بەرهەمێکی فاینانسی تازە و پشکێک مامەڵەی لەگەڵ کردووە، و کەین و فرۆشتنی ئەم بەرهەمە دەستی پێکردووە. گەر بە خەیالیش وێنای بکەین ئەنگەڵ ئەم پشکە لەناو بازاری بانکی جیهانیشدا شوێنپێیەک بە خۆی پێدا بکات و تا ئاوەئداتەوە خۆی لە نێو تۆپی سەرمایەی ئەمریکی و ئیسرائیلی و ئیرانی و سعودی و ڕوسی و چینیدا ببینێتەوە، و کەین و فرۆشتنی پێوە بکرێت. لە کاتێکدا کە سەشیال میدیا و بەشیکی کەمپەینگای کوردستان سەرقاڵی جەدەلی فیکریی لەسەرئەم مەسەلەیە، ئەنگە دەورانی پشکی مزگەتەکە وەک سەرمایەیەکی فاینانس بەبێ سەروتن لە جۆگە و پرسەی تەحقیقی زاتی خۆیدا بێت و مەودای هەرەمەشی تێپەڕاندبێ.
هەرچەن بێت ئەم شکڵەی کە (پشکی بەرماڵ) فەراهەمی هێناوە، بەشێکی لە دیندارەکان توشی زویری و سەرسورمان کردووە کە چۆن هەستی دینی ئەوانی ڕووشاندووە، و بەشیکی تریانی بەرەو خەڵوەت و بیرکردنەوە بردووە لە نهێنییەکانی پەیوەندی ژیانی مادی و ئابووری و کەمایەتی ئینسانەکان بە فیکر و دین و دینداریەوە.
دیارە ئەم بەکاهاکردنەی شوێنی نوێژکردن دیاردە و ئاکامی پرسیەکی فراونترە کە پەرەسەندنی سەرمایەداری نیولیبرالیزمە لە هەرەمدا، و پەیوەستکردنی هەرچی زیاتری ژیانی ئینسانەکانە بە بازاری سەرمایەوە. ئەم پەسەیە بەتایبەت لە سێ دەیەی ڕابردووەدا هەرێمی کوردستانی کردەتە مەبەندی بەمافکردن و بەهەژارکردن و پرۆلیتاریزەکردنی هەرچی زیاتری جەماوەر، و پەرەپێدانی فەرهەنگی تاکگەرایی بورژوازی و کەلتووری چەوسێنەرانەی تاکی سەرمایە لەناو کەمەڵگەدا.
لە دابەشکردنی کار لە دەروونی چینی بورژوازی و ڕەوت و بزووتنەوە کەمایەتییەکانیدا، بە پاراستنی سیستمی سەرمایەداری، ڕۆڵی ئیسلامیزم دیارە کە لە ڕەگەی پەردە دادن بەسەر ناکۆکییەکانی جیهانی واقعییەوە، و پەیوەستکردنەوەیان بە دەروەی ئەم جیهانەوە ئەنجام ئەدرێ. هەبوونی دەوڵەمەند و هەژار و دابەشبوونی کەمەڵگە بە دارا و نەدار وەک ئیرادە و قەدەرێکی دەرکی و ئاسمانی نیشان ئەدری، و بەکەیلکردنی ژنان و بەمافکردنیان و سوکایەتی پیکردنیان و چوار ژنی وەک مەسەلەیەکی دەرکی و ئاسمانی و سونت و کلتوری

پشتری ئیمانداری لە قۆناغەکانی ئایندەدا.
بە کورتی ئیسلامیزم بە ئایدیۆلۆژیەکی ئاسمانی کار ئەکات لە کاتێکدا کە بزوتنەوەیەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری دیاریکراوی ناو کۆمەڵگاکانە. و هەر لەم ڕێگەیەشەوەیە کە شوێنپێی خۆی جێگیر کردووە و پەڕی پێ داوە هەم لە ناو وڵاتێکدا و هەم لە بەرامبەر بورژوازی دەسەڵاتداری وڵاتانی تری سەرمایەداریدا.
یەکەم مەرج لەم دابەشکردنەی کار لەنێو کەمپی بورژوازی جیهانیدا بە پاراستنی سیستمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری ئەوەی خواستووە کە ئیسلامیزم بە ئایدیۆلۆژیا و فیکرێکی سەرووی سەر زەمین بێتە ناو پانتایی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری کۆمەڵگاوە، نەک وەک (عبداللطیف احمد) ئیم بیر و ئایدیۆلۆژیا و دینداریێ بیهێنیتە خوارەوە بە سەر زەمین و تەکنیکی بکات لەگەڵ سەرمایە و بەکاکردنی شتەکان و فکرەکان.
ئیسلامیزم بە ئایدیۆلۆژیای دەرکی دەروەی ئابوری سیاسی کۆمەڵگە و دابەشبوونی چینایەتی و تەنانەت دەروەی پاتریارکی و پیاوسالاری و کێلگەیەتی ژنان، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا، ڕەواج بە خۆی ئەدا. هەر بۆیە لە مەیدانی ستەمکاری لەسەر ژنانیشدا ئیسلامیزم کۆمک لە بەرژەوەندی واقعی پیاوسالارانەی نێو کۆمەڵگە وەرئەگری کە لە پرسێکی مێژوویدا لەکەپێکراون لەگەڵ دیندا، و جاریکی تر لە ئەمڕدا ئیم ستەمکاریێ وەک مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژی و ئاسمانی و ئیمانداری وێنا ئەکات و کوشندەتری ئەکاتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیسلامیزم لە سوپەرستەکچەردا کار ئەکات، بەڵام وەڵامی شەرشگێڕانە پێی هەر تەنها لە سوپەرستراکچەردا نییە، و بە سکویلاریزم وەڵام نادرێتەوە، بەڵکو لە بناغەدا بە گرانکاری شەڕسگێرانەی دنیای واقعی و شارشی کۆمۆنیستانە بەسەر کۆیلایەتی ئینسان لە سیستمی سەرمایەداریدا فراهم دێت.
١٠ /٤/٢٠٢٤

چارەسەری قەیرانەکە، ڕووخاندنی

دەستاتی دیکتاتۆریی ئۆرانۆ!..
عەبدولڕەحمان گۆورکی

لە چەند سەدەی رابردوودا لە ئێران، ئەو رژێمەی دەسەڵاتدار بووە، هەر کامەیان و بە ڕادەیەک (دیکتاتۆری) بوون و خەڵکیان لە مافە سەرەتاییەکانیان بەبەش کردووە! بە تایبەت دیکتاتۆریی پاشایەتیی پەهلەوی و دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی. یەکەکیان لە ساڵی ١٢٩٩ (1920) بە کودەتا و ئەویتریان لە ساڵی 1357 (1979) بە هەنگاوەکی فریودەرانەی ئیسلامی هاتە سەر دەسەڵات. هیچ کام لەم دوو دیکتاتۆریەتە جۆی پەسندی خەڵکی ئێران نەبوون و خەڵک و ڕەکخراوە جەماوەری و شورشگێڕەکان، بە شێوازی جیاواز لەدژی ئەم دەسەڵاتانە لە خەبات و تەکۆشاندا بوون!
ئاگەرچی وابەستەیی دیکتاتۆریی پەهلەوی بە بیگانە و، دەندەیی و "خۆ بە خوایی دانان"ی دیکتاتۆریی ولایەتی فەقیهی، تایبەتمەندی سەرەکی ئەم دوو جۆرە دیکتاتۆریەتە بووە، بەڵام تایبەتمەندی هاوبەشیان، (دەسەڵاتخوازی و سەرکوتکردنی گەل) بووە.
دوو دیوی دراوێک!
ئەوەی کە "تایبەتمەندی سیستەمێک لە ناوەوە و دەرەوەی خاکەکەی، دوو دیوی دراوێکن" بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ پێناسەکردنی حکومەتەکان. لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی ئایینیی ئێران "دەستی" هیچ گەل و وڵاتێک نەبووە و نیە. چونکە پێش هەمووان، دوژمن بی خەڵکەکەی خۆیەتی لە ناو ئێران و لە هەر شوێنێک بۆی هەڵکەوتبێت، وەک ئاژاوەکی کەوی گازی گرتووە و ئازاری ئەم و ئەوی داوە و بە خوێنی ئەوانیتر ژیاوە. ئەمە دەرئەنجامی ئەزمونەکی ٤٥ ساڵیە سەبارەت بە رژێمی ئایینی لە ئێران!
رژێمی ویلایەتی فەقیهی وەک ئاژاوەک وایە کە باس لە مرۆڤایەتی و ئیسلام و شارستانیەت و ئایین و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و نەتەوە دەکات، لە کاتێکدا ئەم چەمکانە تایبەتن بە کەمەگای مرۆڤایەتی و ئەم دەسەڵاتە، لە یەک کاتدا لە هەردوو دیوی سنوورەکانی ئێراندا، بە فرەخوازی و مانەوە لە دەسەڵات لە هیچ تاوانێک سە ناکاتەوە!
لە سەرەتای هاتنە سەر کارەوە تا ئەمڕۆ، سەرکوتکردنی خەڵک، گرتن، ئەشکەنجەدان، لەسێدارەدان و کوشتنی نیاران، سیمای دیار و بەرچاوی ئەم دەسەڵاتە بووە. هاوکات لەگەڵ ئەمجۆرە تاوانانە لە ناوخۆی سنوورەکاندا، دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان، تیرۆریزم و شەڕخوازی دژ بە نیارانی ئێرانی و غەیرە ئێرانی، کە ئاوەتەی

دیماگۆگی بۆ ناو "ئیسلام" بووە، سیمای دووهەمی ئەم دەسەلاتە بووە. لەکاتێکدا ئیسلام ئایینی ڕەحمەت و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە و ئاشتی و ئازادیە و هەموو جۆرەکانی "زۆرەملێ" ڕەتدەکاتەوە!

وانەیەک لە مێژوو!

ئەوەی ڕژێمی دژە مرۆیی ئێران دەخاتە (لۆتکەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان)ەوە، ئەوەیە کە دەسەلاتی ویلایەتی فەقیهی جگە لە دیماگۆگەکان لەژێر ناوی ئیسلامدا، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە "شەڕ لە دژی خەڵکی ئێران" بە شەهەدایسان لە دەرەوەی سنووردکانی ئێراندا پێناوێز بخات. هەر بۆیە لە یادمانە کە چۆن خومەینی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە ساڵی1979، زەمینەی شەڕ لەگەڵ عێراقی خۆش کرد و لە هەنگاوی دواتردا، شەڕخوازیی خۆی بە "بەرگریکردنی پیرۆز" (دفاع مقدس) ناوبرد و درێژەی دا بە شەڕەکە لە ژێر ناوی "ڕزگارکردنی قودس بە ڕێگەی کەربەلا"وە. شەڕێک کە نەک هەر هەرگیز بە "ئاشتی" نەگەیشت، بەڵکو بە دیماگۆگ و هەنگاوی فریودەرانە، حکومەتەکەی ئەوسای عێراقی هان دا بە هەرشکردنە سەر کوەیت، بە ئەوەی لەسەر دەستی هاوپەیمانان بیووخێنێت!

هەمووان ئەوەیان لە بیرە کە خومەینی و ڕژێمەکەی لە ساڵی ١٩٨٨ (١٣٦٧) بەیارنامەی ٥٩٨ی ئاگربەستی نێتەوە یەکگرتووەکانی قبوڵ کرد، بە ئەوەی لە لایەن "ئێتێشی ئازادیبەخشی میللیی ئێران"ەوە نەیووخێندرێت. بەڵام لە ساڵی 1369 (1991) سەرەک کۆماری ئاخوندان، واتا (عەلی ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی) عێراقی هەڵخەڵەتاند و زەمینەی بۆ هێزی قودسی سوپای پاسداران خۆش کرد بۆ داگیرکردنی عێراق! بەجۆرێک کە ئەگەر "ئێتێشی ئازادیبەخشی میللیی ئێران" لە ناوچەی سنووری ناوەڕاستی عێراق بەرانبەر بە ئێران نەبوایە، ڕژێمی ئێران لە هەمان ساتدا عێراقی داگیرکردبوو! بە تایبەت کە پێش ئەم وادەیە، بە بانگەشەی پشتگیریکردن لە هەرشی عێراق بۆ سەر کوەیت، حکومەتی ئێران "هێزی ئاسمانی"ی عێراقی پێک خستبوو و ژمارەکی زۆری لە فڕۆکە جەنگیپەکانی عێراقی داگیرکردبوو.

لایەنە کارساتبارەکەی ئەم پرسەیە ئەوە بوو کە ڕێگای ڕزگارکردنی ئێران و عێراق و ناوچەکە لە (بناژەخوازی ئیسلامی)، واتا ئێران، بە تەواوی بەردەست بوو و کلیلی کردنەوەی "دەرگا داخراوەکان" بە بەرەنگاربوونەوە لە دژی "سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ئایینی ئێران" بەدەست بەرهەستکارانی ئێرانەوە بوو، کە لە ڕاستیدا ئاماژەگری بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی ویلایەتی فەقیهی بوون.

لە ڕاستیدا هێڵی ستراتیژی و ڕژێمشیی (عێراق) لەو کاتەوە دەستی

پەکرد کە حکومەتی پێشووی عێراق بە پشتبەستن و "متمانە" بە دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهی بڕۆ و "باشووری عێراق" کووتە ڕە و هەرشی برد و ئاوەش بووە هەی ئاوە کە دوژمنی لەمڕۆینەی عێراق، واتە دەسەاتی دیکتاتۆریی ئێران، وردە وردە و بە فێ و فێبازی، ڕەگەی بە هاتنەژوورەوە و داگیرکردنی عێراق خش کرد و لە هەنگاوی دواتردا، بە هاوئاهەنگی و ڕەکخستنی خەی لەگەڵ هەرشی وەاتانی هاوپەیمان)عێراق(هەڵووشت!
باروداخی ئێستای عێراق و پێرسەندنی هەزی بە وەکالەتی ئەم رژەمە لە ڕژهەاتی ناوەڕاستدا، دەرئەنجامی راستەوخەی سیاسەتی نەرم و نیانی و هەمنانەیە بەرامبەر بە دەسەاتی ئایینی لە ئێران. ئەم هەڵە سیاسی-ستراتیژییەی وەاتان لە ناوچەکە و لە جیهان، کەمەگەی مرۆقایەتیی هاوچەرخی تووشی ئەم دۆخە ناخش و نالەبارەی ئێستا کردووە.
هەڵەیەکی سیاسی و ستراتیژی کە ڕەگەی بە دەسەاتی ئایینی ئێران دا بە هەڵگیرسانی شەڕ لە پشت سنووروکانی ئێرانەوە، ڕووخاندنی خەی لەسەر دەستی خەکی ئێران و بەرهەستکارانی راستقینەی دوابخات و خەکی بەتاوانی ئێران و ئەم ناوچەیە لە جیهان، بکاتە گەشتی قوربانی و لەسەر پە مانەوەی دیکتاتۆریەت تا ئێستا. لە فەلەستین و غزاوە بگرە تا لوبنان، سوریا، عێراق و یەمەن و تەنانەت وەاتانی وەک ئەکرانیا، یان وەاتانی دوور کە هەر کامەیان بوونەتە ئامانجی هەرشی تیرۆریستی و بناژخوازی ئیسلامی.
دوا وشە!
ئەزمون و دەستکەوتەکانی چوار تا پێنج دەیەی رابردوو ئاوە دەردەخات کە نابە ڕەگە بە دەسەاتی دیکتاتۆریی ئایینی ئێران بدرێت شەڕ لە دەرەوەی سنووروکانی ئێران هەڵگیرسێنێت و دەبە سەری مارەکە لە تاران پان بکرێتەوە. چونکە (شەڕی سەرەکی) لە ناو ئێران و لە نێوان خەکی ئێران و ئەم دەسەاتە دیکتاتۆرەدا لە ئاادایە و لە لایەن بەرخەدانەکی بەهێزەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە دەتوانێت بە خڕایی "کات" بە قازانجی گەلی ئێران بگۆڕێت و دیکتاتۆریەت لە ناوخەی ئێراندا بخاتە خوارەوە. بە واتایەکیتر، تاکە ڕەگای دەربازبوون لە باروداخی ئێستای ناوچەکە، وەستانە لە تەنیشت خەکی و موقاومەتی ئیران، لە پێناو پشخستن و سەرخستنی شەڕی سەرەکی لە بەرانبەر ڕژیمی ئێران لە ناو سنووروکانی ئێراندا!

عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

گرنگییەکانی چیرۆک لە گۆڤارەکانی منداڵان.. ڕزا شوان

گۆڤارەکانی منداڵان، ئەو گۆڤارە نووسراو و چاپکراوانەن، کە بەپێی قەناغەکانی تەمەن و گەشەکردنی منداڵان، بابەتەکانیان بۆ تایبەتین بە منداڵان، لەلایەن گووڕساناوە دەنووسرێن و ئامادەکرێن و دەرەهێنرێن و چاپ دەکرێن، دەشێ منداڵان خۆشیان لە هەندێ لە گۆشەکانی گۆڤارەکان، بە بابەتی سووک و کورت و ئاسان و ساکار بۆشداریان تێدا بکەن.

گۆڤاری منداڵان، یەکێکە لە هەرێمە گرنگەکانی میدیای منداڵان. سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریکردنی منداڵان. کە بە زمانێکی ساکار و شیرین و بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری ناسک و جوان، بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، بابەتەکانی ئامادەکرێن و دەڕازێنرێنەوە. ئەم تایبەتمەندییانەش وایان کردووە، کە لەگەڵ سەرچاوەکانی تری ڕۆشنبیریی منداڵاندا جیاوازی هەبێت، چونکە گۆڤارەکانی منداڵان دەتوانن بە ئاسانی، سەرنجی منداڵان ڕابکێشن و چێژ و سوود لە خوێندنەوەی بابەتە هەمەڕەنگەکانیان وەربگرن و بە سەیرکردنی وێنە جوان و ڕەنگاوڕەنگەکانیان دیدیان ڕۆشن بکەن. واش لە منداڵان بکەن، کە هەگر و هاوڕێی هەمیشەی گۆڤارەکانی منداڵان بن و لایان شیرین ببن.

گۆڤارەکانی منداڵان، ناوەندێکی گرنگن بۆ پاراستن و بە گواستنەوەی ڕۆشنبیری و بەها و داب و نەریتە ڕەسەن و جوانەکانی کەمەڵ بە نەوەی داهاتوو. هەیەکی زەر گرنگیشن لە هەیەکانی پەروەردەکردن و فێرکردن و ئاراستەکردنی ناڕاستەوخۆی منداڵان. گۆڤارەکانی منداڵانی کورد، هێ و هاندەرێکی گرنگیشن بۆ گەشکردن و پەروەردەکردنی منداڵانی کوردمان، بە

ڕەحمی کوردایەتی و بۆ کوردستان پەروەری و بۆ خۆشەویستی مرۆڤایەتی. هەیکی گرنگن بۆ ئاشناکردنی منداڵانی کوردمان، بۆ مێژووی پڕ لە سەروەری گەلەکەمان و بۆ جوگرافیا و بۆ سروشتی جوانی کوردستان. هەیکەن بۆ ناسانەدنی سەرکردە و کەسایەتیکەشڕان و ناودارە نەمرەکانی گەلەکەمان
بۆ منداڵانی کورد. هەیکی گرنگیشن بۆ فێرکردنی منداڵانی کوردمان بۆ خۆشەویستی
و شانازی کردن، بۆ بەرگریکردن و بۆ پاڕاستنی و گیان فیدایی پێشمەرگە و گەریلا شەرڤانە قارەمانەکانی کوردستان، کە بوونەتە هێما و سیمبولی ئازایەتی و پاڕاستنی لە جیهاندا. گەڤارەکانی منداڵانی کورد گرنگی بە بابەتە و حەز و ئارەزووەکانی منداڵان دەکەن و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان فراوانتر و گەشتر دەکەن. سامانی وشە و رستە و فەرهەنگی زمانەوانیشیان دەوڵەمەنتر دەکەن.
چیرۆکی منداڵان ئەو گەڕانەوە نووسراوییە یا زارەکییەیە، کە بە تایبەتی بۆ منداڵان نووسراون. مەبەست و پێیامێکی: پەروەردەیی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، هونەری، مەرالی، زانستی و زمانەوانی، یان چێژ و خۆشی لێخەدەگرێت.
چیرۆکی منداڵان، بە ئامرازێک بۆ بەاوکردنەوەی کولتوور و زانست و زانیاری و فەلسەفەکان دادەنرێت. یەکێک لە کاریگەرترین جۆرەکانی ئەدەب لە دەروونی منداڵان و گەورەسالان. هەکارێکی گرنگیشە بۆ بنیاتنانی کەسایەتیی دروست و هاوسەنگی منداڵان. چیرۆک لەلای منداڵان پێگەیەکی دیاریکراوی گرنگ و جیاوازی هەیە و لە سەروەی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەوەیە. بەو چێژ و هەزە کاریگەرییەی کە هەیەتی، زیاتر لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە، کاریگەریی لەسەر منداڵان هەیە. سەرچاوەی ئەم گرنگییە لەوە دایە، کە چیرۆک زیاتر گوزارشت لە پێویستییەکانی منداڵان دەکات، بە گەڕان و ناسینی جیهانی دەوروبەریان. لە راستیشدا ژیانی مرۆڤ لەدایکبوونیەوە تا کۆچکردنی، بریتییە لە زنجیرە چیرۆکێکی شیرین و تاڵ، یان لە رەمانێکە درێژ، کە بە دوا ماڵئاوایی کۆتایی دێت.
لەسەر ئەم بنەمایە، دەکرێ لەو هەکارانە تێبگەین، کە بۆچی چیرۆک پانتاییەکی زۆری لە گەڤارەکانی منداڵان گرتووتەوە، بە گەڤارە کوردییەکانی کوردستانیشەوە. کە لە هەر ژمارەیەکدا، چیرۆکێک یان دوو چیرۆک بۆ منداڵان، بە وێنەی کەشراوی رەنگاوەڕەنگی جوانەوە بەاودەکرێنەوە. چونکە ستافی ئەو گەڤارانە، ئەوە

دەزانن کە چیرۆک ئاسانترین رێگایە، بۆ گەیاندنی پەیامە پەروەردەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕووشتی، بۆ منداڵانی هەگری خوێندنەوە. کار بۆ ئەوە دەکەن، کە کۆمەڵێک بۆهای بەرز و سەز و ڕاوت و بیرکۆ و زمان و توخمکانی ڕۆشنبیری و زانستی بۆ منداڵانی خوێنەر دابین بکەن. بەشدارن لە پێکهێنانی شێوازێکی جیاوازی تەواو، لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە خوێنەر نین.

ئەو چیرۆکە وێنەییانەی کە لە گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە، لە گۆڤارەکانی (پێپوڵە، هەنگ، سۆرە، لاتیف هەڵمەت، لاپەڕەی منداڵان لە ڕۆژنامەی هاوڵەر) یان لە گۆڤارەکانی پێشتردا بڵاوکراونەتەوە، یان لە سایتە کوردییە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاکراونەتەوە و بڵاودەکرێنەوە. ڕاڵەکی گرنگیان هەبووە و هەیە لە ڕۆشنبیریکردن و لە ئاراستەکردنی منداڵانی نەوەکانی پێشتر و نەوەی ئەمڕۆ کورد. کە گۆشبینبن و متمانەیان بە تواناکانی خۆیان هەبێت، لە دروستکردنی داهاتوویەکی گەشتر و گەیشتن بە هیوا و ئامانجە خوازراوەکانی کورد و کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان.

تا ئێستا بە دڵگەرمی باس لە ڕۆڵ و لە گرنگییەکانی چیرۆکەکانی منداڵان لە گۆڤارەکانی کوردستان بۆ منداڵان کراوە. بوێ هیوادارم کە لەم بارەوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکرێت. زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەم بوارە و هەڵیانبسەنگێنن.

ئەوەش دەپرسین، ئایا ئەو چیرۆکانەی کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە و بڵاودەکرێنەوە، توانیویانە ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەکردن و لە ڕۆشنبیریکردن و لە بە نیشتمانیکردن و بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان کورد، بینیون و دەبینن؟ تا ئێستا توێژینەوەی ئاکادیمی نەکراوە. بە وردی تیشک نەخراوەتە سەر پەیام و ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانەی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. تا ئەمڕۆش ڕەخنەگرانی میتۆدی (منهەجی) بە لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی منداڵانی کورد لە گۆڤارەکانی کوردستان بۆ منداڵان ڕوون نەکراونەتەوە. لەوانەش دیاریکردنی بابەت و ئامانجەکانی چیرۆکەکانی منداڵان لە گۆڤارە کوریەکان بۆ منداڵان. هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی ئەدەبیمان نەبووە و نیە، بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی ئەرەنی و نەرێنییان، باشی و خراپیان، بەهێزی و لاوازییان.

گۆڤارەکانی منداڵان، ڕۆڵ و گرنگییەکی چارەنووسسازیان هەیە، لە بنیاتنانی مەشک و هەزری دروستی منداڵان. هۆشیاریان دەکەنەوە

و هانیان دەدن بە خوێندنەوە و بە خەڕشنبیریکردن. گۆڤارێ کوردییەکان بە منداڵان، یارمەتیی منداڵانی کورد دەدن، کە بە دروستی فێری زمانی کوردی ببن. هانیشیان دەدن بە نووسینی چیرۆک و شیعر.

گۆڤارێ کوردییەکانی منداڵانی کورد، گۆڤاری گشتین، بە تەمەنکی دیاریکراوی منداڵان نین. بە زۆری بە منداڵانی تەمەنی (هەشت بۆ دوانزە) ساڵانن. گۆڤاری تایبەتیش نین و هەموو بابەتەکیان لەخۆگرتوون. کاتی دەرچونیشیان دیاری نییە. تیراژشیان زۆر کەمە و بە هەموو شارەکانی کوردستان ناگەن. زۆر بە داخەوە کە لەو گۆڤارە کوردییانەی کە لەسەرە ناویانم هەناون، یەک دانیان بە کتێبفرۆشەکانی کەرکوک لە نانێرن؟! من سێ ساڵ پێش ئێستا، ئەم گلەییەم گیاندە بەرای بەڕێزم، مامۆستا نەریمان عوسمان، لە ستافی گۆڤاری پەپولە کە لە سلێمانی دەردەچێت. بەڵێنیان دا، کە لەمەوە دوا، لە هەر ژمارەی پەپولە چەند دانەیەکی بە کتێبخانەکانی کەرکوک لە دەنێرن. بەڵام وا دیارە هەر بەڵێن بوو، چونکە ئەمساڵ لە سێ کتێبخانەی سەرەکی کەرکوکەم پرسی ئایا گۆڤاری پەپولەتان بە دەنێرن؟ لە وەڵامدا وتیان نەخێر.
دووبارە داوا لە ستافی گۆڤاری پەپولە و هەنگ دەکەم، کە لە هەر ژمارەیەکیان، چەند دانەیەک بە کتێبخانەکانی شاری کەرکوک (دیالۆگ) یا (باباگوگوڵ) یا (کارێز) بنێرن. بە ئاوەی منداڵانی کوردمان، لەم شارە بەنازەی کوردستاندا، هەگری خوێندنەوەی بابەتکانی ئەم گۆڤارانەی منداڵان ببن. ڕێی چەند سایتکی ئەلیکترۆنی کوردی بەرز دەنرخێنین لە بڵاوکردنەوەی بابەتکانی ئەدەبیات و پەروەردەی منداڵان.

دوبەی: ٢٠٢٤

ڕەزا شوان

سۆناتای ئازار.. ستیڤان شمزینی

هەمیشە بیرم کردەتەوە
چنینەوەی ماچی لەوەکانت
چارەنووسی منە
خواردنەوەی پەکی پەژارەکانت
بەشی منە
هەمژینی ئەکسژینی دووریت
هەناسەی منە
نقومبوون
لە زەریای لەشی ناسکتدا
داستانی منە
بە چارەنووس و بەش و
داستانی خەم رازیم

من و تە هەردەم پەمانوایە
ئایەتەکانی عەشق
تەرجەمە دەکەین
بە سەر زمانی ئەم چەرخە دەقە
سروودە کۆنەکانی خۆشەویستی
بە لاواندنەوەی گوێ
نەژەن دەکەینەوە
ئەو دەمەی دنیا
غەرقی کابووس دەبێت
بە کۆشتی ئەوین دەپەینەوە
چەند بەختەوەرین لەگەڵ یەکتر
من و تە

جیهانی مەشکم هەندێ ئازە
بە ئاستەم خەمم پێ دەناسرێتەوە
دنیای خۆنەکانم پڕ لە هاوار

خەم ئەبینم شەپۆلی گۆ ئەمبات
لە ئاسمانی خەیاڵەکانمدا کەوێ
بەفر ئەبارێت
ڕەش وەک چارەنووسم
لەژێر ساباتی دەموو "با" هەڵدەکات
هەمدەگرێت بۆ بەر دەرگای تۆ
ئەی ئەو ژنەی
خەڵ لە چاوەکانتەوە هەڵدێت
مانگ لە ناو لەپی دەستتدا
ئەدرەوشێتەوە
جیهانی مەشکم هەندێ قەرەباغە
وەها پێت کردووە
جگەی خەم نابێتەوە
دنیای خەونەکانم پڕ لە لافاو
کوخی بیرکردنەوەم ئاو ئەیبات
لەسەر پڕەی دەم نیگار ئەکەشم
چ نیگارەک؟
نیگاری تۆ
کە بارانەوی فرمێسک
توانای شەردنەوەی نەبێت
ئەی ئەو ژنەی لەو میتافۆ پیسە
منت بەو پاکژییە خوەقاند

چەند قورسە
ئەو ئازارەی من
کەوی تەمەنم
لە بنیدا وردوخاش بوو
بیرم نایەت کەی ئازارم ناسی
لە هەموو شوێنێک
لەگەڵمدا ڕێ دەکات
لە هەموو کاتێکدا
پەموو نوساوە
میوانێکە
لە ڕەی دوورەوە هاتووە
لە ناو چیمەنی ڕەحمدا دەستێتەوە

“نای”یەکی گرینەکی دەنگ ناخۆش
لەناو سەرمدا گوم لە زرنگانەوەیەتی
ئای ئازار
هاوڕێیەکی چەند هاروهاجی
بەرد ئەگریتە
ئاوێنەی رووبی وجودم
چەند سەختە ئەو ئازارەی من
پرتەقاڵی گەنجیم
لە ژێر پێیدا فلیقایەوە
نازانم کەنگە بوو
خەی کرد بە ماڵی ژیانمدا
لە هەموو جگەیەک
تارمایی ئاسا بە دوامەوەیە
لە هەموو وەختێک
لەسەر ڕەی شادیم وەستاوە
بەنەکی گەنیوی دەزەخ
هەموو ڕۆژێک
لەگەڵ هەوادا هەڵدەیمژم
تاوە تەرزەیەکی ڕەشی قەترانییە
خەی بە لچکی کراسی
ڕۆژگارمەوە دەگرێتەوە
ئای ئازار
بیرەکی چەند قووڵیت
وەک یوسفەک
بە چارەکوتوومەتە ناوتەوە

ستیڤان شەمزینی

دوو شیعری شەماڵ بارەوانی

دڵۆپی بەدەنگی

لەو دیوی خەونکی هەڵکەوزاوەوە هاتووم

شیعرەکانم بەنی پیریان لە دەت

من لەمژە هەوەرینم کردووەتە ئەدرەس و
هەموو وشەکانم دەنگی ماتەمیان گرتووە

لەم گەڕەن تکایە، دەموو بەمەوە دڵۆپی بەدەنگی و
هەرەمی بەتاقەتی بکەم بە نیشتیمانی ئەبەدیم

دەموو ببم بە هاوەڵی سەراب و
لە کەنار دەریای نا ئومێدی لەنگەر بگرم

تاقەتی هیچ شکستەکی ترم نەماوە
چیتر بەرگەی وەرزەکی تری پاییز و هیچ دەڵانەکی تر ناگرم

گوتم من پیاوی عیشق نیم نا، ئەوە بە تەناگەن.

ئاستانەی ئامێز

حەزەکەم
لە ئاستانەی ئامێزت دا کەسەکی بە حەوسەڵە بم
ببم بە گوڵ و لە ئینجانەی دڵەحتدا سەوزبم

حەزدەکەم
ببم بە هەڵەی ماچ و لەسەر لوتکەی لەوت بگیرسمەوە
ببم بە ناونیشان و لە هەواری هەناوەکانت بتومەوە

حەزدەکەم
ببم بە پێنووس و دەفتەری بوونت پەکەم لە وردە خەون
ببم بە حەرف و لە ئامێزی دڵەکانت فەنابم
هاوشێوەی خودا و کەون

حەزەکەم
ببم بە دەنگ و بخزمە چوارچێوەی میهرەبانیت
ببم بە ئاوی دیدە و

بژەمە ناو چەمی چاوەوانیت

شەماڵ بارەوانی

چیرۆکی ئاوماڵک.. عومەر سەید

بە پێی گێڕانەوەی بنەماڵەکەمان، باپیرە هەرە گەورەمان، یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان. نازانم ئەمە تا چەند ڕاستە! بەڵام بە دڵنیاییەوە دڵزانم باپیرەم، یەکێک بووە لە سوارچاکانی هاوڕێی شێخ. لە شەڕی ئاوباریکدا، هێندە قارەمانانە بە پێوە جەنگاوە. فیشەکێک بنا گوێی دەسمە و تا مردن بە ئاوڕی لە پرسیاری بەرامبەرەکەی تەبگات، بە سەعات وەڵامی داوەتەوە. باوکم کە خەم شاهیدم، بەشداربووە لە هەموو شەڕشۆکانی ڕۆژگاری خێی. خەم سێ چوار جار بینەری ڕۆو و ماڵ سووتان و کەمەڵکوژیم. نیوەی ئاوانێی دەمناسین، گەڕیبن و نیوەکەی تریشیان بە ئاو نیوەیە دەگریان و ئازاریان دەچەشت. لە سەرجەرێی بنەماڵەکەمدا نزیک بە پێنج سەد ساڵی، هەر جەنگ و ململانێی خوێناویە. تیایدا، دەیان باوک، شەهیدە. سەرجەلەیەکە گەر بە خیاڵ وێنایی بکەیت و لەو هەموو ناوە سەیر سەیرەی پیاوانی سمە بابە چاو دابخەیت. یەک پارچە، ژنانی گرینگ و ڕۆشپەشی وڕانحاڵت بە دەردەکەوێت.
بە کەی گشتی، هەموو ژنان، هەموو دایکەکان، ڕۆشپەشن. وەک چەن هەموو ساڵەکان بە سووتانی گوندەکان ڕۆشن.
تایبەتمەندییەکی تری بنەماڵەکەمان، ڕۆیشتنە بەدەم خەوەوە! یەکە لە گەریدەکان کە وابزانم ناوی ێچە، دەڵێت: یەکێک لەو دوانزە سوارە، پەرەجەیەک بوو بە خەی! بەسەر ئەسپەکەیەوە، وەک ئاوڕی لە خودا بوبێت. بە هەر چوار لادا شمشێر و ەمی دەوڕشان و دەژمنی دەخستە ژێر چوار پاڵی ئەسپەکەیەوە. بە دڵنیاییەوە ئاو سوارەییان، کە ڕەنگە یەکەم یان دەیەمییان بووبێت. باپیرەگەورەی من بووە. نەک ئاوڕی وەک لە خودا بووبێت، بەڵکوو هەر بە ڕاستی لە خودا بووە و هەر بەدەم خەوەوە ئاو قارەمانییەتیەی بە مۆزوو تۆمار کردووە.
من هەمیشە بەدەم خەوەوە دەڕیشتم. بڕا و خوشکەکانیشم. باوکە پیرەکەم، دوای ئاو هەموو خەباتەی کە هەمیشە وەک حیکاتخوانێک،

نەبەردییەکانی خۆیی و هاوڕێیەکانی تیادا دۆگڕایەوە. یەکەم جار بەدەم خۆوە. چوو بۆ گژ براکەیدا و شار بە دڕی کرد.
هەموو نیوە شەوانیک بەدەم خۆوە دەچووە نێو ئاوایی و لە دەرگای ماڵانی دەدا و لە خەڵکی بەزار دەکرد. دەچووە نێو باخەکان و ڕەزەوی جۆگەلە ئاوەکانی دۆگڕێی! بەری میوەکانی دەڕژێنی کە هەشتا کاڵ بوون! دەرگای گاوڕە و پەچەکانی دەخستە سەر پشت! تا بەرەبەیان، نێو ئاوایی دەبووە حەشر لە دەنگەڵی مەگەڵدا! بە دەنگ و ڕیتمەکی سەیر، ورچەکانی بانگشتی سەر کورێی هەنگی دەرودراوسێ دەکرد. ڕەنجی ساڕێکی هەنگەکان و خاوەنەکانیانی دەساوییە لچی ئەستور و زمانی درێژیان. ڕەمزانان، بە دزی مجوورەکەوە دەچوە ماڵی خوداوە و سەعاتێک بەر لە بانگی بەیانی، بانگی دەدا. ژن و پیاوان پێکهەڵدەپژان، دەبووە شەڕیان. بە پارشەو نیەتی ڕاژوویان دەگرت.
هەموو خەڵکی ئاوایی ڕەزالەتیان بوو بە دەست کەنە خەباتگەڕەوە.
بە تەنها دایکم ئەم خووەی ئەمەی نەبوو. ئەو لە نەسەبێکی تر بوو، بە نەگبەتی کەوتبووە لای باوکمەوە و تووشی ببوو بە تووشی ماڵبەتێکی خۆوەوە. شەوان کە ئەمە کەمپلیەت بە دەم خۆوە کەتنمان دەنایەوە! ئەو دەبوایە هەرگیز بە خەم نانوت و هەمیشە ئەشکگری ئەمە بێت. داماوە هەموو نیوەشەوانک، بە دیار ئاگردانکەوە، یان لە موبەقەکەدا، بە ئاستەم چاوی دەچووە خەو و تا بەرەبەیان وەنەوزی ئەدا.
هەندە شەو، من و براکانم لەسەر جۆگاکانمانەوە بەرزە پە ادەوەستاین و وەک ئەوەی لە ژێر کاریگەری جادوویەکی سەیردا بین. وەک ئەوەی دوژمنی باوکوشتەی یەکتربین، بە ئاگا و گەژ، تاوەک لە یەکمان دەڕوانی و پاشان وەک گای هار تەکبەردەبووین و هەموو سەروگوڵاکی یەکمان خەڵتانی خوێن دەکرد! شەویش بووە، خوشکەکانمان، چنگیان لە پرچی یەک گیر کردووە و پە بە ماڵەکە و پە بە گوندەکە زریکاندویانە! لە هەموومان شەت تر، برا بچووکەکەمان بوو! بە ڕەژ تا ئەوارە بە دارلاستیکەکەوە ڕاوە چۆلەکەی دەکرد و دەیکوشتن. دەیکوشتن و هەر بە دەست، ڕووە و قیبلە ملی هەڵدەکشان و هاواری دەکرد. بە نییەتی چاقە خودایە! شەوانیش بەدەم خۆوە، لە عەمبارەکەی باوکم، بە جاغ گەنمی دەدزی و دەیبرد و ڕەیی دەکردە ژێر درەختەکان. پە بە شەوەکەش هاواری دەکرد. باڵندەکان فریشتەی خودان.
بە درەژایی شەو پە ئاشوب بووین. بەیانیانی زووش، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت! پێکەوە لەسەر سفرە، بەرچاییمان دەکرد و خەونەکانی شەوەمان بە یەک دۆگڕایەوە! کە خەون نەبوون و ڕاستی بوون. برا

هەر چکۆ هەر لاسارەکەشمان، ئەوی هەمیشە شقارتەیەکی لە گیرفاندا بوو. بەدەم خەوەوە دەچووە نەو باخ و باخاتی خەڵکەوە و هەرزاڵی باخەوانەکانی دەسووتان! تا بەرەبەیان بە دەوری گەی دار و قامیش و گەڵایی وشکدا، بەدەم خەو و هەڵپەکەی سە پێیەوە، هاواری دەکرد. جژنە، جژنە، جژنی ئازادی...
ئەو بەرەبەیانییەی بە دەم خەوەوە کەوتە نەو کەگەی مینەوە و هەپرون بە هەپروون بوو، هەشتا بەنی شیری خاوی لەدەهات. خوشکەکم، بە دەم خەوەوە و لە ڕێی کانی زگەکەیی دانا کە کچێکی خرپن و سپی، ناونرا کانی، بەنام ساکەی نەبرد بە ئەبەد وشکی کرد.
لە هەمووی سەیرتر، مامە شاڵەکەم بوو! بە ڕەژ لە دیوەخانەکاندا سوحبەی عەشایەری دەکرد. بە دەنگی بەرز بە پیاو ماقووڵانی گوندی دەگووت، بەسە ئیتر من قسەم تیادا کردوە و عەیبە... کچی بە شەوان، بەدەم خەوەوە، بە دزیەوە کلکی ماکەرەکانی دەقرتان و ئاگری بەردەدایە عەمبارە پە گەنم و زەخیرەکان! دەرپەی سەر تەنافی ژنە ڕەسەنەکانی دەدزی و فڕێدەدایە حەوشەی بەوپیاوەکانەوە. ئەتواری قژی مامم، هەمیشە دەیان کەشە و گەبەندی دەبردە دیوەخانی پیش سپیکان و هەر خەیشی چارەسەری دەکرد.
لەویش سەیرتر، ئامەزا کەرەکەم بووا! بە ڕەژ تا ئەوارە، باسی مژووی سەروەری تیرە و تایفەکەمانی دەکرد. بەرەکی بە ڕەبواران دەگەرت و هەمیشە و هەزار جار دەیوت ئەمە. کچی شەوان بەدەم خەوەوە. ژمارەی باخ و خاوەنەکانیان، ژمارەی سەر مەڕ و خاوەنەکانیان. تەنانەت ژمارەی شارە مەرولەی سەر ڕێگاکانیشی لە ئاپەرتی شەوە خشتەیدا، دەبرد بە مەڵگەی دوژمنی دیار ئاوایی.
شەوکیش برا ناوەنجەکەم، هەر بەدەم خەوەوە. هەڵدەکوتتە سەر کوونە گورگەک و بە ترس، هەر چوار بەچکەی گورگ دەنێتەوە ناو ئاوایی! بە شەوی دواتر گەڵەگورگ دەدەن بەسەر ئاوایيدا و زیاد لە سەد و هەشتا سەر مەڕ و بەرخەڵە مردار دەکەنەوە.
هەر ئەو شەوە ئەنگوستەچاوە، هەورەکی چەکن لایی باشورەوە هات و دایکردە شەستەباران. هەندە توند و لەپە بوو بە لافاو، کەس فریایی نەک ماڵوحاڵ، تەنانەت خەیشی نەکەوت! بارانەکی سووربەوی بە بەن، بەنی مەرگ و بارووت. لرفە و هاژەی، سەداوی بە تەوژم، بەنی تیژی بارووت، باهەزەک بە گفەگف و وژەوژ، هەمووەمانی ئاپڕچ کرد. بەدەم خەوەوە و بە ئاگا، خەڵا و تەپاوتل دەیبردین. وەک چیلکەو چاڵ، پەڕوپاتاڵ، تا ئەڕەی هەناین.
بیرم نەچێ ئەستا کە ئەم وردە چیرەکانەتان بە دەگەمەوە. مردوویەکم و لە گەڕەکەم هاتووەتە دەرەوە. هەر بەدەم خەوەوە ئاپڕچی ئەڕە کراین و لەم دایپۆشین.

ئەستا دایکیشم هەر وەک ئەمە، بەدەم مەرگەوە دێت و دەچێت! هەموو شەوێک، سێ پای مەشکەکەی دەخاتە سەر شان و دەگەڕێت. بستێ زەوی هەڤاڵەکانی دەستناکەوێت تا سێ پاکەی لەسەر گیربکات و مەشکەکەی خۆی بژێنێت. بەردەوام دەڕێت. قوڕم پێوەدا، ئەمە کەی مەملەکەتە! هەر لم و بەشایی، بستێ زەوی هەڤاڵانە نادەزیتەوە!
باوکم هەردوو دەستی خستۆتە پشتی و مات و تووڕە، پشت کوڕ و شان داتەپیو، ورد ورد بەسەر لەمکەدا هەنگاو دەنێت و جگە لە شوێن پێیەکانی، هەڵکەی سەیریش لە گەڵیا بچوکەکەی تەسبیحە شەڵەکەی بە دوای خۆیدا بە جەدەڵێت کە بەسەر لەمکەدا دەخشێت. باوکم بەردەوام دەڕێت. تف لەو ژیانەی ئەمە ژیایین، تف لەم مردنەی ئەمە مردین...
خوشکەکانیشم بەدەم مەرگەوە، دەستکانیان هەڵبەیوتە سەر سەریان بە وێنایی هەڵگرتنی گۆزەیەک! بەردەوام بە بیابانەکەدا، بە دوای کانییدا دەگەڕێن.
شەوێک بەیارمدا بەدەم مەرگەوە، ملی ڕێی دوور بگرم و بگەڕێمەوە ئاوایەکەی خۆمان. باوکم وتی نەکەی ڕێگا، دوورە و هەرگیز ناگەیت. دایکم وتی، ڕێگا تە شارەزای نیگاکە نیت، بەدەم مەرگەوە زەحمەتە و خێت بە فەتارێت مەدە! وتم بە شوێن پێی لافاوەکەدا هەنگاو هەدەنم، بە هەمان ڕێگەوە ئەودا دەگەڕێمەوە، هەر دەڕێم. یا دەگەم یان بەدەم مەرگەوە دووبارە دەمرم.
مەغریبەک، دەستی ماڵئاوایم هەڵبڕی و کەوتمڕێ. هەشتا گوڕەکچانی گەغەریب بەدارنەبووبوونەوە. لە دوامەوە زڕەک لە تیرە و تایفەکەم، لە گەڵ بە کەمەکەوە هەستابوونە سەرپێی و تەماشایان دەکردم. هەموو پێکەوە بانگیان دەکردم و ڕاز و نیازییان هەبوو. تا لە چاویان بزر بووم، دەنگەڵی ئەوان لە گوێیەکانمدا دەزرنگایەوە. سەرە بکە بە حەوشەی ماڵەکەمدا، بزانە چی ماوە لە عەمباری گەنم و چی ماوە لە کای ناو کادان؟ لەبری من بچڕە سەر کانی چاوقرژاڵ و بە خێایی منەوە دوو گوڵ ئاو بخڕەوە تا من لەڕەوە سوکنایی و فێنکایی بێتە ڕەحمەوە. دەنگێک دەیوت، لە ئاوایی بچڕە دیار پەنجەڕەی ماڵەکەم و لێی بدە. بزانە دوای ویشومەی لافاو، ئاوەدانە؟ دەنگەکی تر هاواری دەکرد. کەس لە دوایی ئەمە جماوە؟ گەر هەن، هەر بە دەم خەوەوە ژیان دەکەن؟ وەک ئەمە کە بەدەم مەرگەوەوە و لە نێو لمدا ژیان دەکەین! ئەی ئەوان بە دەم ژیانەوە چۆن چۆنی دەژیین؟ دوا سەدا، پیرە خوشکە بەوەژنەکەم بوو. نوزدەی کزی بە بیابانەکەدا، خاو و بە ئاستەم دەهاتە گومم. هەندەی نێو لەپێ، قەتماغەی هیزی بن سەقفی تەنوربانەکەم لەگەڵ خۆتا بە دیاری بە بهەنارەوە. ئەم گوڕەخوشکەم، بە ڕەژ پیاوەکەی دارکاری دەکرد و بە شوانیش، بەدەم خەوەوە، لە تەنوربانەکەدا بە دەرزییەک، دەکەوتە

سیمای تۆخی خۆی و خاڵی شوێ سەیری لە ووماڵت و چۆناگەیدا دەکووتی.
هەموو دەنگەکان، تەکەا دەیانوت، ئەمە لەرەین، ئەوان لەوێ چۆن دەکەن ژیان؟ هەر بە دەم خۆوەن؟
بیابانم بۆی، بە دەشت و هەردەی فراواندا هەنگاوم هەهەنا. بە زنجیرە تەپۆکەی پە کەندە و پڕچۆڵ پڕچۆڵدا هەزنام، بە چەمی بەردەکانەدا ڕۆگام دایەبڕ. تا گەیشتمە چەم و چیایی هەزار بە هەزار، بناری ڕووزی سەخت و باخ و باخاتی سووتاو. دە و دەرونم پە بووەوە لە هەوای پاکی نیشتمان، جەنزرگەی باووباپیران. تووڵەی بنارم گرتەبەر و پاش سێ ڕۆژی مەرگەوی. گەیشتمەوە شوێنەواری خاپور و سووتاوی گوند.
بە یادی گردە سورکەدا، کە دەوانتە سەر ئاوایی داگەام. گەیشتمە نێو داروپەردووی سووتماک. خاپوور و وێرانە جەنزرگەی باووباپیران! تەپۆی خانووی تووا، داروپەردووی ڕەشداگەاوی سەقف و ئاجڵی بە خۆوزبوو! گەام و چاوم گەا. هیچ شتەک سەرنجی ڕانەکێشام، هیچ شتەک وەک خۆیی نەمابوو! هەرگیز لەوە ناچێ لەردا مرۆڤ ژیابێت! هەکشام بەرەو ێزە تاوەبەردی سەرووی ئاوایی. تەنها ئەو تاوەرانە وەک خۆیان مابوون. بەرد بە ئاسانی لەبەین ناچێت. ئەوان تەماری هەموو مژون. ناوی خەم و هاوئاوایێکانم، وەک خۆیان ماون. ئەمە ناوی خەمە کە بە یادگاری لە کەرتە شاخەکە هەمکەییوە. ئەمش جە پەنجڵی هاوەکەمە، وەک خۆیی ماوەوە و هەر دەڵێی ئەمە نووسراوە. لە مژووی مرۆڤکانی ئەم گوندە، تەنها ئەم نووسینە خواروخێچانە ماوە! ئەم یادگارییە کرچوکاڵانە کە زەمەن بەیی نەسەاونەتەوە! کوا دەنگگەلی مەووماڵات. کوا سەدایی بانگی مەلا، کە پە بە ئاوایی هاواری دەکرد، حەییە عەلەل فەلاح. کوا فەلاح و کوا خاکی بە پیت!؟
داگەامە نێو داروپەردووی تەکەژاو. تەپۆکەی ئەرەو و ئەوێی دیوەخان و حەسار و عەمبارەکان، بە گیاکەڵ و دەکودا داپۆشراون. ڕۆگەی پڕچۆپڕچۆی نێو گوند، بە خڵ و خاشاک هەندەی بزنە ڕەیەکی لە ماوەتەوە. پڕچاوپڕچ هەنگاو هەدەنم و دەوانم. دڵگەم ژێر دارتووە زەبەلاحەکەی بەردەم مزگەوت. ئەوەی ماوەتەوە، تەنها کەتەرەیەکی سووتاوە، لە هەموو ماڵی خوداش، تەپۆکەیەک خشتی سووتاو کە تیایدا دەمی ژەنگگرتووی ئەو موکەبەرەییە دیارە کە پەنج فەرزە دەنگی "اللە اکبری" ی لەبەرز دەبووەوە.
لە لاپاڵکی ئەولاتریش، بە ڕۆکەوت چاوم چووە سەر تاوەبەردەکی ئاشنا! بە شێوە لاکێشەییەکەیدا ناسیمەوە. هەمان ئەو بەردەیە کە بە بەرزکردنەوەی خەمان پێوە هەدەکەشا. ئەوارن لە ژێر سەبەری دار

تووکەدا، کوەوکا کەدەبووینەوە و لە نەوان خەماندا، پەشبەکەی بەهەزی و خەڵاگریمان لە ڕەگەی برزکردنەوەی چەندجارەی ئەم بەردە بە سەر سەرمان و ماوەیی خەڵاگریمان لە ژێریدا، بە یەک دەنواند. تاقە ڕەگەی خەهەکەشان و شانازیمان، تاقە ڕەگای سەرنجەاکەشانی کیژانی گوند، هەر ئەم بەردە بوو. مژووی هەموومان لەم بەردەایە، جە پەنجە و نەولەپمان، تووژاڵی عەرەق و قەتماغەی خوەنی سەری ئەوانەی لەژێریدا خەیان بە ڕانەدەگیرا و بەسەریاندا دەکەوت و بریندار دەکردن. هەناسەی توندی هەناومان، ئەو کاتی لە ژێر قورساییەکەیدا هەموو جەستەمان دەلەرزی. هەمووی لەم بەردە پیرەزدایە. کەوا لەرە بە ناز کەوتوو! دانەویمەوە و هەردوودەستم دایە و بە نیازی بەرزکرنەوەی. لەگەڵ بەرکەوتنی پەنجەکانم بە ڕەقی و زبرەکەی. تەزوویەکی سەیر بە ڕەحمدا گەڕا و بەرچاوانم تاریک بوو!! هەستم بە گەڕی کرد و هەموو دنیا بە دەورمدا دەخولایەوە، یان من بە دەوری بەردەکەدا دەخولامەوە. دەخولامەوە و لەگەڵمدا، زەمەن دەگەڕایەوە. کەتەرەدارەکە چڕی کرد. بە جوڵەی خەرا هەڵکشا و پەلوپۆی هاویشت! تا بووەوە دار تووە زەبەلاحەکە. خشتی تووەوی مزگەوتەکە خەبەخە دەجمان و هەڵدەکشانە سەر یەک و بوونەوە بە مزگەوت. حەوزەکە خەڵیی ئاوی تەگەڵایەوە. لە هەکەا و هاوکات هەرچی داروپەردوو هەبوو. کەوتنە جووڵە و گوند بە هەموو جوانی و وردەکارییەکانییەوە خوەقایەوە! وەک ئەوەی هەزەک وتبەتی ببنەوە، هەموو شتەک وەک جاری جاران بووەوە. بوونەک پە پە لە دەنگی پاساری و مەڵوماڵات، پە دەنگگەلی مرۆڤ. من دەخولامەوە و بە بەرچاومەوە، سەدان دار و درەخت بە خەرایی چاو تروکانەک هەڵدەچوون و باڵا باڵا دەشکانەوە. دەخولامەوە و بە هەر چوارلامدا، لە هەموو لایەکەوە، خشت دەچووە سەر خشت و هەڵدەکشان و دەبوونەوە خانوو. خانوویەلەک پە لەو بەرهەیوان و سەربانە فراوانانەی کە ژنانی چارەکە لە کەڵ، بە سەرییەوە جلیان بە تەنافەکاندا هەڵدەواسی.
دەشتی سووتاو و ڕەشداگەڕاو، لە هەکەا هەڵدەگەڕایەوە و دەبووەوە کەڵگەی گەنم و فەریکەنەک.
لەو چەند ساتە کورتەدا، خەڵکی ئاواییم بینی بە دەم خەوەوە، مژەڵی کار بوون. یەک درەوی دەکرد و یەک گۆسەبانەی سواغدەدا.
کاتەکیش دەستم لە بەردەکە بەردا. سەروشت گەڕایەوە شوێنە ڕاستەقینەکەی خەی. بە بەرچاومەوە، هەمو شتەک دادەروخا و دەسووتا. خشت لە خشت دەترازا، درەختەکان بە باڵای بەرزیان گە و ئاگر هەڵیدەلەشین!
گەڕامەوە نەو داروپەردووی گوندەکی خاپورکراو. جارەکی تر دەستم دایەوە بەردەکە. دیسانەوە کەوتمەوە نەو گەڕاوەوە! سەرلەنوێ دنیا

نو دبووو و هموو جووڵیک ووو و ئاودانی دبزوا. دیسانو داروپردوو دبوونو باخانو و درخت باڵایان دکرد. هر کو دستیشم دکشایو. هموو شت دبووو خۆمش. هر زوو تگۆیشتم ئم بردو، مژووی هموو ئمی لو خیدا تمار کردوو و ئاسایی نییو. وک چن کڵکی حموابی، تماری ئبدی یاسا و ڕساکانتی. ئم کڵڵبردش مژووی هموو ئمو و ئاوایی و دار و درختی لو ناو ڕۆقی و زمنبی خیدا هگرتوو. بیرم کردو لگۆ خمدا بیبمو بو بیابان. بو لای هاوزمانو زیندبچاو کراوکانم، ئوانی بدم مرگو دجوون. بانگم هرچندم کرد بو ئاستمیش بم نبزوا، سیر! من کو بو دم خوو دمتوانی سووک و ئاسان تا سر سرم بزیبکمو بو تاوکی باشیش بو ماندووون و هڵڵرزین لو ژریدا خم ابگرم. کچی بدم مرگو ناتوانم بو ئاستمیش بیجونم!
باشتر وایو ئم کڵڵبردو، هر لرو بت. تا بو ئبدیت خواویی و سووتان و مرگساتکانمان بگتو. بو هتاهتایو، سبوری ڕۆحی ژاکاومان بت. ئم کڵڵبردو، نو دنوت و نو دمرت، هر هبووو و هر دبت.

تبینی: وتنکو "ئسغر لتیف" ی پاوانی ئنفالکراوی چیرککیو، لو ساتی بزرکردنوی بردکدا.

عومر سید

دوو پخشانو شیعر.. نوسینی: هدی گاڵی

ڕۆژانك بوو بارانی چاوکانم لو پناو سنوبری باتا زربارک لو عشقی دروست دکرد..
بو هیشش لو دووریتا سیکانم درگا واڵا بوو بو میوانداری هناسی پنکخواردو و قتیسماوی ناخ و دروونت..

ئاخ دووری و دابران بۆچی هێندە ئازار بەخشی بە ئەو عیشقەی ساڵانێکە کەچی کرد .. عیشقێک لەگەڵ ترپەکانی دڵ ئاوێتەی یەکتر دەبوون و بە یەکتر هەڵیان نەدەکرد..
تۆ ؛ لە دیدی من ئەمستاکەش بەقەد باڵی پەپوولە ناسکی!
بە قەد عاشق بە مەعشوق پە هەستی !
بەقەد باڵای دار سنەوبەر شەنگی!
بەقەد دەروێش بە تەریقەت مەستی!
ئاخر ئەمەی عاشق بە دوو جەستە تەنیا دەکمان هەبوو..
لە دوو باخچەی ئەفیندا تەنیا گوڵێکمان هەبوو..
لە بری دوو هزر تەنیا یەک هزرو یەک دیدمان هەبوو!
بەدەستەاتم لە ئاست هاواری هەناسەم؛چونکە جگە لە هەناسەی ئەوینی تە هەناسەی ئاسایی هەڵناکێشە!!
من چی بکەم شەوان کە سەیری ئاسمان دەکەم دەم بە بینینی مانگ و ئەستێرەکان خەش؛چون دڵنیام کە تەش وەنەی من لە ژێر هەمان ئاسمانیت و سەیری مانگ و هەسارەکان دەکەیت. هەموو شەو هەژەکیش یەک خەرو مانگ و ئەستێرە دەبینین هاوکات یەک پشنگ و یەک تیشک و یەک هەشنایی!!!!
بەڵام گیانە ؛ دوای ساڵانێک عاشقبوون بووین بەو سەرابەی کە هەرگیز پێی ناگەین …
بووین بەو گوڵەی لە باخچەی تەمەنمان هەدی هەدی زریان بردی!!
بووین بەو وشکە ساڵیەی لە تینوێتیدا عەشق شکاندی!!
لەگەڵ هەموو ئەو دووری و دابرانە ئەبەدیەی نەوانمان هەشتا عەشق و ئەوینمان بە زیندوویی لە ئەرشیفی دەدا ماوەتەوە؛ چونکە عەشق ئەو کاتە بە زیندوویی دەمێنێتەوە کە لە پەناویدا ئازار بچێژیت ، بەڵێ ئازار بچێژیت !
ئازاری دووری ….
ئازاری دابران….

یاد نامە

پاش دوورکەوتنەوەیەکی مەودا فراوانی من و تۆ ، هەشتا خەشویستیم بە تۆ بە موتوربەکراوی ماوەتەوە..
هەشتا بیرەوەری ساڵانی تەمەنی بەسەرچوومان وەک درەختەکی هەمیشە سەوز لە کەنگەی دەدا ڕەگی داکوتاوە…
هەشتا هێی ئەفیندا ریمان شۆن پێی تەی پەڕە دیارە لە هەر کوێیەک لە هەر سوچەکی ئەم دنیایە بیت شوێت دەکەم!!
لە قەد دیواری ژووری دەروونەدا وێنەت هەڵواسراوە و هەموو

چرکەساتێک سیمات دەبینم …
کە سەیری ئاوێنەی ژوورەوی ژووری میوان دەکەم ڕوخساری گەش و کوڵەی ئاڵی ئێوسات بەدی دەکەم و چاوە گەشکانت دەبینم..
خەندەی لێو و ددانی ورد و قژی خاو و گەنای گەشت دەبینم…
ئێو ساتانە نەک هەر هەستکانم تەنانەت نەست و بە ئاگایشم بە ئاگا دەتەوە و ڕوح و ناخیشت دەبینم…
ئەستاش دەخەشیم بەوە دڵدەمەوە کە تە لە ژێر هەمان ئێو ئاسمانەی کە لەتەوە نزیکم!
نزیکین هەندەی نەوان ڕوح و جەستە ..
نزیکین هەندەی چاو و سەمای بینین…
نزیکین هەندەی ترپەکانی دڵ و هەناسەمان…، بەڵام گیانە لەگەڵ هەڵکشان و ڕۆچونی تەماندا؛
چیرۆک و دیرۆکی ڕۆژانەی عەشقمان لە پەڕاوی یاد و ساڵنامەی خۆشەویستیماندا نوسراوەتەوە..
یادگاریەکان ، بیرەوەریەکان ، قسە خۆشەکان، ناز و عیشوە و تەنانەت زوێربوونەکانیشت لە بیرەوەری یادەکانم ئەلبووم و ئەشیف بووەو لە هزر و ئەندێشەم هەڵگیراوە و ڕۆژانەش بە یادی جارانەوە بە چاوی دڵ سەیری ئێو ئەلبوم و ساڵنامەیە دەکەم کە تەواوی ڕۆژ و مانگ و ساڵانی خۆشەویستیمان تێدا تەمار کراوە…!!

قەساب.. لە عەرەبییەوە: پشکۆ ناکام

لە سەردەمکا کە زەر کەن نیە ، جارێک " عبد العزیز بوتفلیقة"ی سەرکی پێشووی ووڵاتی "جزائر" سەردانێکی بازاڕی قەساب یان گەشت فرۆشکانی کرد بوو ، لە کاتی گەڕانیا بە خێی و حیمایە زەرکانیەوە لەبەر دەم دوکانێکا کە گەنجێکی لە بوو وەستا و کەوتە قسە کردن لەگەڵیا :
سەرک : گەشتکەت لە خراپ ناچێ ، بازاڕت چۆنە ، هەیە ؟ قەساب : تادەیەک باشە گەورەم…
سەرک : ئەمڕۆ چەن کیلەت فرۆشتوە ..؟
قەساب : قوربان هیچم نەفرۆشتوە ..

سەرۆک : بۆ..؟
قەساب : بەهۆی سەردانەکەی جۆنابتانەوە کەس بۆی نیە بێتە ناو ئەم بازاڕەوە گەورەم..
سەرۆک :کەواتە با سفتاحت من بۆ ، لەم ڕانە پێنج کیلەم بۆڕە
قەساب : ناتوانم قوربان..
سەرۆک : بۆ ناتوانی ..؟
قەساب : پێش گەیشتنی جۆنابتان هەموو چەقۆکانیان کەکردەتەوە و بردویانە گەورەم..
سەرۆک : بۆ چەقۆش هەر ئەکرێ ، ئەو ڕانەم هەمووی بۆ یەک پارچەیی بۆڕە،
قەساب : گەورەم ، بمبورە ..ناتوانم..
سەرۆک : بۆ ؟ بۆ ناتوانیت ؟
قەساب : چونکە من قەسابەکە نیم ، من خەم پێلیسم.. گەورەم
سەرۆک : " بۆ تووڕەیەوە" بەڕە فەرماندەکەتم بۆ بانگ کە
قەساب : قوربان ئەوەتا لەوبەر ماسی ئەفرۆشە
سەرۆک : بۆچی بێتە ماسی فرۆش..!؟
قەساب : چونکە مەعاشکەی بەشی ناکا…گەورەم

سەرچاوە: ئینتەرنێت

ناوی نووسەر نادیارە

ژیل دەلەز.. دەقی هونەری چییە؟.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا کردوویە بە کوردی

هونەر مەژوویەکی درێژی هەیە، سیخناخ بە پڕاوێز و زیاد لە سەرنج و ناوەکەك. مەژووی هونەر سەرەای بڕوپشچوونکانی پرسیارکی سادەمان ڕوو بەوو دەکاتەوە، ئەویش ئەویە (کاری داهێنان چییە؟) بەڵام ئایا بەشێوەیکی گشتی ئەو پرسیارە دەکەوێتە دڕوەی ناوکییەکی مەژووییەکیەوە؟ یان بە سیاست و ئەو قەیرانە فیکرییانەوە پەیوەستە، کە ئابووقەی (کاری داهێنان)یان داوە؟ ئایا

دەبێ هونەر و کاری داهێنان هاوڕێکی رادیکاڵیانە بێ، بۆ تێگەیشتنێکی دیکەی جیهان؟ یان هەمیشە وەك زمانی کۆمەڵایەتییەکان دەمێنێتەوە؟ بەگومان کاری داهێنان دەکەوێتە دەرەوەی ڕەسا و مەدلوڵە باوەکانەوە.
(بە وردی فەلسەفە بوارێکی مەعریفییە، لەسەر داهێنانی چەمك وەستاوە)

"ژیل دەلەز" (فەلسەفە چییە؟)

ژیل دەلەز فەیلەسوفی فەڕەنسی (1925-1992) پرسیاری "کاری داهێنان چییە، فەلسەفە چییە؟" لە لێکچرێکدا " lecture" ساڵی 1987 بە ناونیشانی کاری داهێنان چییە خستە ڕوو. دەلەز لەو لێکچرەیدا فەرهەنگێکی بە ئەلف و بێی کاری داهێنان دانا. لەسەر چ بنەمایەك کەسێك دەتوانێ بڵێ من بیرکەم هەیە. سەرەتا و پێش ئەوەی پرسیاری کاری داهێنان وەڵام بدەینەوە، پێویستە لەوە تێبگەین کە کاری داهێنان لە هونەردا دەکەوێتە کوێ، هونەر دەکەوێتە کوێی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە؟

پەیوەندی نێوان هونەر و فەلسەفە

دەلەز چوار ساڵ دوای لێکچرەکەی و لە کتێبەکەیدا بە ناوی "فەلسەفە چییە؟" کە لە ساڵی 1991 بڵاوی کردەوە، پەیوەندی نێوان (زانست) و (هونەر) و (فەلسەفە)مان بیر دەخاتەوە. دەلەز لە کتێبەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە، کە پێیوایە فەلسەفە و زانست و هونەر چوارچێوەیەکی گەورەی فیکرییەکان هەیە. فەلسەفە لەو چواچێوە گەورەیەدا کار لە داهێنانی چەمکدا دەکات. کەچی زانست دەکەوێتە خانەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردەکان و هاوکێشەکانەوە. بەڵام هونەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرککردن و هەڵچوونەوە.

(فەلسەفە ڕامان نییە)

دەلەز ئەرکی فەلسەفە لە پەیوەستبوونی دیاریکراوی کاتایی و ئێدیوو ناکاتاییدا دەبینێتەوە، بەمجۆرە داهێنانی چەمکەکان لەسەر زانست دەوەستێ.
ئەرکی فەلسەفە ڕامان نییە. ڕامان و بیرکردنەوە پێناسەیەك نییە بۆ فەلسەفە. بۆ نموونە بۆ لە کاری ژماردندا بیرکارییەستەکان چ پێویستیان بە فەلسەفەی بیرکردنەوە هەیە. سینەماییەکان چ پێویستیان بە فەلسەفەی بیرکردنەوە و ڕامانی سینەمایی هەیە. لێرەدا فەلسەفە هەکارێکە نەك زانستەك کە ناوەڕۆکی تایبەتی خۆی هەبێت. بە ڕاستی ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە، کە دیاریکراوی کاتایی و ناکاتایی بەیەکەوە ببەستێتەوە. واتە ڕووداوەکان بە یەکەوە

ببەستەوە، ئەو رووداوانەی کە چەمکەکان دادەهێنن و زانستی لەسەر وەستاوە و لەوشەوە کەمتر رووداو نیگار دەکێشێ و دەبێتە سەرچاوەی ئەو مەرجانەی کە (رووداو/ ئەزموون) خاوەندارییان دەکات.
بەڵام هونەر دیاردەی کاریگەری جوانی (کەتایی و ناکەتایی/ دنیایی و ئەودیوو دنیایی) وەک بینراو لە هونەری شەوکاریدا بەرجەستە بکات، لێرەدا ئامانجی کاریگەرییەکان بەسەر بینراودا بە دەرککردنی ئەو ڕەهەندانە دەگەڕێتەوە کە تێیدا بزرن. بەو مانایەش هونەر سەربەخۆ نییە، بەڵکو لە چوارچێوەکانی فەلسەفە و زانستدا خۆی دەبینێتەوە، کەواتە هەر سەکییان لە بەتایەکدا دەتوانێوە و دەبنە پرسیارێک ئاوێتەی ئەوە: حەقیقەت چییە؟ ئەو پرسیارەش بە درێژایی مێژوو هەموو چالاکییە مرۆییەکان لەخۆ دەگرێ.
هونەر پێچەوانەی زانست، داڕژانە، هونەر لە ڕێگای هەستەکان و هەڵچوونەکانەوە ماناکان ئازاد دەکات و ڕێگای دەزێنەوەی حەقیقەتی شتەکان دەگرێتەبەر. هەر لەو ڕێگایشەوە هونەرمەند لە نەبینراوەوە، لەودیوو نەبینراوەوە هونەر دەکاتە بینراو. دەڵێز لە کتێبەکەیدا "فەلسەفە چییە؟" دەڵێ هونەر ڕێگا ناکەتاییەکان دەگرێتەبەر بۆئەوەی بە هونەر بگەڕێتەوە.

ئایا مەرجە داهێنان هەڵگری بەهای ئەخلاقی بێت؟
لە ڕاستیدا ئەو نووسینەی کە لە نێوان ڕاڵی زانست و هونەر و فەلسەفە دابڕان و بێکداچوون شیدەکاتەوە، ئەو دابڕانە ژینگەیەک دەنوێنێ، کە دەشێ مرۆڤ هەڵویستی خۆی لە بارەی جیهان دیاری بکات. ئەستا ئەمەش وەک دەڵێت لەسەر ڕاڵی هونەر و چییەتی هونەر و ئەو پانتاییانەی وەستاوین، کە هونەر ڕەناکییان دەکاتەوە، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە چۆن وەک بنەمای داهێنان دەردەکەوێت؟! ئایا شەوکارێک – بە نموونە- کاتێ پەرتەرتێک نیگار دەکا، ئەوە بە کارێکی داهێنرانە هەدەسێ؟ ئایا داهێنان جارێکە لە شتێی و جیاوازی و تێپەڕاندنی باو؟!

undefined
لە ڕاستیدا کاری داهێنان وەک خۆی لە شتێی نزیک نییە، بەڵکو لە پشت چەمکی شتێی جارێک لە مابەست هەیە. نموونەی (ئەو مابەست و نیازەش. و:ک) دەڵێز لە لەکچارەکێیدا (لە نموونەی جوولەکەکاندا) دەیخاتە ڕوو، ئەو جوولەکانەی لە زەمانێی هیتلەردا لە ئەڵمانیا "هەڵاتن" یەکەمینی ئەو کەسانە بوون کە زیندانەکان و سەربازگاکان و لەناوبردنی بە کەمەییان شەرمەزار کرد. (دەڵێز: هەمیشە لەسەر هەڵێی هەڵاتن داهێنان دەکەین. و:ک) جوولەکە هەڵاتووکان

زانیارییەکانیان (بە دنیا) راگەیاند، دەشێ ئەو زانیارییانە دژ بە بەاوکراوەکانی نازیییەت وەسفیان بکەین.
لەو نموونەیدا دەڵەز سەرنجمان بە خاڵێکی زۆر وردا ڕادەکێشێ، ئەویش ئەوەیە هەرگیز زانیارییە دژەکان کارەکی داهێنەرانە نەبوون. هەرگیز ئەو زانیارییە دژانە هیتلەریان بێزار نەدەکرد. بەڵام گرنگی ئەوە بوو، کە بوون بە کردەیەک لە کردەکانی (یان بوون بە نیازێ لە نیازەکان)ی بەرگریکردن. لێرەدا کردەی بەرگریکردن نە زانیارییە و نە زانیاری دژ، بەڵکو (مەبەست) بەکارهێنانی کەمڕێ زانیارییە وەک ئامرازی بەرگری بۆ کەشفکردنی تاوانکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەژێر حوکمی هیتلەردا.
دەڵەز لە شیکردنەوەی کاری داهێناندا دەچێتە سەر بابەتەک ئەویش لەکنزیکردنەوەیەکی جۆهەری نێوان کاری داهێنان و کردەی بەرگرییکارییە. کاری هونەری کارەک نییە بەڵای مەعریفیدا بکرێتەوە، چونکە لالەکردنەوەی مەعریفە لە لێپرسراوێتی زانستدایە. زانست بە زانیارییەکان و بەردەوامییەوە بەندە. کاری هونەری کردەیەکی بەرگریکارانەیە، بەڵام ئەی ئەو پێوەندییە تەومژاوییەی نێوان کاری هونەری و کردەی بەرگریکاری چییە!

هونەر بەرگری لە مردن دەکات

هونەر تاکە ڕەگایە، بەرگری لە مردن دەکات. ئەو گوتەیەی فەیلەسوف و چالاکوانی فەڕەنسی "ئەندریە مالرۆ"(1901 ـ 1976)، دەڵەزی زۆر سەرسام کرد. زۆر بە سادەی دەڵێ "هونەر تاکە شتەکە کە بەرگری لە مردن بکات". سەرەڕای سادەیی ئەو پێناسەیەی مالرۆ لەسەر جۆهەری کاری هونەری وەستاوە، وەک ئەوەی کردەیەکی مانادار بێ، بەرگریکردن لە چاکە بە بە دژی خراپە، پاکی بە دژی ناپاکی، راستی بە دژی درۆ. بەمجۆرە کاری داهێنان دژەرۆی ریسوایە.
بە گەڕانەوە بە بیروڕای دەڵەز، فەیلەسوف، داهێنەری چەمکەکانە. فەیلەسوف وەک داهێنەرێک دەردەکەوێت کە تابلۆی فیکری نیگار دەکا. فەیلەسوف داهێنەرە چونکە بەرگری دەکات و حوکمەکانی پشوو کۆتایی پێدەهێنێ. دووبارە هونەر بەرگریکردنە، ڕاستە ئەو تەنها شتەک نییە، کە بەرگری دەکات! بەڵام هەموو کارەکی هونەریی داهێنەرانە هەر دەبە هەڵگری فیکرێی بەرگریکردن بێ.
دەڵەز دەیەوێت هەموو ئەو دەستواژە سواوانە بتاڕێ بکاتەوە، چونکە گرنگە وەک تووتی لاسایکەرەوە نەبین، گروپی فەیلەسوفان یان هونەروەران بە چییەوە پێوەستن. گرنگ ئەوەیە پرسیار بکەین و پشکنین بکەین و بەرگری بکەین، ئەگەر گونجا بتەکان تێبشکێنین.

کاری داهێنان، بەرگریکردن لە تاراوگە

کردەی بەرگریکردن وەک ئەوەی داهێنانە، لەنەو خۆیدا دوو ڕووە، لەگەڵ ئەوەی هونەرە، لە دواجار کارێکی مرۆییشە. بۆیە هەموو فەرمانێك لە فەرمانگەی کاری هونەری وەك پێویست تێکۆشانێکی مرۆییە. بەڵام ئەو تێکۆشانە مەرج نییە هەمیشە لە کاری هونەریدا فەرمانڕەوا بکرێ، تەنها زۆر بە کەمی گروپی داهێنەران دەتوانن لە تاراوگەدا فەرمانڕەوایی بکەن، لە تاراوگەدا گروپی داهێنەران زۆییەکانیان لە کوێیە.

هیچ کارێکی داهێنەرانە لە دەرەوەی تاراوگەدا نییە. (مەبەست لە تاراوگەیی بەزاندنی سنوورەکانە، دەڵێز دەڵێ تاراوگەنشینەکان، یان کۆچەرەکان لەسەر هەڵی هەڵهاتن دەجوولێن، هیچ سنوور و جۆهەرێکی جێگیر نابینن… وەك: ئاگرچی داهێنەرێکی لە نیشتمانی دایکیشیدا بێت، چونکە داهێنەر هەرکە دەستی بە کار کرد، بە هەموو مانایەك دەکەوێتە تاراوگە و دەرەوەی نیشتمانی دایکەوە. لە راستیدا داهێنەر بە کاری فەلسەفە هەڵدەسێ، واتە پرسیار بەرەو ڕووی جوانی و حەقیقەت و چێژ دەکاتەوە. بەمجۆرە داهێنەر کاری داهێنان وەك پرسی فەلسەفی لێکدەداتەوە، واپەدێچێ ئەو بابەتانە بکەونە دەرەوەی پرسیارکردنەوە، بەڵام لە راستیدا ناکەوێتە دەرەوەی پشکنینەوە.

بەمجۆرە کاری داهێنان چ هونەری بێ، یان زانستی، یان فەلسەفی، یان هەتا سیاسی، وەك ئەفلاتوونییەکان، نیچەییەکان، مارکسییەکان، ئەوانیدیکە تەومزاوی نییە.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا کردوویە بە کوردی

سەرچاوەکانی نووسەر:

- "جیل دولوز"/"فلیکس غتاری" "ما هی الفلسفة؟" ترجمة مركز الإنماو القومی بیروت گبعة 1997.

Claire Colebrook, Philosophy and Post-structuralist Theory: From Kant to Deleuze -2 Edinburgh University Press, 2005.

3– Gilles Deleuze on Cinema: What is the Creative Act 1987 (English Subs), https://www.youtube.com/watch?v=a_hifamdISs

4- هەمیشە لەسەر هەڵی هەڵهاتن داهێنان دەکەین، لەبەر ئەوەی

نا کە خەیاڵ دەکەین، لەبەر ئەوە نا کە خۆن دەبینین، بەکو لەبەر ئەوەیە کە واقیعەك لەسەر هەڵی هەاتن دەکەشین و رووتەختی پەکەوەسازانی لەسەر پەکدەهنین. بەوانە (گفتوگۆکان) ژیل دەلەز- کلێیر پارنێت. وەرگێڕانی بۆ کوردی هاوار محەمەد، زنجیرە کتێبی ناوەخت- ناوەندی غەزەلنووس 2020. ل.296
5 – گفتوگۆکان)، ژیل دەلەز- کلێیر پارنێت. وەرگێڕانی بۆ کوردی هاوار محەمەد، زنجیرە کتێبی ناوەخت- ناوەندی غەزەلنووس 2020. ل355.

لە ئینتەرنێتەوە:
الجزیرە. 28/4/2017
نووسینی: هند مسعد.

چیرۆک\ وەرگێڕ.. نووسینی: ئامانج شەروانی

لە پێش پەشی پاسکە دانیشتبوو و سەیری ئەو چیایە سەرکەشانەی دەوری خۆی دەکرد. هەر دوو سێ خولەک جارێک ئاوەی لە نیکەاسی هاوەگەی دەداوە و چیرۆکێک، بەسەرهاتێک، شتێکی بۆ دەگێڕاوە. (ئەو ئەشکەوتەی ئەولا دەبینیت؟ چەندین ئەسقانی مرۆڤی کۆنیان تیادا دەزیوەتەوە). (ئەو تاشەبەردە گەورەی دەبینیت؟ مەزاری شێخێکی لێیە، هەتا ئێستاش خەڵکی ئەو گوندانەی دەوروبەری دەچن بۆ لای، بۆ ئەوەی داوای کوەکی لێ بکەن). (ئەو شاخەت دیوە، ئەو شاخە؟ دەگەنەوە دەەن کاتی خۆی پەشمەرگە زیاتر لە دوو سێ فەکەیان لەسەری تێکشکاندبوو). نیکەاسیش گوێی خۆی قوتاخ کردبوو و لەگەڵ هەر زانیارییەک یان بەسەرهاتێک سەری خۆی دەلەقاند و شتێکی لە پەاوکەی بەر دەستی دەنووسی.
لەو ەژەوەی کە کوردە بەکانی گفتی بە نیکەاس داوە بە ئەوەی ببێتە هاوەڵی و لەگەڵی بێت بۆ باشووری کوردستان، حەجمانی تێدا نەماوە. نە شەوانی لە دەبێتە ەژ و نە ەژیشی بۆ دەچێتە سەر. هەر لە ەژی یەکەمینەوە نەخشەیەکی تێکەڵی بە گشتەکەی داەژتبوو.

(هەر کە گەیشتمە شەقاوەی، تەر تەر لیچاڵی گەرازی دەخەم). (کە گەیشتمە ڕەواندز، چەندین وێنەی دەفڕن لە لەواری ئەو خەرەندەی دەگرم). (ئاخ، بەس بگەمە ئەو پیرە قەڵاتەی هەولێر. ڕۆژ هەتا ئێوارە لێی ڕادەمینم. هەموو بەیانیانیش لە چایخانەی مەچکە، لەبن دیواری قەراتە، تەر تەر نان و ماست و سەرتووی دەخەم). (وەی دەنا بچووبامە بازاڕی قەیسەریی کەیە، ڕۆژ هەتا ئێوارە کوڵەرانم لە دەخوارد). (لە سڵەمانی، شاری هونەرمەت و قوربانی، یەکسەر دەچوومە سەردانی گردی سەیوانی). تا دەهات خۆنەکانی کوردە مەخموورتر و شیرینتر دەبوون.
ئەو نەیدەزانی نیکۆتاس بە نیازی ئەو گەشتە دوورودرێژەی هەیە، هەر ئەوەندەی دەزانی کە ئەو کابرایە نووسەرێکی ئەمەریکییە و چەندین چیرۆک و ڕۆمانی بەناو کردووەتەوە. هەر بە ئاستەم دەتوانێ یادی، کە ڕۆنگە جارێک چیرۆکێکی وەرگێڕاوی وی خوێندبێتەوە. بەڵام چەندی دەیکات و دەیکات، بیری نایەتەوە کە کەی و چی بوو. بانگەوازەکەی نیکۆتاسی لە ماپۆچۆک بینیبوو و سەرنجی ڕاکێشابوو. (نووسەرێکی ئەمەریکی پۆیستی بە کوردیزانێک هەیە کە لە گەشتەکەی بە باشووری کوردستان یاوەری بێت، نەک هەر تەچووی گەشتەکەی دەگرێتە خۆی، بەڵکوو پارەیەکی باشیشی پێ دەدات. تەنها شتێک کە لەو چاوساخەی داوای دەکات، ئەوەیە کە ببێتە وەرگێڕ و ڕێنمای).
کوردە هەرگیز هەڵەکی وا زەمینی لە دەست خۆی نەدەدا، هەر کە ئەو بانگەوازەی خوێندەوە، پەیوەندی بە نیکۆتاس کرد و دەستی لە کارەکەی خۆی کێشاوە. هەردەم خۆنی ئەوە بوو کە سەردانی باشووری کوردستان بکات. ئەو هەرەمەی کە کوردان تیایدا میری خەیانن. لە هەموو قوژبنێکی ئەو هەرەمە دەتوانێت کورد بێت و بە کوردی بدوێت. بە یەکەمین جار لە ژیانیدا، پۆیست ناکات لەگەڵ ئەفسەرێک بە فارسی بدوێت، یان دەسیەیەکی فەرمی بە فارسی بنووسێت. هیچ گومانی لەوە نەبوو کە ئەگەر پارەی هەبووایە، ئەوا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا سەری خۆی هەڵدەگرت و لە باشوور دەگیرسایەوە.
کوردە نیازی گومانەوەی نەبوو، باوڵە فشەکەی هەموو سەرومانی وی تەدابوو: بەوانامەکەی، تەزی ماستەرەکەی کە لەسەر زمانی کوردی و بنزاراوەکانی بوو، تاریک و ڕوونی هەمنی، دوو جلی نووستن، پێنج دەرپەکورت، شەش جووت گەڕەوی، دوو دەستە جلی کوردی و گیزدانێک. وای دانابوو کە سێ مانگی یەکەم لە هەولێر بمێنێتەوە، دوایەش بیرەکی لە بکاتەوە، ڕۆنگە بچێتە دهۆک دەلال و چەند مانگەکیش لەوێ بەسەر ببات.
پاسەکەیان گەیشتە هەولێر، و لە نزیک موانخانەکەیان دابەزین. لەسەر داخوازی نیکۆتاس، بەر لەوەی بچنە سەرەوە بۆ ژوورەکەی

خەیان، بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشتن. کوردە بە متمانە بەخۆبوونکەوە چووە پێش و پرسیاری لە شاگردەکە کرد:

- ئەڕە ناندینتان کرایتەوە؟
- کوردی نزانی.
- ناندین، نان، خواردن، هەیە؟
- کوردی نزانی، عەرەبی، عەرەبی؟
- ئەمن عەرەبی نازانم، نان، نان، عەمنەم، هەیە؟
- عەرەبی، عەرەبی؟
- کەسەکتان هەیە لەرە ئیش بکات و کوردی بزانێت؟
- عەرەبی، ئینگلیش؟

نیکەڵاس، کە گوێی لە ئینگلیش بوو، بە ئینگلیزی پێی گوت کە هاتوون نانی بخۆن. شاگردەکەش ئەوانی دانیشاند، و دوو لیستی خواردنی لە پێش دانان. کوردە سەیری لیستەکەی بەردەمی کرد، و هیچی لە تەنەگەیشت، نیوەی بە عەرەبی، و نیوەکەی تریش بە ئینگلیزی بوو. ڕووی لە نیکەڵاس کرد و بەشەرمەوە داوای لە کرد تا بۆی وەربگێڕێتە سەر زمانی فارسی.

نووسینی: ئامانج شەروانی

1- لیچاڤ: مەڕبا – مربی
2- مەوانخانە: هەتێل، فندق
3- ناندین: مەتبەخ

سەناتای دیدار.. ستیڤان شەمزینی

ئای لەو نیگا بکوژانەت
چەند هەمنانە سەرنجیان ئەدزیم
وامدەزانی ئەم یەکتر بینینە کورتە

تا کەتایی تەمەن بەردەوام دەبێت
کاتێک لە تۆ دابڕام
بەفری سەر شەستەکان وەک دەی خەم
لە ژێر پەی هەنگاوەکانمدا ورد ئەبوون
کزەبای ئەم شارە سەهۆڵییەم بانگ کرد
توانەوەی من لە تۆدا بنووستەوە
هەروەک توانەوەی بەفری
ئەم بیابانە بەستووەی باکووری زەوی
لە ژێر تیشکی زێڕینی هەتاودا

تۆ هەشتا لەوە تێناگەیت
ئەو چاوانەی نیگای تێی دەکرد
پێ پێ لە هاژەی بە خۆی فرمێسک
ئەو دەستە تەزیوانەی
شیعر لە ستایشی جوانیدا دەهەنتەوە
هەندێ گۆی هەیە
دەتوانێت بەبێ ڕەزامەندیی خەڵ
سوانەوەی زەوی ڕابگرێت
ئەو کاسە سەرەی
گوناوی عەشق
لە قووڵاییەکەوە هەڵدەقووڵێت و
تێی وەک چێک نەرگز
بەندار کردووە
پێ پێشە لە حەزی سەفەر
سەفەر بۆ کوێ؟ نا، بۆ هیچ کوێ
تەنیا ڕووەو مەملەکەتی دەی تۆ

ئەمستا بیرکردنەوە لە تۆ ئاگرێ
گۆ لە دەشتی عاتیفەم بەر ئەدا
زمانی قەڵەمی شیعرم دەچزێنێ
دارستانی بیرەوەرییەم ئەسووتێنێت
چاریشم نییە
هەر بیرت لە ئەکەمەوە
ئەمستا بیرکردنەوە لە تۆ بارانێ

لەناو گڵنەی چاوکانمەوە ئەبارێت
بەسەر وشک و برینگی شەوانمدا دادەکات
خاکی وشکی ڕەحم تەڵ تەڵ دەکات
چاریشم نییە
ناتوانم بیرت لە نەکەمەوە
ئەمستا من و تۆ
لەژێر تارای سپی زستاندا
پەیمانی سەمای توانەوە
بە یەک دەدەین

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئەمە نەچوو).. هیوا ناسیح

لەم ماوەیەی پێشودا هاورێ و نوسەر کاک سالار هەشید کتێبی (ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئەمە نەچوو) بەدیاری بۆ ناردم، کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی نوسەر، نزیکەی شەش سەد لاپەڕەیە، دوو لە سێی کتێبەکە یادەوەرییەکانی خۆیەتی و سێیەکیشی تەرخانە بۆ یادداشتەکانی هاورێیانی ئەو سەردەمەی و چەند بەگەنامەیەک.
کتێبەکە بە یادەوورییەکانی منالی و گەڕەکەکەیان لە کەرکوک دەستپێ دەکات، تا دەگاتە مەردمنالی و سەرەتای گەنجێتی و تێکەڵبوونی بە دونیای خوێندنەوە و بیر و ئینجاش نێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (کۆمەک)، کە ئەوسا گەورەترین و کاریگەرترین ڕێکخراوی سیاسیی باشوری کوردستان بووە و بەڵەی پشت و دینەمۆی یەکێتی نیشتمانی بووە. ئەوەی یادەوەرییەکانی جوانتر و بابەتیتر کردوە، پێست بۆ ناونیشانی بابەتەکان و هەروەها نوکتە و قسەی خۆشی نێوان بابەتە جدی و تراژیدییەکانە.
نوسینەوەی یادەوەرییەکان بۆ مرۆڤێک کە خۆی لە نێو مەیدان و چەقی ململانێ و ڕووداو و کێشەکاندا بووبێت پێویستییەکی ژیاریی و

مژوویی و ئەدەبییە، جگە لەوەش ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە، هاوکات بەسەرکردنەوە و ئەمەک و وەفایەکیشە بۆ گیان و یادەوەریی ئەو کەسانەی لەو رێگا و رێبازەدا بوونەتە قوربانی. بۆیە من دەستخۆشییەکی زۆر لە کاک سالار دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.
چەقی باسەکان ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتا و ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوە، بابەت ڕووکخستنەکانی کۆمەڵە لە نێو شاری کەرکووک، ڕووداو و چالاکی و کۆشمەکێشمەکانی نێو باڵەکانی ڕێکخراوەکەیە. باسی سەرجەم یان زۆربەی زۆری ئەو گەنجە تێکۆشەر و دڵپڕ و ئازا و بەجەرگانەی نێو کەرکووک و دەوروبەرین، کە گیانیان خستبووە سەر لەپی دەستیان و لە نێو ئەو (کاروانە)دا بوون بەرەو ئەو (هەواره)ی ئامانجیان بوو، بە هەموو تین و توانا و وزە و بڕستی خۆیان خەباتیان بۆ دەکرد و بە گژ ئەژدیهای بەعس دا دەچوونەوە. بە کورتی چیرۆکی خوێن و خەباتی نەهێنی کۆمەڵێک کورد و کچی گەنجی دڵپڕ لە هیوا، چالاکی و چاونەترسی، ترس و دڵەاوکە، گیران و زیندانی و ئەشکەنجە، شەهیدبوون و زەحمەت، بێ مورادی و نائومێدبوون و وازهێنان، ناپاکی و خیانەتگری هەندێک، کێشمەکێشمی حزبایەتی.
کتێبەکە بە زمانێکی کوردی پاراو نوسراوە، نوسەر خۆی نەکردۆتە قارەمان و فریشتە و لە هەندێک جێگاشدا دانی ناوە بە هەڵە و کەموکوڕییەکانیدا، ئەوەش باشە کە هەر پشتی بە یادگەی خۆی نەبەستوە، بەڵکو داوای لە هاورێ و هاوخەباتەکانیشی کردوە، کە وەک شایەتحاڵێک یاداشتی ئەو ساڵانەی خۆیانی بە کورتی بۆ بنێرن، یان دواندونی و سەرجەمیانی لێرەدا بۆاوکردۆتەوە.
ئەوەی چێژی زیاتری پێمدا رەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە زۆر لەو جێگا و دەڤەرەکانی باسی کردوە نزیکی زۆد و ناوچەکەی منن (گەرمیان)، هەروەها باسی لە هەندێک هاورێم کردوە، کە ساڵانێکە ئاشنای کەسایەتی و بیرکردنەوەیانم، وەک فازێ عوسمان و عەلی سیاسی و هیتر، جگە لەوەی تێیدا باس لە مامم (وریا ئاخجەلەری) کراوە، کە پێشمەرگەی دانەبڕاو و دێرینی ناوچەی گەرمیانە و لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ خاڵخاندا لێپرسراوێتی جێراوجێری هەبووە. دواتر ئەو سەروەختانەی باسی دەکات، بەتایبەت ناوەڕاستی هەشتاکان سەرەتای گەنجێتی و ئاشنا بوونی من بوو بە جیهانی خوێندنەوە و سیاسەت، بە هۆی مامەوە کە کادر بوو لە ناوچەی ئاغجەلەر و قاسۆوکە، زۆر جاران سەردانی پێشمەرگەو بارەگاکانیانم کردوە، ئەمە ماڵمان لە ناحیەی ئاغجەلەر بوو، هەرەوەها بە هۆی ئەوەی باوکیشم لەو کاتەدا لە ڕووکخستنەکانی هەمان حزب کاری دەکرد،

ماڵمان وەک مەکۆی ڕۆکخستن و کۆبوونەوەی شانەکان وابوو، جاری واش بوو، پاش چالاکی پڕشمەرگانە، کە دەهاتنە ناو شارۆچکەکە و دەستیان دەوەشاند، یان تۆپبارانی داموودەزگاکانی بەعسیان دەکرد، باوکم داوای لەمن دەکرد، لەبەر ئەوەی خەتم خۆش بوو، تا ڕاپۆرتی ئەنجامی چالاکییەکانیان و کاریگەریی لەسەر وڕە و مەعنەویاتی خەڵک و دانیشتوانەکەی بۆ بنوسمەوە، تا لە ڕۆگەی خۆیەوە بینڕێت بۆ ڕۆکخراو، بۆ هەڵسەنگاندن و زانیاری تەواو لەسەری.
ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام کەسایەتی ئەسعەد سۆفی (شێخ دارا) یە، کە دەکرێت ژیان و سەربوردەی بکرێت بە ڕۆمان یان فیلم، ناوبراو لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا گەنجێکی کەرکوکی زۆر بوێر و زیرەک و وریا و خوێندکاری زانکۆ بووە، بەرپرسی پارتێکی چالاکیی سەربازیی (ئیغتیالات)ی کۆمەڵەیە لە نێو شارەکەدا، وەک دەردەکەوێت خۆی ڕاستەو خۆ جا وەک سەرپەرشتیار بێت یان بکەر بەشداریی کۆمەڵێک چالاکی کاریگەر و جۆریی (نەوعی) لە شاری کەرکوک و سلێمانی کردوە، کە تێیدا چەندان بەعسی و بەکرێگیراوی پلەدار بەسزا گەیەنراون. دوای ئەوەی ئەندامێکیان بە ناوی (عەلی مغاویر) دەگیرێت و بۆ هیچ ئەشکەنجە و فشارێکی وا، ناپاکی دەکات، ناوی هەرچی هاوڕێیانی کۆمەڵە هەیە بە وردەکاریی و پێکهاتەی پارت و شانەکانییانەوە بۆ هەواڵگریی بەعس لە کەرکوک ئاشکرا دەکات، تا گیانی خۆی ڕزگار بکات. ئیتر دەیان کادر و ئەندامی ڕۆکخستنەکانی کۆمیتەکەیان (ئاگری سور) دەگیرێن. گەورەترین زەبری گورچکبڕ بەر ڕۆکخستنەکانی کۆمەڵە دەکەوێت لە شارەکەدا، بەمەش کۆمیتەی ئاگر لەبەریەک هەڵدەوەشێت، چالاکترین و ئازاترین ئەندامەکانی لەسێدارە دەدرێن یان بەسەروشوێن و زیندانی دەکرێن.
ئەسعەد دوای گیرانی لە سەرەتا و لە ژێر ئەشکەنجەی قورسدا ناوی دوو لە هاوڕێکانی دەدرکێنێت، بەڵام دوای ئەوە قۆناغەپی لێ دەکات و ناوی ئەو دەیان ئەندام و کادرانەی تر ناهێنێت و بە نهێنی دەهێڵتەوە، بەمەش گیانیان دەپارێزێت، هەرچەندە بۆیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، بەڵام بە شایەتی ئەوانەی سەردانیان کردوە، یەکێکیش لەوان نوسەری کتێبەکە کاک سالارە، ناوبراو بە گیانێکی بەرز و وڕەیەکی پۆڵاینەوە، تا ئەو کاتەی لە سێدارە دەدرێت، ناوخێت و هیوای بە تێکۆشان و خەبات بەردەوامە، تەنانەت لە گاڵتەو قسەی خۆشیش ناکەوێت، لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و ئامادەی سزای مەرگیشە بۆ خۆی. نوسەر دەیگێڕتەوە، کاتێک لە تەموزی ١٩٨٣دا لە زیندانی موسڵ سەردانی دەکات، ئەسعەد پێی دەڵێت: ئیعتیرافم لەسەر دوو کەس لە هاوڕێیانم کردوە، ئەگەر ڕۆژێک هات و لە زیندان ئازاد کرام، کۆمەڵە لەسەر

ئەوە رمیم نەکات، ئەوا من بە ڕکخراوکی ششگی نازانم!! ل٢٩٨.
من لڕەوە لە یەکتی نیشتمانی بە تایبەت لە کنە هاور و هاوخەباتەکانی لە نو ئەو حزبدا، دەپرسم، ئایا ئەم مرقە شایەنی پەیکەری زڕین نییە، لە نو جەرگەی کەرکوکدا بی دروست بکرت؟ ئاخر ئەم قارەمانە هیچی لە شەهید (ئاسی دەلاک) کەمتر نییە.
کاک سالار شیکردنەوەیەکی بابەتی و جوانی بۆ هەە و کەموکویەکانی ڕکخستنەکانی ناو کەرکوک کردوە، کە بوونە هی ئەوەی ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەردا بت. ئەو ەەی ناوبراویش گاویەتی لە دووبارە دروستکردنەوەی ڕکخستنەکان مایەی دەستخشییە. بەام بیرمان نچت هەمیشە دوای شکست و نسکە ەخنەگرتن ئاسانە، ئەوەی گرنگە ئایا کاک سالار، یان شانە و کەرتەکەیان پش ووداوە دتەزنانە، وەک هەسوا و کادرکی مەیدانی ڕکخراوەکە هەستیان بەو مەترسی هەانە کردبوو؟ بۆ نمونە ئەو تکەولکەی شانە و پلەکان لە بواری سەربازی و ڕکخراوەییدا، گەر بەە، ئایا خی و هاورکانی سەروی خیان بە فەرمی لەو هەانە ئاگادار کردوەتەوە؟؟
لە لا ٤٠١دا باس لە بەەوەچوون کنفرانسی دووەمی کمەە دەکات و دەەت، کە سکرتری کمەە نەوشیروان مستەفا سەبارەت بەوانەی بۆاوکراوەی (هەوست)یان لا گیراوە، گوتویەتی (بیانبەنە دەرەوە و ەمیان بکەن!)، ئەمەشی لە کتبکی تر وەرگرتوە، کە نوسەرەکەی یەکک بووە لەو تمەتبارانە، واتە بلایەن نەبووە لە ململانکەدا، سەیرە کاک سالار خی لە کنفرانسەکەدا بووە، کەچی وتەی یەکمکی تری لایەنگر نەک بلایەنی کردوە بە بەگەی ئەو قسەیە، کە هیچ لژیکک قبو ناکات، لە کاتی بەەوەچوونی کنفرانسکدا، سکرتری حزبەکە بت و قسەی وا بکات! ئەوی یادداشتەکانی م. پشک و هەقا کوستانی خوندبتەوە کە تا ادەیەک بەوردی ووداوەکانی نو کنفرانسەکەیان تمار کردوە، شتی وای بەرچاو ناکەوت. بۆیە بەای من ئەم قسەیە دووەم لە استییەوە.
لە ووی زمانەوانییەوە دووبارەبوونەوە بە وشە و دەبین لە هەندک شون لە نوان یاداوەرییەکانی کاک سالار نوسیویەتی و لەگە یادداشتەکانی هاوکانیدا، کە تیدا دەقەکانیان بۆاوکراوەتەوە، بەدی دەکرت. سەرەای ئەوەی چەند بەگەنامەیەکیشی لە پاشکدا بۆاوکردونەتەوە، بەام چونکە کوالیتییان چاک نییە، باش ناخونرنەوە. پاشان تەنها یەک ونەی خی و دوو هاوی لە پاشکدا بۆاوکردتەوە، دەکرا نوسەر هەوڵی زیاتری بدایە و هەندک ونەی شەهید و زیندوەکانی تری، کە

هاوخەبات و هاوڕێی بوون و لە کتێبەکەدا ناویان هاتوە پەیدا بکات و بڕاوبکاتەوە. ڕاستە وەک لە پێشتردا وتمان زمانی نوسینەکەی بە گشتی ڕەوانە، بەڵام لەگەڵ هەندێک دەربڕین و ڕستەدا مرۆڤ هەست دەکات، کە هێشتا شوازی ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێوە دیارە، بۆ نمونە: نەزەری خۆی بەو جۆرە بەیان کرد… ل١٦٩، تەبلیغ و تەرویج و سازماندەهی … ل٣٧٠، تەکسیرکردنی بەیاننامە، تەبلیغاتی تەسلیمخوازانە … ل ٣٨٣.
باسی وردەکاریی ناپۆیست وایکردوە لە هەندێک جێگەدا بابەتەکان درێژبینەوە، لەگەڵ هەندێک شوێن پۆیست بوو زیاتری لەبارەوە بنوسرێت، کەچی بەکورتی پێیدا گوزەری کردوە، بۆ نمونە شەهید مەلا محەمەدین، کە کادرێکی چالاک و کارا بووە، ڕۆڵی کەم باسکراوە، یان باس لەوە ناکات، چۆن (عەلی مغاویر) پاش ئەو ناپاکییەی کردویەتی، تەنانەت دە دوانزە ساڵ دوای ڕاپەڕینیش هەر ماوە و زیندووبووە، تا دوای پرسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣ ئینجا بە سزای ڕەوای خۆی (مەرگ) دەگەیەنرێت!
بۆ ئەو کەسانەی قوربانییان بە گیانی خۆیان داوە لە زۆربەی شوێنەکان بە (شەهید) ناوزەدی کردون، کە بەڵای من لە ڕووی کەلتوری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردەوە باشترین وشەیە، کەچی لە هەندێک جێگەدا دەڵێت (کوژران) ل٤٣٣، یان دەڵێت (گیانیان بە خشی) ل٣٨٥.
بۆ نوسەرێک کە ئایدۆلۆجییەکی دیاریکراوی هەبێت، باشترە، یەک زاراوەی پەسەند لای خۆی، بەکار ببات.
نوسەر ڕەخنەی توند لە سەرکردایەتی یەکێتی بە گشتی و کۆمەڵە بە تایبەتی دەگرێت، تا دەگاتە ئەوەی ئەم و زۆر لە هاورێکانی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەست لە خەبات و ڕێکخستن بکێشنەوە. وە ئەوان بە هۆکاری سەرەکی ئەوە دەزانێیت، کە (کاروانەکە)یان نەگەیشتۆتە ئەو (هەوار)ەی کە ئەمان بە دڵ و بەگیان قوربانییان بۆی داوە و خەباتیان لە پێناودا کردوە، دیارە ئەمەش بەشکی زۆری ڕاستە، بەڵام ئەوەی دەبوو باس کرابا، ئێ خۆ هەر شڕاش و جوڵانەوەی کورد نەبووە، کە ئاکامەکەی (گا)ی هێناوە، زۆربەی زۆری، گەر نەڵێم هەموو، ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی، لای کەمی لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاست و نزیکدا، بەرپا کراون، سەرکەوتوو نەبوون لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان، واتە نەگەیشتون بەو (هەوار)ەی، کە کاتی خەبات دروشم و ئامانجیان بووە، هەرچەندە سەرکەوتن خۆی شتێکی ڕۆژەییە، بەڵام، بە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی دوای سەرکەوتنی قەناغەکە و ئەنجامەکەیدا دەزانین، زۆربەیان ڕەنگە کەمتر لە نیوەی ئامانجەکانیان بەدیهێنابێت، ئەمە سەرجەم ئەو شۆڕشانەش دەگرێتەوە کە بیری کۆمۆنیزم پاشخانی فیکری و مۆتیڤیان بووە.

بەختیار عەلی لە ٤٢٧ ڕەمانی (شاری مەسیقارە سپییەکان)دا دەنوسێت ((نیشتمان لە کچێک دەچێت، دڵۆپکی زل و ناشرین فاندبێتی و جوانی ژاکاندبێت، سوارچاکێکیش هاتبێت ڕزگاریبکات، بەڵام شەهوەتی ئەو سوارچاکە بێ لاقەکردن و ئەتککردنی ئەو کچە کەمتر نییە لە شەهوەتی دڵۆپکان)). بەداخەوە ئەمە لای کەمی بێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتیتریش بێ باشوری کوردستان ڕێک وا کەوتەتەوە! بە کورتی کاک سالار نەیتوانیوە، وەک نمونەیەکی مادیی مێژوویی تەنها وڵاتێکمان بێ بنوسێت، کە کاروانەکەیان ڕێبوارەکانی گەیاندبێتە هەوارەکەیان، کە ئامانجیان بووە. بۆیە لام وایە گرفتەکە لە ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریی گەلەکەشدایە، نەک هەر سەرکردە و ڕێبەرەکان.
ئەم کتێبە شایانی خوێندنەوەیە، بەتایبەت بێ ئەوانەی وڵێی زانیاریی خەباتی ڕۆژانی سەخت و مێژووی تێکۆشانی کەرکوکن. دووبارە دەستخۆشی لە کاک سالار ڕەشید دەکەم بێ نوسین و باوکردنەوەی ئەم کتێبە گرنگە و سوپاس بێ دیاریپەکەیان.

سەرچاوە:

- ئەو کاروانەی بێ هەواری ئیمە نەچوو، دەربارەی چەند ئەقەیەکی نادیار لە مێژووی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکوك، یادەوەری سالار ڕشید، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم 2020

چۆزبینین لە نمایشێ شانۆییێکانی هەرێمی کوردستاندا.. ڕێباز محەمەد جۆزا

نمایشێ شانۆییێکانی کوردستان لەووی ژمارەو زۆرنین بەڵام کاتێک چەمکی هاوڵاتی و ژیار و شارستانییەت ڕوون نەبێت ، نازانین دەکوینێ کوڵی ژان وزڵی گرفتکانو ، لەبەرئەو زۆرکات دەبینین

هەوڵدان بۆ ئامکردنی هەموو خاڵێک و هاوشوناسبوونی بەرج لەگەڵیاندا ، زەمینە بۆ پۆپۆلیزم لەسیاقدا – پارێزدا – خشدەکات ؛ ئەمەش سەر بەوساتە خایەتی کەگروپێک یان کەسێک بەناوی جیاوازی و دژینەوەی فۆرمی تایبەتەوە ، خەیان دەخڵەنە شوێنی هەموو خاڵێک و لەبری هەموو خاڵێک قسەدەکەن وپۆوەرو پۆوانە ئیزدەکەن وپێی دەپێون ؛ لەکاتێکدا ئەو هەوادارانەی ئەو بەرهەمە پەسەند دەکەن هەموو خاڵێک نین !! وەکو بۆی هەموجەماوەری ئەوبەرهەمەش نین کەواتە بەو پۆوەرەش بێت گەر لەدەخێکی بابەتی وستانداردا بیر لەخاڵێک بکەنەوە ئەوا خاڵێک هەشتا ناوەرۆکێکی زیاتری پۆویە تافەرمالیمێکی ئووت و ئاستەوخە بێت .
بۆئەم مەبەستە بەشێکی زۆر لەنمایشانیەکان و بکەرەکانیان ؛ بەناوی هەمەجۆرەوە گوزارە دەردەبڕن ؛ جارێک دێن لەژیر ناوی "چەپ" و جارێکی تر دێن لەژێر ناوی " جوان " یاخود "باش" قسەکانیان ئیزدەکەن وبەرهەمەکان بەسەر "سزا"و"پاداشت" یان "خەڵات " و "شاڵاو" یان "باش وخراپ " دابەش دەکەن ؛ چونکە ئەم تێگەیشتنە جۆرە پۆپۆلیزمێکی شانیی بەرهەم دەهێنێت (پۆپۆلیزم لەئاستێکی سەرەتاییدا ، هەوڵدەدات چەمکی ناوەرۆکداری خاڵێک بگەیەنێت بە فۆرمالیزمێکی پڕتی) ، واتە هەموو ئەوناواخنە ناکۆک و گرژانەش چارەسەر بکات کەچەمکی خاڵێک خێی بەناساز هەشتوییەتییەوە !! کەواتە چی پێوەندییەک هەیە لەنێوان "چەپ " وەکو چەمکێکی ئیستاتیکی لەگەڵ "پۆپۆلیزمی شانۆ؟ " بەتایبەتی لەنمایشی شانۆگەرییەکانی هەرەمی کوردستاندا !! "لەم دەرفەتە کورتەدا ئەوەدەخەمەوو کەهیچ بەرهەمێکی " پۆپۆلیستی " مەودا درێژ وقوڵ نییە ، بەڵکو کورتخایەن و "ئاڵاز" و لەئاستێکی سەرەتاییدایە کەناوەرۆکێکی نەخوێندراوەو ساکاری هەیە و بەرگەی بچوکترین تاقیکردنەوەو پرسیاری "جدی –ژد" ناگرێت و هەڵدەوەشێتەوە .

بەشی یەکەم
پۆپۆلیزمی شانۆگەری
پۆپۆلیزم چییە؟ بۆئەوەندە مەترسیدارە؟ " پۆپۆلیزم، بەرنامەیەکە یان بزووتنەوەیەکی سیاسیە کە بانگەشەی پاپشتیکردنی کەسی ئاسایی دەکات، پۆپۆلیزم بەزەری توخمەکانی چەپ و ڕاست تێکەڵ دەکات ، دژایەتی بەرژەوەندییە بازرگانی و دارایییە گەورەکان دەکات بەڵام زەرجار دوژمنایەتی پارتە لیبراڵ و سۆسیالیستی و کرێکارییە دامەزراوەکانیش دەکات یان زەرجار زاراوەی پۆپۆلیست بە شێوەیەکی سووکایەتیپێکردن بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی گرتن لە سیاستمەدارێک کە ترس و حەماسەتی گەلێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە بۆیە

تەوانینی مرۆڤ بۆ پۆپۆلیزم، بەرنامەی ئابووری پۆپۆلیستی دەتوانێت یان پلاتفۆرمێک بێت کە بەرژەوەندی هاوڵاتیانی ئاسایی و وڵات بۆ گشتی بەرەوپێش دەبات یان پلاتفۆرمێک کە هاوکێدات سەروەت و سامان دابەش بکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی جەماوەری، بەبۆ گوێدانە دەرئەنجامەکانی بۆ وڵات " (Munro،2023) بەڵام لێهونەری شانەدا بەواتای چی دێت ؟" سەرۆکێای پێیوندییە هاوچەرخەکانی زاراوەی 'پۆپۆلیزم' لێگەڵ براندێک لە حوکمەانی تاکەڕەوی کۆنەپەرستانە ، (شیلی ئەلمەندە) و بۆ تایبەتی مەزەخانەی سەلیدارێتیدا، یارمەتی نەژەنکەردنەوەی پۆپۆلیزم دەدەن وەک پەڕەیەکی سیاسی نێک بۆ دەرپەڕاندنی ، بەڵکو بۆ بنیاتنانی کەدەنگی جەماوەری پێناسەی دەکەن . بۆ پێشکێشکردنی دیدگاێکی جیهانێکی نوێ، ئەو هونەرەی کە نمایشکرابوو، بوو بەهەی یەکخستنی لە کارێکی سیاسی فراوانتر، کە وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاری جەماوەری، نەک تەنها بەگەنامەیەک بۆکاردەهات (Mason،2010) یان هەر وەکو لایەن " نیل سمیسەو " ووتکراوەتەوەو دەڵێت:" من دەڵێم کە ئێمە [هونەرمەندانی سەهە] بەڵاستی ویستمان ئەمریکا بگۆڕین. یان ڕەنگە ئەوە بێت کە ئێمە ویستمان دەست بۆ سروشتی ڕاستەقینەی ئەو شتە بگرین کە پێمان وابوو ئەمریکا چییە یان دەبێ بێت." خواستی ئەوان بۆ دەرخستنی بەڕەنی ئازادی و یەکسانی کە لە بەگەنامەکانی دامەزراندنی میللەتدا هاتووە، لە (FOOD 1971-1973)، ئەو پەڕەیەی کە بەکەمەڵ بەڕەودەبرا، بانگەوازی دیموکراتیزەکردنی هونەری بۆ ژیان وەرگرت، ڕاستەوخۆ پێیوندی بۆ پەداویستییە جەستەیی، ئابووری، سەزداری و هونەرییەکانی کەمەگادا کرد. دواتر ئەرنەستە لاکلاو. بەم شێوەیە کردارەکانیان لە یەک کاتداو بەڵەژیکەکی پۆپۆلیستی پێشکەوتنخوازانە و پاشکۆیی پیشان دەدا. پۆلیسی سنوور لە شۆنەوارە ماددییەکانی FOODدا دیارە: هونەرمەندەکانی سپی پێست و چینی ناوەڕاستی سەهە هەی سنووری نوێی شارەکانیان بۆ درەژایی وەدەرنانی چینایەتی و ڕەگەزپەرستانەی دەرەوەی شارەکان کەشا.(Mabey،2010) بەم شێوەیە پۆپۆلیزم هەوێی دەست بەسەرداگرتنی هەمووخەڵکە و خەی بەزمانحاڵی هەمووان دەزانێت و ڕەڵجیاوازییەکان دەگرێت و سنوری ئازادییەکان بەرتەسک دەکاتەوە و هەیان بەدەکەشێت وبەرەو ئادەڵجیای مەبەستدار دەروات بەڵام چۆن چی پێیوندییەکی بەم دەزەوە هەیە؟ واتە شانەی پۆپۆلیستی هەوێی بەگەمژەکردنی دووڵایەنەدەدات: لایەنگیان بەرهەمەکەو لایەنگەی تریان وەرگرەکانیان . ئەوەی لەژێر دەستەواژەی پۆپۆلیزمەدا کەدەبێتەوە، کەمەی هاوچەرخەکانن کە نیانەوێت پێیەوی لە ڕیتمی پێشکەوتنی کولتووری و ڕەشنگەری بکەن.

پەپلیستەکان یاساکانی ئەتەکەت دەشکێنن و خۆیان بە جلوبەرگی مۆژوویی ئابردووی تەتالیتاریيەوە دەپۆشن. پەپلیستەکان ، ستایشی پاوانخوازی یەک بەچوون دەکەن و ڕەخنە لە تەوانینی دیموکراسی بە هەمەجۆری بگرن وەک هێرشێ لەسەر ناسنامە، کە بەپێی تێگەیشتنیان دەبێت لە ئەفسانەی نەتەوەیيەکەوە سەرهەڵبدات. هەستەکانی تووڕەیی و بێزاری زیادەڕەوی وەک ڕەسەنایەتی هەوەستیان کاردەکەن. بەپێی لێکدانەوەیەکی ئەستاو بەربەستاو، پەپلیزم دژە نجامی دابەشبوونێکە: لە لایەکەوە، ئەو تاکانەی هەن کە بە توانای فڕبوون و خۆگونجاندن وەئامی گۆڕانکاریيە خێراکان و تەحەددای فرەچەشنی دیجیتاڵکردن دەدەنەوە؛ پشتوازی لە توانای فراوانبوون دەکەن ، زانین و پەیوەندی و چژوبڕگرتن. لە لایەکی دیکەوە پەپلیستەکان وەک دژەاو دەردەکەون، بەرگریکارانی ئابردووی دوێنێ و چەقی نگۆڕی لە قوەدا کە هەست دەکەن لە ژێر هەڕشدان لەلایەن کراوەیی پرسەی گۆڕانکاریيەوە یان سەرکوتکراون. لەسەر ئاستی دیاردە ڕەفتاریيەکان ئەم دۆخە لە ئەنجامدا وێنەیەکی دووانەیی تایبەت بەخۆیەوە دەبینێت: لە لایەکەوە جوانیناسی پەپلیزم هاوتایە لەگەڵ ئەو نیشانانەی کە لەبەواری دەماریی تاکەکەسی وەک گۆڕانەوەی سەرکوتکراوەکان.
پەپلیزم – نەخشیەکی بەردەوامی سیستەم لەشانەدا چۆن؟ جگە لەوەی ڕەبازێکی کەمەیاەتی-داینامیکیيە، دەبێت لە گۆشەیەکی دیکەوە لەبەرچاو بگیرێت. ستراتیژیيەکانی پەیوەندیکردن لە سادەکردنەوە و یاریکردن بە هەستەکان و ئینکاریکردن لەڕاستیيەکان و لە ئەستادا لە ئابووری و ئیکۆلۆژیای میدیادا بەکاردەهێرن کە تەیدا نەخشی ڕەفتار بووەتە نیشانەی کەمەگەی دیجیتاڵی بە گشتی.
لە ساڵی ١٩٧٦دا کەمەناسی فەرەنسی (ژان بودریلار) تیۆرێکی داشت لەو کاتەوە لە مۆدە دەرچووە، وەک ئامرازێکی شیکاری بەسوودە.

- زۆر پەش دیجیتاڵکردنی دەق و وێنە و فیلم و زۆر پەش هەنانەکایەی ئامێرە مۆبایلەکان کە مرۆڤی مۆدێرن بەردەوام لە پەیوەندیدا دەمێنێتەوە ؛ بودریلارد ئاماژە ناکات بە ئاوەی لەم سەردەمەدا پەی دەوترێت هەوالی ساختە یان شێوەی زانیاری، واتە زانیاری هەڵە بە ئەنقەست و داشتنی بچوونی حیسابکراو. کەواتە چەژ چیيە؟ چۆن لەجەژ تێبگەین ولەپەپلیزمی هونەری بەدووربین ؟ کەلەم ڕۆژانەدا زۆرترین بەکارهێنەری زاراوەی چژ هەیە کەنەدەزانن چیيە؟ نەهەوەی تێگەیشتنیش دەدەن .!! لەبەرئەوئەم نووسینە هەوڵدات زۆر

بەسادەیی وبەکورتی ئەوەمان پێبڵێت کە چۆژ بابەتێکی پەپاڵیستی نییەو بینەرانیش پاڵان ناکرێن لەژێر ناوی چۆژی وەرگرت یاخود نا !! لەکاتێکدا ئەمە پەویستمان بەخوێندنەوەی جدیی و ژدی دەزگەهەیە ..

بەشی دووەم

چۆژبینین لە شانەدا

چۆژ چییە؟ چۆن لە چۆژ تێبگەین؟ ئەمە ئەو پرسیارە وروژێنەرەیە کە قسە و باسی زۆری لەبارەوە کراوە؛ بەڵام لامان ڕوون نییە واتا و مەبەستەکانی چین؟ لەبەر ئەوەی زۆر بە کار دێت و تا ڕادەیەک ئاڵۆز و بە گرنگی دەزانم پرسیار لە چێتییەکەی بکەم، چونکە "گومانی تێدا نییە کە پرسیارکردن دەربارەی هەر شتێک جۆرە ئاگاییەکە دەربارەی بابەتی لێپرسراو و جێ مەبەست؛ هەروەها ناسین و زانست دەربارەی پرسیارلێکراو لە خودی وەڵامەکەدا واتا و ئاشکرایە." (کرێچ: 2010، 53). چۆن بیر لە چۆژ بکەینەوە؟ بە شێوەیەکی سەیر سەختە پێناسە بکرێت، زۆر کەمتر هەست بە باشی بکرێت لەو بارەیەوە، چۆژ بوونەوەرێکی فەڵاویە. " ئایا فەلسەفە دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئاسانکردنی؟" (Dresser، 2020) بیرو باوەڕی چۆژبەخشی ڕاستەقینە بە ناوی پێش ئەپیکەرسەوەیە، بەو پێیەی ئەو کەسەی کە دایمەزراندووە، خوێندکاری سەکرات بووە بە ناوی ئەپیکەرس، لە نێوان خێی و ئەفڵاتوون و ئەرستۆدا ژیاوە هەبووە و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئەفڵاتوون فەلسەفەی سەکراتی شێواندووە. سەبارەت بە نەیارەکانی، تەمەتباریان کرد بە سەفیست. پێدەچێت لە سەرەتادا یەکێک بووبێت لە سەفیستەکان، بەڵام لەگەڵ تێپەبوونی ڕۆژگاندا، ئەو سەفیستەی کە لە بازنەکەی دوورکەوتەوە و یەکەم خشتی بە یەکێک لە گەورەترین بیری فەلسەفی سەردەمی ئەمە دانا کە سوودی گشتی بە هەموو مرۆڤەکان هەبوو.

ئەم پەرسەندنە لە لایەن فەیلەسووفی ئینگلیزی تەماس هۆبز، جۆن لۆک، دەیڤید هیوم، جۆن میل و هەربەرت سپێنسەر ئەنجام دراوە، بەڵام سەرچاوەی بیرکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بلیمەتە یونانییە (ئەپیکەرس). ئەرستۆ بە ئەپیکەرییەکان چۆژ بە هیچ شێوەیەک هەستەکی ئەرێنی نییە، تەنیا هەستکردنە بە ئاسوودەیی یان ئارامیی کە دوای ڕزگاربوون لە ئازار دێت. «ئەکسیلۆژیا/ ئاکارناسی» و ژیانی بەختیار و چۆڕوەرگرتن

"بە پێی فەلسەفەی ئەپیکۆرس تاقیکردنەوەکانی زیان داری دەخڵن کە ئەمە سەوداسەری لەزەتین، زیندەوەریش بە بیرکردنەوە و فێربوون، وەک ئادەمیزاد بە شوێن لەزەتدا دەگەڕێت. کە وابوو لەزەت یان چێژ مەبەست و ئامانجە، ئەو هەگبەیش کە بە گەیشتنە لەزەتەکەش دەگیرێتە بەر، فڕێلەتە." (عەزیز: 2005، 275) مرۆڤی تینوو بەم شێوەیە هەست بە چێژ دەکات کاتێک تینوێتی بە پڕداخێک ئاو دەکوژێتەوە. ئەرستە دان بەوەدا نانێت کە چێژ سیفەتێکی نەرێنی هەیە، بەو پێیەی تەنیا ڕزگاربوون نییە لە ئازار، بەڵکوو بە بەچوونی ئەو توخمەکی ئەرێنی لە خۆ دەگرێت، ئەو دەڵێت ئەو چێژەی ئەمە بە دوایدا دەگەڕێین، ئەو چێژەیە کە ڕاستەوخۆ لەسەر هەگاکەمان دەیدزینەوە، واتا کە ئامانجمان دەرهەنانی چێژە لە ساتەوەختە زوو تێپەڕەکان. دوور لە هەموو پێشیمانیەکی بەماناو بەسەر ئەو خۆشیانەی کە نەماون، دوور لە چاوەڕوانییە بەماناکانی ئەو خۆشیانەی کە هەنگە بێتە پێشەوە. ڕابردوو ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە و داهاتوویش تا ڕادەیەکی زیاتر لەوەی چاوەڕوانمان دەکرد خەریکە دەکرێتەوە.

(الغنامی: 2023) ئەرستە دان بەوەدا نانێت کە چێژ جۆرێتی نەرێنی هەیە، چونکە تەنیا ڕزگاربوون نییە لە ئازار، بەڵکوو بە بەچوونی ئەو توخمەکی ئەرێنی لە خۆ دەگرێت. وەسفکردنی هەر چێژێک بە خراپە لە ڕووی زاراوەوە دژایەتییە، بە ئەو چێژ هەمیشە چاکە و خواستراوە لە هەموو کاتێکدا. مرۆڤەکان وا گریمانە دەکەن کە چێژەکان لە سرووشتی خۆیاندا جیاوازن، چونکە لە سەرچاوەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیەشە دەگوترێت چێژە دەروونییەکان پلەیەکی بەرزتریان هەیە لە چێژە هەستیارەکان. ڕاستییەکەی هیچ بنەمایەک بە جیاکارییەکی لەو شێوەیە نییە، چونکە هەموو چێژەکان هەمان سرووشتیی هەستیان هەیە، بە بە گوێدانە ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. هەرچی دەیزانین و هەموو کارەکمان بە هەستکردن گەیاندوە، بە ئەوەی بتوانین وەک فەیلەسووفی هەست «وەسف/ پەسن»ـی بکەین.

چێژ شتێکی داواکراوە، ئازار شتێکی ڕەتکراوەیە و هەموو شتێکی تریش بە پێی ئەو چێژە یان ئازارەی پێوەستە پێیەوە، خوازراوە یان نەخوازراو. لەرەوە دەرئەنجامەکە ئەوە بوو کە چێژ ئامانجێکی پێویستیە. زۆر گرنگە بە ڕوونی هەموو ئەو

شتانە بەبینین کە ئەم بانگەوازە بۆ ئەم ئەزموونە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. سەرنج بدەن، تێوانینی ئەرستۆ سنووردار نییە بۆ ئازووی هەر مرۆڤێک بۆ چێژ و دووركەوتنەوە لە ئازار، بەڵکوو باس لەوە دەکات کە مرۆڤ ناتوانێت ئازووی هیچ شتێکی تر بکات. (الغنامی: 2023) یاخود هەر وەکوو لە سایتی (Stanford Encyclopedia of Philosophy)ـدا هاتووە چێژ لە بەکارهێنانە گشتگیرەکاندا گرنگن لە بیرکردنەوەدا سەبارەت بە خۆشگوزەرانی، ئەزموون و دەروون، سەزداری ئەرێنی، هەموو خۆشی و حەز و چێژوەرگرتن لە خۆ دەگرێت. لە ئێستادا زۆر جار بەختەوەری بە هەمان شێوە بە کار دەهێنرێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوون لەگەڵ بەکارهێنانە کۆنەکان کە ئاماژەن بۆ بەختەوەریی گشتی یان سەرکەوتن لە ژیاندا .

لەم وانگەیەوە چێژ دابەش دەبێت بۆ هەست و بارهەست و لەوانەیە جۆ بۆخۆی دەگرێت و کاریگەری دانێت. هەنگۆ فەلسەفەی چێژ وەک فەلسەفەیەکی تاکگەرایی و خۆپەرستانە دەرکەوت کە بچووکترین گرنگی بە کەتوار یان ئەوانی تر نادات و بۆ دوای ئارامی و چێژەکاندا بگەڕێت، ڕاستییەکە ئەوەیە ئەگەر قووڵتر بچینە ناو پێکهاتەی مرۆڤەوە، چێژ هەڵتکردنەوەی ئازار و بەفیڕدانی هێزانی ژیانە، ڕاکردنە بۆ دوای وەهمە کوشندەکان و خاڵی قارەمانێتی لەسەر حیسابی ئارامی دەروون و بیرکردنەوە و چێژ و ئارامی و بەختەوەری کە ئامانجی بوونە. (طاهر: 2020)0ئەم ئاخ هەڵکێشانە بۆ تێنەگەیشتنە لە دۆخێک کە هەیشتووە و زەحمەتە بۆ دوایدا بچینەوە. هەروەها لە سایتی (Stanford Encyclopedia of Philosophy)ـدا باس کراوە، چێژ وەک باش و سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات. ئەمەیش ڕوونکردنەوەیەکی سادە پێشنیاز دەکات، هەم بۆچی مرۆڤەکان بۆ دوای چێژدا دەگەڕێن و هەم هەکاریش هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن. ئەوەی کە هەنگۆ ئەمە شتێک بۆ چێژکەی پێ باشتر بێت و هەڵبژێرین، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕاستییەک هەیە سەبارەت بە چێژ کە هەندێک هەڵبژاردنی لەو جۆرە باشتر دەکات لە هەندێکی تر. فەیلەسووفەکان ئەم پێشنیارە زیاتر دەبەن، هەندێک جار چێژیان لەوە وەرگرتووە کە تاکە ئەزموونێکی سادە (تایبەتمەندی) ئەزموونەکان باش و سەرنجڕاکێش دەکات تا ئەو ڕادەیەی کە ئامادەن. لەبەر ئەوەی (مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەکەر، کە بە هەی خانەکانی مێشکییەوە لێکدانەوە و هەستەنگاندن بۆ ژیان، بابەتەکان، ئاکامەکان،

دونەن، ئەمە، ئایینەدەکات. لەناو کۆمەڵی سەری مرۆڤدا کام لە پاڵنەرەکان هانی دەدەن کە هەڵسوکەوتی ئاژاستەیەکی دیارکراوەدا هەبێت؟ ئەم پاڵنەر و مۆتیڤانە دەشێت «ترس» بێت کە لە دەستەماتمان هەیە تا باسی «چێژ» بێت کە دەمانخاتە پەیوەندییەکی هەمانسیانەبە بە دەستهێنانی سەکس و هەروەها دەشێت بیرکردنەوە بێت لە «بەختەوەرییەکی ئارام» کە لە چاندن و چاودێریکردنی درەختەکان و سەوزایی باخچەی گەرەکەکەمان ئەزموون دەکەین. دەبێن ئەم سێ وشەیە «ترس، چێژ و بەختەوەری» ئیدارەی ئەم بوونەوەرە بیرکەرەوە ئاڵۆزە دەکەن و دەستەماتیان زاڵە بەسەر سایکۆلۆژیەتی و بیرکردنەوەکانیدا. (دەسکی: 2021). چێژیان لێزێت؛ هەستکردن بە خۆشیە، یانی حاڵەک کە بە لەش جۆر و لەبارە و حەزی پێ دەکات. پێچەوانەی ئەش و ئازارە، کە بە لەش ناخۆش و ئازیەتکارە.

مرۆڤ و گیانلەبەرە خاوەن وشیاریەکانی تر، یانی ئەوانەی لە خۆیان و لە دەوروبەریان ئاگادارن، مەیلیان لە چێژوەرگرتنە و بەیان بە بایەخ و شیاوی بە دوادا گەڕان. چالاکیە چێژبەخشەکان زۆرن، بە وێنە خواردن و سێکس و گوێگرتن لە مۆسیقا و کایەکردن. زانستی هاوچەرخ بۆشکی گرنگی بە چێژ دەگەڕێنێتەوە، بەڵام پشتنیازی ئەوە دەکات کە پەیوەندییەکانی چێژ بە هۆشیاری و سەرنجڕاکێشانی پاڵنەرەوە ؛ فەیلەسووفانی هاوچەرخ بڕدەوامن لە مشتومڕکردن لەسەر ئەوەی چێژ چییە؟ بەڵام تەنیا دەستیان کردووە بە قسەکردن لەسەر پشکۆتنە زانستییەکان کە هەواش هەوای پێ دەکەنەوە کە چ بەکارهێنانێکی تەندرۆژی ماددە دەروونییە چالاکەکان بە بەرزکردنەوەی باری دەروونی و چارەسەرە نوێیەکانی دەرمان بە خەمۆکی پشتر پشبینی کراوە کە چێژ دیاردەیەکی بایەلۆژییە. (Lake, MA & BA Jazz 2021) لای (سپێنسەر): ” چێژ زەدەوزێیەکە پێویستی بە دەرپەڕین هەیە.” هەروەها (شیلوو) دەڵێت: ” مرۆڤ بە تەنیا گەمە و یاری دەکات و لە گەمە منداڵانەکێیدا قووڵترین مانا هەیە، هەندێک پێیان وایە کە چێژوەرگرتن مەعریفەیە، یان ڕامان و دەرککردن و بەشداری و هاوئاهەنگییە، هەموو ئەمانەیش بە ڕێگەزە دەروونییەکانەوە پەیوەستن. ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە میکانیزمی چێژوەرگرتن زۆر ئاڵۆزترە وەک لە میکانیزمی مەعریفە و زانین، هەزی چێژ و چێژوەرگرتن هەزی زیرەکی نییە، بە

هەکارێ جێراوجێرکانەوە بەستراوبێتەوە، هەندێکیان دەروونی و هەندێکیشیان کۆمەڵایەتی و مەڵاتیین، ناکرێت لە گۆشەی هەکارێکەوە بەوانرێتە ئەو میکانیزمە…" (هەسوو: 2017، 130_134).

ئەنجام

کەواتە چۆزی نمایشە شانۆیێکانی هەرەمی کوردستان دەکەونە کوێی ئەم دەزەوە؟

ئەو چۆزە شانۆیەی کە لە ئەنجامی کاریگەریی پەیوەندی نێوان وەرگێر و نمایشی شانۆدا دروست دەبێت، نوێنەرایەتی ئەو چەناگە پەیوەندییە دەکات کە لە هەگێیەوە ناوەکی دەق و پێشکێشکردنەکە پێکەوە دزێپەدەکرێن و کارلێکی دەروونی نێوان (بەرهەم و خودی وەرگێر) و کارلێکی گەیشتنە بەزەرترین حاڵەتەکانی هاوسەزی قووڵ بە ستراتیژی ئیلهامبەخشی شانۆیی، یاخود پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لای هاوکێشەکە (بەرهەم + وەرگر) نزیکتر دەبنەوە. (الاعسم2007) چۆزەکانی ناو شانۆی ژیان زەر و هەمەچەشنن، مرۆڤیش بە پرسی تێرکردنی غەریزەکانیەتی بە چەشنێ جێراوجێرکان، لە هەگێی جێراوجێرەوە، یاسایی یان نایاسایی، تووشی کێشە دەبێت، بە مەرجێک پانتایی سەرکی ئزگارکردنی هەح بێت لە شتە سەرکوتکراوەکان، بەبێ گوێدانە هەشیاری، کولتوور، پاشخان، یان تیەر، مەرجدارکراون بە چۆرگرتن لە بەرهەمەکانی هونەر، لێوانێ: شانۆ، سینەما و تەلەفزیۆن، بەڵام ئەو چۆزەی کە لە ئەنجامی سەیرکردنی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و شانۆنامەکانەوە یان نمایشە گەڕاوەکان بەگشتی دێتە ئاراوە، نزیکە لە سەرنجڕاکێشترینیان. بەڵام چاوکردنی سەلیقەی بینەران، هونەربینراوەکان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەست و دڵی مرۆڤکان لە سەرانسەری جیهانداە هەیە. (الأعسم،2023) بەڵام بە ئەو نێتوانەی نەریتی بینینی نمایشە جیاوازەکانیان نییە ،نازانن وناتوانن چۆزی بەرهەمی هەمەجۆرو فرەچەشنییان هەبێت ؛ کەشکە بەجۆرێکی تر و پێویستی بەوردکاری زیاترە ؛ چونکە مرۆڤی کورد شایانی ئەوەیە پەروەردەی شانۆیانەی خۆی پێش بخات و بتوانێت بەسروشتی و دوور لەشێواندن گوزارشت لەخۆی ونمایشکان بکات .

بەباز محەمەد جزا

سەرچاوەکان :

1. کرێسە ، بندیتە ، چەمکەکانی جواناسی ، وەرگێڕانی : سەربەست خەسرەوعارف ، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2010
2. محەمەد جەزا ، ڕێباز : ئیستاتیکای شانۆگەری ، لێپێمانگای هونەرجوانەکان / بەشی هونەری شانۆ ، ساڵی : 24/4/2017
3. عەزیز، حەمید : سەرەتایەک لەفەلسەفەی کلاسیکی یۆنان ، لێبەاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سەران _ هەولێر ، زنجیرەی ژمارە (36) ، چاپی دووەم – هەولێر2005
4. https://www.imdb.com/title/tt30277878
5. Mason, M. (2010). Sample Size and Saturation in PhD Studies Using Qualitative Interviews. Forum Qualitative Sozialforschung/Forum: Qualitative Social Research, 11
6. باز ، اوكتافيو : ‘الشعر ونهايات القرن والقلة والكثرة’، ، ت. ممدوح عدوان. ، مجلة المدي/ العدد 16/1997،
7. أبتر، ت .ي: ادب الفنتازيا، ت. جبار سعدون، دار المأمون، بغداد، 1989
8. https://www.iasj.net/iasj/article/13140
9. https://alsabaah.iq/72410-.htm

چەند شیعرێکی چاڵس بوکەفسکی.. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

شاعیری سەعلووکەکانی لەس ئەنجلسی ئەمریکا

شیعر

بۆ نووسینی
چەند شیعرێکی پووخت
گۆڵە نائومێدی و
بێزاری و
بەدبەختی پەویستن
ئەویش
نە بە هەموو کەسێک
دەنووسرێ و
نە بە هەموو کەسێکیش
دەخوێنرێتەوە.

ئێستا

گەیشتن بەئەمە و
پەنانە نەو ئەم تەمەنە زەرەوە
دەیکان تەپڵەین
بەئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڵاستی ئەهریمەنم تووش ببێ
بەئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڵاستی جیاوازم تووش ببێ
بەئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڵاستی چاکم تووش ببێ
بۆ پەنانە نەو ئەم تەمەنە زەرەوە
دەیکان تەپڵەین و
بەیانیانیش تا تۆ بڵێی خراپترن.

با پێت بڵێم

دەزخ بۆ پرسەیکی لەسەرخۆ
نیک خەرا
پارچە پارچە و
خشت بۆ خشتی
بۆ چواردەورت هەڵچنرا.
ئەمە بەدەستی خەمان
دەزخمان
بۆ خەمان دروست کردووە و
گلێش لە خەڵکانی تر دەکەین.
بڵێام دەزخ هەر دەزخە
پێ بەپێستی وشەی دەزخ هەر دەزخە
دەزخی من و

دەزەخی تۆ و
دەزەخی ئەمە
دەزەخ، دەزەخ، دەزەخ
گەرانی دەزەخ
سەر لە بەیانی پەلاوەکانت لە پشبکە
ئەی دەزەخ.

جەنگ

جەنگ، جەنگ، جەنگ
ئاژدیهایەکی زەردی
عەق و جەستەخەر
جەنگ،
شتەکە لە وەسف نەهاتوو
چاڕەکە لە تووڕەیی،
دوا چڕتەچڕتی پیاوەکی عەق ساوایە.

جەنگ هی ئەمەیە؟
ئەمە بەرپاکەری جەنگین؟
لەگەڵ نزیکتر بوونەوەمان
لە دوا تروسکەی دەرفەتمان
تاقە گوڵێک مایەوە
تاقە چرکەیەک
هەناسەیەکی لەم جەرە.

باران

سەمفەنیای ئەرکەستراید.

چ نووسەرێک بوو

ئاوەی ئە ئە کەمینگزم لا دەگیر دەکات
دەهات لە پیرەزی وشەی دەبەی و
زەر بە جوانی و لەزانانە
دەرکانی نیشان دەداین
جوان و تەپەش

چی پە دەویست، ئاوەی دەکرد
ئەمش لەنەو
سەرما و ماندوەتی

هەدەوەراین
ئینجا بەگومان لاسایی کەرەوەکانی دەهاتن
لاساییان دەکردەوە
وەک ئەوانەی لاسایی کیتس و شیەی و
سوینبەرنس و باریەنیان و تادواییان دەکردەوە.(٣)

بەڵام تەنها یەک ئە ئە کەمینگز هەبوو
یەک هەتاو.
یەک مانگ
یەک شاعیری لەو جەرە.

هاودەم

من تەنها نیم
ئەوەتا لەریە
هەندەجار هەست دەکەم
ەیشتووە
دوایی سەرلەبەیانی
یان نیوەە
یان بە شەو
لە شەقی باڵ دەدا و دەتەوە
ئەو باڵندەیە کەس نایەوە
لە من زیاتر
ئەوە باڵندەیە، باڵندەی منە
باڵندەی ناسەرییە
گەرانی نا
ئەو باڵندەیە
لەسەر لقی دارەکە لارە لاریەتی.

وەختە شیعر خەی دەدا لە

وەختە شیعر خەی لە هەزاران شیعر دەدا
ئەوسا هەست دەکەی
داهەنانت زەر کەم بووە.

عەشق و ناوبانگ و مردن

لەدەرەوەی پەنجەرەکەم دادەنیشە و لەم دەوانە
وەک کەنەفتەژنەک بیەوە بچە بە بازاڕ
دادەنیشە و لەم دەوانە

لە میانی تەل و تەم و وێنی سگەوە
بە شپرزەیی و ئارەق دەتکنە
تا لە ناکاو ڕۆژنامەیەک دەکەشم بە شاشکەدا
ڕەک وەکو کوشتنی مشک
ئەوسا گوت لە هاوارێک دەبە
بەسەر ئەم شارە بکەسە و
پاشان دەڕوا.
کەتایی هێنانی شیعرێک بەم شێوازە
بەدنگیەکی لە ناکاو دەخوەقنە.

هێندە کەس

هێندە کەس هەرگیز شەت نابن
بەس من، هێندجار لە پشت قەنەفەکەوە
بە سێ چوار ڕۆژ پاڵ دەکەوم.
لەوێدا دەمدەزنەوە
دەڕۆن ئەوە فریشتەکەیە
ئینجا شەراب دەکەن بە گەروومەوە
سنگم ڕۆن پڕۆن دەکەن و دەمشڵن.(٤)

هێنری چارڵس بوکەفسکی؛ شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانnووسی ئەمریکی، لە شانزەی ئابی ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا هاتۆتە دونیاوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم شاعیرە بریتین لە هەزاران شیعر و سەدان کورتە چیرۆک و شەش ڕۆمان، کە زۆربەیان ڕوو بە خەڵکی هەژاری ئەمریکان. یەکێک بووە لەو شاعیرە زۆر تایبەتانەی کە لە مەژووی ئەمریکادا جارێکی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەم شاعیرە لەسەر گۆشە تایبەتەکەی (تێبینییەکانی پیرەپیاوێکی کۆنەفت) نووسینگەی لەکەینەوەی فیدەڵی پەروەندەی تایبەتی بە دەکاتەوە. بوکەفسکی لە دایکێکی ئەڵمانی و باوکێکی ئەمریکییە و لەساڵی ١٩٢٣ ئەم خانەوادەیە لە ئەڵمانیاوە دەچنە ئەمریکا و پاش ماوەیەک لە ناوەندی باشووری لەس ئەنجەس جێگیر دەبن ، لەو گەڕەکەی کە پڕشتر باوک و باپیری بوکەفسکی کاریان لێکردووە و تیایدا ژیاون. ئەم شاعیرەی ئەمریکا باوکێکی بێکار و تووڕەی دەبە و لەووی جەستەیی و دەروونییەوە زۆر ئەشکەنجەی بوکەفسکی دەدات و ئەم گەنجە هەست ناسکەش هەر زوو تێکەڵ بە دونیای خواردنەوە دەبە. دوای قەناغی ئامادەیی، بوکەفسکی بە ماوەی دوو ساڵ دەچێتە کۆلێژی لەس ئەنجەس و ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەگەری دەخوێنێ. لەتەمەنی بیست و شەش ساڵیدا یەکەمین کورتەچیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە هەڵەتی لاویدا

تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت. لە سەرەتای دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە فەرمانگەی پۆست دادەمەزرێ. لەماوەی ژیانیدا چەند جاری کارەکەی دەگۆڕێت . ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ ژنە شاعیر بەربەرا فرای هاوسەرگیری دەکات و دوای دوو ساڵ لەیەکتر جیا دەبنەوە. لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن "بلاک سپارە پرێس"ەوە کاری پێدەدرێ.(١) بوکەفسکی لەگەڵ خواردنەوەدا دەژیت و خواردنەوە کاریگەری زۆری دەبێت بەسەر ژیانی کەسایەتی و نووسینەکانی. ساڵی ١٩٧٦ دووبارە هاوسەرگیریی دەکاتەوە و ئیتر بوکەفسکی لە نەوان خواردنەوە و نووسیندا ڕۆژگانی ژیانی بەسەر دەبات، تا لە نەی ئازاری ساڵی ١٩٩٤ بە نەخۆش لوکیمیا گیان لە دەست دەدات. بوکەفسکی ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خەی دەکات و گەورەترین ڕاستگۆیی لە نووسینەکانیدا بەدی دەکرێت. ڕاستگۆیەکەی بوکەفسکی لە بەرجەستەکردنەوەی ئینسانیەتی ئینسان لە شیعر و نووسینەکانیدا لە خراپترین حاڵەت و دەخی تەکشکان و کارەساتئامێزیی ڕەنگ دەداتەوە. نووسینەکانی بوکەفسکی لەپەیوەندییەکی بەهێز دان لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە ڕەنگە هەر ئاگایان لە نووسین و ئەمە و بوکەفسکی نەبێت. کرداری نووسین لای بوکەفسکی لە نەوان دوو جەمسەریی مرۆڤ و کاری نەکردا لەهاتوچۆ دایە و بەهاکەشی بەهیچ ناخەمڵێنرێ. بوکەفسکی ئەگەر چی خەی زەر بە ئاگاییەوە شۆنی ژیانی دەستەبەرکردووەو ئاگاداری پارەی خەی بووە و زانیویەتی چۆنی خەرج بکات و هیچ کاتێک و هیچ شوێ لەسەر شەقامەکانی شار نەماوەتەوە و سەعلووک نەبووە، بەڵام سەرجەم بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی سەعلوکەکانی لەس ئەنجەس و ئەمریکان و دەتوانین بە نووسەری سەعلووکەکانی ناو زەد بکەین.(٢)

پەراوێز و سەرچاوەکان :

(١) بلاک سپارە پرێس؛ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بلاک سپارە لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن جان مارتینەوە لە لەس ئەنجلسی کاریفۆنیا دامەزراوە تا بەرهەمەکانی چاڵس بوکەفسکی و نووسەرە پشتەوەکانی تری ئەمریکا بڵاوبکاتەوە. دوای زیاتر لە ٣٥ ساڵ و چاپکردنی نزیک بە ٧٠٠ کتێب، جان مارتین دەزگاکەی لە ساڵی ٢٠٠٢ فرۆشت.

(٢) بە نووسینی ئەم کورتە ژیاننامەیەی بوکەفسکی سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە.

http://en.wikipedia.org/wiki/Charles_Bukowski

(٣) ئێ ئێ کەمینگز؛ شاعیر و وێنەکێش و شانۆنامەنووس و نووسەری ئەمریکی ١٨٩٤ – ١٩٦٢

کیتس؛ جان کیتس شاعیری ئینگلیزی ١٧٩٥ – ١٨٢١

پێرسی شێی؛ شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیز ١٧٩٢ – ١٨٢٢

ئەلگەرنۆ چارڵس سوینبەرن: شاعیر و خنۆگر و شانانامەنووس و ماننووسی ئینگلیزی ١٨٣٧ – ١٩٠٩
جەرج گەردن بایرۆن؛ شاعیری ماننتیکی ئینگلیزی ١٧٨٨ – ١٨٢٤
(٤)ئەم شیعرانەی سەرەوەم لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگرتووە.
The Last Night of the Earth Poems-1
Charles Bukowski
An Imprint of Harper Collins Publishers
New York, USA 2002 page 94,136,147,337, 338, 345.
/2- http://www.poemhunter.com/poem/as-the-poems-go

تێبینی : ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئامان ژمارە ٣١٨ ی سالی ٢٠٢٤، بڵاوبووەتەوە.

کاکل کۆبا و لاولاو و لاولاو.. تەنزە چیرۆکی: عەبدولڕەحمان فەرهادی

کاکل کەپتەر، یەکێک بوو لە هاوڕێیانمان کە بە خوێندن لە تەیراوەو دەهاتە دواناوەندیی زەزان. کاکل، هەر بە هەرزەکاری دڵزەنگی داهێنەر بوو لە هەڵبەستن و فیشاڵ و فەرتە و شڵەمانوشێنی، هەمیی شڵەمانی دڕێکانی، هیچ جارە هەمیەکی ئەرز ئەرزی شەی عیراق و ئێرانی نەدەگێشتە، بەیە لە شەشی ئامادەیی کلکەناوی (کەپتەر)مان بە کردە (کۆبا)، لەوەو بە (کاکل کۆبا) ناوبانگی دەرکرد، دواتر کاکل بووە بازرگان و بە زیتوزرنگیی خەی، دەوڵەمەندکی نەقڵەای لە دەرچوو. کاکل ئەوکات لە مانای کۆبا نەدەگێشت، دەمانگوت: "کۆبا واتا تەوزمی بایەکی زەر کە لە تۆنڵ و کۆنشاخان دێتە دەرەو و دەنگەکەی هاشێیەکی گەورەی لەو دە، مانای بەهەزی دەدات، کاکل گیان، تەیش بەهەزی بەیە پێت دڵنین کۆبا!" ئەو نەیدەزانی کلکەناوی کۆبا کە دەدرێتە پاڵ یەکێک، بە مانای کەسی دڕزنی بە شاتووت دە، (شاتووت)یش دوو وشەی لەکدراون، شات واتا کەسی خەڵکەش کە لە سڵەمانی پێیدڵێن

فشەکەر، هەروەها شووت واتا درێی هەبەستراو، کە چێشتکەکەی فانتازیایەک و بە بنەمایە. کاکل، بەهەق کونەبایەکی بەئامان بوو و چێشتکی ئەفسانەیی ئەوەندە زەر بوو، باوەڕ ناکەم هیچ چێشتکنووس و چێشتماننووسێک دەرفەتی نووسینەوە و کەکردنەویان بێ، من هەوەم داوە بەشکیان بنووسمەوە و بیانکەمە چێشتکی، بەڵام تەواو تیایدا سەرکەوتوو نەبووم. لەو ستان سەرهات و چێشتکانەی وی، دەتوانم یەکیانتان بۆ بگێڕمەوە:
من کە قەناغی ئامادەییم بێ و چوومە زانکۆ، چەند ساڵێک لە کاکل کونەبا دابەزام. هەژیکیان لەناو قەرەباغییەکەی شەقامی باتا، لووتم بە لووتی بووەوە، دوای چاکوچۆنی و یەکتر ماچکردن، دەستی گرتم و بردمیە چایخانەکەی ئەبوو سامی کە هەر لەسەر ئەو شەقامەیە، دوای باسوخواسێکی زەری خێی و گیانەوەی سەرهات و چێشتکە لەبن نەهاتووەکانی. من بە سەری زمانی سوتاوم گوتم:
-ئەرێ کاکە، ئەستایش ماڵتان هەر لە تەیراوە ماوە؟ باگەی دامەوە:
-نااا، نەخێر برایە من، ئەستا گوزەرانم زەر باشە و خانووەکم لەسەر شەقامی سی مەتریی تەنیشت تەیراوە کەیوە کە چەند کیلانێک لە دواوەی ماڵی پارێزگاری هەولێرە. وەسفەکەی وا بوو کە ماڵیان نزیکی چایخانەی بایێزە! ماڵی پارێزگار، زێڕەر لە پشت ئەوان ڕێک لەسەر شەست مەتری بوو، بەو پێیە بێ، زەر لێک دوور بوون.
گوتم:
-کاکە، وەسفەکی تەواوم بێ بکە کە کامە دەرگا هەوە، تا هەژێک سەرکەت بدەم.
ئەوکات وەک ئەستا مەبایل و لۆکەیشن و ئەو بەزموەزمانە نەبوون تا کارکانمان مەیسەر بکەن. ویستم باشتر تەمگەینە، کەچی ئەو قسەکانی پێ بێم و دەستی بێ ئاسانکاری و وەسف و چەنیەتیی دەزینەوەی ماڵی خەیانی بێ کردم و گوتی:
-گوێبگرە کاکەی فەرهادی
-ئەمە لە ماڵەوە باخچەیەکی گەورەمان هەیە، ساڵانێکە بنە لاولاوکمان چاندووە، لاولاوی سەگبابخەو، هەگی وا داکوتاوە و بە عەموودی بەردەرگاکەمان هەگەڵاوە و دارتەڵکانیشی تەنیوەتەوە و هەیشتووە، نە عەموودێک نە دووان و نە سێیان، دەیان عەموود بەو کیانەدا هەیشتووە و لاولاو نەوەستاوە و خەریکە تەواوی دارتەڵکانی گەکەکە بگرێتەوە، باشیەکەی لەوەدایە هەر هەیوە و تا بەردەرگای ماڵی پارێزگار نەوەستاوە، ئەستا لاولاو لەوە وەستاوە، ئیتر خوا بزانێ بە کوە دەگات! دەنیام دەپەڕێتەوە و بەرەو تەیراویش دەڕوا، ئەو لاولاوە خەرێکی زەری بە من داوەتەوە، بە چەن!

منیش تەواو چووبووم ناو گەلانەوە بۆچۆکەی.
کاکل بەردەوام بوو:
-بۆ برای خۆم بمم، ئەو لاولاوە سوودکەی لەوەدایە کە هەر میوانەکم دێ، دەکەوت زەر جار لە پاسوانەکانی مالی پارێزگاریان پرسیوە:
-ئەرێ مالی کاکل بەگ لە کوێیە؟ ئەوانیش یەکەوسەر ئاماژەیان بۆ لاولاوی هەگبەاوی سەر دارتەلەکەی بەر دەرگایان کردووە و پێیان گوتووە:
-ئەم لاولاوەت بینیوە بەسەر ئەو عەموودەدا هەیوە؟
میوانەکەش سەر بەرز دەکاتەوە و تەماشا دەکا بەلا! لاولاو بۆ عەموودەکەوێیە و ئەولای دیار نییە و هەیوە. پێی دەڵێن:
-کاکە گیان، خەت ئەزیەت مەدە و چیتر مەگەڕێ، تەنیا ئەو لاولاوە بگرە، لاولاو و لاولاو بۆ، یەکەوسەر دەگەیتە ناو مالی کاکل بەگ.
تا میوانەکە لە پاسوانەکان ئاودیو دەبۆ، هەر هاواری دەکەن:
لەبیرت نەچێ لاولاو و لاولاو، لاولاو و لاولاو، لاولاو و لا…
-جا گوێ بگرە کاکەی فەرهادی.
تۆ مالی پارێزگار پێدەزانیی؟
-بەڵێ.

- زەڵێر باشە. کە هاتیە بەردەم مالی پارێزگار، لە یەکێک لە پاسوانەکان بپرسە مالی کاکل بەگ لە کوێیە، ئەوانیش بەهەی ئەو لاولاوە هەڵک دەتگەیەننە سەر سەرم!
من وام نەکرد! بەڵێن چی؟ دوو سێ مانگ دواتر چووم سی مەتریی نزیک چایەخانەی بایێز؟ لەسەر جادەکە هێزە ماڵێک تا ئەوسەر هەڵن، هەر لەخۆوە دەرگایەکم کوتا، ژنەکی پێدەچوو خزمەتکار و ئەوانە بۆ! دەرگای لە کردمەوە، پرسیم: مالی کاکل کامەیە؟ بە ئاماژەی پەنجەی، ماڵەکەی تەنیشت خۆی پیشاندام.
تەماشایەکی بەرودەرگاکەیان و زەڵێریش ئەولاترم کرد، هیچ عەموود و لاولاوی لە نەبوو! پاشتر ئەوەبوو چووم سەر سەری کاکل کونەبای فشەفشکەری بە هاشوهووش! پرسیم:
-ئەرێ کاکە، ئەوە کوا عەمووود؟ کوا لاولاااو؟ بەرسڤی دامەوە:
-بەداخەوە چەند هەڵزەک لەوبەر، شارەوانی عەموودکەیان گواستەوە و لاولاوکەیشمان وشکی کرد!
پێمگوت:
-خوا هەی ڕاستت بێ نەسیب بکا کاکل گیان، لاولاو و لاولاویش بتگەیەنێتە ئەو هێڵە ڕاستە!

لە دڵی خەمدا گوتم: "واچاکە لە درێی درێزنان نەکەمەوە، چەندی لێبکەمەوە، درێی تر سەر قیت دەکەنەوە! ئەوێیە دڵەن قەت هەوە مەدە درێزنان بەدرێ بخێتەوە، چونکە بە درێیکی دیکە جوابت دەدەنەوە!"

هاوڕێی خوێنەر:
*ئێستامان کە ئێستایە، ئێگەر شوێنکەی ماڵی پارێزگار و ماڵی کاکل کونەباتان بە سیستمی لەکەیشن بە بنێرم، بەواتان هەبە سێتان مەتر و لەوانێیە سی کەسان زیاتریش لێک دوورن.
*ئەم چیەکەم بەبەنەی یەکی نیسان نووسی، کە جێژنی درێزنانە. هیوادارم ئەوێیش لاولاو و لاولاو ەی ڕاست بگرنەبەر.

سێناتای زەمەن.. ستیڤان شەمزینی

دێزانم چۆن ئێستا بە هاوارەوە ئێژیم
ڕۆژێک بە بەدەنگی ئەمرم
نامەوێت زاری قەڵەم ببەستم
با زریکەی بگاتە ئەرانس
خوێنی لەشی بگاتە
بەردەم دەرگای ماڵی یار
تەنیا یەک وشە ئەهەمەوە
بە سەرەمەرگ:
خەشم ئەوێی
دێزانم چۆن ئاوی ژیانم
لە سەرچاوەوە لەڵە
مەرگێکی تەڵخ
لەسەر ڕێی چارەنووسمە
ڕە لە لافاوی فرمێسک ناگرم
با جگەلە ببەستێت بە بەردەم زیەس
با بە هاژەوە بەڵای یاردا تێپەڕێت
تەنیا یەک دەپ دەهەمەوە

بە سەرمەرگ:
دڵپی دوا دڵۆپی شیعر

گوێ نادەم بەوەی
گروپێک شەمشەکوێرە
نیازی کوشتنی خۆریان هەیە
ئاوێ لێو گوڵە گەنمە سوورە نادەمەوە
لە دەمی سن و کوللەی غەمکی ئازەلیدایە
بە لای تەرمی مەسیحدا تێدەپەڕم
لە خاچی بەهودەیی داینا گرمە خوارێ
رەنگێ پەتان سەیر بێت ئەوەندە دڵگرقم!
خەم خۆر و گوڵە گەنم و مەسیحم
بەسەر تەرمی خەمدا
بە تەنها شیوەن ئەکەم
تەش بەلامدا تێدەپەڕیت
وا دەزانی شێخی ئەکەم

بایەقوشی بەزاریی
لەسەر رەحی ڕەشنایی دەخوێنێ
دەستم لەژێر چەنەم داناوە
تەنها تەماشا دەکەم
پاسەوانانی ئەهریمەن
بە شمشێری رق
جەرگی شەوقی
ئاتەشتگایەکی دەرین هەڵدەدەن
بە بەدەنگی
کتێبی هەڵهاتن ئەخوێنمەوە
راوچییەی تووڕەکان
نیشانێ لە سوسکەی شیعر ئەگرنەوە
دەستم تێی نەچوو
لە دیوانەکدا بینژەم
رەنگێ پەتان سەیر بێت
هێندێ دڵگرقم!
خەم ڕەشنایی و شەوقی ئاتەشتگا و

سوسکەی شیعرم
لە کنارکدا خەریکم
گۆ بە خەم هەدەکەنم
تەش بەلامدا تەدەپەیت
وا دەزانی گەمە دەکەم

ئای چەند سەختە ئەم زەمانە
بە دەزینەوەی خشوویستی
دەبەت سەر بکەیت بە مەزکاندا
لە مەزەی لەقەر
بەردکی رەقم بینی
لەسەری نوسرابوو
پەیکەری خشوویستی
مەژووکەی
بە چاخی بەردین ئەگەایەوە
بیرم کردەوە
لە چەرخی بەردینی دەکاندا
پەیکەرک بە خشوویستی دابتاشم
رەنگە رەنج بەخساریش دەربچم
ئای چەند زەحمەتە ئەم زەمانە
بە دەزینەوەی کتب
دەبەت روو بکەیتە ئەرشیفخانەکان
لە ئەرشیفخانەیکی بەرلین
کتبکم دەزیەوە
لەسەری نوسراو بوو
کتبی خشوویستی
تەز و خەی مەژوو
بە رووخساریەوە بوو
لە پشتەویدا
دەکی سەرنجاکش هەبوو:
ئەم کتبە بە مرەقی دەرین نوسراوە
بیرم کردەوە
لە چاخی مەرگی کاغەزدا
کتبک لەسەر خشوویستی بنووسم
کە ناەت دوای ئەوە

نامبەن بە شەتخانە؟

ستیڤان شەمزینی

جارانناما.. نەوزاد بەندی

جاران هەمووان موسوڵمان بووین و یەک موفتی هەبوو ، ئەویش حەمام بوو ..
ئێستا هەر گەدەکەک دوو سێ موفتی تیایە ، کەچی خەڵکەکە بەس لە موسوڵمان ناچن

⋆ ⋆ ⋆

جارانیش
پاتە دەاوەکەی پێیان ،
میللەت بوو ..
ئێستایش ، هەروەها ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵک پیاسەی ئەکرد ،
ئێستا سەیارە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران
دەمان هەبوو ،
ئێستا ، دکتۆری دە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵک وەک وابوون ،
ئێستا کەس لە کەس ناچێ ..

★ ★ ★

جاران ،
هەژار برسی بوو ،
ئێستا دەوڵەمەند ..

★ ★ ~★
جاران
حوکمەت ، حوکمەت بوو ..
ئێستا (کەس)کەی فڕێ دا ،
بوو بە (حوت)

★ ★ ★

جاران ،
بە خۆشی شیعرم ئەنوسی و
لە داخا ڕیشم ئەهەشتەوە ..
ئێستا ، لە داخا شیعر ئەنووسم و
بە خۆشی ڕیش ئەهەڵەوە ..

★ ★ ★

جاران بەردەم ماڵی دەستەیشتوو ،
مەرکانێیەک ئاو و
جامێکی فافۆنی لە دانرابوو ..
نووسرابوو : ڕەحمەت لەوەی ئاو ئەخواتەوە ..
ئێستا ،
وەنەوشەیەکی درع و
کابینەیەک و
چەکدارێکی چاوباشقاڵ ..
پیاوم ئەوە بوورەت بەو سایدەدا تێپەڕە ..

★ ★ ★

جاران دراوسێکان
قاپە پێپینە و ناوساجییان ئەدا بە یەکتری ..
ئێستا ، پاسوەردی وایفای ..

★ ★ ★

جاران کچ شانی دار و
کو دارلاستیکی بە دەستەو بوو ..
ئەستا یەکەکیان ئایفۆن و
ئەوی تریشیان ، هەر ئایفۆن ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران ، نەخۆی باوک ڕۆژە جێیەک ئەچێشت ،
ئەستا باوک خواخوایەتی بە سەریا نەنەێنن ..
جاران ئیلهامی شیعر و شنەی شەماڵ بە دڵیڤەری ، ماڵێ و ماڵی
ئەکرد ،
ئەستا پیتزا …

⋆ ⋆ ⋆

جاران ، بە جۆرنا ،
پیاوانی گەڕەک ئەگەڕان ، بە گەردن ئازایی
ئەستا منانی گەڕەک بە نوقوڵ ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران
نوقوڵی ترش و شیرین هەبوو ،
ئەستا هەوای تاڵ و تفت ..
تەڵەفزیۆنی جاران ،
بە تەمسیل و گۆرانی داواکراو بوو ..
تەڵەفزیۆنی ئەستا ،
بە پلەیستەیشن و
هەوای موچۆ و
ڕووداوی هات و چۆ و
سووتانی بازاڕ ..

⋆ ⋆ ⋆

بۆڕی جاران ،
یەکپارچە ئەدەب و ڕەوشت بوو ..
هی ئەستا کە دەم لار ئەکاتەوە ،
ئەوی قەحبەی بەغایە !

⋆ ⋆ ⋆

جاران کچ بە دەم قسەی ئەکرد ،
ئەستا بە لوت ..

* * *

جاران باوی کتێب بوو ،
هی زانست و ڕۆشنبیریی ..
ئەستا باوی دەفتەرە ،
هی دەلار و یارە ..

* * *

جاران لە بەغاوە پوشەخورما ئەهات ،
ئەستا ، موچە ..

* * *

جاران (خسوسیی) تایبەت بوو بە ئوتومبیل ..
ئەستا زۆر شتی خسوسیی پەیا بوون ، وەک
مامەستای خسوسیی ..
پزیشکی خسوسیی ..
فیتەری خسوسیی ..

* * *

جاران دەی کوە و کچ ،
تەنها یەک کەسیان تیادا ئەسیر بوو ،
ئەستا دەی کوە ئەڵێی مەکتەبی کچانە و
دەی کچیش وەک مەنتیقە سەناعییەکە ..

* * *

جاران خەڵک چاوەڕێی خوەندنەوەی بەیاننامەی یانزەی ئازار بوون ،
ئەستا ، چاوەڕێی خوەندنەوەی لیستی موچە ..

* * *

جاران خەڵکەکە هەر یەکی نیسان درێیان ئەکرد ..
ئەستایش خەڵکەکە هەر یەکی نیسان درێ ئەکەن ..
بەڵام حوکمەت ، ساە چوار وەرزە …

⋆ ⋆ ⋆

جاران ماڵ چۆڵ و هۆڵ بوو ،
دڵ پڕا و پڕ لە جوانی ..
ئێستا ماڵ پڕە لە کەل و پەل ،
هەمووانیش بە پەل و کەل ئەکەوزێنەوە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران شۆڕە مناڵ هەبوو ،
ئێستا شۆڕە حیزب و شۆڕە کوتڵە و شۆڕەی سەرک ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران سەعات دەی شەو ، خەڵک هەموو خەوتبوون ..
ئێستا سەعات یانزەی شەو ئێنان دەرە بە پیاسە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران پارە شتی پڕ ئەکرا ،
ئێستا خەڵکی پڕ ئەکرە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵکی لادە بە نان و کەبابە ئەهاتنە شار ..
ئێستا بە دینم و تاوەر و خێستخانەی ئەهلیی ..

⋆ ⋆ ⋆
جاران
هاوڵێتی و خزمایەتیی
جوانکارییان تێدا ئەکرا ..
ئێستا ، لوت ..

⋆ ⋆ ⋆
جاران مناڵ پارەی تەبع ئەکرد
ئێستا ، پڕە بریمەر ..

⋆ ⋆ ⋆

سەرکحیزبی جاران ،
هەر خەی کوخا ێینگەی ساحە بوو ..

ئەستا خەی و کۆمەکانی و
هەموو ئەوانەی بە زەراب پەی دەگەنەوە ..

★ ★ ★

جاران
حاڵەتە هەبوو ،
پەی ئەووترا تەر خواردن ..
سیفەتە هەبوو ،
پەی ئەووترا شەرم ..
پەیزبەندییەک هەبوو ،
پەی ئەووترا گەورە و بچووکیی ..
شتی تریش..

نەوزاد بەندی

لەوانینەک بەمەژووی نەوروزدا.. ئەرسەلان حەسەن

نەورۆز جەژنەکی مێژوویی و میللەتان بەجیاوازی ئایین، نەتەوە یادی دەکەنەوە. کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە یادی ئەم جەژنە دەکاتەوە و زیاتر بەجەژنی خەی دەزانێت تا میللەتانی دیکە، کە گەنگەشەیەکە و تاوەکو ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە یان دەتوانین بڵێین بەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە، بەڵام هەموو ساڵێک بەکەتایی هاتنی زستان و تووانەوەی شەختە و سەهۆڵ، نەمانی سەرماوسۆڵ، هاتنی بەهار و سەری ساڵی کوردی یادی دەکەنەوە. چوارشەممە سوورە لە پێشوازیدایە و سەزدەبەدەر بەڕێی دەکات.

یونسکۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان و نەورۆز

ڕەنگاڕەنگی و فرەکەلتوور و هاوڕێێەتی مرۆڤەکان لە نەورۆزدا وای لە یونسکۆ کردووە بە تایبەت (کنوانسیۆنی ۲۰۰۳ بە پاراستنی میراتی کەلتووری ناڕەحی و دەستپێشخەری ئۆفغانستان، ئازربایجان، ئێران، عێراق، کازاخستان، قرقیزیا، پاکستان، تاجیکستان، تورکیا،

تورکمانستان و ئۆزبەکستان لە ساڵی٢٠٠٩، نەورۆز وەک ڕۆژی کەلتووری نەتەوەیی ڕاگەیاند. ئەم بڕیارنامەیە پشوازی لەوەتانی ئێندام دەکات بۆ ئاهەنگ گێڕان لەنەورۆز، پاراستن، پەرەپێدانی کەلتوور، نەریتەکانی و هاندانیان بۆ زیادکردنی زانیاری نەورۆز و ڕێکخستنی ووداوەکانی ساڵانە بەبۆنەی ئەم جۆژنەوە).

مێژوو و چۆنێتی پەیدابوونی نەورۆز

مێژووی نەورۆز بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنی پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە و تووشڕەوان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی جیاواز بۆ ئەنجامە گەیشتوون سەماریێکان زادەی جۆژنی نەورۆز و میهرگانن لە نەوان دوو ڕووباردا.

دەگێڕنەوە جەمشید پاشایێکی بەهێز بووە و کێشکێکی کەوتووەتە نزیک دەریاچێی ورمێ. دوای زستانێکی سەخت و هاتنەدەرەوەی لە کێشکێکی، خۆر لێیداوە. وا سەرسام بووە بۆتیشکی خۆر، لەو ڕۆژەوە نەورۆزی ڕاگەیاندووە و بڕیاریداوە ساڵانە یادی ئەم ڕۆژە بکرێتەوە. بۆپەی مێژوو، لەڕۆژی شەشی مانگی نیسان یان مانگی حوزەیران کە چووەتەسەر تەختی پاشایی هاوڕاتیێکانی فەری ئەو نەریتە کردووە و داوای لێکردوون دوای خۆی یادی ئەم جۆژنە بکەنەوە.

شانامە

لەشانامەدا هاتووە "جەمشید بەتەپڵەبوونی بۆئازربایجاندا، بڕیاریداوە لەم شارەدا تەختێکی بۆ دروستبکەن. پاشان بۆتاجی پاشاییەوە چووەسەر تەخت. خۆر بەووێدا دەرەوشاوەتەوە و دەرەوشانەوەی چاوکانی پێ کردووە".

نەورۆز پێش ئیسلام

کەرشی گەورە لەمێژووی نەورۆزدا، یەکەم پاشا بووە لە ساڵی ٥٣٨ی پێش مەسیح نەورۆزی بەڕەسمی ناسیوە و ئەو ڕۆژەی کردووە بەجۆژن. هەندێک مێژوونووس لەوباوەڕەدان کەرش لە شاری بابل بۆنەی جۆژنی نەورۆزی دیتوە و نێک بەدرۆژایی دەوڵەتی هەخامەنشینی، بەڕێکو لەسەردەمی ساسانی و ئەشکانییەکانیش بەشکۆ یادی کراوەتەوە. لەوکاتەدا جۆژنی نەورۆزیان بۆ نەورۆزی بچوک و گەورە دابەشکردووە. نەورۆزی بچوک یان نەورۆزی گشتی، لە ١ی نیسانەوە تا ٥ی مانگی نیسانە. لەم ٥ ڕۆژەدا، هاوڕاتیان سەردانی پاشایان کردووە. پاشان ڕۆژی شەشەم، تەنانەت سەرۆتای نەورۆزی گەورە یان تایبەتی تا

سەردەمی ساسانییەکان بەردەوام بووە و ٢٥ هێز پشتی هاتنی بەهار، هەوەسمی تایبەتی سازکراوە. لەو هەوەسمەدا، مرۆڤکان دانوستانیان چاندووە و تا ١٦ی مانگی نیسان، چاوەڕوانی هاتنی بەرهەمیان بوون. باوەڕیانوابوون دانوستانێک باشتر گۆشەبکات، سالی داهاتوو بەرهەمی زیاتر دەبێت و دایانچاندووە. هەر لەوساتەدا زەربەی بڕشە جیاوازەکانی دابونەریتی نەورۆز پێکهات و هەموو ساتەک لەجێژی نەورۆزدا نووژی بۆیانی کراوە و پاشان ماڵەومان گەڕاوون بۆ جێژنە پیرۆزکردن.

نەورۆز دوای ئیسلام

نەورۆز جێژنەکی نیشتمانییە و زەربەی کەسایەتییە دیارەکانی ئیسلام پێوەدەم بەخۆریان زانیوە و بۆئایینیان گەڕاوەتەوە. نموونەیان هەناوەتەوە جێژنی نەورۆز ئەوێژەیە نوح کەشتییەکەی بۆئاو دا دا، حەزرەتی ئیبراهیم کوڕەکەی خۆی سەربڕی و...هتد.

مێژووی جێژنی نەورۆز لە ئایینی زەردەشتدا

لەکاتێکدا زەربەی نەتەوەکانی دنیا بتپەرستبوون، زەردەشتییەکان یەک خوایان پەرستووە. جێژنی نەورۆز و ئایینی زەردەشت پێوەندی نزیک لە نێوانیاندا هەبووە. "فروهەر" گرینگترین بیروباوەڕی ئایینی زەردەشتە. فروهەر هەزی ئەودیو سروشتەو لەبوونی بوونەوەرەکاندا هەیە. فروهەر خودی واقیعی هەر بوونەوەرێکی زیندووە و پاپشتییەتی. فروهەر یارمەتی بوونەوەری زیندووە و مرۆڤ دەدات دوای مردن، بە خودی واقیعی خۆیان بگەڕێنەوە. هەندێک فروهەر لەدەستدەدەن، هەندێک بەچاکەکردن بەدەستی دێنن. فروهەر لەزمانی ئاڤێستا، ناوی "فەروشییە". بۆیە هەندێک زمانناس، باوەڕیانوایە پێوەندی لە نێوان "فروهەر" و "فروردین"دا هەیە. بەپێی گەڕانەوەی ئایینی زەردەشت، خاوەن فروهەرەکان دەتوانن ساڵی جارێک دوای مردن سەر لەئازیزەکانیان بدەنەوە. بەگومان دەکرێت وایدابنێی ئەو هێژەش شەوی جێژن یان سەری ساڵە.

پێوەندی چیرۆکی حەزرەتی سلەمان و نەورۆز

لەچیرۆکی حەزرەتی سلەماندا، ئەهریمەن ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سلەمانی دزیوە. حەزرەتی سلەمان بە ماوەیەک لە شار دەرکراو لەگوندەکدا ژیا و نائومەد بوو، لەنکاو بەهەدەینی سکی ماسییەک ئەنگوستیلەکەی دەزیوە، بەڵام ناگەڕێتەوە لای خۆی. پاشان خۆکەکە هاتنەلای و سلەمانیان بردەوەسەر تەختی پاشایی. ئەوکاتە بەپێی ئەفسانە، دەیانگوت "نەورۆز هات" و سلەمان گەڕایەوە. ئەو هێژە نەورۆز بووە و بەم بۆنەیەوە هەموو ساڵێک ئاهەنگییان گێڕاوە.

داب و نەریتەکانی نەورۆز

ماڵ پاککردنەوە

لە کوردەواریش کاتێک خەڵک بەدەرەوە بووبێت، هەموومانێک ساڵانە چەند جارێک ناومانەکانیان هەناوەتەدەرەوە و بەسەر سوانەی خانوەکانیاندا هەڵیانخستووون بۆئەوەی خەریبان بڕبکەوێت و بەدارێک تەکاندوویانن تا پاکببنەوە. (ماڵ پاککردنەوە گرینگترین بەشی جەژنی نەورۆز بووە و هەیەکەشیبان بەچاوکردنی تەندروستی زانیوە. نەریتی ماڵ پاککردنەوە بە ئایینی زەردەشت دەگەڕێتەوە و گەر ماڵێک لەنەورۆزدا پاک نەکرێتەوە، بڕەکەتی بەسەردا نابارێت).

سەردانیکردن

سەردانیکردن یان جەژنی یەکتر بینین، یەکێکە لەگرینگترین بەشەکانی جەژنی نەورۆز. ئەندامانی خێزان پێکەوە کەبوونەوە. هەژی یەکەمی جەژن تایبەتە بەسەردانیکردنی گەورەی خێزان. زەربەی منداڵەکان لە ماڵی باوکییان کەدەبنەوە. فەلسەفەی ئەم بابەتەش دروستکردنی پەیوەندی خێزانییە.

خوانچەی حەوت سین

گرنگترینەکانی خوانچەی حەوت سین جیاوازەو پێیانوایە هەماکانی حەوت سین زەر فەلسەفین و ئەو خوانچە هەموو وزە باشەکان دەهێنێتە ماڵەوە. خوانچەی حەوت سین یەکێکە لە گرینگترین بەشەکانی نەورۆز. تەنانەت هەندێک کەس بژاردەکانی خوانچەی حەوت سین دەدەنەپاڵ جەمشید.

سەزدەبەدەر

سەزدەبەدەر دواهەژی جەژنی نەورۆزە. لەم هەژدا هاوڕاتیبان دەچنەناو سروشتەوە و چەژ لە جوانییەکانی وەردەگرن. هەیەکانی بوونی سەزدەبەر جیاوازن، بەڵام دەتوانین بڵێین گرینگترینیان، دەستایەتیکردنی سروشتە.

ئاگرکردنەوە

نەریتی ئاگرکردنەوە لەکۆمەڵی کوردەواری تاکە نەریتێ وەک خەی ماوەتەوە و هەموسانێک لە ئەوارەی ٢٠ی ئادار، واتە هەژدەک بەرلەهاتنی جەژنی نەورۆز یان سەری ساڵ ئاگری نەورۆز دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن. دەبێت بزانین پشتر و لەنەورۆزدا (خەیان لەئاو هەڵدەکشا، کە هەڵز نواندن بووە بە ئەناهید یان خوا).

نەورۆز لەوڵاتانی جیهان

ئەم لێزربەی وەاتانی دەریای ناوەاست، قەفقاز، ئاسیای ناوەندی، خەرهەاتی ناوەاست و... هتد، یادی نەورۆز دەکەنەوە. هەبەتە دابونەریتی جۆرنی نەورۆزی هەندێک وەات لەکجیاوازە و هەر وەاتە بەگوێرەی نەریتی خۆی یادی نەورۆز دەکاتەوە.
بە نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە کەمەک سەرچاوەی گوگە وەرگرتووە.

ئەرسەلان حەسەن

پەراوێزی سەیەمینی تێکست.. نەژاد عزیز سورمێ

لە قاێبدان و داپێشینی دەق بە تیوری خواستراو و تیوراندنی (دەق) بەو بینین و ێوانگەیە پێموانییە زیندوویەتیی بەدواداچوون بگەیەنێ و لە کەنارەکانەوە بەرەو قووڵایی.. ئەوەندەی بەهێی خودی دەقەکەوە دەتوانێ.. (لە حاەڵکدا ئەگەر داهێنەر دەسەاتی بەسەردا شکابێ).
تائێستا لە هەندێك دیاردە بترازێ ، تیوراندنی داهێنەری کورد بێ دەق
(بەتایبەتیش لای شاعیران)، زێربەیان خواستراو و داسەپاو بوون ، لەوەی لە ئەزموونی (دەق)ـەکە خێیەوە هاتبن ، یا بەلای کەمەوە لە ئەزموونی خاوەن دەق (داهێنەر)ـەێوە هەەنجرابن!!
پێدەچێ دواکەوتوویی ەخنەی کوردیش (کە ئەویش واتە خودی ەخنە بە داهێنان نەخوێندراوەتەوە بەوەی کەشفی پەنهانان دەکا و ێوونبینی نوێ و ەهەندە هەمەلایەناکانی دیکەی دەق دەبینێتەوە ..) بەشی زێری بەهێی ئەم دیاردەیەوە بێ بەتایبەتیش لەوەندەی پەیوەندی بە دەقی داهێنانی کوردیەوە هەیە.
بگومان بەمەش داهێنەر لە تیوراندنی (دەق)دا نەك هەر ناگاتە قووڵاییان ، بەکو هەمیشە لە لێواران دەگیرسێتەوە..
ئەم تکپەینەیش بێ لالکردنەوە و ئاوێ لێدانەوەێ لە تگەیشتنی دەق وەکو خێی کە هەیە نەك وەك ئەوەی ەخنەگر بە هەر هێیەك دەیەوێ بیگەیێنێتە ترپك یا لە ئەرزی زەمینیدا باوێ .. کە ئەمەیش سەر لە

خۆنەر تێك دەدا لە تێگەیشتن و وەرگرتنی دەق وەك ئەوەی لە هەر دوو ڕووی زمان (وەك ئامرازێكی سەرەكی تەكنیكی نووسین) و گەمە شاراوەكانی و گەیاندنی ڕووپۆوی خەیاڵ و مەعریفی نووسەر ..
لەو ڕاستەدا سەپاندنی فۆرمی خواستراو بەسەر (دەق) دا و لەبەرکردنی کراسی ئەم و ئەو لە تیوراندنی داهێنەری کورد بێ (دەق) تا ئێستا کورتی هێناوە.

کورتە چیرۆك\ زێیتوون.. نووسینی: ئامانج شێروانی

ڕووکەن بەڕاکردن هاتە ژوورەوە، و کاغەزێکی بڕ و چکنی دایە دەستی دلبخوینی باوکی. دلبخوین هەر لە عەفرین لەدایک ببوو، و لە باوکی بیستبوو کە گوایە هەر لە کۆنەوە لەو شاردا ژیاون. هەر لە باوکییەوە ڕەزێکی گەورەی دارزێیتوونی بە بڕێ مابوو، و لە باوکیشی بیستبوو، کە ئەویش لە باوکی، و ئەمیش لە باوکی خۆی بۆی ماباوەوە. دەنگی ئەوە هەبوو کە زەرەك لە بنەدارەکان تەمەنیان لە دوو سەد ساڵ ڕەتیان دابوو. باوکی هەموو جارێك پێی دەگوت کە دارزێیتوونەکانیش وەکوو مرۆڤەکان هەستیان هەیە، ئەوان هەست بە خاوەنەکانیان دەکەن، هەست بە خۆشەویستی و ڕەزی ئەوان دەکەن. ئەو دارزێیتوونەی کە خودانەکەی میهرەبانە لەگەڵی، سەرکەشتر، و تەندروستر، و بەبەرتر لەوەی کە خودانەکەی تەنها دایەوەت زێیتوونەکان بگوشێت و ڕەنی زەرتر بەرهەم بهێنێت.
ڕەزەکەی دلبخوین ناوبانگی دەرکردبوو، هەر قلە زێیتوونەکی بە قەد ئاووباووەك بوو، سوز سوز، خە خە، گشتن گشتن. هەر بە دوو پەنجان دەتتوانی ڕەنی لە بگوشیت. لە شاردا قسەی زەر بۆاو ببووەوە کە لە ماڵی دلبخوین لە جێی میوە، زێیتوون لەبەردەم مەوانان دادەنێن. هەموو پاییزێك، دلبخوین لەگەڵ خزانەکەی و منداڵەکانی، بە هەڵوەزیی لەگەڵ هاوسێکانیان دەچوونە ڕەزەکیان و هەرچی زێیتوونە دەیان ڕنی. دواتریش، دەکەوتنە گوشینی بە ئاوەی جوان جوان ڕەنەکەی لە دەرێنن.
بەڵام، ئەمساڵ لە ساڵانی پێشتر جیاواز بوو، هاوسێ کۆنەکانی چیتر نەماون، و ڕووە خۆش و ناسراوەکان، ئێستا مۆن و نامۆ بووینە.

تەنانەت وەک هەمی بەیانی باشی دلبخوینیش نادەنەوە، ئەوارانیش کە دەگەڵتەوە ماڵەوە، وەکوو کەمتیارگەڵکی برسی ددانی خەیان لەی جیە دەکەنەوە، وەکوو ئەوەی بیانووەت شتەکی لە زەوت بکەن، و ئەویش بە دەردی خەشناڤی هاوسەی ببەن. لە سەروبەندی هەرشی چەتە تورکەکان بە سەر شارەکەی، زۆرێک لە هاوڕێ و ناسیاوەکانی بە سەروشوێن کەوتن. هەر چەندە ئەو هەموو جارێک لە سەراخیان دەپرسەت، بەڵام وا دیارە ئەوانیش وەک تەی بن گەم، گووم بووینە!
ئەستاش ئەو ڕۆژەی لە یادە کاتێک کە باوکی لە سەرەمەرگدا بوو، و دایەیشاند و باسی ئەو خەڵکانەی دەوروبەری عەفرینەی دەکرد، کە چاویان بەیبووە ڕۆزکەی ئەو. (Lawê min, Ereb û Tirk dixwazin serweta me ji me bibin. Eger di destê wan de be, yek kurd nabe xwediyê parîiyek axê. Qet ev mal û rez nefiroşin wan, ew hurmeta wan zeytûnan nagirin! Ew nazê xiweza xiweşê Kurdistanê nagirin – ئەڵێن، عەرەب و تورکەکان دەیانەوەت ئەو ماڵ و سامانەمان لەبن دەست دەرێنن. خە ئەگەر بە دەستی وان بەت، هیچ کوردێک خاوەنی بستێک خاک نابەت. هەرگیز نەکەی ئەو ماڵ و ڕۆزیان پە بفرۆشیت، ئەوان ڕۆزی ئەو زەیتوونانە ناگرن! ئەوان نازی ئەو سروشتە جوانەی کوردستان هەڵناگرن).
بە لەرزەلەرزەکەوە، نامەکەی دەستی هەڵپچڕی، و سەیری کرد بە تورکییەکی ئیستانبووڵی، بە دەستخەتێکی قەزەونی ناشرین، بە ڕەنگێکی زەق زەق، نووسرابوو: (سەڵی، لەگەڵ گەردی بەیانی ئەو ماڵەت چەڵ بکە، ماڵە عەرەبێک بووینەتە خاوەنی نوێی. خە ئەگەر سەرپێچیش بکەیت، ئەوە کچ و کوڕەکەت لەبەر چاوی خەت کەوە دەکەین، و دواتر خەت و خەزانەکەت).
دەستی کرد بە کەردنەوەی شتومەکەکانی، وێنەکانیان، شادەکەی باوکی، یەکەم نیگاری دەستکردی ووکانێی کچی، یەکەم دیاریی خەزانەکەی، شاڵەکەی دایکی، قەچانی خانوو و ڕۆزەکەی، کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لۆژەر ناوی باپیرگەورەی دەرچووبوو، و جووتە گارەوییە کونکونەکەی خەی. بوخچەکەی پێچاوە، و دەستی کردە پێنووس، و لەسەر پشتی کاغەکەوە نووسی: (Mal û rezê min pêşkêşî we be, lê ji kerema xiwe agehdarî wan zeytûnan be, nazê ew hel bigirin – ماڵەکەم و ڕۆزەکەمتان پێشکەش بەت، بەڵام تکایە ئاگاتان لەو زەیتوونانەم بەت و نازیان ڕابگرن). پێنووسەکەی دانا، هەستاوە سەر پێیەکانی، کەوتە بۆن کردن و ماچ کردنی یەکبەیەکی ئەو شوێنانەی کە یادگاریەکی لەگەڵ هەبوو. ئەو سەکەیەی کە ووکانێی پێی لە گرت، ئەو قوژبنەی کە کوڕەکەی هەموو جارێ دەناغەی لە دەگرت، ئەو هەیوانەی کە دلبەری هاوژینی خەی لە گواستەوە.

سەر لە بەیانی، هەر لەگەڵ بانگی کۆشکرێ، بوخچە لەسەر شان، و هەردوو منداڵی بە دەستەوە، و دڵبەریش لەلای ئاستییەوە، ئەو ماڵیان بەجێ هێشت، و بەرەو دەرەوەی شار بەڕێ کەوتن، کاتێک گەیشتنە لای ڕزگەیان، چەند شەفەکی تورکییان لە دوورەوە بینی، خەریک بوون یەکبیەکی دارکانیان لە ڕێگەوە هەدەکەنی!

نووسینی: ئامانج شەروانی

مەنەلەگ و مەنەلەگی منداڵان.. ڕزا شوان

ڕەچەڵەکی وشەی "مەنەلەگ" لە وشەی یەنانی لاتینی "مەنەس" بە واتا "تەنیا" و "لەگەس" بە واتا "قسەبکە" سەرچاوەی گرتووە. واتا هەر "خەت قسەبکە" ئەم دەستواژەیە، بە وەسفکردنی وتارێک لەلایەن تاکە کارەکتەرێکەوە بەکاردێت، لە چوارچێوەیەکی دراماتیکی، شانۆ، فیلم، بەرنامەی تەلەفزیۆنی،...هتد. بەو کارەکتەرەش دەوترێت (مەنەلەگیست).
(لیۆنارد پێترز) دەڵێت: "مەنەلەگ بریتییە لە دیالەگ لەنێوان دوو کەسدا، کەسێک قسەدەکات، ئەوی تریان گوێ دەگرێت و کارلێک دەکات، پەیوەندییەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست دەکات".
کەواتا مەنەلەگ، بریتییە لە وتارێکی درێژ، لەلایەن تاکە کارەکتەرێکەوە. شەواز و میتۆدێکی نمایشە کە لە بەرهەمێکی شانۆیی یان فیلم سینەمایی یا لە بەرنامە و دراماێکی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، بە شەوازێکی جیاواز بەکاردێت. دەکرێت مەنەلەگ قسەکردن بێت بە کارەکتەرەکانی تری دیمەنەکە یان دەکرێت کارەکتەرێک بێت لەگەڵ خۆیدا قسەبکات. یان لەگەڵ بینەراندا قسەبکات.
ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی مەنەلەگی لە شانۆدا دەبێت، پێویستە شارەزایی لە مەنەلەگ هەبێت، لە قسەکردنی مەنەلەگ و چۆنیەتی نمایشکردنی. شەوازی دەربینی ئەکتەر لە مەنەلەگدا، بە سەشێوەیە ئەنجام دەدرێت: وتاری گشتی، دەقی درێژ لەگەڵ

کەسانی تر، قسەکردن لەگەڵ خودی خۆی. لە هەریەک لەم فەرمانە ئەکتەر شێوازێکی نواندنی جیاواز هەڵدەبژێرێت و جۆرها مزاج پیشان دەدات.
بە یەکەم جار مۆنۆلۆگ، لە شێستەکانی سەدەی حەڤدەیەم بە زمانی ئینگلیزی دەرکەوت، بریتیبوو لە وتارێکی درێژی تاکە کەسێک، یان دیمەنێک لە درامایەک، کە تاکە کەسێک لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد. مۆنۆلۆگ لە درامای کۆنی یۆنانیدا، گفتوگۆکان کەم و کورت بوون. تەنیا کەسێک لەسەر شانۆدا نمایشی دەکرد و موزیکیشی لەگەڵدا بوو. لەو سەردەمدا مۆنۆلۆگ شێوازی سەرەکی شانۆ بوو.
مۆنۆلۆگەکان لە چیرۆکدا، خزمەت بە ئامانجێکی دیاریکراو دەکەن. بە ئاوەژووکردنی زیاتر سەبارەت بە کارەکتەرێک یان سەبارەت بە پلۆتەکە "گرێکە" بدرێت بە بینەر یا بە بینەران. ئەگەر بە وردی بەکاربهێنرێن، رێگەیەکی زۆر باشن بۆ هاوبەشکردنی بیرکردنەوە ناوخۆییەکان، یان چیرۆکی پشتەوەی کارەکتەرێک یان بۆ ئاوەژووکردنی تایبەتتر سەبارەت بە گرێکە بدرێت.
کاتێک کارەکتەرێک لە مۆنۆلۆگێکی ناوخۆییدا، قسە لەگەڵ خودی دەکات و بینەر شایتحاڵی گفتوگۆیەکانێتی پێی دەوترێت (مۆنۆلۆگی ناوخۆیی) نەک قسەکردن لەگەڵ کارەکتەرێکی تر یان قسەکردن لەگەڵ بینەران بکات، وەک (تاکە قسەکەر) پێناسە دەکرێت. بەڵام ئەگەر کارەکتەر، بینەر بکات بە ئامانج و یەک لایەنە قسە بۆ یەکێکی تری گوێگر یان بۆ بینەرانی گوێگر بکات، پێی دەوترێت (مۆنۆلۆگی دەرەکی).
مۆنۆلۆگ لە چوارچێوەی گێرانی و شیعر و سروود و چیرۆک و رۆمان و شانۆ و فیلمدا، یان لە گفتوگۆی رۆژانەدا، جۆری زۆر و مۆبەست و ئامانجیشیان زۆرن، وەک مۆنۆلۆجی: کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، سیاسی، پەروەردەیی، کۆمیدی و تەنزئامێز،... هتد. کارەکتەر گوزارشت لە هزر و لە ناخی خۆی دەکات.
بەڵام
هەندێ جار قسەکانی ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو یان جەماوەر دەکات. ئەو وتارانەی کە سیاسیەکان دەیدەن، بریتین لە مۆنۆلۆگ، بە قایلکردنی گوێگرەکان
بۆ سیاسەتی بنیاتنراویان، یان هەر بابەتێکی تر بێت.
جوانترین مۆنۆلۆگی سیاسی وتارێکی (مارتن لوسەر کینگ)ە، لەژێر ناوی (خەونێکم هەیە) کە لەساڵی (١٩٦٣) دا لە رێپەوانێکدا پێشکەشی جەماوەری کرد.

مانەڵگ وەک ئامرازێکی ئەدەبی، کارەستێکی بەهێز بە نووسەران بە پەرەپێدانی کارەکتەرکانیان یان پەرەپێدانی گرێ، ئاگەر بە شێوەیکی دروست بەکاری بهێنن. بە تایبەتیش لە شیعردا مانەڵگ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ئەم گرنگییە ئەدەبی منداڵانیش دەگرێتەوە. لە زۆر وڵاتانی جیهاندا، نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان گرنگی بە نووسینی مانەڵگ بە منداڵان دەدەن.
لە ئەدەبی خەیاڵی و ریالیزمیدا، نووسەران بە ئاوێ مانەڵگ بەکاردەهێنن کە بوار بە کارەکتەرکان بدەخسێنن، بە گوزارشتکردن لە هزر و لە هەستیان.
چەنیەتی هەڵبژاردنی باشترین مانەڵگی دیزاینکراوی تایبەت بە منداڵان، زۆر گرنگە. لەوانیە لە سەرەتادا ئەم هەڵبژاردنە قورسبێت. بەڵام منداڵانی ئەمڕۆ هۆشیار و چاوکراوە و زۆر زانن، تابێت زۆرزانتر دەبن و توانای وەرگرتنیان زیاتر دەبێت. هەمیشە دەق و بابەت گەلێک هەڵبژێرن، کە بە خۆشی و بە متمانە بەخۆبوونەوە بتوانن لە گەڕانی قوتابخانە و لەناو پەڵدا، یان لەسەر شانۆدا نمایشی بکەن.
مانەڵگی منداڵان بریتییە لە کورتە وتارێک کە لە میانەیدا، کەسێک چەند جارێک قسەدەکات، بە ئاوەی دەرفەتێک بە گوێگر بدات بە بۆشداریکرد لە کارلێکەکەدا. زۆر جاریش مانەڵگ وەک وتارێک لەسەر بابەتێکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێت.
کارەکتەری نمایشکاری مانەڵگ، لەپاڵ زمانی قسەکردندا، زمانی جەستەیی و جوڵەییش بەکاردەهێنێت. بە پێی واتا و مەبەستی رستە و بۆگەکان، رووخسار و جوڵەی جەستەیی (دەستەکانی، سەری) و تەنی دەنگەکەی دەگۆڕن و دیاری دەکرێن. بە نموونە لە ناخۆشیدا، خەی خەمبار نیشان دەدات و تووڕە و گرژ و مەن دەبێت و دەموچاوی گرژ دەکات و تەنی دەنگی بەرز دەکاتەوە. لەوانیە بە کوڕە بگریت. لە خۆشیدا، دەنگی نەرم و رووی گەش و خەندەی لەسەر لەوە و قاقا پێدەکەنێت.
کلیلی هەڵبژاردنی تەکستی مانەڵگ بە منداڵان، ئاوەیە بە هاوکاری لەگەڵ منداڵەکانتان یان قوتابیەکانتان، تەکستی مانەڵگی گونجاو هەڵبژێرن. کە کورت و سووک و ئاسان و شیرین بن و کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر منداڵان هەبێت. لە سەرەتاوە ماوەکەی لەنیوان خولەکێک بە سێ خولەک بێت. وا لە منداڵەکانتان بکەن کە لە مەبەست و لە هونەری پێشکەشکردن و نمایشکردنی مانەڵگ تێبگەن.

منداڵان بۆ شەرم شکاندن و خەراهێنان و خۆئامادەکردن بۆ نمایشکردنی مانگانە، لەسەر شانۆ بێت یاڵ گۆڕەپانی قوتابخانەدا، یاڵ هەر شوێنکی کەدا بێت، دەتوانن چەند جارێک لە بەرانبەر ئاوێنەیەکی گەورەدا، پڕۆڤە و مەشقی نمایشی مانگانەک بکەن. یان ئەگەر کارەکتەرەکە کچێکی بێت، دەتوانێت لەگەڵ بووکێکیدا قسەبکات، وا بزانێت کە بووکەکەی گوێی لێدەگرێت. دوایش لە بەردەم ئێندامانی خێزانەکانیاندا زیاتر لە جارێک پێشکێشیان بکەن.
ئەمەش نموونەیەکە لە مانگانەگ، لەژێر ناوی (باخچەی ئەفسوونایی) بۆ منداڵان و هەرزەکاران نووسراوە، لە زمانی نەرویجییەوە وەرمگێڕاوە بۆ کوردی:
باخچەی ئەفسوناوی
دوور لە جیهانی ئاسایی، لە باخچەیەکی ئەفسوناویدا، جوانترین گوڵ و ڕووەک دەژیان. هەموو ڕۆژێک لەژێر تیشکی زێڕینی خەردا پاڵدەکەوتن. لە پاکترین ئاوی چەمەکەدا تەڕ ئاویان دەخواردەوە. لەگەڵ ئاژەڵە قسەکەرەکان و گیانلەبەرەکانی کەدا، لەم بەهەشتەدا بە خۆشی و شادی دەژیان. ئەفسوناویەکەی وایکردبوو کە ئەم باخچەیە جیاوازبێت.
من ناوم (میرا) یە، پێوولەیەکی بچووکم. دەبینیت منیش بۆشەکم لەم جیهانە ئەفسوناویە. ڕۆژکانم بە فڕین لە گوڵەکەوە بۆ گوڵەکی تر و بە گەرانی خۆش لەگەڵ هاوەڵە ئاژەڵەکانمدا بەسەردەبەم. دەربارەی ئەم جیهانە نایابەی لێدەژین، هەموو شتێک دەزانم.
بەڵام ڕۆژێک شتێکی سەیر ڕوویدا، تەمەکی نامۆ باخچە ئەفسوناویەکەمانی داپۆشی. بە هەنگە خەمۆشیەکەی هەموو شتەکانی داپۆشی. هەموو ڕەنگەکان و خۆشیەکانی نەهێشت. خەڵکی نادڵوشایەوە، لەژێر باوشی قورسی ئەم تەمەدا، گوڵەکان سیس بوونەوە. گەرانیە خۆشەکان لە بەدەنگیەکی ترسناکدا نوقم بوون. بە تەواوی سەر دەمانی گرت. هەستم بەوە کرد، ئەگەر شتێک نەکەین، تا هەتایە باخچە ئەفسوناویەکەمان و ماڵەکەم ڕزگاریان نابێت و لەدەستیان دەدەین. دەبێت شتێک بکەم بۆ ئەوەی هەی ئەم تەمە بزانم.
دەستم بە گەشتەکی سەرکەشی و سەرسوڕهێنەر کرد. تەیدا کەسانی نائاساییم بینی، چ باش چ خراپ. سەبارەت بە ژیان فێری وتەی گرنگ بووم: ئازایەتی بە قەبارەی جۆستە ناپوورێت، بەڵکو بە دەپیوورێت. هەردووکیان، وانەکانی بەدەستهێنانی متمانە

بەخەبوونیان فەرکردم. لەبووردن دەتوانێت تانات رق و کینە قووڵکانیش ساڕبکات. هاوڕێی راستەقینە، ئەوانن کە یارمەتیی ئەوت دەدەن، چەن هەیت بە راستی وا خەت ببینیت. لە دوای چەندین تاقیکردنەوە و تەنگانەدا، سەرچاوەی تاریکیم دەزیەوە: پیرەژنەکی تەنیای جادووکەر، شادی و خەشیی لە ئەمە ڕفاندووە. پێیوابووە، بەم ڕفاندنە، شادی و خەشیی ئەمە بە ئەو دەچەت. دەمتوانی شەرکردن لەگەیدا هەبڕم. بەڵام داوای هاوتیم لێکرد و هەموو شادییەکی خەمم بۆی دەربڕی. بەم هەواستەم رق و کینەی ناودی جادووگەرەکە توانەوە. تەماکش بەرزبووە و نەما. ئەویە لە تاریکترین کاتکاندا، هێیوا و خۆشویستی زال دەبن. باخچە ئەفسوناویەکەشمان رزگاری بوو!
هەموومان ئەوە دەزانین، دەکریت و دەتوانین، فێری هونەرێک ببین، وا ئەمە من لەڕدا وەستاوم. بە ئەوەی لەت بپرسم: ئایا لەم گشتەمدا لەگەمدا دەیت؟ پێکەوە لەسەر ئەم شانەیدا نمایش بکەین و ژیان بە باخچە ئەفسوناویەکە بگەنینەوە؟ دەتوانین درەفتێکی ڕوونا کی پیشانی بینەرکان بدەین.

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە، کەم یان زەر سوودم لە چەند سایتێکی ئینگلیزی و نەرویجی وەرگرتووە.
ڕزا شوان
دوبەی: ٢٠٢٤

کچە بەدبەختەکە.. دەقی : ماجد مەتروود.. وەرگێان: سەردار جاف

کاتێ بیرمکردەوە بەمە ناوتەوە
پرچم فەی بە سەر پرچتدا
چاوم بە نەو چاوانتا غلەبوونەوە

کاتێ بیرمکردەوە بەمە ناوتەوە
قاچم لە قاچەکانت ئاڵا
لەوم بە سەر لەوەکانت توانەوە
بەو جۆرە
دەم بە سەر دەستدا تلیسایەوە
هەر بەو جۆرە
ڕەحم بە سەر ڕەتا ەووخا
هەموو ئێوانێ
جونکێ بیرمکردەوە بەمە ناوتەوە
لە
هێ خانمە بەدبەختەکە
تەنها لە بەر ئەوەی بیرم کردی
هەموو دەرگاکانت داخست
پەنجەرەکانت داخست
گریام
ئەسرینەکان قەتیس بوون
بە ئارامی
لە سەر ڕایەڵەی ژینما پەخشم کرد
بە گازندەوە بە گوێی خەرم چرپاند
خووەکانم لە نێوانی دوو ەووبارا ون بوو
تەمەنم لە نێوانی دوو جەنگا ون بوو
کوێت و
ئابووقە و سەددام
ئەمریکا و
ڕەگەزپەرستی و سەگەکان
شپەیوبوونمم بە دی کرد
هەتیو و پرسە
تەپوتۆز و دووکەڵ
تەپکەی بەمبەڕی چالاک
گاڵتەپێکردنی ەەنگەکان
بە درێژی و پانی
لە ئابروو ... و ێیشە ... و مەژوو
هەموو ئێوانێ ... بەربەستم بوون
کاتێ بیرمکردەوە .. بەمە ناوتەوە
ئەی شارە بەدبەختەکە

دەقی : ماجد مەترووd

بەلژیک
وەرگێڕان: سەردار جاف

سەناتای تەمەن.. شیعری ستیڤان شمزینی

چیم لێ دوا جەدەمنێ؟
جگە لە گەرمی دوو ماچ و
گۆڵکی بە ئادرەس
خوێنکی تۆڕی لە کابووس و
چەند شیعرکی خاکوژ
چیم لێ دوا جەدەمنێ؟
جگە لە هەشووە بەرسیلەیک
پێش ئەوەی ببێتە ترێی عەشق
بە دەندوکی چۆلەکەی دووریی
دڵی هەپرون هەپرون دەبێت
من هیچم لێ دوا جێنامێنی
جگە لە تەرمی خەم
لە قەبرستانی بیرچوونەوەدا

تەمەنم سووکە
خەریکە بە داری ژیانەوە بەربێتەوە
پێش ئەوەی ئاگری پێکەنین
لە چاوی فرمێسکاویمدا بکوژێتەوە
لە رووباری پشکەدا مۆڵە دەکەم
پێش ئەوەی خەیاڵم
بیر لە خاکوشتن بکاتەوە
شیعرکی تر
بە خۆشەویستی ئێنووسم
بەرلەوەی مردن

بمکاتێ گەرانییەکی حەزین
قەسیدەیەک بە ژیان ئەخوێنمەوە
تەمەنم وەک بروسکەیەکی تێپەڕی
فریا نەکەوتم شەوێک
لەناو جیهانی تەدا رەژ بکەمەوە
کات ئەوەندە نەماوەیە
لە عەقڵ یاخی بم و
ببمە نەکەری دڵ
ئەڕە بە وا خەرا تێپەڕی
ئەو ئەسپە شیلەی تەمەن!؟

ئەو ڕەژانەی لە دەستمان ڕشتن
جوانترین ڕەژەکانمان بوون
ئەو گەرانییانەی دڵەڕانە وتمان
خەشترین ئاوازەکانمان بوون
ئێستا ڕەژە جوانەکان بەسەرچوون
قورگی ستران وتنمان سووتاوە
ژیان دوا دەرفەتی زێڕینی خۆی پێدابن
ڕەژانەکی جوان پێکەوە بەسەر بەرین
ئەمە بە جووتە
سەرقاڵی شکاندنی دڵی یەکتر بووین
نەماندەزانی ئەم ڕەژە پەمەییانە
وەک بروسکە بەناو تەمەنماندا تێدەپەڕن
هەنووکە لێرەوە بەچاوی پڕ ئەسرینەوە
شینی ئەو ڕەژانە دەگێڕین کە نایەنەوە

ئەو عەشقەی من
کێیەک شکڕە
لە دەمی یاردا دەتوتەوە
ئێستێریەکە
هیچ ئاسمانێک جێی ناکاتەوە
شەرابەکی کەنە
نەژاوەتە پیاڵەی هیچ مەستکەوە
بەهارەکە

خەزان ناتوانێت بیکاتە چامەی
خولیایەکی
بۆ دوای خەمدا ئاگڕێت
لە ڕێگا هەورازەکانی دڵی تەدا
ئەو عەشقەی من
تەکاندنی تاریکییەکان
لە شانی ڕۆژە هەراوییەکان
نوركە
لەو کاتەی گەردوون کوڕی دەبێت
کەڵەکە
لەو دەمەی ژیان کۆڵ دەبێت
شیعرەکە
لە چەرخی بەینی زماندا
باخەکە
لە زەمانی قەدەغەکردنی گوڵدا
ئەو عەشقەی من، میتا عەشقە

ستیڤان شەمزینی

هەندی مەژوویی لە نەو پەند و قسەی نەستەقی کوردیدا.. دکتەر مەولود ئیبراهیم حەسەن

“خوەندنەوەیەکی تایبەت بە پەندو قسەی نەستەق، بە هیوای گفتوگۆ و هەخنە لێگرتن”

پێشکی:
هیچ دەقێکی فۆلکۆری نییە، چ دریژ بێت و چ کورت، لە نەو زەمانەکدا نە گوترابێ و بە زەمانەک و چەندان زەمانیش نە گواستراببێتەوە، کەواتە هەموو دەقێکی فۆلکۆری هەندێکی مەژوویی

لە ناوە خۆیدا هەڵگرتووە و بەرهەمی مۆژوویەکی تایبەتیش.جا دەزینەوەی ئەم هەڵهەندە مۆژووییە و زەمانەکەی ، بە لەکەڵەر و تۆڕەر، کارێکی زەحمەت نییە ، کە هەنگ بە ئەمە زەمانە ئاست و مەودای شۆو و هەڕ و مانگ و ساڵ، بگرە سەد و هەزارەشی تێبکەوە.
دەکرێ هەهەندە مۆژووییەکەی دەقی فەلکلۆری، لە ناوەوەی خودی دەقەکە دابێ، کە زمان و واتای دەقەکە دەگۆڕتەوە، دەشکرێ هەندە جار، لە دەرەوەی دەقەکە دابێ کە لێرەدا مەبەست لە فەلسەفەی دەقەکەیە. چۆن؟ دەقی فەلکەڵەر لە نەوەندە زانستییەکان بە "حیکمەت ناوزەند دەکرێ، حیکمەتش بەشێکە لە فەلسەفە. کەواتە گەڕان بەدوای فەلسەفەدا لە دەقی فەلکلۆریدا ، کارێکی زانستیی مەتمانە پێکراوە.
لەم لێکەڵینەوەیەدا، کە تایبەتە بە (پەند و قسەی نەستەق)، سەرەتا پێویست دەکات پەند و قسەی نەستەق بە شێوازێکی تازە پێناسە بکەین، پێیامگر، بتوانێ بە هوونی و بە چەندوچوون، ئەو دووانە لێک جودا بکاتەوە. لەبەر ئەوەی کە:
١) تا ئێستا تێکەڵییەکی لەڕ و ئاڵۆز، لە نێوان هەندە لە دەقەکانیاندا دەبینرێ.
٢) کتێب و سەرچاوە هەیە و لۆژیر ناوی "پەندی کوردی" کەکراوەتەوە و چاپکراوە، ئەو دووانەی لێک جیا نەکردووەتەوە.
٣) لە هەندی بەرهەمدا "گۆتەی خەڵک" و "گۆتەی ناوداران" یەشیان تێکەڵ کراوە.
٤) ئەم جیانەکردنەوەی زانستییانەی ئەو دووانە، جگە لە ئاستێ میللییەکدا، ناوەندە ئەکادیمییەکانیش دەگرێتەوە، بە نموونە، هەندە ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا.
تەنانەت، لە نێو کتێبی (پەندەکانی پیرەمێرد)ی گۆرە شاعیری کوردیش، ئەم تێکەڵییە دەبینرێ. بەگومان کتێب و سەرچاوەی متمانەپێکراو و پەسندیشمان لەبەردەست دایە، بە نموونە، کتێبی (پەندی کوردی و چەندەکەکی)ی "عومەر شەخەڵا دەشتەکی" و کتێبی (مشتاخا چیا ژ گۆتنێن پێشیا)ی " مەلا مەحمودی دەرشەوی".
بەداخەوە هەندە نووسەر لەگەڵ ئەوەی کە زەر ماندووبوون و شەونخێنیان چەژتووە، لە زور وردبینی و تەماسانی ورد لە چاپکراوەکانیاندا، لە مەر لێکجوداکردنەوەی پەند و قسەی نەستەق نابینیرێ. هەر بە نموونە نووسەرێکی بەناز، کتێبێکی لە ژێر ناوی (لێکدانەوەی هەزار پەندی کوردی – ٢٠١٥) بڵاوکردووەتەوە، کەچی لەو هەزار پەندەی باسی کردوون، کەمترین ژمارەی پەندیان تێدایە. ئەفسووس! ئەم جۆرە کتێبانەش لە کتێبخانەی کوردیدا ژمارەیان کەم نییە!
پەند وەکو دەستەواژە و گۆتەی خەڵک بە چەند شێوەیەکیش بە کار دێت

:
پەندێکی بە سەر هات ، نێ بیتەوە : واتە کەسێك بە سەرهاتێکی ناخۆشی بە سەرهات و بەسەرهاتێکە (پەند)ێکی لێکەوتەوە، ئەو بەسەرهاتە ناخۆشە بەسەرکەس نەیەت لە ناخۆشی دا ، بەردەوام ئەو بەسەرهاتە وەک چیرۆک بە پەند لەوەرگرتن دەگەڕێتەوە .
دەتکەم بە پەند : کەسێک لە یەکێک تووڕەبە و گەفی لێدەکات و پێی دەڵێ .. بەسەرهاتێکت بەسەر دێنم دەتکەم بە پەند ، بەسەرهاتەکە وەک پەند بگێڕێتەوە، واتە ببێت بە چیرۆکێکی پەند ئامێز .
بوو بە پەند : واتە کەسێک بەسەرهاتێکی بەسەر هات ، هێندە ناخۆشە بەردەوام وەک پەند خەڵک دەیگێڕنەوە و دەڵێن : بوو بە پەند .
لێرەدا، کورد گوتەنی، بە پووخت و ڕەختی، دەچینە نیو باسە "پەند و قسەی نەستەق و قسەی خەڵک و گۆتەی ناوداران، پێناسەیان دەکەین و هەڵە نەوان سنووریان، بە نموونە، دەست نیشان دەکەین:

یەکەم: پەند:
با لە پێشدا، بە ئاسانکاری، پەندێک بە نموونە بهێنینەوە، ئەوسا بچینە نێو باباتەکە:
پەندێکی هەیە کوردی دەڵێ:
"پا پای کەڕ، چنگی مەیاسە
سەرم سووماگە لەی کار و باسە!



ئەم پەندە چۆن دروست بووە؟
دەگێڕنەوە، بووک و خەوسووک مەدار بوون و لە گوندێک دەژیان ، بووکەکە مەگیرانی دەکات و زۆری حەز دەچێتە (ووڵاخەکەر)، بەڵام ، خەسووە ڕەزیل و قرچۆکەی، ئامادەنابە و لێناگەڕێی ئەو بووکە قشتیلەی، زادی ووڵاخەکەر بێنێتە سەر لەو. کار وا دەمێنتەوە، تا

ڕۆژێک، خەسوو، بە پرسیارێک لە گوندەکی درواسیان لە ماڵ دەردەچێ؛ ، بەڕام پێش ئوغرکردنی، دەچێ، ئاو ووندەکەرەی هەیانە لە نێو مانجەڵەکدا بە بنمیچی ژوورەکەیدا هەڵدەواسێ و ئەرزی ژوورەکەش بە قوڕ جوان جوان سواغ دەدا.
جا بووکەکە کە دەبینی. ماڵ ماڵی خەیاتی و تەنیایە، فورسەت دەنی و دەچێتە سەر پشتی کەرەک و خەی دەگەنەتە مانجەڵەی ووندەکەرە و بە ئارەزووی خەی چنگی لە گیردەکا و بە دەڵ خەی لەی دەخوا.
کاتێک خەسوو لە پرسە دەگەڕێتەوە، سەیر دەکا جێ سمی کەر بەسەر قوڕەکەوە دیارە و مانجەڵەکەرش، جێ چنگی بەسەرەوەیە، دەش دادەمینێ و سەری لەدەرناکا و لەبەرە خەیەوە دەڵێ:"پا پای کەرە ، چنگ چنگی مەیاسە ؛ سەرم سوماگە لەی کار و باسە!" ئەم ووداوە چەڕەک ئامەزە ش ، ئەم پەندەی لەدەکەوێتەوە – کە لە قالبی دیکەشدا گوتراوەتەوە.
دەکرێ پەند بەم شێوەی خوارەوە پێناسە بکەین و بڵێن:
پەند بەرهەمی ووداو و بەسەرهاتێکی مەژوویی چەڕەک ئامەزە و لە کەتایی ئاو ووداوە پەندێک بەرهەم دێت و دەبێت بە نموونەیەکی قبووڵکراو و زیندوو بە ووداوی هاوشێوەی ، پەندە کە دەگوترێتەوە ، چەڕەکە کە نا گەدرێتەوە ، خەڵکەکەش بە گوتنەوەی پەندەکە ، لە مەبەستەکە تەدەگەن و دەزانن چی ووی داوە و مەبەست چیە !.
کەواتە پەند بەرهەمی ووداوی چەڕەکئامەزی کتوپڕە ؛ دەبینین ئەم پەندە لە خراپ ڕەفتاریی خەسووەکەوە دروست بووە و هەر خەسووەکەش پەندەکەی داشتوە و داهێناوە ، لە فەلەکەردا بە گشتی، مرۆڤ چاک و خراپەکان، جوان و ناشیرینەکان، پاشا و گەداکان، گەورەو بچووکیان هەمووان عاقڵ و شتەکان هاوبەشن لە بەرهەم هێنانیدا.
لە شیتەکاریی (زەمەن)ی پەندەکەدا، تەدەگەین کە وەرز.. وەرزی بە هارە و گیا سەوزە و مەڕ و ئاژەڵ تێر لەوەڕن و شیریان زۆرە و بەرهەمە شیریەکانیش زۆر و زەوەندن و ووندەکەرە پەیدا بووە .
ووداوەکەش چەڕەکئامەزە و کات و شوێن و ووداو و کارەکتەریەکانیش دیارن. بونیاتی دەقەکەش، بە دوو نەوە دەڵی شیعری ناسک، داهێزراوە.

دووەم: قسەی نەستەق

ئەم قسەی نەستەقەی خوارەوە دەخەینە ووو
گەورەیی بە عەقڵ ، بە ساڵ نییە.
دەوڵەمەندیی بە دڵ ، بە ماڵ نییە.
ئەم قسەی نەستەقە چۆن دروست بووە؟

کە سەرنج لەم دۆخانە دەبینین، دەبینین دۆختێ قابیلی قسەی نەستاق، دەردەکەوێ چەند زانیارییەکی فەرهەنگی بابەت لە خەڵکی دیکەن: "گەورەیی، عەقڵ، ساڵ – تەمەن؛ دەوڵەمەندیی، دە – وەک دە و دەروون، ماڵ." کە ئەوانیش لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی پووخت و تەکنیکی و مەسیقادار و واتادار، دارێژراون. دۆخێک کە هەندێ شیتەکاریی دەروونناسییانە و کەلەناسییانە و مرۆڤناسییانە هەڵدەگرێ لە پاڵ تەرامان لە زمان و زمانەوانی بەرچاوی نێو دۆخەکە.

گەورەیی : لێرە واتە کەسی تەمەندار و بە عومر.

عەقڵ : واتە کەسی عەقڵدارو خاوەن زانین و زانیاری وتاقیکردنەوە .

ساڵ : واتە ژمارەی ساڵەکانی کەسی بە تەمەن .

دەوڵەمەندیی : واتە کەسی پارەدارو هەبووە .

دە : لێرە واتە کەسی دەکراوە و دەسبڵاو و چاوتێرو سەخی .

ئەم قسەی نەستاقە کە گوتوویەتی؟ ئەم قسەی نەستاقە هیچ ڕووداو و چیرۆکێکی لە پشت نییە، بەڵکوو وەک بەرهەم و لێکدانەوەی هزرێکی بلیمەتانە و کەسێکی دنیا دیتە و خاوەن ئەزموون دەخوێندرێتەوە ، تێیدا بە زەقی وردبینیی زانیاری تاکناسیی و کەلەناسیی و مرۆڤناسیی و زمانزانیی تێدا دەرخوشتەوە. بەرهەمی ئەزموونی عەقڵێکی مەزن و لێکدانەوی مرۆڤکی وردبین و عەقڵ بە کارهێنەر .

ئەگەر سەرنج بدەین ئەم قسەی نەستاقەش وەک پەندەکەی پێشوو بە شیعر داڕێژراوە ، واتە پەندو قسەی نەستاق ، هەتا گۆتەی خەڵک و گۆتەی ناودارانیش هەندە جار ، جگە لەوەی لە ڕستەی کورت و دەستواژەی جوان داڕێژراو دەگوترێن و بە شێوەی شیعرو کێش و قافیەش بەرهەم دێن .

لەم قسەی نەستاقە دا دوو کەسایەتیی جیا و دووە دە و دەروونی جیا و ئاسمان و ڕێسمان لێک دوور ، بە یەکەوە قسەیەکی نەستاقی پێ واتا و ئاواز و ئەزموون و عەبیرەتی پێسندکراو و بەجێی لێخەیدا کەکردووتەوە. کەواتە قسەی نەستاق بەرهەمی بیرکردنەوە و بیرتیژی و وردبینی و تاقیکردنەوە و لێکدانەوەی عاقڵانەیە.

زەمەن لەم قسە نەستاقەدا، تەمەنی دوو کەسایەتیی جیایە: پیرێک و منداڵێک – لای کەم گەنجێک. گەورەکە کە نادیارە، وابەسکراوە کە (بە عەقڵ و بەهەریفەیە)؛ لە کاتێکدا، منداڵەکە کە ئاوێنەش هەر نەناسراوە، (ئاقڵ و بە هۆش و گۆش). گوتەکە لەسەر بنەمای گەورەیی، بە عەقڵ و عەقڵی بچووکەوە دامەزراوە. واتە تەمەنی زۆر و عەقڵێکی کەم؛ عەقڵێ زۆر و تەمەنی کەم ، کەبوونتەوە و لە داشتنێکی شیعرئامیزدا و ئەم قسە نەستاقیان پێ بەخشیووین.

سێیەم : گۆتەی خۆک
دەنگبێ، لە یەکەم خوێندنەوەیدا دەستەواژەی "گۆتەی خۆک" پرسیارەک بوروژێنێ: ئەدی ئاخۆ پەند و قسەی نەستەقیش هەر گۆتەی خۆک نین؟ فەلکەڵەر هەمووی هەر گۆتەی خۆک و مرۆڤ نین؟
دوای ئەوەی دەشنایێکمان خستە سەر پەند و قسەی نەستەق، هەوڵدەدین لەڕەدا، ئەم تەمەی سەر"گۆتەی خۆک" بەوەنینەوە و بەیتی مەقسەد بخەینە ڕوو.
با ئەم دوو نموونە، لە "گۆتەی خۆک" بخەینە بەرچاو:

- ئەو سەرەم لە بەر هەتاوە سپی نەکردووە!
- پیربووون دەرمانی نییە!

کە گۆتەی خۆک" دادەهێنێ و و بە کاری دەهێنێ؟

کەسێک، دەمێکە خەریکی ئەنجامدانی کارێکە، هەر کارێک بێ، ئەوانەی بە دیاریەوە ڕاوەستاون دە بڵێن، کابرا زۆر خاو و خلیچ و سارد و سوڕ و پەناچە سەر لە کارەکە دەربکا و وەک پەویست بەی مەیسەر نابێ، جا یەکێک، پێی دەڵێ:'لالە، بە جێی برای خۆت ناکەی، کارەکەت بە تەواوکات و ڕزگارمان بێ؟" ئەویش، بە نابەدڵییەوە و دەڵێ:"برا، ئەوە دەڵێی چی؟ خە ئەمن ئەو سەرەم لە بەر هەتاوە سپی نەکردووە؟!".
دیقەت بدەنێ، ئەو گوتەیە، هیچ ڕووداو و چیرۆکێکی لە پشت نییە، پە ناچە بەرهەمی ئەزموون و کارامەیی و بیرمەندیی و دنیادیتەیی بێ. پتر لە قسەی بازاڕی سادە و ساکار و ئاسایی دەچێ. تەیش ومنیش و خۆکی دیکەش، دەتوانن شتێکی لەو تەرزە بڵێن و دارژێن.واتە نە بەسەرهاتێکی چیرۆک ئامێزی لە پشتەو نە پەویستی بە تاقیکردنەوەو وردبینیێکی زۆر هەیە !

لە گوتنی "پیربووون دەرمانی نییە."، دیسان کەسێک کە پیریی و نەخۆشییەکانی، تەنگی پە هەڵدەچنێ و هەرچەندی دەکەن داو ودەرمان و چارەیەکیان وەدەست نەکەوێ، لەو پیرییە و لەو نەخۆشییانە، دەربازی بکات. جا کەس وکارو خزم خوێش دەڵێن، هیچ نەما بەی نەکەین، هیچ عیلاج و چارەی نییە، چیبکەین پیریەو دەرمانی نییە!
دەبینین ئەم گۆتەیەش، پەویستی بە ڕووداوەکی چڕوکئامێز و عەقڵی ئەزموندار و هەش و گڕشی پە مەعریفە و بیرمەندیی نییە. هەرکەس دەتوانێ قسەی وا بکات و بڵێژانە گومان لەو جۆرە بستە و دەستەواژانە دەبێ.

بە گەیشتن بەو ئەنجامەی کە کە پیریی دەرمانی نییە و کابرا سەری لە بەر هەتاوە سپی نەکردووە ، پەویستیمان بە ئەزموونی زەر و فەرهەنگی مەعریفی گەورە و هزر و مەشکی ژیرانەو تاقیکردنەوەو گەانی زەر نییە. هەر کەسەک لە هەر ئاستەکی تەگەیشتن دابەت، ئەمانە دەزانە و لە کاتی پەویست بەکاریان دەهەنە و دەیانەتەوە !

چوارەم: وتەی ناوداران

وتەی ناوداران، ئەو وتە جوان و واتادار و تەکمە و پە عیبرەت و ئەزموونەن، کە هەموومان بە حەزەوە دەیان خوەنینەوە ە و لە ژیانی ەژانە و لە بواری ئەدەب و مەعریفە و زانستدا بەکاریان دەنین، خاەی درەوشاوەی ئەم وتانە ئەوەیە، دەزانرە هە کەنە و خاوەکانیان ناسراون، جا هە سەردەمە دەرینەکانی مەژوو بن یان هی ئەم سەدەمەی ئەستای خەمان بن.
واتا فەرهەنگیی ئەو وتانە ، گەورە و فراوانن، لە ناوئاخنی کتەبە ئاسمانییەکان و فەرموودەی پەغەمبەران و بگرە تا قسەی زانا و دانا و و فەیلەسوف و بیرمەند و شاعیر و هونەرمەند و سیاسی و کەسە دیار و ناسراوەکانی مەژووی دەرین و سەردەم دەگرەتەوە. بەگومانە ئەم گوتارانەش بەرهەمی ژیری و ئەزموون و هزری قووە و تەەوانینی ئەوانە بە ژیان و بوون و مەرگ و گەردوون… تاد. لەگەە ەژگاردا ئەو گوتانە گەیشتووونەتە خەەک و لە ژیانی ەژانەی خەیاندا دووبارەیان کردووونەتەوە. دیارە نموونە هەنانەوە بە ئەم بەشە (وتەی ناوداران) کارەکی ئاسانە زەر پەویست بە ماندووبوون ناکات، ەژانە لە گفتوگەکاندا گومان لەیان دەبەت و لە نووسینەکاندا دەیانخوەنینەوە.

با بە یەک نموونەی گوتەیەکی ئەدیب و شانەنووسی ئایرلەندی(ئایرلەندی) ناودار برناردشە، ئەم بگەیە دەوەەمەند بکەین کە دەە:

:"سەرمایەداری وەک سەرو ەەشی من وایە، زەری لە بەرهەم ، ناەەکی لە دابەشکردن."
لەمەشدا ئەو زاتە مەبەستی سەروەیشی خەیەتی، کە سەرەکی ەووتاوە و ەیشەکی پان وپەەو درەژو پە مووی هەبەوە.

دەربارەی زەمانیش لەم گەتەیەی برناردشەدا، دەکرە بەەین: زەمان، سەردەمی ژیانی برناردشەو سەرهەەدان و گەشەسەندنی دەسەەات و دەستکەوتی مەزنی سیستمی سەرمایەداریە لە ەەژاوا دا. لە، ئەستا هەر بستەکی ئەم جیگایانە دەگەرەتەوە کە سیستمی یان ەژمی

سەرمایەداریی تەیاندا باڵا دەست بە: کەکردنەوە بەرهەمێکی زۆر و دەست بەسەرداگرتنی ئەو دەستمایە زۆرە، لە نەو چەنگ و قاسە و ژمارە بانکی چەند کەسێک و تاقم و دەستەیەکی بچووکدا کەبووتەوە و بەشیکی خەکیش لەی بەبەشن !

چەند نموونەیەک لە پەند و قسەی نەستەق و هەهەندە مەژووییەکانیان:



یەکەم: "بزن، بە شوێک جێگای خەی خەش دەکات." (١*)
ئەم قسەی نەستەقە.
ئەگەر بتەوە باوەڕ بە کەسێک بێنی کارەکی بچووک و خەراو کەمخایەن ئەنجام بدا و ئاکامەکەی چاک بێ یا بێ کاتێکی کورتیش بێت ؛ یان ئامۆژگاری کەسێک بکەی لە ڕووی پاک و خاوێنی و پاگژیدا، ئەوا دەکرێ، پێنا بە ئەم قسەی نەستەقە کوردییە ببەیت و بڵێت:" بزن، بە شوێک جێگای خەی خەش دەکات." بە گومان ئەم قسەی شوانەکە ، جا چونکە شوان مەڕ و بزنناسە ، بۆی زۆرترین کاتی ڕۆژگار لەگەڵیاندا بەسەر دەبات و سەرنجیان لێدەدا و شارەزایانە. دیقەتی داوەتە کە شەو لەو دەشت و دەرە دەمێنەوە ، پێش ئەوەی بزن پێ کەوێ بە سەمکانی هێندە خەرکەی زەویییەکە دەبە و جێگەی خەی خەش دەکات. ئەمەش کردەیەکی خەرسکانەیە، چونکە ئەو ئاژەڵە کەم تووکە و زەوی ڕەق و تەق و زیخاوی و بەردین ئازاری جەستەی دەدەن، هەوەدا نەختێ شوێنەکەی خەی خەش کات، بە ئەوەی بە ئەو شەوە خەوکەی خەش بکات ، چەن بزن هەرشەوەی لە ئاقارێک دەلەوەرێندرێت .
زەمانی پەیدا بوونی ئەم قسەی نەستەقە:
من وای بە دەچم ، مەژووی ئەم قسەی نەستەقە زۆر کۆن بێ، بە سەردەمی سەرەتای سەرهەدانی ئاژەڵداری بگەڕێتەوە ، دوای بەجێهێشتنی ئەشکەوت و پێش نیشتەجی بوونی مرۆڤ لە گوند و ئاوایدا، چونکە چاخی شوانکارەیی بە شێوە سەرەتاییەکەی زۆر پێش سەردەمی نیشتەجیبوون و بونیاتنانی شارستانییەت بووە.
ئەگەر لە چەکی (مەکە و بزنکە)ی فەلکەریی کوردی ورد بینەوە،

دەبینین ، بزن داوا لە مەڕ دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە خانوو دروست بکەن پێش ئەوەی زستان بێت و بەفر و باران دابکات، بەڵام؛ مەڕ شانازی بە خوریی زڕکەی خۆیەوە دەکات و بۆ باکە، گوێ نادات داوایەکەی بزنەکەی هاوڕێی. کاتێک وەرزی بەفر و بارین دێ و مەڕ بڕگەی سەرما ناگرێ و دەچێتە بەر قاپی بزنەکە و داوای لێ دەکا جێی بکاتەوە، بزن هەر خۆشی تێناگەێنی و مەڕی گێژ و وێژ لێو ناوە لەسەرمان ڕەقهەڵدێ و مردار دەبێتەوە. هەمووشمان لێ پەیامی چیڕۆکەکە تێدەگەین و دەزانین ئەنجامی مەڕەکە چۆن بووە!
لەم قسەی نەستەق و چڕۆکی(مەڕەکە و بزنەکە) یێ ، دەبینین کە (بزن) کارەکتەری کارکردن و بەکارهێنانی عەقڵ و پێشبینی داهاتووکردنە و کاریشی بە دەکات، لێ قسەی نەستەقەکەش دا بزن بە(شاوەک) جێگای خۆی خۆش دەکات و بە(زستان و تەمێن)ەکیش لە چیڕۆکەکەدا خانوو دروست دەکات؛ ئەنجامی پێشبینییەکەی دڕکاوت کە زستان هات و بەفر و باران دای کرد و سەرما دەستی خۆی وەشاند، مەڕ بڕگەی نەگرت و چووە بەر دەرگای بزن و پاڵاوە جێگای بکاتەوە تا لە سەرما نەمرێت؛ بەڵام؛ بزن ئەوەی هاتەوە بیر کە هاوێن داوای لێکرد پێکەوە خانوو دروست بکەن، کەچی مەڕ بە قسەی نەکرد و پشتی بە خووریە زڕکەی خۆی بەست، ئێستاش بزن دەرگای لێناکاتەوە، ئەوەبوو مەڕ لە دەرەوە مایەوە و دواجار سەرما ڕەقی کردەوە.
هەهێندی زەمەن لە "بزن بە شاوەک جێگای خۆش دەکا":



- بزن بە شاوەک جێگای خۆش دەکات . پێشبینی خۆتنی – شاوەک – ێ و هەوداندە بە بە ئاسودەیی پاڵ کەوتن و بە خۆشی خەوتن لەم شەوەدا.
- لە چیڕۆکی مەڕەکە و بزنەکە: دوو کارەکتەر، دەکەونە بەرامبەر یەکتر: مەڕ و بزن. یەکیان عەقڵ بە کاردێنێ و پێشبینی داهاتوو دەکات کە بزنە. ئەوەی تریان بە خووریە زڕە کەی دێنازێ و عەقڵ بەکارناهێنێ و پێشبینی داهاتوو

ناکا و سەرەای ئەوەش بە گوێی بزنیشی ناکات ؛ دەرکەوت ئەنجامەکەی چی بوو، مەڕە سەری خەی لەسەردانا. بزنیش پێشبینی داهاتووی کردووە و عەقڵی بەکارهێناوە و چارەسەری بە بەفر و باران و سەرمای زستان دەزیوەتەوە و بە کردەوە خەی پاراست و لە ژیان بردەوام بوو.

شیکردنەوەی: قسەی نەستەقی : بزن بە شەوەک جێگای خەی خش دەکات:

بزن : گیاندارەکی زیندووە و جێگای مرۆڤی گرتووەتەوە.

بە شەوەک: هەمایە بە زەمانەکی کورت ، کە – شەو – ەکە.

جێگای خەی: واتە شوێن، تایبەتە بە بزن لە شەوەکدا. ماڵی خەوتنە وجێگایەکی ئارامە .

خش دەکات: کارکردنە بە ئەوەی ئەم شەوە بە خەشی و ئاسودەیی بخەوە، خەشی بە مانای لەززەتی ژیان دێت بە خەوی تەنیا شەوەک .

لەم قسەی نەستەقدا چەند فەلسەفەیەکی (کات) و(شوێن) و (کارکردن) و(لەززەت)ی(ژیان) کەکراونەتەوە؛ بە واتایەکی دیکە، هەر یەک لەم وشە و ناوانە سەر بە فەلسەفەیەکن.

ئەفلاتون لە بارەی (کات) و (جێگا) وە دەڵێت: "کات ئەو ماوەیە پەیوستەیە بە جووڵەی ئەستێرەکانی ئاسمان." لەم قسەی نەستەقدا، کات پەیوستە بە کارکردنی بزن و گەیشتن بە خەوی ئاسودە، لە شەوەکدا!

ئەرستەش لە بارەی (شوێن– جێگا) وە دەڵێت: "جێگا ئەو شوێنەیە کە شتەک لە خۆ دەگرێ." لەم قسەی نەستەقشدا ، جێگا ئەوەیە کە بزن شەوەک بە ئاسودەیی تێیدا دەخەوە.

لەم قسەی نەستەقدا(کات)ئەوەیە، کە بزن بە(شەوەک) لە جێگایەک دا بە ئاسودەیی بخەوە، بە ئەوەی لەم شەوەدا ئاسودە بە و (لە زززەت) لە چرکەساتی خەو وزیانی ئەو شەوە ببینێ ؛ هەر بۆیە (کار)دەکات بە ئەوەی ئەو شەوە بە ئاسوودەیی بخەوە !

شوێنیش ئەو (جێگا)یەیە ، کە بزن خەشی دەکات بە ئەوەی شەو تێیدا بە خەشی بخەوە.

هەروەها ئەرستە لە بارەی کارەوە دەڵێت: "ئەو کارەی کە دەبێتە هۆی مەیسەر کردنی کاری بە کەمەڵ، دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی ئامرازکانی بەختیاریی بە تاکی کەمەڵگە.". ئەو کارەی کە بزن کردوویەتی، هەرچەندە بە تەنیاش بووە، بووەتە هۆی بەختیاریی خەی وەک تاک ، کە هەندجار بەختیاریەکە مادییە و هەندە جاریش مەعنەویە. لەبەر بە بزن کارەکە، هۆی بەختیاری ئاسودەیی بوو، واتە

مەعنەوی بووە. بەڵام مرۆڤەکان لە نێوان خۆیان دا جیاوازن، هەندێکیان کەم ئاوەزن و هەندێکیان بە هۆز و عاقڵن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەکەیان کاری جیاواز لەوەی تر بکات و لە ئەنجامدا کەمەگەی شارستانی پێک دێت، لەرێش لە چیرۆکی مەسیحی و بزنەکە) بینیمان بزن و مەڕ لە بە کارهێنانی عەقڵدا جیا بوون و ئەنجامە کۆشیان وەک یەک نەبوو!
زەمەن لە دەقی "بزن، بە شێوەک جگای خۆی خۆش دەکات."
زەمەنی ناوەوەی یەک – شەو – ە، کە بزن کاری تێیدا کرد و گێیشت بە ئاسودەیی.
زەمەنی دەرەوە یان مەژووی دروستبوونی قسەی نەستەقەکە، بە لێکدانەوەی ئەمە دەگەڕێتەوە بە سەردەمی یەکەمی سەرهەڵدانی شوانکارەیی و دروستکردنی خانوو و گوند کە (دە هەزار) ساڵێک پێش زایینە. ئەمەیش هاوزەمەن لەگەڵ چیرۆکی مەسیحەکە و بزنەکە، کە چیرۆکە کە بە – هیما – باس لە دروستکردنی خانوو دەکات بە یەکەمینجار و لە وەشدا مەڕ و بزن وەک دووکارەکتەرن لە جیاتی مرۆڤ لەلەیان بینیوە.
پێناسەیەک بە بزن …

بزن ئاژەڵێکی ماڵی کراوی مرۆڤو مەژووکی کۆنی لە گەڵ مرۆڤدا هەیە ، مرۆڤ سوودی زۆری لە بزن بینیوە ، شیرەکەی بە زۆر شەوە بە خواردن بەکاردێنێت ، گۆشتەکەی دەخوات ، مووەکەی بە زۆر پەویستی و کۆرستە بەکار هێناوە ، پێستەکەشی بە زۆر جۆر بە کار هاتووە ، هەتا میزو کشپلەکەی وەک پەین بە بە هۆز کردنی زەوی و سوتاندن سوودی لێبینراوە، هەتا شاخەکەشی لە سنوورێکی دیاریکراو بە کار هاتووە . تەمەنی بزن لە نێوان دوازدە تا پازدە ساڵ دەژی .
مەژووی بزن ، زۆر بە سەر چاوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە سەرەتا لە (چیاکانی زاگرۆس) و (کەوانەی بە پێت) مرۆڤ بزنی ماڵی کردووە ، لە (مەژووی بزنی ئیران) دا هاتووە کە : ئیران یەکەمین بە گەی بە خۆو کردنی بزن و ماڵی کردنەکەی لە ناوچەی (گەنج دەرە) ی شاری کرماشانە لە دەورو بەری (دە هەزار) ساڵ پێش زایین بە خۆو کراوە ، کە ئەمەش ڕاستۆ خۆ کوردستانە ، هەروەها (مورتەزا ڕەزایی) نوێنەری ئیران لە کۆ بوونەوەی وەاتان بە دەسنیشان کردنی (ڕەژی بزن) هەوەسی دا ئەو ڕەژە بە ناوی ئیرانەوە تۆمار بکات و گوتوویەتی : (مەژووی بە خۆکردنی بزن لە چیاکانی زاگرۆس لە ئیران بە پێش دوازدە هازار ساڵ دەگەیتەوە)(*٢)



لە (داستانی دەموزو عەشتار)(٣) دا کە داستانێکی سەمەریە و پیشەی سەرهەدانی بە سەردەمی باپیرانی سەمەریەکان دەگەڕێتەوە، بزن وەک کارەکتەرێکی زیندوو لە داستانەکە دەگەڕێ ؛ کە لە لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکاندا سەمەندراوە تەمەنی ئەم داستانە(دوازدە هەزار ساڵ) دەبێت و شوێنی هووداوەکانیش چیاکانی کوردستانە ، بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ئەمە کردووماندە ، ئەو شوێنە دەموزی شەش مانگ تەیدا لە ژێر زەوی دەمینێتەوە و لە هۆڤی نەورەزدا دەتدەرەوە (شاری ژێر زەمینی دەرینکەیە) (٤)ی دوازدە هازار ساڵیە یە لە کوردستانی باکوور ، دەموزی لەم داستانەدا نموونەی خوداوەندێکی شوانە ! ئەمە هەمووی بۆگەی ئەوەن کە کوردستان وەاتی یەکەمی بە خۆو کردنی بزنە .

بزن زەر جەری هەیە ، لە کوردستان دوو جەری ناسراوە ، بزنی ئاسایی و بزنە مەرەز ، مووی بزنە مەرەز بە دروستکردنی هانک و چەغە بە کار دێت ، بزنی کوردستان بزنێکی چیاییەو زەر چوست و چاڵاکە ، بە هەی ئەو مەژووە دوورو درێژەی کە بزن لە گەڵ مرۆڤ دا هەیەتی ، چووەتە نەو هەموو بەشەکانی فەلەکەرو هەتا ئەدەبی نووسراووتەواوی هونەرە کانیشەوە ، هەر بۆیە لە وێنەکانی دەستکردی مرۆڤ لە نەو ئەشکەوتەکان وێنەی بزن بە هووڤی دەبینرێ !

بزن ئەستا سەرچاوەیەکی ئابووریە ، هەر بۆیە گرنگیەکی زەری پێدەدرێ و کتێبی زانستی زەر لە بارەی پەروەردەی بزنەوە نووسراوە ، نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەی گرنگی بزنەوە هۆڤێکی بە دیاری کردووە .

دووەم: "هەندەم نەماوە بمنێنە گوڵزە."(٥*)
هونەرمەند حەسەن زیرەک لە گۆرانیيەکیدا دەڵێت:
هەنـــدەم نەمـــاوە بمنێنە گوڵزە
بە خەم لەرانە یار لە تەورێزە
نە چاو تەر دەبە نە دە دەبێزە



ئەوەی ئەمە مەبەستمانە لێم گۆرانیيە (هەنـــدە م نەمـــاوە بمنێنە گوڵزە.) یە ، کە لەڕە مەبەستی شاعیرلە بە کارهێنانی ئەم قسەی نەستەق ئەوەیە ، پیر بوویمە وهەندەم نەماوە بمرم و بمخەنە نێو (گـــوڵز ، گەز، گەزە ، کـــوپە ، دەخمە، گۆڕ) ە وە کە لە کەنەوە بە کوپەیـــان دەگـــوت دەخمە و دەخمەش وەک گۆڕ بە کاردەهـــات . ئەوەش لەوەوە هاتووە کە لە پێش زایین و بەتایبەت لە هەزارەی دووەمدا، مردوویان دەخستە نێو کوپە – گەزە، ئێستاش جاروبار لە ئەنجامی پشکنینە شوێنەواریيەکـــان لێم جارە کوپـــانە دەدەزرێنەوە – لە مەزەخانەی سلێمانیش دانەیەک نمایش کراوە، کە ئێسک و پرووسکی مـــردووی تێدایە، لەوشـدا کە لە گۆرانیيەکەدا گەزە بە (گـــوڵزە) هـــاتووە، ئەم گۆڕانکـــارییە لە بەر پەیوســـتی ســـەروای شیعـــری گۆرانیيەکەیە .
لێم قسەی نەستەقدا دوو زەمەن هەیە: یەکەم زەمەنـی نـاوەوە کە زەمەنی پیربوون و مردنی عاشقەکەیە و خستنە نیو کوپە و گەزەیە .
دووەم: زەمەنی دروستبوونی قسەی نەستەقەکەیە، کە بەڵای ئەمە بە ئەو مەژوو و زەمەنە دەگۆڕێتەوە کە مردوو دە خرایە نێو کوپە و ئەویش لانی کەم چوار هەزار ساڵ پێش ئێستایە.



سێیەم: "هەندەم نەماوە بمنێنە قەفەس، نە چاو تێردەبێ نە دڵ دڵی بەس."

ئەمەش بۆ ئەو زەمانە دەگێڕێتەوە کە پیرەمێرد و پیرەژنێ بە تەمەنکان دەچوونە تەمەنەوە ، ئیسک و جەستەیان هێندە ناسک دەبوون بە ئەوە نەدەبوون بەدەست هەڵگرتنەوە وەرگێڕ بکرێن ، بە پاراستینان لە نەو قەفەزەکی تایبەتیان دادەنان یان درێژیان دەکردن، کە پڕ لە لەکەی نەرم و نیان ، بۆ ئەوەی هیچ شتەکیان بەر نەکەوێ و جوولەیان پێ نەکرێ و ئازاریان پێ نەگات. کەواتە ئەو دەمە لە نەو قەفەس دانان ، پێش ئەوەیە بخرێنە نەو گۆڕێ – نەو کووپەی مەرگ.

هەندەم نەماوە بمنێنە قەفەس، واتە هەندەم نەماوە هێندە پیربم و لەدەست و پێ بکەوم و بە قەفەس هەڵمبگەرن و بمگوەزنەوە! لە ئەفسانەیەکی کوردی لە کتێبی (هەڵکەی نامە)(٦*)، ئیمامی هەمزە کە کەسایەتیەکی سەردەمی پێغەمبەر دەکرێتە پاڵەوانی ئەفسانەیەک کە زەمانکەی دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی (شارێ قەڵا – وەاتە شار) و دوو هەزار ساڵ پێش زایین، لەوێدا ئیمامئ هەمزە هێندە پیر بووە دەخرێتە نەو قەفەس و دەبرێتە خزمەت پێغەمبەر ؛ ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندی ئەفسانە ، کە (زەمەنگەی و شوێنگەی بە پاڵەوان و ڕووداوگەی) دەکات ! لەو ئەفسانەیە ئیمامی هەمزە هێندە پیر بووە، خستوویانەتە نەو قەفەس و بە لەکە دەوریان داوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بیگوەزنەوە ، حیکایەتەکە دەڵێ (چوون ئیمامی هەمزەیان هێنا ، ئیمامی هەمزە چ ئیمامی هەمزە ! هێندە پیرە لە نیو قەفەس و لەکەیان ناوە ، پەستی چاوی بڕی چاوی گرتووە ، بە(قوڵاب) بە یان هەڵداوەتەوە ، کەس ناناسێتەوە ئەگەر نەڵێی ئەوە فلانە ، گوێی لە هیچ نابە ، ئەگەر بڕی هاوار نەکەی ، هەر چەنەکی بی جوون هینایان و لە تەنیشت پێغەمبەریان دانا) ،(ل٢٦،٢٥-ب١،ب١)

زەمەن و مەژوو لە نەو ئەم قسەی نەستەق دا:

دوو زەمەن هەیە: یەکەم زەمەنی ناوەوەیە، کە زەمەنی پیربوون و کۆتریی کۆسایەتیکەیە !.
دووەم: زەمەنی دروست بوونی قسەی نەستەقکەیە، کە بڕای ئەمە نزیکە لە زەمەنی – مردوو خستنە نێو گۆڕ – کە مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین. بڕام ، دوای هاتنی ئیسلام زمانی گۆڕانەوەکە گۆڕانی بەسەر دا هاتووە !



چوارەم: "مردووەک و زیندووەکی، پێکەوە لە قەبری دەنێ."
ئەم قسەی نەستەقە، بۆ چەندان شەواز دەگوترێ و دەنووسرێ، بۆ تایبەت کاتێ باسی کەسێکی دەڕەق و زاڵم دەکەن. بیستوومانە و خوێندومانەتەوە، کە لە سەردەمێ دەرینەکاندا، پاشا هەبووە کە مردووە ، دەست و پێوەندەکانیشی بۆ زیندوویی لە گۆڕدا نێژراون ، بۆ ئەوەی لە جیهانی ئەولا کە هەستانەوە وەک سەر دنیا خزمەتیان بکەن ، بۆ پەی باوەڕی ئەودەم ! لە کەلتووری هێندێ هەز و ئەڵ و عەشرەتیشدا، ژنی زیندوویان لەگەڵ هاوژینێ مردووەکەی پێکەوە بۆ خاک سپاردووە. هەرچەندە هیچ لێو نەوشانەمان لە مێژووی کورددا نەکەوتووەتە بەرچاو، دەڵێن لە وڵاتی تایلاند هەزەک هەیە کە پیاوەکە دەمرێ ژنەکەشی لەگەڵ دەنێژن، هەروەها هیندیک هەز لە هیندستان ئەوانیش پیاو کە دەمرێ ژنەکەی بۆ زیندوویی لە گۆڕ دەنێژن !
ڕوون نییە لە کێنەوە و لە چیەوە ئەم بیرکەیە پەیوەتە نێو فۆلکلۆری کوردی؟ لام وایە ئەم قسە نەستەقە لە کەلتووری نەتەوەکانی

دیکەدا وەرگیرابێ و کەوتبێتە نێو زمان و کەلتوری کوردیمان. ئێستا ئێم ستایە بەردەوام لێ نێو کورددا، هەژانێ دووبارە دەکرێتەوە، وەک دەبینین کارەکە لێ داب و نەریتی میللەتانەوە بووە بێ – قسەی نەستەق – لێ نێو کوردەواری بێ کەسکی زاهم و دەقاق دەگوترێ، ئەگەر دەستی بەوات مردووەک و زیندووەکی پێکەوە لێ قەبری دەنێ ! زەمەنی ناوەوەی ئێم قسەی نەستەق جێگیر نییە ، زەمەنی مردنی کەسکانێ . بەڵام، زەمەنی مردوو و زیندووە لێ گەڵنان پێکەوە زەر کەنێ و ئێستاش وەک باسمان کرد کەم و زەرهەر بەردەوامە. پەموابە زەمەنی بێ فەلکەڕبوونی هەوشەکە، کە بووەتە قسەی نەستەق، ئەویش تازە نەبێت و مێژوویەکی کەنی هەبێت ! لای کەم بێ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

پێنجەم: "کەوتووەم گەڕی ئێسکەندەر."

دیسان حەسەن زیرەک لێ گەرانی – سەبری – دا دەڵێ:

سەبری بێ خودا و بێ پێغەمبەر
بێ میحرابی چاوی ئێسمەر
کەوتووەم گەڕی ئێسکەندەر (*۷)
نەجات نابم تاکو مەحشەر



